# ئازادی و مانەوە
## لە بازنەی چەقبەستووییدا

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# ئازادی و مانەوە
## لە بازنەی چەقبەستوویيدا

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

کوردستان، هەولێر
٢٠٢٢




# ئازادی و مانەوە
# لە بازنەی چەقبەستوویيدا

نووسین: **شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**
گرافیک و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**
نۆرەی چاپ: **یەکەم**
تیراژ: **٥٠٠ دانە**
نرخ: **٥٠٠٠ دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرتووکخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان،
ژمارەی سپاردنی (٥٧)ـی ساڵی ٢٠٢٢ی پێ دراوە.

## پێڕست


پێشەکی ٧
ئازادی یان کۆپی پرۆژەی ئیخوان؟ ١٣
مانەوە لە بازنەی چەقبەستووییدا ٣٧
هەرێمی کوردستان.. وەرچەرخان و هەڕەشەی فێندەمێنتالیزمی ئایینی ٤٩
سێکۆلاریزم.. ئامانج و نەیارەکانی ٦٧
گوتاری توندڕۆیی و ئایینی خراپەکاری ٧٩
ئیسلام لە گۆشەیەکی تاریکدا ٩٥
سێکۆلاریزم لە ڕوانگەی «عەفیف ئەخزەر»ەوە ١٠٧
ڕۆحی سێکۆلاریزم ١١٩
بۆچوونی د.نەسر حامد ئەبوزەید لەبارەی سێکۆلاریزم ١٤٣
ترس لە سێکۆلاریزم ١٥١
جیاکردنەوەی کێڵگەی پیرۆز لە کێڵگەی دونیایی ١٥٩
لە گۆشەنیگای دیموکراسییەوە ١٦٩
دیموکراسی و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی ١٨٣
چارلز تیلی چۆن لە دیموکراسی دەدوێت؟ ١٩٣
دکتۆر حوسێن بەشیریە «دیموکراسی بۆ هەمووان» ٢١١
هانز ئادەمی دووەم «دەوڵەت لە هەزارەی سێیەمدا» ٢١٩
ژینگەی لەبار بۆ توندڕۆیی ٢٢٣
دیواری نێوان ژن و دونیا ٢٤٣
شەرمی ناوێ ٢٥١
پرۆژەی دژە ئیخوانیزم و داعشیزم ٢٥٩

مادام بە فەڕەنسا ڕازی نیت! ٢٦٥
کۆچی دوایی قەڵەمێک و جنێودەرەکانی ئیسلامی سیاسی ٢٧١
بانگخوازی ئیسلامی و پەنابەرانی کورد لە ئەورووپا ٢٧٧
کۆتایی و پێشنیاز ٢٩٣

# پێشەکی

ئـــەم کتێبـــە، توێژینـــەوەی زانســـتی یـــان ڕیزکردنـــی ژمـــارە و خســـتنەڕووی ئامـــاری کـــردە توندڕۆییەکانـــی گرووپـــە ئیســـلامییەکانی جیهـــان و کوردســـتان نییـــە، دیـــدی نووســـەرێکی کـــوردە بـــۆ باســـکردن لـــە هەڕەشـــە و کاریگەریـــی نەرێیـــی ئیســـلامی سیاســـی لـــە کوردســـتان، کـــە بـــە ڕاشـــکاوی بـــە کۆمەڵگـــە و خوێنەرانـــی دەڵـــێ هیـــچ کات ئینســـانەکان ئاســـوودە نابـــن، ئەگـــەر حیزبـــی ئیســـلامی و گرووپگەلـــی توندڕۆی ئایینـــی لـــە هـــەر کۆمەڵگەیەکـــدا بەهێـــز بـــن و ئاییـــن وەک پاســـاوی ســـەرەکی و پـــردی پەڕینـــەوە

بــۆ کورســیی دەســەڵات بەکاربهێنــن.

بــە بەڵگــە و ڕەخنــەی لۆژیکــی، بــەڵام بەبــێ هەڵچــوون، سێرە لــە دیــوە تاریکەکــەی پــرۆژەی سیاســی و ئامانــج و نیەتــی بانگخــواز و حیــزب و ڕێکخراوەکانــی ئیســلامی لــە کوردســتان دەگرێــت، ڕووی ڕاســتەقینەیان نــەک وەک ئــەوەی خۆیــان نیشــان دەدەن، بەڵکــوو وەک ئــەوەی لــە کرۆکــدا هــەن، بــۆ خوێنــەر ئاشــکرا دەکات، هــاوکات کارکردنیــان، ئامانجیــان، پرۆژەیــان، دووفاقیــان، دنــەدان و جووڵاندنــی ســۆزی خەڵکــی لەپێنــاو گەیشــتن بــە کورســیی دەســەڵات شــی دەکاتــەوە و بــە ڕوونــی پێــت دەڵــێ ئیســلامی سیاســی لەژێــر هــەر جــۆرە تایتڵێکــدا بــن و لــە هــەر شــوێنێکی ئــەم دونیــا فراوانــەدا چالاکــی بکــەن، یــەک شــتن و بــۆ یــەک ئامانجــی دیاریکــراو کار دەکــەن، کۆمەڵــی دادگــەری یــان بزووتنــەوەی تاڵیبــان، یەکگرتــووی ئیســلامی یــان بزووتنــەوەی ئیســلامی لــە کرۆکــدا یــەک شــتن، بــەڵام لــە شــوێن و لەژێــر تایتڵــی جیــاوازدا کار دەکــەن بــۆ زیندووکردنــەوەی ترادیســۆن و دەوڵەتــی ئایینــی و چەســپاندنی دەســەڵاتی زەبروزەنــگ لەســەر کۆمەڵگــە و بــە تایبەتــی ژنــان، ئایــا دەوڵەتــی ئایینــی بــۆ دونیــای ئێســتا گونجــاوە؟ لــە خوێندنــەوەی ئــەم کتێبــە بەردەوامبــە و وەڵامەکەیــت چنــگ دەکەوێــت.

ئــەو هــەزاران وشــە و ڕســتانەی لێــرەدا دەیانخوێنیتــەوە، دوور و نزیــک ڕەخنەکردنــی ئاییــن نیــن، نــەک بــەو مانایــەی ئاییــن ســەرنج و ڕەخنــەی لەســەر نەبێــت، بەڵکــوو کارکردنــن لەســەر

ناســاندنی نــاخ و ئامانــج و پــرۆژەی ئیســلامی سیاســی بــۆ بەڕێوەبردنــی کۆمەڵگــەی کوردســتان، بێشــک ئەگــەر هــەر یــەک لــە حیزبــە ئیســلامییەکانی کوردســتانیش کورســیی دەســەڵات مســۆگەر بکــەن، کۆمەڵگــە دووچــاری هەمــوو ئــەو مەترســیانە دەبێتــەوە کــە لــە دووتوویــی ئــەم کتێبــەدا بــە وردی تاوتــوێ و بــاس کــراون.

ئــەم کتێبــە پێکهاتــووە لــە چەنــد بابەتێکــی هەمەجــۆر کــە ســەرجەمیان لــە چوارچێــوەی یــەک دۆخــدان، ئەویــش قســەکردنە لەســەر هەڕەشــەی ئیســلامی سیاســی لەســەر کۆمەڵگــە، پێشــتر بەشــێک لــە بۆچوونــەکان لــە شــوێن و کاتــی جیــاوازدا بڵاوکراونەتــەوە، بــەڵام بــۆ ئــەم پرۆژەیــە دووبــارە ئەبدەیــت کراونەتـەوە، پەرەگرافیـان لـێ فڕێـدراوە یـان زیـاد کـراوە، هەروەهـا چەنـد بەشێکیشـیان بـۆ یەکەمجـار لـە ڕێگـەی ئـەم کتێبـەوە بـە خوێنــەر ئاشــنا دەبــن، بــە تایبەتــی بــۆ دەوڵەمەندکردنــی ئــەم پرۆژەیــە نــووسراون، بــە گشــتی کــۆی بابەتەکانــی دووتوویــی کتێبــی «ئــازادی و مانــەوە لــە بازنــەی چەقبەســتووییدا» بۆچــوون و هەوڵــی نوێــی نووســەرن بــۆ قســەکردن لەســەر هەڕەشــەی ئیســلامی سیاســی، بــەڵام شــتێک هەیــە زۆر گرنگــە تیشــکی بخەینەســەر، ئەویــش هــەر خــۆی قســەکردن لەســەر ئیســلامی سیاســی، زۆرجــار نزیکییــەک لەگــەڵ بۆچوونەکانــی پێشــترت یــان لەگــەڵ نووســەر و کتێبــی دیکــەدا بــۆ دروســت دەکات، چونکــە کارکــردن و پــرۆژەی ئیســلامی سیاســی لــە هــەر کۆمەڵگەیەکــدا

بێـت، نزیکـن لـە یەکـدی و خوێندنەوەکانیـش ڕەنگـە لـە یەکـدی بچـن، بـەڵام لێـرەدا هەتـا ڕەخنـەی زۆریـان ئاراسـتە بکرێـت، هێشـتا کەمـە و دواجـار هەمـوو ڕەخنـەکان لـە یـەک پاکێجـدا کاریگەریـان لەسـەر لاوازکردنـی ئـەو گرووپانـە دەبێـت و ئەمەیـش بـە سـوودی کۆمەڵگـەکان دەکەوێتـەوە.

وەک نموونـە، کاتێـک محەمـەد مۆرسـی لـە میسر دێتـە سـەر کورسـیی دەسـەڵات، سـەرجەم ئیسـلامییەکانی کوردسـتان بـەوە دڵخـۆش دەبـن، یـان کاتێـک داعـش دێتـە عێـراق و هەوڵـی نزیکبوونـەوە لـە هەولێـر دەدات، دیسـانەوە ئەگـەر بـە ئاشـکراش دەری نەبـڕن، بـەڵام لـە هەنـاوی خۆیانـدا خۆشـحاڵ دەبـن، بۆچـی؟ چونکـە ئـەوان پێیانوایـە داعـش مـادام ڕێکخراوێکـی ئیسـلامییە، (دەوڵەتـی ئیسـلامی) باشـترە لـە دەسـەڵاتێک کـە دیموکراسـی و سـێکۆلار بێـت، بۆیـە نەماندیـت یـەک حیزبـی ئیسـلامی بـە ئاشـکرا دژایەتـی داعـش بـکات، شـەش حـەوت وتـاری نووسـەر و کادیـرە ئیسـلامییەکانمان نەدیـت ڕەخنـەی داعـش بکـەن و بڵێـن داعـش گرووپێکـی تیرۆریسـتییە!

نموونـەی بزووتنـەوەی تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان، ئێسـتا کـە ئـەم پێشـەکییەی تێـدا دەنووسرێـت، بزووتنـەوەی تاڵیبـان دووبـارە دەسـتیانگرتووەتەوە بەسـەر تـەواوی جومگەکانـی وڵاتـی ئەفغانسـتاندا، سـەرجەم لایەنـەکان و کۆمەڵگـەی جیهانیـش ئـەم ڕووداوە بـە هەڕەشـە و مەترسـییەکی نـوێ بـۆ سـەر ناوچەکـە و مرۆڤایەتـی و بـە تایبەتـی ژنـان دەزانـن، لەگـەڵ

ئـەوەی هەڵوێسـتەکان بوێریـان تێـدا نییـە، کەچـی ئیسـلامییەکانی کوردسـتان دژی ئـەو گرووپـە نیـن، بگـرە لێرەولـەوێ پاڵپشـتی دەکـەن و دڵخۆشـن بـەوەی تاڵیبـان جارێکـی دیکـە دەسـەڵاتی ئەفغانسـتانی گرتـەوە دەسـت. ئەمەیـش بەڵگەیـە لەسـەر هاوسـۆزبوونی کـۆی بزووتنـەوە و حیـزب و ڕێکخـراو و بانگخـوازە ئیسـلامییەکان لـە جیهانـدا بـە یەکـدی، کەوایـە لـە هـەر کۆیەکـی ئـەم دونیـا فراوانـەدا گـرووپ و ڕێکخـراو و حیزبـی ئیسـلامی دەسـەڵاتیان هەبێـت، کاریگەریـان لەسـەر هەرێمـی کوردسـتانیش دەبێـت، چونکـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان چەندیـن ڕێکخـراو و حیزبـی ئیسـلامی تێـدا هـەن، بـە ئاشـکرا و لـە ڕێگـەی ڕێکخـراو و حیزبـە ئیسـلامییەکانی دونیـای عەرەبیـدا هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی توندڕۆیـی ئایینـی دەدەن، هـەر ئەوەیشـە ناچارمـان دەکات بـە ڕاشـکاوی بنووسـین و بڵێیـن حیزبگەلـی ئیسـلامی ئەگـەر کورسـیی دەسـەڵات بەدەسـت بهێنـن، داهاتوویەکـی سـەخت و تاریـک بـۆ کۆمەڵگـەی کوردسـتان دروسـت دەکـەن، ژینگەیـەک دەخوڵقێنـن سـەد خۆزگـە بـە ژینگـەی ئەفغانسـتانی سـەردەمی تاڵیبـان بخوازیـت.

بـاوەڕم وایـە ئـەو نەوەیـەی ئێسـتا پێویسـتە هۆشـیار بکرێنـەوە، تاوەکـوو بـە ئاسـانی نەکەونـە چنـگ ڕێکخـراو و حیـزب و گرووپـە ئیسـلامییەکان و لـە کاری توندڕۆییـدا نەگلێندرێـن، ئاخـر ئیسـلامییەکان بـە پـرۆژە کار لەسـەر پەروەردەکردنـی نەوەیەکـی نـوێ دەکـەن، فێسـتیڤاڵ و خولـی جۆراوجـۆری تایبـەت بـە

پرۆژەکانـی خۆیـان دەکەنـەوە، کـێ هەیـە ئـەو سـێ مێردمنداڵـەی لەبیرکردبێـت کـە لەژێـر کاریگـەری گوتـار و فریودانـی ئیسـلامی سیاسـیدا سـاڵی ٢٠١٨ هێرشـیان کـردە سـەر باڵەخانـەی پارێزگـەی هەولێـر و دواجـار بوونـە قوربانـی ئـەو فیکـرە توندڕۆ ئیسـلامییە! لەبــەر ئەوەیــە قســەکردن لەبــارەی مەترســیی پــرۆژەی حیزبــی ئیســلامی لەســەر داهاتــووی ئینســانی کوردســتان، بــە زمانێکــی ڕاشــکاو وەک ئــەم کتێبــە پشــتی پێــی بەســتووە، زۆر پێویســتە، ڕاشـکاوییەک هیـچ گرێیـەک لـە تێگەیانـدن نەهێڵێتـەوە و مێشـکی خوێنەریــش پــڕ نــەکات بــە ڕیزکردنــی هــەزاران دەســتەواژە و وشــەی نامــۆ کــە دواجــار خوێنــەر بەهۆیانــەوە بێــزار ببێــت و بابەتــە ســەرەکییەکەی لەبیــر بچێتــەوە کــە قســەکردنە لەســەر هەڕەشـەی ئیسـلامی سیاسـی، ڕاشـکاوییەک تـا ئـەو ئاسـتەی بـەو نەوەیــە بڵــێ بــە قســەی بانگخــواز و حیزبــی ئیســلامی فریــو نەخــۆن، داهاتــووی ئێــوە لەگــەڵ دیموکراســی و ســێکۆلاریزم و دەوڵەتێکــی پێشــکەوتوو و کراوەدایــە، داهاتووتــان لــە ســایەی پەرەســەندن و گەشــەی ئیســلامی سیاســیدا دەکەوێتــە بــەردەم هەڕەشــە و تاریکــی بــاڵ بەســەر کۆمەڵگــەدا دەگرێــت، ئەگــەر لــە ســایەی دەســەڵاتی حیزبگەلــی ئیســلامیدا بژیــت، هەرگیــز ژیانــت ســەقامگیر و دەروونیشــت ئاســوودە نابێــت.

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

هەولێر

# ئازادی یان کۆپی پرۆژەی ئیخوان؟

دوای ئـەوەی ڕۆژی هەینـی ١٢ی شـوباتی٢٠٢١ لـە شـاری هەڵەبجــە، لەلایــەن ڕێکخراوێکــی یەکگرتــووی ئیســلامی کوردســتانەوە، فێســتیڤاڵێک وەک خۆیـان نـاوی دەنێـن (تاجـی زێڕیـن)، بـە بەشـداری ١٣٥٧ کـچ و ژنـی کـورد بەڕێوەچـوو و تێیـدا ئـەو ژمـارە زۆرەی کچـان و ژنـان باڵاپۆشـبوونی خۆیـان ڕاگەیانــد و ئەمەیــش لــە میدیــاکان و بــە تایبەتــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا کاردانـەوە و بۆچوونـی جیـاوازی لێکەوتـەوە، بۆیـە گرنگـە قسـەی لەبـارەوە بکەیـن، ئەگـەر کارێکـی ئاسـایی

بووایــە بــەو ئاســتە قســەی لەبــارەوە نەدەکــرا و لــە میدیــا و سۆشــیاڵمیدیا پێکدادانــی ڕای جیــاوازی بــەدوای خۆیــدا نەدەهێنــا.

ئــەم بابەتــە زیاتــر قســەکردنە لەســەر ئەجێنــدای سیاســیی فێســتیڤاڵەکە و کەمــتر بــەلای لایەنــە ئایینییەکــەوە چــووە، بەوپێیــەی بابەتــی باڵاپۆشــی لــە کۆمەڵگــە ئیســلامییەکاندا قســەی زۆری لەبــارەوە کــراوە و زۆرتریــن ڕاکانیــش دەڵێــن باڵاپۆشــی پەیوەنــدی بــە ئایینــەوە نییــە و نەریتێکــی عەرەبییــە و لەلایــەن خێڵــە عەرەبەکانــەوە ئــەو جــۆرە لــە پۆشــینی جلــە بەســەر ژنانــدا ســەپێندراوە، کەوایــە لــە هــەردوو ڕەهەندەکــەدا پەیوەنــدی بــە کــوردەوە نییــە و جلێکــی تــەواو هاوردەیــە و بــەزۆر لــە کۆمەڵگــەی کوردیــدا جێگــەی بــۆ کراوەتــەوە، باشــترە بڵێیــن بەســەر ژنانــدا ســەپێندراوە.

پاڵاپۆشــکردنی کچــان و ژنانــی کــورد، ئەگەرچــی لەگــەڵ نەریــت و ســتایلی جلوبەرگــی کوردیــدا نایەتــەوە، بــە تایبەتــی ئــەو شــێوازە باڵاپۆشــییەی کــە گرووپــە ئیســلامییەکان لــە جیهــان و کوردستانیشــدا بــرەوی پــێ دەدەن، بــۆ خــۆی جۆرێکــە لــە بەکۆیلەکردنــی ژنــان و ڕازیکردنیانــە بــە کەوتنــە ژێــر چەپۆکــی پیــاوەوە، خــۆ ئەگــەر دیقەتیــش لــە فێســتیڤاڵەکەی شــاری هەڵەبجــە بدەیــن، نزیکــەی هــەزار و پێنجســەد ژن و کچــی هــەرزەکاری کــورد لــە پرۆژەیەکــی حیزبیــدا باڵاپــۆش کــران و بەهــۆی ئــەو کارەوە خرانــە خزمەتــی خێڵگــەرای عەرەبییــەوە.

خـۆ ئەگـەر جوانـتر دیقـەت لـە ڕەنگـی سـەرپۆش و جلـی کچەکانـــی فێســـتڤاڵەکەی هەڵەبجـــە بدەیـــن (دەتوانـــن لـــە ئینتەرنێـت گـەڕان بـەدوای فێسـتیڤاڵەکە و وێنەکانـدا بکـەن)، دەبینیــن تەنانــەت ئــەو جــۆرە ڕەنگــەی بــۆ سەرپۆشــەکانیان هەڵبژێردرابـوو، ڕەنگێکـی سـەوزی مـردوو کـە لەگـەڵ سـەلیقە و ئـارەزوو و حـەزی ئافرەتانـی کـورددا بـۆ ڕەنگاوڕەنگـی جلـی کـوردی نایەتـەوە، بـەوەی ئافرەتـی کـورد، هـەردەم جلـی کـوردی بـە دەیـان ڕەنگـی جۆراوجـۆرەوە پۆشـیوە، زۆر بـە کەمـی ئـەو ڕەنگـەی کـە یەکگرتـووەکان بەکاریـان هێنـاوە، لەلایـەن ژنانـی کـوردەوە بەکارهێـنراوە، ئەویـش لـە دۆخ و حاڵەتـی تایبەتـدا، ئەگینـا جلـی ژنانـی کـورد هـەردەم ڕەنگاوڕەنـگ بـووە نـەک یـەک جـۆرە ڕەنـگ، ئەویـش ئـەو ڕەنگـە مـردووە!

ئاخـــر جلـــی ئافرەتانـــی کـــورد، یانـــی کرانـــەوە و ڕەنگاوڕەنگێتـــی، بەڵگـــەی ئەوەیـــە کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــەو جــۆرە ســتایلە باڵاپۆشــییەی ئیســلامییەکان نامۆیــە، کــە دوور و نزیـک پەیوەنـدی بـە جلـی ئافرەتانـی کـوردەوە نییـە، تەنانـەت بەشـی زۆری ئافرەتانـی کـورد، کاتێـک جلـی کـوردی دەپۆشـن، بـە تایبەتـی لـە ئاهەنـگ و سـەیران و گەشـتەکاندا، سـەرپۆش ناکـــەن، ئەمـــەش وەک بەڵگەیەکـــی بەهێـــز کـــە بەهۆیـــەوە دەتوانیــن ئەجێنــدای سیاســییانەی فێســتیڤاڵەکەی هەڵەبجــەی پــێ بناســینەوە و دەســت بخەینــە ســەر ئــەو برینــە و بڵێیــن فێسـتیڤاڵەکەی هەڵەبجـە بـە جلـی عەرەبـی و بـۆ خزمەتـی

پـــرۆژەی سیاســـیی ئیخـــوان ڕێکخـــرا.

پێویســـتە لـــە ڕوانگەیەکـــی دیکـــە و بـــۆ ڕێگریکـــردن لـــە بۆچوونـــی چەواشـــەکارانە، ئامـــاژە بـــەوە بکەیـــن، ئەگـــەر باڵاپۆشـــی ئـــەو کچانـــە بـــە خواســـتی گـــرووپ و حیزبـــە ئیســـلامییەکان نەبووایـــە و فێســـتیڤاڵەکەش بـــۆ بەسیاســـیکردن و بەئیخوانکردنـــی کۆمەڵگـــەی کوردســـتان ڕێکنەخرایـــە، وێـــڕای ســـەرنجەکانمان لەســـەر باڵاپۆشـــی ئافرەتـــان بـــە گشـــتی و ئافرەتـــی کـــورد بـــە دیاریکـــراوی، هێشـــتا دەکـــرا لـــە چوارچێـــوەی ئازادییەکانـــی ئینســـاندا جێـــی بکرابایـــەوە یـــان هـــەر هیـــچ نەبێـــت وەک ئـــەو هـــەزاران ئافرەتانـــەی دیکـــە کـــە باڵاپۆشـــن، ئەوانیـــش قەبـــووڵ بکرابایـــەن، بـــەڵام ئـــەوەی هەڵەبجـــە، تـــەواو جیـــاوازە، چونکـــە حیزبێکـــی وەک یەکگرتـــووی ئیســـلامی کوردســـتان کـــە تاســـەر ئێســـقان لەژێـــر هەژمـــوون و کاریگەرێتـــی ئیخواندایـــە و کارکردنـــی بـــۆ بەئیخوانیکردنـــی کۆمەڵگـــەی کوردســـتانیش لـــە هەمـــوو بوارێکـــی ژیانـــدا ڕەنگـــی داوەتـــەوە، ڕاســـتەوخۆ لەپشـــت فێســـتیڤاڵەکەوە بـــوو، کەوایـــە فێســـتیڤاڵەکە بـــۆ بەکۆیلەکـــردن و بووکەڵەکردنـــی کچانـــی کـــوردە بـــە مەبەســـتی گەرمکردنـــی گەمـــەی سیاســـی و ئامانجـــی بەئیســـلامی سیاســـیکردنی کۆمەڵگـــەی کوردســـتان.

لێـــرەدا بابەتـــی ئازادییـــەکان دێتـــە گـــۆڕێ و دەکـــرێ باســـێکی کورتـــی لەبـــارەوە بکەیـــن، بـــە تایبەتـــی ئـــەوەی پەیوەندیـــی بـــە ســـێکۆلاریزم و ئـــەو ڕووبـــەرە فراوانـــەی کـــە بـــۆ ئازادییـــەکان

ڕەخساندووێتی، بخەینەڕوو، خۆی سێکۆلاریزم کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی، ئینسانی لەخۆیدا چڕکردووەتەوە کە ئازادی یەکێکیانە، واتە دینگەیەکی بەهێزی ئەو سیستەمەیە، ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئازادییەکان پێشێل کران و دەسەڵاتیش یان گرووپەکانی کۆمەڵگە چاوپۆشییان لەو پێشێلکارییانە کرد، ئەو کۆمەڵگەیە سێکۆلار (عەلمانی) نییە، چونکە سێکۆلاریزم ڕێگە بە گرووپە فرەجۆرەکانی کۆمەڵگە دەدات لە ڕوانگەی باوەڕبوون بە ئازادییەکان، بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و جلوبەرگ بپۆشن و مومارەسەکردنی ستایلی ژیانیان بکەن، هەروەها لە هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی ئایینیشدا تەواو ئازادن، واتە هەر کە تۆ ئایینێک ڕەت دەکەیتەوە، بەو مەرجەی سووکایەتی بە پەیڕەوانی نەکەیت، ئەوکات هیچ کەس بۆی نییە سزات بدات و توانجت تێ بگرێت و هانی گرووپەکان بدات بۆ هێرشی جەستەیی و دەروونی، چونکە سێکۆلاریزم وەک سیستەم و یاسا ئەو مافەی پێت داوە و بە هەمان شێوە تۆش بۆت نییە ئازادیی دیندارێک بخەیتە ژێر چاودێری و هەڕەشەوە، لە سێکۆلاریزمدا مرۆڤ خۆی سەنتەری خۆی دەبێت، هەر خۆی بڕیار لەسەر چۆنیەتی ژیانی دەدات نەک گرووپەکان بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەی بکەن و بۆ لاوازکردنی بەرانبەر سەنگەری ئەوی دیکەی پێ پتەو بکەن، لێرەدا ئازادییەکان ئاوێتەی یاسا دەبن

و هـەر کـە گرووپێکیـش هەوڵـی دروسـتکردنی گوشـار بـۆ سـەر گرووپێکـی دیکـە بـدات، یاسـا دێتـە وەڵام و چەکووشـی دادپـەروەری لـە سـەری ئـەو لایەنـە دەدات کـە پێشـێلی مافـی ئـەوی دیکـە دەکات.

ئەگەرچـی هێشـتا ئـەو مۆدێلـە لـە سـێکۆلاریزم لـە کوردسـتان بـە تەواوەتـی ڕەگـی دانەکوتـاوە، بـەڵام ئاماژەکانـی هـەن و دەکـرێ لـە ڕێگـەی پەرەپێـدان و هۆشـیارییەوە باشـتر بکرێـت، بـە تایبەتـی حیزبـە سێکۆلاریسـتەکان دەتوانـن بـە پـڕۆژە لـە ڕێگـەی چالاکـی و هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگـە، سـێکۆلاریزم وەک ئـەوەی هەیـە ڕوون بکەنـەوە نـەک وەک ئـەوەی ئیسـلامییەکان بـە ئـارەزووی خۆیـان پێناسـەی دەکـەن و لەپێشـچاوی خەڵکـی موسـڵماندا وەک بێدینـی دەیناسـێنن، لەکاتێکـدا کرۆکـی سـێکۆلاریزم بێدینـی نییـە، تەنیـا ئازادیـی مومارەسـەکردنی دینـداری و بێدینـی بەرجەسـتە دەکات، واتـە تـۆ لـە سـایەی عەلمانییەتـدا هـەم دەتوانیـت بێدیـن بیـت و هەمیـش دینـدار، سـەرئەنجام لـە هـەردوو دۆخـدا تـۆ ناتوانیـت پێشـێلکاری بەرانبـەر ئـەوی دیکـە بکەیـت.

لـە عەلمانییەتـدا نابێـت لەژێـر گوشـاری هیـچ گرووپێکـی سیاسـی و ئایینـی و کۆمەڵایەتیـدا، ئازادیـی ئینسـان لـە قاڵـب بدرێـت و خواسـتی ئەوانـی دیکـەی بەسـەردا بسـەپێندرێت، ئەگـەر ئەمـە ڕوویـدا ئـەوکات دەبـێ مافـی زەوتکـراوی ئـەو کەسـانە وەربگیرێتـەوە، کـە لەژێـر هـەر پاسـاو و گوشـارێکدا

ناچــار دەکرێــن بــەوەی چاوپۆشــی لــە مــاف و ئازادییەکانیــان بکــەن یــان لەژێــر گوشــاردا جلوبەرگــی ئایینیــان بەســەردا دەســەپێندرێت، ئــەوە لــە عەلمانیەتــدا هێڵــی ســووره و بــە تەواوەتــی ڕەتکراوەتــەوە، چونکــە لــە ســایەی دەوڵەتــی عەلمانیــدا مــرۆڤ دەتوانێــت بــە ئازادانــە بڕیــاری ژیــان و ســتایلی کۆمەڵایەتییانــەی خــۆی بــدات، بــەو مەرجــەی ڕەچــاوی یاســاکان بــکات و ســنووری بەرانبەریــش نەبەزێنێــت.

عەلمانییــەت، ئەگــەر چەنــد دینگەیەکــی پتــەوی هەبــن، ئــازادی یەکێکیانــە کــە بــە ڕژدی کار بــۆ ئــەوە دەکات دینگــەی ئــازادی پتەوتــر بێــت و مــرۆڤ ناچــار نەکــرێ لەژێــر هــەر جــۆره کاریگەریــی و پاســاوێکدا ئازادییەکانــی زەوت بکرێــت، بــە تایبەتــی منــداڵ لــە دەوڵەتــی عەلمانیــدا بــە تایبەتــی هەمــوو مافێکــی پارێــزراوه، بەهــۆی ئــەوەی لایەنــی عەقڵــی و بڕیاردانــی هێشــتا تــەواو نییــە و وەک پێویســت ناتوانێــت بڕیــاری ژیرانــە و عەقڵانــی بــدات، وەک نموونــە، کاتێــک دایــک و باوکێکــی موســڵمان بــە پاڵپشــتی حیزبــی ئیســلامی یــان بــە هــەر پاســاوێکەوە، ســەرپۆش لەســەری کچــە منداڵەکەیــان دەکــەن و لــە فێســتیڤاڵێکدا باڵاپۆشــبوونی ڕادەگەیەنــن، بــێ هیــچ ئەملاوئەولایــەک ئەمــە دەچێتــە چوارچێــوەی پێشــێلکردنی مافــی ئــەو منداڵــە و ئەگــەر خــودی منداڵەکــەش ســکاڵا نــەکات، پێویســتە ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و داواکاری گشــتی بێنــە دەنــگ و ئــەو پێشــێلکارییە ڕابگــرن.

لــە پەیوەســت بــە باڵاپۆشــکردنی کچــە منداڵەکانــی فێســتیڤاڵەکەی هەڵەبجــەدا، پرســیارێک خــۆی زەق دەکاتــەوە و دەپرســین: کــێ گرەنتــی ئــەوە دەدات دوای چەنــد ســاڵی دیکــە، نیــوەی ئــەو کچانــە جلــە عەرەبییەکــە (باڵاپــۆش) فــڕێ نــادەن و دواتــر لــە تۆڕەکانــی کۆمەڵایەتیــدا ســووکایەتییان پــێ ناکرێــت؟ کــێ دەتوانێــت گرەنتــی ئــەوە بــکات لــە کاتــی فڕێدانــی سەرپۆشــدا وەک کەســی هەڵگــەڕاوە وەســف ناکرێــن و وێنــەی کۆنیــان بــە سەرپۆشــەوە لەگــەڵ وێنــەی نوێیانــدا بــە قــژی ڕووت و جەســتەی نیمچەڕووتــەوە پۆســت ناکرێــن؟ پرســیارێکی دیکــەش، ئایا ئــەوەی ئــەو کچانــە لــە هەڵەبجــە کردیــان، ئارەزوومەندانــە بــوو یــان لەژێــر گوشــاری حیزبــە ئیســلامییەکان فریــودران و کــران بــە باڵاپــۆش؟

پێــش وەڵامدانــەوەی ئــەو چەنــد پرســیارە، پێویســتە خوێندنەوەیــەک بــۆ پەیامەکــەی ســەلاحەددین بەهائەدیــن ئەمینــداری گشــتیی یەکگرتــووی ئیســلامی کوردســتان بکەیــن، کــە حیزبەکــەی خاوەنــی فێســتیڤاڵەکە و ئەنجامدانــی بــوو، ســەلاحەددین بەهائەدیــن لــە پەیامەکەیــدا، کــە دوابــەدوای بەڕێوەچوونــی فێســتیڤاڵەکەی هەڵەبجــە بــڵاوی کــردەوە، هێنــدە لەژێــر کاریگــەری ســۆز و خێڵگــەرای عەرەبیــدا وشــەکانی ڕیزکــردوون، بیــری چــووە هــەر کەســێک کــە باڵاپــۆش نەبێــت، لــە دیــدی ئــەودا وەک بــێ ئەخــلاق و کەســی خراپــەکار وەســف کــراوە! ڕەنگــە ئەندامەکانــی یەکگرتــووش بڵێــن ئــەو قســەیە

وانییە و نووسەر بە هەڵە خوێندنەوەی بۆ قسەکانی ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کردووە، بەڵام ئێوە وردتر دیقەت لە وشە و ڕستە و پەرەگرافەکانی پەیامەکەی سەڵاحەددین بەهائەدین بدەن، کە ئاراستەی کچە باڵاپۆشەکانی هەڵەبجەی کردووە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا بە کچە باڵاپۆشەکان دەڵێت: "تاجی زێڕینتان سیمای خۆڕاگری و سەربڵندی و شەهامەتە، نیشانەی ڕەسانەیەتی و شوناسی کوردەواری و بنەماڵە ئەخلاق پەروەرەکانتانە".

باڵاپۆشی، دوور و نزیک پەیوەندی بە جلوبەرگی ئافرەتانی کورد و شوناسی کوردەوارییەوە نییە و نابێت، بگرە تەواو بە ئافرەتی کورد نامۆیە و ڕاستییەکەی لە خێڵە عەرەبەکان وەرگیراوە، دروستتر هاوردەی کوردستان کراوە، خۆ ئەگەر باسی ڕەنگەکەیشی بکەینەوە، ئەو دوو ڕەنگەی بۆ باڵاپۆشەکانی هەڵەبجە بەکارهاتن، واتە سەوز و ڕەش، لەگەڵ سەلیقە و حەزی ئافرەتی کورددا نایەنەوە و هیچ کاتێکیش ئافرەتانی کورد بە لێشاو یەک جۆر جلیان بە یەک ڕەنگ نەپۆشیوە، بە پێچەوانەوە ئافرەتانی کورد لە فێستیڤاڵ و شایی و بۆنە و تەنانەت لە ماڵیشدا جلی سوور و سپی و سەوزی کاڵ و زەرد و پەمەیی و هەموو جۆرە ڕەنگێکی کراوەیان پۆشیوە، بەڵام ئەو ڕەنگە سەوزەی فێستیڤاڵەکەی هەڵەبجە، کەمترین جار پەنای بۆ براوە، چونکە هەر لە ڕەنگی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان

دەچێــت و تاموبــۆی ژیــان و فێســتیڤاڵ و ئاهەنگــی نییــە، یەکگرتــووش لــەوەدا خۆیــان دەزانــن چیــان کــردووە و بۆچــی ئــەو دوو ڕەنگــە ســەوز و ڕەشــەیان هەڵبــژاردووە!

بــۆ پەردەپۆشــکردنی ئــەو ئەجێنــدا سیاســییەی کــە بەهۆیــەوە نزیکــەی هــەزار و پێنجســەد کچــە کوردییــان بــە جلــی عەرەبــی ڕازانــدەوە، یەکگرتــووی ئیســلامی کوردســتان و هاوفیکرەکانــی ئامــاژە بــەوە دەکــەن، گوایــە هــەر لــە زووەوە ئافرەتــی کــورد سەرپۆشــی کــردووە و باڵاپــۆش بــووە. ئەمــە تۆمەتێکــە ڕاســتەوخۆ دەدرێتــە پــاڵ ئافرەتــی کــوردەوە، ئەگــەر لــە زوودا ئافرەتــی کــورد سەرپۆشیشــی کردبێــت، بــۆ جوانــی و بــۆ خــۆی بــووە و لــە هەنــدێ دۆخ و وەرزیشــدا خــۆی لــە گەرمــای دەشــت و ســەروەختی کشــتوکاڵیدا پاراســتووە نــەک بــۆ ڕازیکردنــی پیاوســالارانی ئاییــن بووبێــت، بۆیــە ئــەوە زۆر جیــاوازە لەگــەڵ ئــەوەی یەکگرتــووی ئیســلامی لــە فێســتیڤاڵەکەدا کــردی، ئــەوەی یەکگرتــوو بــۆ پەرەپێدانــی پــرۆژەی سیاســیی ئیســلامی و ڕازیکردنــی ئیخــوان و پیاوســالاران کــراوە، بــە ئامانجــی لەخشــتەبردنی کچانــی کــورد و دروســتکردنی نەوەیــەک کــە مێشــکیان بــە سیاســەت و بیــری ئیخوانــی بشــۆردرێتەوە، ڕێــک ئــەوەی هەڵەبجــە بۆیەکردنــی مێشــکی کچــان و منداڵانــی کــورد بــوو بــەو ئەجێندایــەی ئیخوانــەکان لــە کۆمەڵگــە ئیســلامییەکاندا کاری بــۆ دەکــەن، بەوپــەڕی ڕاشــکاوییەوە دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو کارەی یەکگرتــوو کــردی، خیانەتێکــی نەتەوەیــی و کولتووریــی

بــوو، ئەگــەر لــە نەزانــی یــان مەبەســتدار کرابێــت، دەچێتــە بازنــەی هەوڵــدان بــۆ ســڕینەوەی یەکێــک لــە شوناســەکانی کــوردەواری کــە لێــرەدا مەبەســتمان جلــی ئافرەتانــی کــوردە.

جارێکــی تــر فۆکــەس دەخەینــەوە ســەر ئــەو کارەی کــە یەکگرتــوو کــردی لــە مێــژووی کــورددا وێنــەی نەبــووە، بەڵکــوو پرۆســەیەک بــوو بــە پارەیەکــی زۆر و ئامادەسازییەکی تــەواوەوە کــرا، مافــی هــەر کەسێکە بپرسێت، یەکگرتــووی ئیســلامی بــەو قەیرانــی داراییــەی ئــەوکات، ئــەو پارەیــەی لــە کــوێ هێنــا و بۆچــی نزیکــەی ســێ هــەزار کەســی لــە هۆڵێکــدا کۆکــردەوە و لــە پرۆژەیەکــی ئیخوانیــدا فێســتیڤاڵی بــۆ ڕێکخســتن؟

ئــەو کارە ڕەخســاندنی ئــازادی نەبــوو بــۆ ژنانــی کــورد، کۆیلایەتــی بــوو لــە بەرژەوەندیــی ئیســلامگەرای عەرەبــی کــە لەژێــر کاریگــەری و بــە خواســتی ئیخــوان کــرا، بۆیــە جۆرێکــە لــە خیانــەت، بــەوەی یەکگرتــوو کاری بــۆ ســڕینەوەی شوناســی کوردەوارییانــە کــرد و لەبــری ئەویشــدا ســەپۆرتی جــۆرە جلوبەرگێــک دەکات کــە نــەک هــەر هــی کــورد نییــە، بەڵکــوو ئازادییەکانــی ژنیــش دەخاتــە چوارچێــوەوە و وەک کاڵای دەســتی ئیســلامی سیاســی لــێ دەکات و ڕۆڵــی ڕۆبۆتــی پێدەبەخشــێت و کۆنترۆڵەکەیشــی لــە چنگــی پیــاو دەنێــت تــا بــە ئــارەزووی خــۆی ئەمســەر و ئەوســەری پــێ بــکات و وەک کاڵایــەک بــەکاری بهێنێــت، ئاخــر تــۆ کــە مافــی بــە ئازادیــی پۆشــینی جلوبــەرگ و ســیمای کوردەوارییانــە لــە ڕووخســاری ژنــی کــورددا

دەسـڕێتەوە، بـەو کارەت مێشکیشـی داگیـر دەکەیـت، وای لـێ دەکەیـت هەسـت بـە کەسـایەتی خـۆی نـەکات و وەک کۆیلەیـەک خـۆی ببینێـت.

لـە بەشـێکی دیکـەی پەیامەکەیـدا سـەڵاحەددین بەهائەدیـن بـە کچـە باڵاپۆشـەکان دەڵێـت: "باڵاپۆشـیتان سـیمای خۆڕاگـری و سـەربڵندی و شـەهامەتە". دیـارە لـە ڕوانگـەی ئەمینـداری یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتانەوە، ئـەوی باڵاپـۆش نەبێـت، سـەربڵند نییـە، بـێ شـەهامەتە، خۆڕاگـر نییـە! بۆیـە بـە دەنگـی بـەرز و بـێ ڕەچاوکردنـی لایەنـی دەروونـی ئـەو سـەدان هـەزاران کـچ و ژنانـەی کـورد، کـە باڵاپـۆش نیـن، بـە کچـە باڵاپۆشـەکان دەڵـێ سـەربڵند و بـە شـەهامەت و خۆڕاگـر! لـە ئەمینـداری یەکگرتـوو دەپرسـم، ئـەوان لەچیـدا خۆڕاگریـان کـردووە؟ مەگـەر هاوشـانی پێشـمەرگە لـە شـەڕدان دژی داعـش یـان کارێکیـان کـردووە بـۆ ڕیشەکێشـکردنی ئەفـکاری دواکەوتووانـە لـە کۆمەڵگـەدا! ئاخـر ئەگـەر خـۆی لـە ڕاسـتی نەشـارێتەوە، سـەڵاحەددین بەهائەدیـن دەزانـێ ئـەو باڵاپۆشـییەی ژنـان پەیوەنـدی بـە ئازادییـەوە نییـە و لـە بنەڕەتـدا بەسـەریاندا سـەپێندراوە، بـە تایبەتـی ئـەو منداڵانـەی هەڵەبجـە، سـوود لـە کەمتەمەنـی و کەمئەزموونییـان وەرگیـراوە و باڵاپـۆش کـراون، ڕەنگـە بەشـێکیان بـە ئـارەزووی خۆیـان یـان لەژێـر کاریگـەری ماڵەوەیانـدا باڵاپۆشـی خۆیـان ڕاگەیاندبێـت، بـەڵام سـەرئەنجام خـودی فێسـتیڤاڵەکە خـۆی

سیاسەتی بەئێخوانکردنی کوردستانە و یەکگرتووەکانیش ناتوانن نکۆڵی لەو ڕاستییە بکەن، ئەوەتا ژمارەی سەرپۆش و باڵاپۆشەکان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زیاد دەکەن و لەو لاوەش هەوڵی ناشیرینکردنی ئەزموونی کوردستان بە گشتی دەدەن. کەوایە ئەو بانگەشەیەی یەکگرتووەکان بۆ ئازادیی باڵاپۆشی ئەو کچانە، دوورە لە ڕاستی و بە بەرنامە کاریان بۆی کردووە تاوەکو لە ڕێگەی باڵاپۆشییەوە ئەو کیژانە لە کیژانی دیکە جیا بکەنەوە و بیانکەن بە نەوەی ئایندەی یەکگرتوو و لە پرۆسەکانی دەنگدان و هەڵبژاردندا سوودیان لێ وەربگرن، کە دواجار هەر کورسییێکی یەکگرتوو لە سوودی هەژموونی ئێخوانیش دەکەوێتەوە.

هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی، مافی گەیشتن بە دەسەڵات و مسۆگەرکردنی زۆرترین کورسیی پەرلەمانیان هەیە، بەوپێیەی لە دیموکراسییەتدا نابێت هیچ حیزبێکی سیاسی و کەسێک لە بەشداری سیاسی و چالاکییە ڕێکخراوەییەکاندا ڕێگری لێ بکرێت، بەڵام دۆخەکە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە و لە ئەگەری باڵادەستبوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ڕووبەڕێکی فراوانی مەترسیدار بە ڕووی کورددا دەکرێتەوە و ئەوکات بە پرۆسە کار بۆ سڕینەوەی هەرچی بەهایەکی کوردەوارییانە هەیە، دەکەن و لەبری ئەویشدا بەهای ئیسلامی و عەرەبی و ئێخوانی جێگیر دەکەن، ئاخر ئەوات

کۆمەڵگـە نـەک هــەر ئاســوودە و ســەقامگیر نابێــت، بەڵکــوو بــە کــۆی دامودەزگەکانییــەوە دەخرێتــە ژێــر سانســۆری کارەکتەرانــی ئایینــی و هەمــوو شــت بڤــە و هێڵــی ســوور دەبێــت، چەقبەســتوویی و باوەشــکردن بــە دواکەوتوویــی و داخــراوی، ڕەگ دادەکوتــن، ئەگــەر بتەوێــت ئــەو ڕەگــە هەڵبکێشــیت، پێویســتت بــە هێــزی چەکــدار دەبێــت، کەوایــە لــە ئێســتاوە دەبــێ خەڵکــی کوردســتان ئــەو ڕاســتییە بزانــن ئەگــەر ئیســلامییەکان بگەنــە دەســەڵات، نموونــەی هێنــدە ناشــیرین و توندڕۆییانــە پێشــکەش دەکــەن، کــۆی جومگــە و پێگەکانــی کۆمەڵگــە دووچــاری شکســت و ماڵوێرانــی دەبــن.

ئەمینــداری یەکگرتــووی ئیســلامی لەمیانــەی هاندانــی کچــە باڵاپۆشــەکاندا، وەک ســەربڵند وەســفیان دەکات و خێزانەکانیشــیان بــە بنەماڵــەی بــە ئەخــلاق ناودەبــات وەک ئــەوەی ئــەو خێزانانــەی کــە کچەکانیــان ســەرپۆش ناکــەن و باڵاپــۆش نیــن، بــێ ئەخــلاق و بــێ شــەهامەت بــن! ئــەوەی ســەڵاحەددین بەهائەدیــن باســی دەکات، جۆرێــک لــە بێویژدانییــە دەرهــەق بــەو کچانــەی باڵاپــۆش نیــن یــان ئــەو خێزانانــەی کچەکانیــان لەســەر باڵاپۆشــی پــەروەردە نەکــردووە، بۆیــە دەبــوو باشــتر و بــە هەســتیارییەوە ئــەو چەنــد وشــەیەی بخســتابایەتە نــاو پەیامەکەیــەوە، خوازیــارم نووســینی پەیامەکــەی بــە چەنــد کادیرێکــی حیزبەکــەی ڕاســپاردبێت، خــۆ ئەگــەر ئــەم تێگەیشــتنە ڕێکــوڕەوان بــاوەڕ و مەبدەئــی خــۆی بێــت،

ماڵوێرانـی بەرۆکـی کۆمەڵگـەی گرتـووە و دەبـێ تووشـی شـۆک بیـن کـە تـا ئێسـتا بەشـێکی کۆمەڵگـەی کـوردی پێیـان وابـووە ئـەو پیـاوە ئیسـلامییەکی میانـڕەوە!

زۆرجـار ڕووداوی هێنـدە نەشـیاو لـە ژنانـی باڵاپۆشـدا ڕوویـداوە هـەر مەپرسـە چەنـد قێـزەون بـووە! هەروەهـا ژنانـی سـفوریش کاری جوانیـان کـردووە و لـە ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانـدا ڕۆڵیـان هەبـووە و سـەربەرزانەش ژیـاون، بۆیـە ناکـرێ خراپـەکاری بدەینـە پـاڵ گرووپێـک و گرووپێکـی دیکـەش بـە چاکەخـواز ناوبەیـن، ئاخـر ئـەوەی سـەڵاحەددین بەهائەدیـن باسـی دەکات، ڕێژەییـە و گشـتگیر نییـە، هـەردوو گـرووپ خاڵـی نەرێیـی و ئەرێییـان هەیـە، بەوپێیـەی ئەندامانـی کۆمەڵگـە دابەشبوونە بەسـەر گرووپـەکان و ئاستە جیاوازەکانـی ڕۆشـنبیری و تێگەیشـتن و بیرکردنـەوە، ماڵوێرانـی ئەوەیـە، کاتێـک پیاوێکـی وەک مامۆسـتا سـەڵاحەددین لەسـەر حیسـابی ئـەوی دیکـە بـە کەسـانێک دەڵێـت سـەربڵند و خـاوەن شـەهامەت، ئـەوە لێدانـە لـە گرووپێکـی دیاریکـراو و پێویسـتە ڕێکخـراوەکان و ڕۆشـنبیران لـەو جـۆرە دەنگانـە بێدەنـگ نەبـن بـۆ ئـەوەی بکـەر و کارەکتەرانـی ئـەو جـۆرە فێسـتیڤاڵ و بیرکەرەوانـە فێـر نەبـن پێـوەری مرۆڤـی چاکەخـواز لەسـەر بنەمـای باڵاپۆشـی لـە کۆمەڵگـەدا زەق بکەنـەوە، بـە داخـەوە ئـەوکات ڕێکخـراوەکان لێـی نەهاتنـە دەنـگ و تەنیـا لەسـەر ئاسـتی میدیـا و سۆشـیاڵمیدیادا بـە گشـتی فێسـتیڤاڵەکە وروژێنـدرا،

بـەڵام کـەس قسـەی لەسـەر پەیامـە مەترسـیدارەکەی مامۆسـتا سـەڵاحەددین نەکـرد! دەی ئاخـر مـەرج نییـە ئـەوەی باڵاپـۆش نەبێـت، خراپـەکار و ئـەوی باڵاپۆشـیش بـوو، کەسـێکی چاکـەکار بێـت. مەگـەر سـەڵاحەددین بەهائەدیـن بـە چـاوی خـۆی ئـەو وێرانەیـەی باڵاپۆشـەکان لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامیدا نابینێـت! مەگـەر ئـاگاداری ئـەوە نییـە لـە کەمپـی هـۆل لـە سـووریا کـە پڕێتـی لـە ژنانـی باڵاپـۆش و ڕووپـۆش (نیقـاب)، کەچـی کاری لەشفرۆشـی تێیـدا لـە حاڵەتـەوە بووەتـە دیـاردە و ڕۆژانـەش وەک ڕۆژەڤـی هەواڵـەکان باسباسـی بەرزبووەنـەوەی ژمـارەی ژنانـی لەشفرۆشـە لـەو کەمپـەی باڵاپۆشـاندا.

ئـەو پیـاوە ئیخوانییـە (سـەڵاحەددین بەهائەدیـن) هێنـدە لـە خەمـی خێڵگـەرای عەرەبـی و فیکـری ئیخواندایـە، دەی جارێکـی تـر لەگەڵـمان بـن و ورد دیقـەت بـدەن کـە چـی بـە کچـە باڵاپۆشـەکان دەڵێـت: «ئێـوە باڵاتـرن لـەوەی چاولێکـەری خەڵکـی بێگانـە بکـەن، بەرزتـرن لـەوەی فەرهەنـگ و ئەخـلاق و کولتـووری نەتەوەیـی و نیشـتیمانی خۆتـان بگـۆڕن بـە خاتـری ناحەزانـی گـەل و نیشـتیمان و ئایـن و مەزهەبـی گەلەکەتـان.. بڵندتـرن لـەوەی چـۆک دادەن و ببەزێـن لەبـەردەم شـاڵاوی بێگانەپەرسـتی و تەسـلیم بوونـی نەیارانـی شوناسـی ئاینـی و ئەخلاقـی گەلەکەمـان».

پێـش شـیکردنەوەی ئـەو پەرەگرافـەی سـەرەوە، دەمـەوێ سـەرنجی خوێنـەر بـۆ ئـەوە ڕابکێشـم کـە پەرەگرافەکـە پڕێتـی

لـە هەڵـەی ڕێنـووس و زمانەوانـی، وێـڕای ئـەوە بـە پێویسـتم نەزانـی ڕاسـتکردنەوەی بـۆ بکـەم لەبـەر پاراسـتنی دەقەکـە وەک خـۆی، ئەمەیـش بەڵگەیەکـی دیکەیـە کـە پەیامەکـە هێنـدە بـە پەلـە نـووسراوە، نەپڕژاونەتـە سـەر ئـەوەی تەنانـەت هەڵەگریشـی بکـەن، ئـەوە هـەر باسـی هەڵـەی فیکـری مەکـەن چ وێرانەیەکـە.

لـە کۆمەڵگـەی یەکسـاندا هیـچ گرووپێکـی کۆمەڵایەتـی لـە گرووپێکـی دیکـە باڵاتـر نییـە، بـەو قسـەیەی سـەلماندی لـە ڕوانگـەی ئیسـلامی سیاسـییەوە ئـەو گرووپانـەی باڵاپۆشـن یـان ئیسـلامین، لەوانـی دیکـە باڵاتـرن! ئـێ مـەرج نییـە هەمـوو کرانەوەیـەک و چاولێکەرییـەک نەرێیـی بێـت، وەک نموونـە، کاتێـک ژنـان لـە کۆمەڵگـەی کـراوەی جیهانیـدا دەخرێنـە نـاو بازنـەی کارەوە و وەک پیـاو ئـازادی بەدەسـت دەهێنـن، ئـەوە ئەگـەر چاولێکەریـش بێـت، بـەڵام لاسـاییەکی باشـە، ئەگـەر لەژێـر کاریگـەری کۆمەڵگـەی ئەورووپـی نەبایـە، ژنانـی کـورد هێشـتا دەبـوو لـە ماڵـەوە دیـل بـن و گەورەتریـن دەرکەوتنیـان لـەو جـۆرە فێسـتیڤاڵانەدا بووایـە کـە تێیانـدا باڵاپـۆش دەکرێـن.

لەلایەکـی تـرەوە ئەوەتـا سـەڵاحەددین بەهائەدیـن جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە ئـەو جـۆرە باڵاپۆشـییە فەرهەنـگ و کولتـووری نەتەوەیـی کـوردە. لێـرەدا پێویسـتە جارێکـی دیکـە ئامـاژە بـەو خاڵـە بکەینـەوە کـە باڵاپۆشـکردنی ئـەو کچانـە لـە فێسـتیڤاڵەکەدا، دوور و نزیـک پەیوەنـدی بـە کولتـوور و

فەرهەنگی نەتەوەی کوردەوە نییە، بەڵکوو خیانەتیشە لە نەتەوە و جلی کوردی، مادام لەسەر جلی کوردی ساغ دەکەنەوە، پێویستە بە دەنگی بەرز و زوڵاڵ، هەمووان بڵێن ئەوە ناڕاستییەکی ڕوونە کە سەرپۆشە سەوزەکەتان هیچ پەیوەندییەکی بە شوناسی کوردییەوە نییە، ڕێکوڕەوان کۆپی عەرەبە و لەسەر جەستە و قژی کیژانی کورددا پەیست کراوە.

ئەو کاتە دەبووە ئازادی کە ئەو کیژانە بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ فێستیڤاڵ و کاری حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە ماڵەکانی خۆیاندا بەشێوەی خۆویستانە باڵاپۆشی خۆیان هەڵبژاردایە، بەڵام کاتێک لەلایەن ڕێکخراوێکی حیزبێکی هاوفیکری ئیخوانییەوە لە فێستیڤاڵێکی سیاسی و لە ڕێگەی شاشەوە باڵاپۆشبوونیان بە کۆمەڵگەی کوردی و عەرەبی و جیهاندا نیشان دەدرێت، لە چوارچێوەی ئازادی دەچێتە دەرەوە و ڕێک دەبێتە گەمەیەکی سیاسی.

ئینجا لە سەڵاحەددین بەهائەدین دەپرسین، باڵاپۆشکردنی ژنان لە ڕێگەی ڕێکخراوە سیاسییەکەتەوە، چ پەیوەندییەکی بە ئازادییەوە هەیە؟ بێشک ئەوە نەک هەر ئازادی نییە، بەڵکوو لێسەندنەوەی ئازادی و مافی بە ئازادانە پۆشینی جلوبەرگیشە و جیاکردنەوەی ئەو کیژانەیشە لە گرووپەکانی تری کۆمەڵگە، ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی بیری چووە

کـە ئـازادی خـۆی ڕەهەندگەلـی فەلسـەفی و کۆمەڵایەتـی هەیـە، بـەوەی مـرۆڤ خـۆی بڕیـار دەدات کـە چـۆن بـژی و چـی بپۆشـێت و چـۆن لەگـەڵ هەڵبژاردەکانیـدا خـۆی بگونجێنێـت، ئـێ ئێـوە وەک یەکگرتـووی ئیسـلامی، فێسـتیڤاڵ بـۆ پۆشـینی جلـی کچـان سـاز دەکـەن و هـەر خۆشـتان سەرپۆشـەکان دەکـڕن و جۆرەکـەی دیـاری دەکـەن، کەوایـە ئەمـە کوێـی ئازادییـە! کـوا ئارەزوومەندانەیـە؟ ئاخـر ئـەو هەمـوو کەسـە بـە یـەک ڕەنـگ و یـەک سـتایلی جلوبـەرگ، لەگـەڵ ئازادیـدا نایەتـەوە، بەڵکـوو ڕێکـوڕەوان دابڕینـی ئـەو هـەزاران کچەیـە لـە کۆمەڵگـە و لـەو کەسـانەی وەک ئـەوان باڵاپـۆش نیـن، ئیشـکردنە لەسـەر شـۆردنەوەی عەقڵـی ئـەو گەنجانـە کـە ئاییندەیەکـی بـاش لەبەردەمیاندایـە، ئەگـەر ئێـوەی ئیخوانـی نەیانخەنـەوە ماڵـەوە و ڕووخسـاریان بـە پـەڕۆ دانەپۆشـن!

فەرمـوون، خۆتـان ئـەو بەشـەی پەیامەکـەی سـەلاحەددین بەهائەدیـن بخوێننـەوە و ئینجـا بڕیـار بـدەن، ئایـا بـەزۆر باڵاپۆشـکردنی ژنـان و نیشـاندانیان لـە فێسـتیڤاڵێکی ئیخوانیـدا دەچێتـە چوارچێـوەی ئـازادی یـان بـە ئیخوانکردنـی کۆمەڵگـە و ئـەو کچـە کوردانەیـە! ئـەو دەنووسـێت: «لەچکەکەتـان دەربڕینـی ئازایەتـی و ئازادییـە، نیشـانەی بـڕوا بەخۆبـون و کارابونتانـە لەمەیدانـی خوێنـدن و کار و ئەرکـی هاوڵاتـی بونـی یەکسـان و گشـت بـوارە کاریگەرەکانـی ئەهلـی و حکومەتـی. باڵاپۆشـیتان تاجـی زێڕیـن و ویسـامی شـەرەف و مەدالیـای ڕێـزو

ئازایەتـی و کەسـایەتی سـەنگینی ئێوەیـە. جارێکـی تـر ئـەم ڕۆژە مێژوویەتـان لـێ پیـرۆز بـێ، ئـەم هەنـگاوە گەورەیـە لـە هەڵەبجـەی شـاری شـەهیدان و پایتەختـی ئاشـتی پیرۆزبـێ».

پێشـتر باسـی هەڵـەی ڕێنووسـمان کـرد، ئـەو پەرەگرافەیـان هـەر زۆر وێرانتریشـە لەوانـی دیکـە!

کاتێـک ئەنفالکردنـی کـورد بـە چەنـد قۆناغێـک لەلایـەن ڕژێمـە ئیسـلامییەکەی سـەددام حوسـێن و لەژێـر ئـاڵای بـە ئەڵڵاهوئەکبـەر نەخشـێندراوەوە جێبەجـێ دەکرێـت و دواتـر لـە درێـژەی پرۆسـەکەدا ئەوجـا بـە گازی ژەهراویـش هەڵەبجـە دەخنکێندرێـت، دەبـوو ژەهراویکردنـی هەڵەبجـە، وەک زەنگێـک هەمیشـە بـۆ کـورد و بـە تایبەتـی هەڵەبجەییـەکان لـێ بدرێتـەوە، کـە ڕژێمێکـی عەرەبـی ئیسـلامی لـە هەڵەبجـە چـی بـە کـورد کـردووە، بـەڵام یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان چونکـە پاشـکۆی عـەرەب و فیکـری ئیخوانـە و باکـی بـە مێـژووی کـورد و ئـەو سـتەمکارییە بێشـوومارە نییـە کـە دەرهـەق بـە کـورد کـراوە، ئەوەتـا دێـت فێسـتیڤاڵ بـۆ پۆشـینی جلـی عەرەبـی و ئیخوانـی ڕێـک دەخـات و پرسـە نەتەوەییەکـەی کـورد لـە پۆشـینی سەرپۆشـێکی عەرەبیـدا کـورت دەکاتـەوە، ئـەوە بـۆ خـۆی دەچێتـە بـاری ناپاکیـی نەتەوەیـی، لـەوەش مەترسـیدارتر ئەمینـداری یەکگرتـوو ئـەو باڵاپۆشـییە وەک بابەتێکـی نەتەوەیـی وەسـف دەکات، وەک ئـەوەی ئـاڵای کوردسـتانییان کردبێتـە بـەر کچانـی هەڵەبجەیـی! ئـێ مـن

لــە ئەمینــداری یەکگرتــوو دەپرســمەوە، ئەگــەر ویژدانــت ئاسـوودەیە، ئـەرێ ئـەو باڵاپۆشـییەی لـە فێسـتیڤاڵەکەدا کـرا، چ پەیوەندییەکـی بـە جلوبـەرگ و کولتـووری کوردییـەوە هەیـە؟

جارێکــی دیکــە بــە وردی ســەرنج بــدەن، ســەڵاحەددین بەهائەدیـن بـۆ کچـە باڵاپۆشـەکان دەڵێـت: «باڵاپۆشـیتان تاجـی زێڕیــن و ویســامی شــەرەف و مەدالیــای ڕێــز و ئازایەتــی و کەســایەتی ســەنگینی ئێوەیــە».

ئـەو ڕوانگەیـە هێنـدە مەترسـیدارە نەبێتـەوە، شـیاوی ئەوەیـە هەڵوەسـتەی ڕژدی لەبـارەوە بکرێـت و ناخـی ئـەو پیـاوە وەک خــۆی بــۆ کۆمەڵگــە ڕوون بکرێتــەوە، پیاوێــک لــە کۆمەڵگــەی کوردســـتاندا حیزبـــی هەیـــە و لـــە پەرلەمانیشـــدا کورســـی، کەچـی پێـوەری شـەرەف لـە باڵاپۆشـی ئافرەتـدا دەبینێتـەوە، ئاخـر ئـەو گوتەیـەی ڕاسـتەوخۆ دەچێتـە بـاری تۆمـەت دانـە پـاڵ بەشـێکی ژنانـی کـورد و بـە بێڕەوشـت وەسـفکردنیان بەهـۆی ئـەوەی باڵاپـۆش نیـن، هیـوادارم پەیامەکـەی لەلایـەن چەنــد هەرزەکارێکــی بێســەوادی یەکگرتــووی ئیســلامییەوە نــووسرا بێــت، خــۆ ئەگــەر ئەمــە بــاوەڕی تــەواوی خــۆی بێــت و پەیامەکەیــش لەلایــەن خــودی خۆیــەوە نووسرابێــت، کارەسـاتەکە یەکجـار زۆر لـەوەش گەورەتـرە کـە ئێمـە دیقەتـی دەدەیــن، ماڵوێرانییــە حیزبێکــی وەک یەکگرتــوو بــەو جــۆرە لــە ژن بڕوانێــت و کورســیی پەرلەمانیشــی هەبێــت، جێــی شــۆکە پیاوێکــی وەک ســەڵاحەدین بەهائەدیــن کــە بانگەشــەی

میانـڕەوی دەکات، پێیوابێـت باڵاپۆشـی کچـان مەدالیـای شـەرەف و کەسـەیەتی سـەنگینە، دیـارە ئـەوەی باڵاپـۆش نەبـوو، بـێ شـەرەفە و سـەنگین نییـە!

ئـەو تێگەیشـتنە بەڵگەیـە کـە گرووپـە ئیسـلامییەکان لەپێنـاو بەرژەوەندیـی تەسـکی خۆیانـدا بـە بەردەوامـی هەوڵـی سـووک سـەیرکردنی گرووپەکانـی تـری کۆمەڵگـە دەدەن و لەولاشـەوە گرووپەکـەی خۆیـان وەک کەسـانی خاوێـن و بـە ڕەوشـت و دەسـتپاک نیشـان دەدەن، ئاخـر ئـەو یەکگرتـووە لەوەتـای هەیـە، بـە بەردەوامـی کاری لەسـەر دابەشـکردنی کۆمەڵگـە بەسـەر گرووپەکانـدا کـردووە، وەکچـۆن ئیخـوان لـە میـسر و لـە هەمـوو کۆمەڵگەکانـی دیکـەدا دەیـکات، ئـەو جیاکارییـەی یەکگرتـووش ئەگـەر بەردەوامـی هەبێـت، ڕۆحـی کۆمەڵگـە دەکوژێـت و ئینسـانەکان لەسـەر بنەمـا و بـە پێـوەری خۆیـان بەسـەر گرووپگەلـدا دابـەش دەکـەن.

ئێسـتا کاتـی وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەیە کـە لـە سـەرەتادا پرسـیاری ئەوەمـان کـرد، ئایـا ئـەوەی ئـەو کچانـە کردیـان ئارەزوومەندانـە بـووە یـان لەژێـر گوشـاری حیزبـە ئیسـلامییەکان و بـە فریـودان باڵاپـۆش کـراون.

نکۆڵـی لـەوە ناکـرێ لـەوەی بەشـێکی ژنانـی کـورد باڵاپۆشـن و سـەرپۆش دەکـەن، لەنـاو ئـەو بەشەشـدا دوو جـۆر لـە ژنانـی باڵاپـۆش هـەن، جۆرێکیـان بـە سـادەیی و لـە خۆیانـەوە پێیانوایـە باڵاپۆشـی پەیوەسـتبوونە بـە ئایینـەوە

و ئەوانەیشـــی ئـــەو پەیوەســـتبوونەیان جێبەجێکـــردووە، ئـــەو جۆرەیـــان بـــە قووڵـــی نەچوونەتـــە نـــاو موناقەشـــەکانەوە ئایـــا ســـەرپۆش و باڵاپۆشـــی تـــەواو پەیوەنـــدی بـــە قورئانـــەوە هەیـــە یـــان نەریتێکـــی عەرەبییـــە؟ بەڵکـــوو لـــە دایکـــەوە بۆیـــان ماوەتـــەوە و بەردەوامیشـــی دەبێـــت، بـــەڵام لەگـــەڵ ڕەوتـــی کرانـــەوەی کۆمەڵگـــەدا ئـــەو جۆرەیـــان ڕێـــژە و ژمارەیـــان لـــە کەمبوونـــەوەدا دەبێـــت، کەچـــی جۆرەکـــەی دیکەیـــان بـــە تەواوەتـــی لەژێـــر کاریگـــەری حیزبـــە ئیســـلامییەکانن و ســـەرپۆش و باڵاپۆشـــی وەک پرۆژەیەکـــی سیاســـیی ئیســـلامییانە دەبینـــن، ئەمجۆرەیـــان خاوەنـــی پـــرۆژە و چالاکـــی باڵاپۆشـــکردنی کچانـــی کوردســـتانن، وەک نموونەکـــەی هەڵەبجـــە.

لێـــرەدا بەوپـــەڕی ڕاشـــکاویی و بـــە لۆژیـــک دەتوانیـــن بڵێیـــن ئـــەو کچانـــەی لـــە فێســـتیڤاڵەکەی هەڵەبجـــەدا باڵاپـــۆش کـــران، کارەکەیـــان هەڵبژاردەیەکـــی خۆویســـتانە نەبـــووە، بەڵکـــوو لەژێـــر کاریگـــەری حیزبـــە ئیســـلامییەکان و بـــە هاندانـــی ماڵەوەیـــان بـــووە بـــەوەی ڕێگەیـــان داون بچنـــە نـــاو گەمەیەکـــی سیاســـی وەک فێســـتیڤاڵەکەوە.

لێـــرەدا ئێمـــە ناڵێیـــن چـــەک خراوەتـــە ســـەر ملیـــان بـــۆ ئـــەوەی باڵاپۆشـــی خۆیـــان ڕابگەیەنـــن، بەڵکـــوو دەڵێیـــن کەوتوونەتـــە ژێـــر کاریگـــەری فیکـــری یەکگرتـــوو و هانـــدراون بـــۆ ئـــەو کارە، کەوایـــە ئەمـــە ئـــازادی نییـــە و ناچێتـــە بازنـــەی بڕیارێکـــی خۆویســـتانەوە، بـــە تایبەتـــی ئـــەوکات تەمەنیـــان هێنـــدە گـــەورە نەبـــووە تـــا

توانــای بڕیاردانــی لۆژیکــی و دروســتیان هەبووبێــت، بۆیــە ئاســانە لەلایــەن حیــزب و بــاوک و دایــک و ڕێکخراوەکانــەوە کاریگەریــان لەســەر دروســت بکرێــت، لــەوەش پێویســتتر ئەوەیــە بگوتــرێ هیــچ ئایینێــک دانــووی لەگــەڵ ئازادییــدا ناکوڵێــت، ئــازادی، مــرۆڤ دەکات بــە مرۆڤێکــی بیرکــەرەوە و گومانــاوی، کارەکتەرانــی ئایینیــش ناخــوازن پەیڕەوانــی ئاییــن بیــر بکەنــەوە و گومــان دروســت بکــەن، ئاخــر مــرۆڤ لــەو جــۆرە گردبوونــەوە و بــە ئاماربوونــەدا، توانــای بیرکردنــەوەی لاواز دەبێــت و ســەرئەنجام ناتوانێــت خــۆی بێــت.

# مانەوە لە بازنەی چەقبەستووییدا

کۆمەڵـــی ئیســـلامی کوردســـتان لـــە ســـاڵی ٢٠٠١ لەلایـــەن عەلـــی باپیـــر دوای جیابوونـــەوەی لـــە بزووتنـــەوەی ئیســـلامی دامەزرێنـــدراوە، دوای ســـێ کۆنگـــرە و بیســـت ســـاڵ لـــە دامەزراندنـــی، لـــە ڕۆژانـــی ١٨-١٩ی شـــوباتی٢٠٢١ کۆنگـــرەی چوارەمـــی خـــۆی لـــە شـــاری ســـلیمانی و بـــە ئامادەبوونـــی ٨٩٢ ئەنـــدام بەســـت و لەمیانـــەی ئـــەو دوو ڕۆژەی کۆنگرەکـــەدا نـــاوی کۆمەڵـــی ئیســـلامی کوردســـتان بـــە لادانـــی «ئیســـلامی» بـــۆ «کۆمەڵـــی دادگەریـــی کوردســـتان» و پۆســـتی ئەمیـــری کۆمەڵیـــش

بـە سـەرۆکی کۆمـەڵ گـۆڕدران و بـۆ چوارەمیـن جاریـش عەلـی باپیـر کـە لـە ڕابـردوودا سـێجار ئەمیـر و لـە چـوارم کۆنگرەشـدا بـووە سـەرۆکی کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان.

بابەتـی لابردنـی «ئیسـلامی» لـەدوای نـاوی کۆمـەڵ، مشـتومڕێکی زۆری بـەدوای خۆیـدا هێنـا، تەنانـەت بەشـێک لـە ئەنـدام و لایەنگرانـی کۆمـەڵ لـەو بڕیـارەی حیزبەکەیـان نیگـەران بـوون بـەوەی ناتوانـن قەبووڵـی لابردنـی ئیسـلامی لـە نـاوی حیزبەکەیـان بکـەن، بـەڵام بەشـێکیش لـە کادیـر و چاودێرانـی سیاسـی نزیـک لـە کۆمـەڵ ئـەو گۆڕانکاریەیـان وەک خاڵـی وەرچەرخـان لـە کاری کۆمـەڵ و ڕێکخراوەیـی ناوبـرد، بێئـەوەی بتوانـن یـەک بەڵگـە بخەنـەڕوو لەسـەر ئـەوەی کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان دەبێتـە حیزبێکـی مەدەنـی و کـراوە، بـە پێچەوانـەوە هـەر زوو عەلـی باپیـر ڕوونکردنـەوەی لەسـەر ئـەو بابەتـە دا و جەختـی لەسـەر هەمـان سیاسـەت و کارکردنـی پێشـوویان بـۆ کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان کـردەوە.

کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە(٢٠٠١) هەڵگـری ڕوانگـە و ڕوئیـا و سیاسـەتێکی توندڕۆیـی بـووە، کەمتریـن مامەڵـەی لەگـەڵ دیموکراسـی و کرانـەوەدا نەکـردووە، ئەمـە جگـە لـەوەی ئـەو حیزبـە بـە بەردەوامـی لەپشـت بەشـی زۆری گوتـاری توندڕۆیـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـووە و زۆرتریـن ئـەو بانگخـواز و مـەلا و کەسـانی تونـدڕۆی ئایینـی لـە بازنـەی کۆمەڵـدا کۆبوونەتـەوە

و بـه ئاشـكرا لەسـەر هۆكارەكانـی میدیـا و مزگەوتـەكان بانگەشـەی پەیڕەوكردنـی شـەریعەتی ئیسـلامی بـە فۆڕمـە توندڕۆكـە دەكـەن، لـە مـاوەی ئـەو چـوار كۆنگرەیەشـدا میدیـا و كادیرانـی ئـەو حیزبـە ڕۆڵێكـی نەرێییـان لـە تۆخكردنـی گوتـاری توندڕۆیـی و دژایەتیكردنـی ئـازادی و دیموكراسـی و سـێكۆلاریزم و پێكەوەژیانـی پێكهاتەكانـدا بینـی، بەوپێیـەی ئـەو حیزبـە كادیـر و ئەندامەكانـی لەسـەر ڕەتكردنـەوەی هەمـوو لایـەك گۆشـكردووە بـەوەی پێویسـتە بـە ئاشـكرا تەنیـا ئیسـلام و موسـڵمان قەبـووڵ بكـەن، كـە ئەمـە بـۆ خـۆی سیاسـەتی لەمێژینـەی كۆمەڵـە و بـۆ سـەردەمی پێـش دروسـتبوونی حیزبەكـە دەگەڕێتـەوە، بـە تایبەتـی ئەوكاتـەی عەلـی باپیـر لـە ڕیـزی بزووتنـەوەی ئیسـلامیدا بـووە و دەسـەڵاتی هەبـووە، بـە یەكێـك لـە سـەركردە توندڕۆ ئیسـلامییەكان ناوبانگـی پەیـدا كردبـوو، تـا ئـەم چركەسـاتەش ئـەو ناوبانگـەی لـە كـۆڵ نەبووەتـەوە، بەهـۆی ئـەوەی بیروڕاكانـی لەبـارەی ئایینـەوە دۆگـما و نەگـۆڕن، چەقبەسـتوو و سـەر بـە بازنـەی كۆنەخوازیـن.

عەلـی باپیـر سـەرۆكی كۆمەڵـی دادگەریـی كوردسـتان نزیكـەی مانگێـك دوای بەسـتنی كۆنگـرەی چوارەمـی كۆمـەڵ لـە چاوپێكەوتنێكـی تەلەڤیزیۆنیـدا لەگـەڵ كەناڵـی NRT لـە وەڵامـی پرسـیارێكدا كـە بۆچـی وشـەی ئیسـلامی لـەدوای نـاوی كۆمـەڵ لابـرا و لەبـری ئـەودا دادگـەری جێگیـر كـرا؟ دەڵـێ: «ئێمـە لـەم كۆنگرەیـەدا (كۆنگـرەی چـوارەم) ویسـتوومانە

گەشەی زیاتر بە کارەکانی کۆمەڵ بدەین و زیاتر ئاوێتەی بکەین لەگەڵ خەڵکدا، بۆیە ڕامان هاتە سەر ئەوەی ناوونیشانەکەمان هەموار بکەینەوە، بەوەی وشەی ئیسلامی بکەین بە دادگەری، ئێمە هەستمان دەکرد بەو پاشگرە ئیسلامییە خەڵکێک وا هەست دەکات کە خۆمانمان لێ دابڕیون، ئێمە پێمانوایە لابردنی وشەی ئیسلامی دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە خەڵک نزیک ببینەوە یان ئەگەر هەڵەیەکمان کرد با لەسەر ئیسلام حیساب نەکرێت.

لەپێشدا پێویستە ئەو پرسیارە لە عەلی باپیر بکەین، مادام بە گوتەی خۆتان بڕیاری کرانەوە و خۆنزیککردنەوەتان لە خەڵکی داوە، بۆچی ئەو مەرجەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکەتان وەک وشە ئیسلامییەکە لانەبرد کە ڕێگری دەکات لەوەی مەسیحییەک و ئێزیدیەک و هەر کەسێکی ناموسڵمان ببێتە ئەندامی کۆمەڵ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە کە ئەو حیزبە لەگەڵ ئەوەی بە لابردنی وشەی «ئیسلامی» لە تایتڵی حیزبەکەدا دەیەوێت وێنایەکی ئەوتۆ بداتە خەڵکی گوایە ئەوانیش بەرەو کرانەوە و حیزبی مەدەنی دەچن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری هەمان شوناس و ئایدۆلۆژیای ئیسلامییانەی سەردەمی کۆمەڵی ئیسلامین.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەگەر کەسێک بە ڕوکنەکانی ئیسلام پابەند نەبێت، دەتوانێت لە ڕیزەکانی کۆمەڵی دادگەریی کوردستاندا خۆی ببینێتەوە؟ عەلی باپیر بە نەختێک

شـەرمەوە دەڵـێ: «ئەگـەر کەسـێک بـە ڕوکنەکانـی ئیسـلام پابەنـد نەبێـت، بـە گوێـرەی پەیـڕەوی ناوخـۆ ناتوانێـت ببێتـە ئەنـدام لـە کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان، بـەڵام دەتوانێـت ببێتـە دۆسـت و لایەنگـری کۆمـەڵ یـان ئێمـە سـەنتەری حیکمەمـان هەیـە بـۆ فێربوونـی قورئـان و نەمانکردووەتـە مـەرج کـە مامۆسـتا و فێرخـوازەکان ئینتیمایـان بـۆ کۆمـەڵ هەبێـت».

لەکاتێکـدا پێشکەشـکارەکە لێـی دەپرسـێت ئێـوە کەسـێکی پابەنـد نەبـوو بـە ڕوکنەکانـی ئیسـلام دەکەنـە ئەنـدام، کەچـی ئـەو لەگـەڵ ئـەوەی بـە ڕاشـکاوی دەڵـێ پەیـڕەوی ناوخـۆی کۆمـەڵ ئـەوە قەبـووڵ نـاکات، لـە هەمـان کاتـدا بـۆ خۆشـاردنەوە لـە واقیعـە تاڵەکـە، باسـی فێرکردنـی قورئـان دەکات، ئـێ هـەر خـۆی ئیسـلام گرفتـی لەگـەڵ فێربوونـی قورئانـدا نییـە و هەمـوو کەسـێکیش دەتوانێـت دەسـتبەرداری ئایینەکـەی خـۆی بێـت و موسـڵمانبوونی خۆیشـی لەسـەر دەسـتی کەسایەتییەکی ئیسـلامی ڕابگەیەنێـت، واتـە ئـەو سـەنتەری حیکمەیـە جێـی شـانازییەکی ئەوتـۆ نییـە کـە عەلـی باپیـر وەک چاکەیـەک وێنـای بـکات، بەڵکـوو مەترسـییە جیدییەکـە ئەوەیـە هێشـتا لـە کوردسـتان حیزبێـک هەیـە ئەندامـی ناموسـڵمان وەرناگرێـت، ئـەو جـۆرە لـە سیاسـەتکردنە ئەوپـەڕی فێندەمێنتالیزمییـە و هەوڵێکـی ڕژدە بـۆ دروسـتکردنی گرفـت لەبـەردەم پێکەوەژیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان و تەنانـەت ناوچەکەیـش، پرسـیارەکە ئەوەیـە، مـادام تـۆ نـاوی ئیسـلامیت لـە تایتڵـی حیزبەکـەت هەڵگرتـووە، خـۆ

دەبــوو بــۆ ســەلماندنی پەرێزپاکــی و نەهێشــتنی ئــەو لێشــاوی ڕەخنەیــەی ئاراســتەی کۆمــەڵ دەکرێــن بــەوەی توندڕۆیــە و بــاوەڕی بــە کرانــەوە نییــە، دەبــوو ئــەو مەرجەشــتان نەبێــت، لەکاتێکــدا ئەگەرێکــی زۆر لاواز هەیــە کــە هیــچ مەســیحی و ئێزیــدی و کاکەییــەک ببنــە کۆمــەڵ، بەڵکــوو ئــەو پێکهاتانــە یــان ســەرقاڵی پــرۆژەی تایبەتــی خۆیانــن یــان لەنــاو حیزبــە دیموکــرات و نەتەوەیــی و ســێکۆلارەکاندان، هــەر پەیوەســت بــەو بابەتــە عەلــی باپیــر دەڵــێ بــەڵام هەمــوو کەســێک (مەبەســتی ناموســڵمانەکانە) بــۆی هەیــە ببێتــە دۆســتی کۆمــەڵ و لــە ڕێکخــراوە خێرخوازییەکانیــان بەشــداری بــکات، بەبــێ ئــەوەی ڕێگــەی پێبدرێــت ببێتــە ئەندامــی کۆمــەڵ. جــوان دیقەتــی ئــەو ئیزدواجیەتــە بــدەن، ئامــادە نیــن ئەندامــی ناموســڵمان وەربگــرن، بــەڵام لەپێنــاو بەرژەوەندیــی خۆیــان، ناموســڵمانەکان وەک دەنگــدان و بەخشــین و کۆکردنــەوەی کۆمــەک بــۆ ڕێکخــراوە ئیســلامییەکانی ســەر بــە کۆمــەڵ، ڕێگەپێــدراون ببنــە دۆســت و دەنــگ بــە کۆمــەڵ بــدەن! وەک ئــەوەی ئەگــەر خەڵکــی بیانەوێــت لــە ڕیــزی ڕێکخــراوە خێرخوازییەکانــدا کار بکــەن، جگــە لەوانــەی کۆمــەڵ هیــچ ڕێکخراوێکــی دیکــە بوونــی نەبێــت! هــەر بــە ڕاســتی ئــەوە لــە کۆمێدیــا دەچێــت تــۆ وەک حیــزب ئەندامــی ناموســڵمان وەرنەگریــت، بــەڵام ئامــادە بیــت پــارە و کۆمەکەکانــی وەربگریــت و داوای دەنگیشــی لــێ بکەیــت بــۆ زیادکردنــی ژمــارەی کورســییەکانت لــە پەرلەمــان!

ئینجا ئەوە هەر خۆی لەگەڵ دادگەریشدا نایەتەوە، مەگەر مرۆڤەکان هەموویان نابێت لە چوارچێوەی ماف و بەشداری سیاسیدا یەکسان بن! ئەگەر کۆمەڵ دادگەرە! چۆن ڕێگە بە خۆی دەدات دەست بە ڕووی مەسیحی و ئێزیدییەکەوە بنێت کە بیانەوێت لە ڕیزی کۆمەڵدا ببنە ئەندام! بە جیدی ئەو دادگەرییەی کۆمەڵ لەم ڕووەوە جێی ڕەخنەیەکی زۆرە و ئاماژەی ڕوونە ئەو حیزبە هەرگیز ناتوانێت مەدەنی بێت، ئەگەر لە ڕوانگەی حیزبییەوە بێت، خۆ دەبوو من حەز بەو بڕیارە بکەم کە کۆمەڵ ڕێگە بە کەسانی پابەند نەبوو بە ڕوکنەکانی ئیسلام نەدات ببنە ئەندام لە کۆمەڵدا، بەڵام خەمی من بۆ یەکسانی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئەوەیە لەم وڵاتەدا وەک مرۆڤ سەیری بکرێت و لەسەر بنەمای ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزا و ڕەنگی سپی و ڕەشدا مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوەتا حیزبێکی سیاسیی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢١دا بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ ئینساندا دەکات، ئەگەرچی من زۆرترین ڕەخنەی سیاسی و ئایینیم لە کۆمەڵ گرتووە و هەردەم پێم وابووە ئەو حیزبە هەرگیز ناتوانێت مەدەنی بیت، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانییەکی ئەوهام لەو حیزبە نەبووە سەرەڕای گۆڕینی ناوی حیزبەکە بە لادانی پاشگرە ئیسلامییەکە هێشتا بەو عەقڵییەتە فێندەمێنتالیزمییەوە بیر بکاتەوە، خۆ دەبوو ئەو حیزبە پەنجەرەیەک بەڕووی هەمواندا بکاتەوە، بە ڕاستی

جێـــی تـــرس و نیگەرانییەکـــی قووڵـــە، حیزبێکـــی وەک کۆمەڵـــی دادگـــەری لـــە هەرێمـــی کوردســـتاندا هەیـــە.

پێـش کۆنگـرەی چوارەمـی کۆمـەڵ، لێرەولـەوێ لـە میدیاکانـدا کاتێـــک دەنگـــۆی لابردنـــی پاشـــگری ئیســـلامی لـــەدوای نـــاوی کۆمـــەڵ هەبـــوو، تاڕادەیـــەک جێـــی دڵخۆشـــی بـــوو کـــە حیزبێکـــی تونـــدڕۆی ئیســـلامی وەک کۆمـــەڵ خەریکـــە بـــەرەو کرانـــەوە و دیموکراســـی و مەدەنـــی دەچێـــت، بەمەیـــش ئـــێ نەختێـــک مەترســـی ئیســـلامی سیاســـی لەســـەر کۆمەڵگـــەی کوردســـتان کـــەم بـــکات، بـــەڵام کاتێـــک کۆنگرەکـــە دەکرێـــت و بـــە کردەیـــی وشـــەی «ئیســـلام»یش لـــە تایتڵـــی حیزبەکـــە لادەدرێـــت، هـــەم لـــە بەلاغـــی کۆتایـــی کۆنگـــرە و هـــەم لـــە چاوپێکەوتنێکـــدا عەلـــی باپیـــر ســـەرۆکی کۆمەڵـــی دادگـــەری جەختـــی لەســـەر شوناســـی ئیسـلامییانە و درێژەپێـدەری هەمـان سیاسـەت و بەرنامـەی ئایینـی دەکەنـەوە، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا بـووە جێـی نائومێـدی بـۆ هەنـدێ کـەس، ڕەنگـە بـۆ منێـک کـە زۆرتریـن قسـەم لەسـەر کۆمـەڵ هەبـووە، هێنـدە نامـۆ نەبووبێـت، بەوپێیـەی ڕۆحـی ئـەو حیزبـە دەناسـم، دوور و نزیـک بـاوەڕی بـە کرانـەوە و یەکسـانی و دادپـەروەری نییـە، بـەڵام بەدینەهاتنـی ئـەو خەونـە بـۆ هەندێـک کـەس بـووە جێـی نیگەرانـی بـەوەی کۆمـەڵ لەگـەڵ ئـەوەی وشـەی ئیسـلامی لابـرد، کەچـی دووپاتـی لەسـەر هەمـان پابەندبوونـی جارانـی بـە ئیسـلام کـردەوە.

سـەبارەت بـە گۆڕانـکاری لـە ناوەڕۆکـی سیاسـەتی کۆمەڵـدا،

عەلـی باپیـر لـە هەمـان چاوپێکەوتنـدا دەڵـێ: «ئێمـە وەک نـاوەڕۆک هـەر لەسـەر بناغـەی قورئـان و سـوننەت کارەکانـی خۆمـان ڕایـی دەکەیـن و لـە چوارچێـوەی شـەریعەتدا مامەڵـە دەکەیـن، هـەر پابەندیـن بـە هەمـان بەرنامـەی پێشـوومانەوە، بەڵکـوو هـەوڵ دەدەیـن ئیسـلامیبوون و پابەندبـوون بـە ئیسـلام لـە خۆمانـدا تۆخـتر بکەینـەوە».

هـەوڵ دەدەیـن ئیسـلامیبوون لـە خۆمانـدا تۆخـتر بکەینـەوە! ئەمـە مانـای چییـە و ئـەدی حیکمەتـی لابردنـی پاشـگرە ئیسـلامییەکە لەچیدایـە! تـۆ وەک سـەرۆکی کۆمـەڵ لەکاتێکـدا پاشـگری ئیسـلامیت لـە حیزبەکـەت کردووەتـەوە گوایـە دەتانەوێـت لـە خەڵـک نزیـک ببینـەوە، کەچـی دەڵێـی ئیسـلامیبوون لـە خۆمـان تۆخـتر دەکەیـن، ئەگـەر بـە دیدێکـی ئـارام و لۆژیکـی سـەیری ئـەم دوو بابەتـی لابردنـی پاشـگری ئیسـلام و لـە هەمـان کاتـدا تۆخکردنیشـی بکەیـن، دووفاقیەکـی گـەورە دەبینیـن و هەسـت دەکرێـت ئـەو حیزبـە بـە پـرۆژەی سیاسـی فێـڵ لـە خەڵکـی خـۆی و هاووڵاتییانـی کوردیـش دەکات، وەک ئـەوەی خەڵکـی هێنـدە گەمـژە بـن نەزانـن سـەرقاڵی چ گەمەیەکـی سیاسـین! وەک ئـەوەی خەڵکـی ئێمـە لـەوە تێنەگـەن حیزبـی ئیسـلامی ئینجـا لـە نموونەکـەی کۆمـەڵ هەمـوو هەوڵێکیـان بـۆ ئەوەیـە ئیسـلام وەک ماددەیەکـی خـاو بـۆ دروسـتکردنی کاڵای بەرژەوەندییەکانیـان بـەکار بهێنـن، ئەوەتـا بـە چـاوی خۆتـان ئـەو نووسـینە دەبینـن کـە چۆنچۆنـی

پەیـڕەوی سیاسـەتی ئیزدواجیـەت دەکـەن، خـۆ دەتوانـن ئـەو بەشـەی چاوپێکەوتنەکـە لـە ئەرشـیفی کەناڵەکـە سـەیر بکـەن و بـە وردی گـوێ لـەم قسـەیەی بگـرن، ئینجـا بزانـن مـن تۆمەتـم بـۆی هەڵبەسـتووە یـان قسـەکەیم وەک خـۆی نووسـیوەتەوە کـە دەڵـێ ئیسـلامیبوون لـە خۆمـان تۆختـر دەکەینـەوە؟ ئـەی خێـرە لەپێنـاو دوو سـێ کورسـیی زیاتـر ئیسـلام لـە تایتڵـی حیزبەکـەت دەسـڕیتەوە؟ مـن ئەندامـی کۆمـەڵ و ئیسـلامی سیاسـیش نیـم تـا بڵێـن خەمـی ئـەوەم بێـت کـە وشـەی ئیسـلام لـە تایتڵـی حیزبەکـە سـڕاوەتەوە، بەڵکـوو ئـەوەی مـن باسـی دەکـەم، دەرککردنـە بـەو ئیزدواجیەتـە گـەورە و فێڵکردنـە ئاشـکرایەی لـە پەنـای نـاوی ئیسـلامەوە دەرهـەق بـە موسـڵمانی کـورد دەکرێـت، بەڵـێ ئەوەیـە خەمـی مـن حیزبـی ئیسـلامی ئاییـن بـۆ مـەرام و بەرژەوەندیـی تایبەتـی سـەرکردە و منـداڵ و کەسـوکارەکانیان بـەکار بهێنێـت، لـەولاوەش بـە خەڵکـی بڵێـن ئێمـە بـۆ پارێزگاریکـردن لـە ئیسـلام و بەرنامەکـەی سیاسـەت دەکەیـن!

لابردنـی وشـەی «ئیسـلام»ی لـەدوای نـاوی کۆمـەڵ نابێتـە هـۆی مەدەنیبوونـی ئـەو حیزبـە و بگـرە توندڕۆتریشـی دەکات، لـە دووپاتکردنەوەکـەی عەلـی باپیریشـەوە دەردەکەوێـت ئیـدی ئـەو حیزبـە پێدەنێتـە قۆناغێکـی دیکـەی سیاسـەتکردنەوەوە، ئەگـەر جـاران لـە پەنـای ئیسـلامدا خەڵکیـان بـۆ بەرژەوەندیـی تایبـەت هـان دەدا و بـەرەو کۆمـەڵ ڕاپاندەکێشـان، لەمـەودوا

لـە پەنـای دادگـەری وەک حیـزب و ئیسـلام وەک شـوناس درێـژە بـە سیاسـەتی فێندەمێنتالیزمیانـە و بـە ئیخوانیکردنـی هەرێمـی کوردســتان دەدەن، لـــە هـــەر دۆخێکـــدا ئەگـــەر دەرفەتیـــان بـــۆ بلوێـــت، ســـڵ لـــە ڕاگەیاندنـــی هەڵوێســـتی توندڕۆییانـــە و ئەنجامدانـــی کـــردەی توندوتیژیـــش ناکەنـــەوە. لـە بەرانبـەر ئـەو مەترسییەشـــدا پێویســـتە پارتـــە نەتەوەیـــی و دیموکراســـیخواز و سێکۆلاریســـتەکانی کوردســـتان پـــرۆژەی سیاســـی و فەرهەنگـــی و ڕۆشـنبیرییان هەبێـت بـۆ ڕووبـەڕووی مەترسـی فێندەمێنتالیزمـی ئیســـلامی.

# هەرێمی کوردستان.. وەرچەرخان و هەڕەشەی فێندەمێنتالیزمی ئایینی

ساڵێک دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، واتە لە ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان دامەزرێندران و پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق (٢٠٠٣) لەلایەن ئەمەریکاوە بە هاوکاری پێشمەرگەی کوردستان، ئەوەبوو ساڵی ٢٠٠٥ قەوارەی هەرێمی کوردستان بە فەرمی لە عێراق جێگیر کرا و هەرێمی کوردستانیش سیاسەتی خۆبەڕێوەبەری پەیڕەو کرد.

وێڕای هەرچی گرفت و قەیران، هەرێمی کوردستان

قۆناغــی باشــی بــڕی، لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆر شــت هەبــوون کــە دەتوانــدرا بەدەســت بهێنرێــن، کەچــی بەدەســت نەهاتــن، ئەمەیــان بابەتێکــی دیکەیــە و دەکــرێ لــە گۆشــەنیگای تایبەتــەوە خوێندنــەوەی بــۆ بکرێــت، چونکــە بابەتــی ســەرەکی ئــەو کتێبــە قســەکردنە لەســەر هەڕەشــەی گرووپــە ئیســلامییەکان لەســەر کــۆی قەوارەکــە و هەوڵــی شــۆردنەوەی مێشــکی گەنجــان و خەڵکــی کوردســتان بــە گشــتی.

پێویســتە فۆکەســێکی خێــرا بخەینــەوە ســەر قۆناغــی بــەر لــە جێگیرکردنــی قــەوارەی هەرێمــی کوردســتان لــە دەســتووری عێراقــدا، هــەر لــەدوای ڕاپەڕینیشــەوە بــە شــێوەیەک لــە شــێوەکان حیزبــی ئۆپۆزســیۆن یاخــود گوتــاری ئۆپۆزســیۆنبوون هاوشــان لەگــەڵ پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان ســەریانهەڵدا، ئەگەرچــی ســەرەتا وەک حیزبــی ئۆپۆزســیۆن خۆیــان ڕانەگەیانــد، بەڵکــوو تەنیــا گوتــار و ئەجێنــدای سیاســی بەشــێکی پارتەکانــی کوردســتان لــە دەرەوەی بازنــەی بەشــداریکردن لــە حکوومــەت و نەیــاری پارتــە دەســەڵاتدارەکانی وەک پارتــی و یەکێتــی بــوون، پاشــان چەنــد پارتێــک لــەو پارتانــە هاتنــە نــاو حکوومــەت و گوتــاری ئۆپۆزســیۆنبوونیان فەرامــۆش نەکــرد، ئەگەرچــی لــە دونیــادا وێنــەی ئەمجــۆرە ئۆپۆزســیۆنە کەمــە بەشــێوەیەک تــۆ هــەم لــە حکوومــەت بیت و هەمیــش خــۆت پــێ ئۆپۆزســیۆن بێــت، ئەمــە بــۆ چەواشــەکردنی خەڵکــی بــووە تــا خەمخــواردن و

ئامانــج لێــی دۆزینــەوەی چارەســەری کێشــەکان بووبێــت، وەک لــە گوتــاری ئۆپۆزســیۆنی کوردســتاندا بــە ئاشــکرا دەرکەوتــووە ئاواتەخــوازن کێشــەکانی هەرێمــی کوردســتان چارەســەر نەبــن و قەیرانەکانیــش قووڵــتر ببنــەوە، بــۆ ئــەوەی وەک کارتــی سیاســی لــە دژی حکوومــەت بــەکاری بهێنــن، ئەمەیــش ناکاتــە ئــەوەی ئێمــە خــاوەن ئۆپۆزســیۆنێکی ڕاســتەقینە بیــن، ئاخــر ئۆپۆزســیۆنی ڕاســتەقینە نایەوێــت کۆمەڵگــە و حکوومەتــی وڵاتەکــەی بڕووخێنێــت، بەڵکــوو لــە ڕێــی پــرۆژەوە هەوڵــی چارەســەرکردنی گرفتــەکان دەدات، کەچــی ئەوانــەی لای خۆمــان ڕێــک بــە پێچەوانــەوە حــەز دەکــەن کۆمەڵگــە و حکوومــەت تێــک بشــکێنن تــا خۆیــان بگــەن بــە دەســەڵات.

ئەمجــۆرە لــە سیاســەتکردنە دوو ڕەهەنــدی نەرێیــی و ئەرێیــی هــەن، نەرێییەکــەی ناکــرێ تــۆ لــە حکوومەتــدا بیــت و پۆســتی بــاڵات هەبێــت و لــە هەمانکاتیشــدا گوتــاری ئۆپۆزســیۆنبوون پەیــڕەو بکەیــت و کار لەســەر بڵاوکردنــەوەی حــەزی ڕووخاندنــی حکوومــەت بکەیــت، ئەرێییەکــەش دەکــرێ وەک خاڵێکــی وەرچەرخانــی دیموکراســی و ئازادیــی سیاســی، ئازادیــی ڕادەربڕیــن و ڕەخنەگرتــن ســەیر بکرێــت، بــەڵام ئەوەیــان وەک یەکــەم ئەزموونــی ســەرهەڵدانی ئۆپۆزســیۆن لــە کوردســتان ســەرکەوتوو نەبــوو، بەهــۆی ئــەوەی پەنایــان بــردە بــەر گوتــاری پۆپۆلیســتییانە بــۆ گەیشــتن بــە دەســەڵات، ئــەو گرووپــە ئۆپۆزســیۆنانەی کوردســتان لەبــری ئــەوەی گوتــاری

ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆنبوون پەیڕەو بکەن وەک ئەوەی لە جیهانی پێشکەوتوودا هەیە، بە ئاشکرا هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەدەن، کە لە جیهاندا ئەمجۆرە لە کاری ئۆپۆزسیۆنبوونە وێنەی کەمە، ئاخر ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕووخاندنی حکوومەت نەهاتووە، بەڵکوو بۆ خستنەڕووی ئەجێندایەکی ئەرێی هاتووە لەپێناو چاکسازی و بەرژەوەندیی گشتیدا بە هاوکاریکردنی حکوومەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کارنامە، وێڕای ئەوە، پارتی ئۆپۆزسیۆنیش هەوڵ بۆ کورسیی دەسەڵات دەدات، ئەمە نەنگی نییە و مافێکی یاسایی و سیاسی هەر پارتێکە کە بیەوێت بگاتە دەسەڵات، بەشی زۆری حکوومەتەکانی ئەورووپا لەو ڕێگەیەوە دەگۆڕدرێن، بەڵام کە دەڵێین ئۆپۆزسیۆن لە بازنەی دیموکراسیدا، دەبێ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە ئاشتییانە و لە ڕێگەی سندوقی دەنگدان و متمانەی خەڵکەوە بێت نەک وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن ئامادەیە وڵاتەکەی و تەنانەت بارەگەکەی خۆیشی ڕادەستی نەیارانی کورد بکات یان تێکوپێکی بدات، ئەوە چییە حەزی گەیشتن بە دەسەڵاتی هەیە!

ئەو مۆدێلەی ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە کاریان کرد و لە چەندین قۆناغدا بوونە هۆکاری دروستبوونی ژینگەیەکی ناسەقامگیر

و ئاڵـۆز تـا ئـەو ئاسـتەی کاریگـەری لەسـەر کاری پەرلەمانیـش دروسـتکرد، جگـە لـەوەی ئـەو سیاسـەتەی ئۆپۆزسـیۆن گرتیەبـەر، ئەنجامەکـــەی بەرهەمهێنانـــی چەندیـــن گرووپـــی تونـــدڕۆی ئیسـلامی و نائیسـلامی لێکەوتـەوە بـەوەی لەسـەر ڕوانگەیـەک ڕاهێنـــدران تـــا بـــە هەمـــوو شـــێوەیەک دژی حکوومـــەت بـــن و لــە خەمــی قــەوارەی هەرێمــی کوردســتاندا نەبــن، لەکاتێکــدا ئــەو قەوارەیــە لــەداوی ڕاپەڕیــن و بــە دیاریکــراوی، پــاش ئازادیـــی عێـــراق لەبـــەردەم هەڕەشـــەی ڕژدی هێـــزە سیاســـی و میلیشـیاییەکانی بەغدایـە و بـە کـردەوەش هێرشـی سـەربازی کرایەســەر.

یەکێــک لــەو حیزبانــەی بــەردەوام بــە هەناســەی تونــد و کۆنەخـواز و پاشـکۆی سیاسـەتی دەرەکـی، چ وەک ئۆپۆزسـیۆن و چ ئەوکاتــەی لەنــاو حکوومەتیشــدا کاری کــردووە، ئەویــش کۆمەڵـــی ئیســـلامی کوردســـتانە، کـــە لـــە ســـاڵی ٢٠٠١ وەک جووڵانەوەیەکـی ئیسـلامی سیاسـی لـە ئەنجامـی پەرەسـەندنی ناکۆکییەکانـــی نـــاو بزووتنـــەوەی ئسـلامی کوردســـتان لەســـەر دەسـتی عەلـی باپیـر دامـەزرا و پاشـان لـە کۆنگـرەی چوارەمـی خۆیـدا لـە ڕۆژی هەینـی (٢٠٢١/٢/١٩) نـاوی کۆمەڵـی ئیسـلامی کوردســـتان بـــە زۆرینـــەی دەنگـــی ئەندامانـــی کۆنگرەکـــە بـــۆ «کۆمەڵـــی دادگەریـــی کوردســـتان» گـــۆڕدرا.

ئـەم گۆڕانکارییـە لـە نـاوی حیزبەکـەدا نارەزایەتـی بەشـێک لــە کادیرانــی حیزبەکــەی لێکەوتــەوە و لەســەر ئاســتی میدیــا

و چاودێـــران و توێژەرانـــی بـــواری ئیســـلامی سیاســـیش وەک خاڵێکـــی وەرچەرخـــان و گۆڕانـــکاری لـــە ئەجێنـــدا و ڕوانگـــەی کۆمـــەڵ ســـەیر نەکـــرا، پـــاش کۆنگـــرەی چـــوارەم، عەلـــی باپیـــر کـــە لـــە هەمـــان کۆنگـــرەدا نـــاوی پۆســـتەکەی لـــە «ئەمیـــر»ەوە بـــۆ «ســـەرۆک» گـــۆڕدرا، جەختـــی لەســـەر ناســـنامە ئیســـلامییەکەی کۆمـــەڵ کـــردەوە، واتـــە کۆمەڵـــی دادگـــەری هەمـــان ڕوانگـــە و سیاســـەتی کۆمەڵـــی ئیســـلامی جـــاران پەیـــڕەو دەکات، بەوپێیـــەی ئـــەو حیزبـــە خـــۆی یەکلایـــی کردووەتـــەوە بـــە ناســـنامە ئیســـلامییە و بـــە ئاشـــکرا دژایەتـــی ســـێکۆلاریزم و بـــە توندیـــش ســـەنگەر لـــە دیموکراســـی دەگرێـــت.

کۆمەڵـــی دادگەریـــی کوردســـتان (کۆمەڵـــی ئیســـلامی کوردســـتان) هـــەر لـــە ســـەرەتای دامەزراندنییـــەوە کۆمەڵەیەکـــی سیاســـیی ئیســـلامگەرای کۆنەخـــواز و تونـــدڕۆ بـــووە و بـــە بەردەوامـــی میدیـــا و دامودەزگەکانـــی بـــە پاســـاوی ئـــەوەی بـــە ئاراســـتەی ســـێکۆلایزمدا دەچێـــت، بـــۆ دژایەتیکردنـــی حکوومـــەت کاریـــان کـــردووە و ئەندامانـــی کۆمەڵێـــش لەســـەر بنەمـــای توندڕۆیـــی ئایینـــی و سیاســـی گۆشـــکراون، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بـــە پرۆســـەیەکی ئامانجـــدار خوێندنـــەوەی هەڵـــە بـــە مەبەســـتی هاندانـــی موســـڵمانان بـــۆ دژایەتیکردنـــی دیموکراســـی، ســـێکۆلاریزم دەکـــەن تـــا ئـــەو ڕادەیـــەی وەک دژە ئاییـــن دەخرێتـــە زاکیـــرەی کادیـــر و هەوادارانـــی ئـــەو حیزبـــە و ئەمـــەش ڕەنگدانـــەوەی لەســـەر هەلومەرجـــی سیاســـی و ســـەقامگیری و

پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستاندا هەبووە، بەهۆی ئەوەی بە بەردەوامی ماکینەی میدیایی و سیاسیی کۆمەڵ دنەی خەڵکی موسڵمانی داوە بەوەی کوردستان بەرەو سێکۆلاریزم دەچێت و هاوکات دیموکراسیشی وەک شەریک دروستکردن بۆ یاساکانی خوا ناساندووە، لەگەڵ ئەوەی خۆیان بەهۆی یەکێک لە ڕەگەزەکانی دیموکراسی دەچنە پەرلەمانەوە.

ئەگەرچی کۆمەڵ لە بنەڕەتدا بە هیچ شێوەیەک باوەڕی بە دیموکراسی نییە و لە هیچ دۆخێکیشدا وەک ئەوەی دیموکراسی دەیخوازێت، پەسەندی ناکات، کەچی بۆ ئامانج و مەبەستی سیاسیی خودی حیزبەکە و چەند کەسانێکی سەرکردەی کۆمەڵ، زۆرترین هەوڵ دەدەن ژمارەی کورسییەکانیان لە پەرلەمان بەرز بکەنەوە و عەلی باپیریش کە پێشتر ئەمیری کۆمەڵ و دوای کۆنگرەی چوارەم بوو بە سەرۆکی کۆمەڵ، زۆرجار لێرەولەوێ باسی دیموکراسی دەکات و تا بۆی بکرێت بە هەڵە پێناسەی دەکات.

ئەگەر بۆ ڕەگوڕیشەی فیکری ئایینی و سیاسی ئەو پیاوە بگەڕێینەوە، نەک هەر یەک ڕۆژ باوەڕی بە دیموکراسی نەبووە، بەڵکوو بەردەوام دژی وەستاوەتەوە و ئێستاش لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشووی لە دژایەتیکردنی ئەو چەمکە دەوەستێتەوە، ئاخر ئەو بڕوای بە یاسا و قانوونی مرۆڤکرد نییە و ئەوەیشی نەشاردووەتەوە، واتە ئەو یاسا مەدەنییانەی لە پەرلەمان دەردەچن، ئەو بە ئاشکرا دژیانە، بەڵام

هەندێجـار بـۆ بەرژەوەندیـی کورسـییەکانی و چەواشـەکردنی ڕای زۆرینـە، بێدەنـگ و لـە نووسینەکانیشـیدا دژی پەرلەمانـە، لەکاتێکـدا بڕوابـوون و نەبوونـی ئـەو پیـاوە بـە یاسـا مەدەنـی و مرۆڤکـردەکان، ڕێـک بـڕوای کۆمەڵـی دادگەریشـە بـە پەرلەمـان و ئـەو یاسـایانەی مـرۆڤ لـە پەرلەمـان دایاندەنـێ، ئاخـر ئـەو پیـاوە تونـدڕۆ سیاسـییە کاریگـەری بەسـەر کادیـر و ئەندامانـی کۆمەڵـی دادگەرییـەوە هەیـە، ئـەو پێیوایـە ئـەوەی بـاوەڕی بـە یاسـا مرۆڤکـردەکان هەبێـت، بـێ ئەملاوئـەولا کافـر دەبێـت.

عەلـی باپیـر سـەبارەت بـە یاسـا و باوەڕبـوون بـە یاسـا مەدەنییـەکان لـە کتێبـی «چەنـد مەسـەلەیەکی بـاوی سـەردەم»دا دەڵێـت: «یاسـا مرۆڤکـردەکان، واتـە ئـەوەی کـە خەڵـک دایاندەنێـت، بـێ ئـەوەی پـرس بـە شـەرعی خـوا بـکات و بـێ ئـەوەی حیسـاب بـۆ خـوا و پێغەمبـەری خـوا و شـەرعی خـوا بـکات، ئـەوە بێگومـان ئـەو بەرنامـە و یاسـایانە هیچیـان شـەرعییەتی ئەوەیـان نییـە موسـڵمانان پابەندیـان بـن و بـە قسـەیان بکـەن، نـەک شـەرعییەتیان نییـە، بەڵکـوو هـەر کەسـێکیش ئەوانـە وەک بەرنامـە و قانوونێـک تەماشـا بـکات کـە پێویسـتە پەیڕەویـان لـێ بکرێـت، ئـەوە کافـر دەبێـت».

ئـەم بۆچوونـەی عەلـی باپیـر کـە لای کادیـر و ئەندامانـی کۆمەڵـی دادگـەری وەک فەتـوا وایـە، لەکاتێکدایـە ئێسـتا وڵاتانـی جیهانـی لـە چوارچێـوەی یاسـا مرۆڤکردەکانـدا بەڕێـوە دەچـن و کار بـە بنەمـا و سـەرچاوەکانی ئایینـی ناکـەن، ئەمـە نـەک

لەبــەر دژایەتیکردنــی خــودی ئاییــن بێــت، نەخێــر، بەهــۆی گۆڕانــی خواســتیی ئینســان و کۆمەڵگەکانــە کــە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتــر دەگۆڕێــن و ئایینیــش توانــای لەخۆگرتنــی ئــەو ڕوانگــە هەمەجۆرانــەی نییــە، بەهــۆی ئــەوەی کۆمەڵگــە هــەر ڕۆژەی بــە جۆرێــک دەکەوێتــەوە، یانــی مرۆڤایەتــی بــە خێرایــی لــە گۆڕاندایــە، سیاســەت، ئابــووری، بــاری کۆمەڵایەتــی و تەنانــەت جــۆری ســێکس و ســتایلی ژیــان بــە گشــتی، ئایینیــش پشــت بــە کۆمەڵێــک پابەندبــوون و ئامۆژگاریــی جێگیــر دەبەســتێت، کــە ناتواندرێــت بەهۆیانــەوە وەک مــرۆڤ لەگــەڵ ڕەوتــی جیهانــدا بڕۆیتــە پێشــەوە، ئــەو دۆخــە بــەو ئاســتە گەیشــتووە تەنانــەت وڵاتانــی ئیســلامیش لەژێــر کاریگــەری و هەژموونــی دەرەکــی کــە مەبەســتمان وڵاتانــی پەیــڕەوکاری سێکۆلاریســتە، ئەوانیــش بایــەخ بــە یاســا مرۆڤکــردەکان دەدەن، بــەوەی باشــتر لــە دۆخــی کۆمەڵگــە تێــدەگات و گۆڕانکاریــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و ئابــووری وا دەخــوازن بــەردەوام یاســاکان لــە گۆڕانــدا بــن، بــەوەی لــە ڕێگــەی پەرلەمــان و دامــەزراوە یاســاییەکان، پرۆســەی دانانــی یاســاکان بەڕێــوە دەچێــت یــان حکوومەتــەکان بــۆ ڕێکخســتنی ســتایلی ژیانــی کۆمەڵگــە ڕێنمایــی دەردەکــەن، چونکــە لــەو دۆخــەدا یاســاکان لــە بەرئەنجامــی پێویســتیی مــرۆڤ و کۆمەڵگــە دادەڕێژرێــن و بــۆ خۆشــگوزەرانیی مرۆڤــن نــەک چەقبەســتوویی و هێشــتنەوەی لەنــاو قەپێلکــی مێژوویــی و ئایینــی خۆیــدا.

حیزبــە ئیســلامییەکانی هەرێمــی کوردســتانیش کــە پاشــکۆی ئیســـلامییەکانی وڵاتانـــی عەرەبیـــن، چونکـــی ترســـیان لـــە هۆشـــیاربوونەوەی مرۆڤـــی کـــورد هەیـــە، ماکینـــەی میدیایـــی و سیاســـیی خۆیـــان بەگەڕخســـتووە، ئینجـــا بـــە توندوتیـــژی بێـــت یـــان بـــە قســـە، لـــە هەمـــوو هۆکارەکانـــی گەیاندنـــەوە دژایەتـــی ئـــەو کرانەوەیـــە و ڕیفۆرمـــی ئایینـــی دەکـــەن و بـــە شـــەریک دروســـتکردن بـــۆ خـــوای دەدەنـــە قەڵـــەم، بۆیـــە ئـــەوان لـــە ســـەرەتای ســـەرهەڵدان تـــا کۆتایـــی و دواتـــر داڕووخانـــی دەوڵەتەکـــە لـــە مووســـڵ بـــە ڕوونـــی دژایەتـــی خۆیـــان بـــۆ دەوڵەتـــی ئیســـلامی (داعـــش) ڕانەگەیانـــد.

ئیســـلامی سیاســـی، ڕێکخراوێکـــی تیرۆریســـتی وەک داعـــش بـــە ئیســـلامی دەزانـــن و پێیانوایـــە ڕێکخراوێکـــی لەمجـــۆرە کـــە ئیســـلامییە، ئاســـاییە حوکمڕانێتـــی گەلـــەکان بـــکات، بۆیـــە نەماندیـــت کادیرەکانـــی ئـــەو حیزبـــە ئیســـلامییانەی کوردســـتان، شـــەش وتـــاری جیـــدی لـــە دژی داعـــش بنووســـن و تێیانـــدا تیرۆریســـتبوونی دەوڵەتەکـــەی داعـــش بـــۆ خەڵـــک و ئەندامانـــی حیزبەکانیـــان بســـەلمێنن.

ســـەرنج و قســـەکردنی ئێمـــە لەســـەر ڕەتکردنـــەوەی یاســـا مرۆڤکردەکانـــە لەلایـــەن عەلـــی باپیـــرەوە، لەکاتێکـــدا حیزبەکـــەی چەنـــد پەرلەمانتارێکـــی لـــە پەرلەمانـــی کوردســـتان و عێراقیشـــدا هـــەن و بەشـــدارن لـــە دەرکردنـــی یاســـا مرۆڤکردەکانـــدا، ئـــێ ئـــەو لـــەو کەســـانە نییـــە تـــا نەزانێـــت پەرلەمانـــەکان شـــوێنی دەرکردنـــی

یاسا و چاودێریکردنی یاساکانن، بە گوتەی خۆی پەرلەمان شوێنی شەریک دروستکردنە بۆ خوا و یاسا ئاسمانییەکان، بە دیاریکراوی مەبەستی لە سەرچاوەکانی قورئانە یان ئەوەی خۆیان ناوی دەبەن بە شەریعەتی ئیسلام.

ئەوە لە لایەک پەرلەمانتار دەنێرێتە پەرلەمان و لەلایەکی دیکەوە دەڵێ ئەو بەرنامە و یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن، هیچیان شەرعییەتی ئەوەیان نییە تا موسڵمانان پابەندیان بن. مەبەستی لەو یاسایانەیە لە پەرلەمان و دامەزراوە شەرعییەکان دەردەچن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک و دەوڵەتەکان، ئەو پێیوایە ئەوەی باوەڕی بەو یاسایانە و پەرلەمانەکان هەبێت، کافر دەبێت، کەچی خۆی پەرلەمانتاری هەیە!

کافراندن، ئەو دەستەواژەیەیە لەلایەن گرووپە توندڕۆ ئیسلامییەکان، پیاوانی ئایینی، بانگخوازانی موسڵمان بۆ دنەدانی خەڵکی لە دژی حیزبێک، گرووپێک، نووسەرێک، کەسایەتییەک، ڕۆشنبیرێکی سێکۆلار کە ڕەخنە لە دین دەگرن یان بێدینی خۆیان ڕادەگەیەنن، پەنای بۆ دەبردرێت و بەکار دەهێندرێت، بەکافر لە قەڵەمدانی هەر کەس و گرووپێکی کۆمەڵگەش، بێ ئەملاوئەولا هاندانی توندوتیژییە و هەوڵی سەرکوتکردن و پێشێلکردنی ئازادییەکانێتی، ناکرێ پابەندنەبوون بە ئایین کافربوونی لێ بکەوێتەوە، بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین ئەمە هاندانی موسڵمانانە بۆ

باوەشکردن بە بیری تیرۆریزمیدا، لە لایەکی دیکەوە دەچێتە باری دووفاقی سیاسیشەوە، بەوەی خودی حیزبەکەی عەلی باپیر ژمارەیەک پەرلەمانتاری لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا هەن و تەنانەت خودی خۆیشی کاتی خۆی بۆ ئەندامی پەرلەمان خۆی کاندید کرد، وێڕای ئەمانە، ئینجا پەرلەمان کە ڕەگەزێکی گرنگیی دیموکراسییە، بەوپێیەی لە ئەنجامی وەرگرتنی ڕای هاوولاتییانەوە دروست دەبێت، دەکەوێتە بەر هێرش و پەلاماردانی عەلی باپیرەوە.

ئەمە ڕوونە پەرلەمان وەک تەعبیرکردن لە دامەزراوەیەکی دەستکردی مرۆڤ کە شوێنی دەرکردنی یاسا مەدەنییەکانە دەناسێنین، چونکە پەرلەمان یاسا دەردەکات و ئەو یاسایانەش بە تێگەیشتنی عەلی باپیر، یاسا مرۆڤکردەکانن، بۆیە دەتوانین بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنین لە جەوهەردا عەلی باپیر و کۆمەڵی دادگەری باوەڕیان بە هیچ یاسا و دامەزراوەیەکی مەدەنی نییە، بەڵکوو ئەو دامەزراوانە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەبینن و بە گوێرەی دۆخ و قۆناغە جیاوازەکانیش بەکاریان دەهێنن، ئێ لە جیهانیشدا وڵاتان بەپێی یاسا مەدەنییەکان بەڕێوە دەچن و پێشکەوتووشن، بە پێچەوانەوە وڵاتانی پابەند بە سەرچاوەکانی ئایینی نەیانتوانیوە هاوولاتییانی خۆیان خۆشبەخت بکەن، تەنانەت ناتوانن ڕێگە لە لێشاوی کۆچیش بۆ وڵاتانی ئەورووپایی بگرن، لە نموونەی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاســتدا.

هــەر وەک نموونــە، ئێــران و ســعوودییە وەک دوو وڵاتــی شیعەگەرا و سوننەگەرای ئیسـلامی، وێـڕای ئـەوەی دوو دەوڵەتـی دەوڵەمەنــدن بــە نــەوت، کەچــی لەبــری خۆشــبەختکردنی هاووڵاتییانیــان بــەو ســامانە سرووشــتییەی هەیانــە، بــە پێچەوانــەوە هــەر ڕۆژەی هاووڵاتییانیــان بەدەســت دەردێکــەوە دەناڵێنــن و ئاســتی ئــازادی و دیموکراســی و یاســا مرۆییەکانیــان لەژێــر هێڵــی هەژاریــدان و هەمــوو ئەوانەیــش کاریگەریــان لەســەر هەلومەرجــی خۆشــگوزەرانی و ژیانکردنــی خەڵکــی دروستکردووە، مەگــەر ئــەوە هاووڵاتییانــی سـعوودییە و ئێـران و وڵاتانـی دیکـەی ئیسـلامی نیـن بـە لێشـاو ڕوو دەکەنـە وڵاتانـی ئەورووپایـی! بـۆ ئـەوەی لـە سـایەی سـەقامگیری و عەدالەتـی ئەوانـدا وەک مـرۆڤ ژیـان بکـەن و هەوڵـی باشـترکردنی سـتایلی ژیــان و بــاری کۆمەڵایەتــی و ئابووریــان بــدەن، ئەمــە چجــای ئــەوەی وەک نموونــە لــە ئێــران، ژمــارەی لەســێدارەدان لــە ئاســتێکی بەرزدایــە، هەروەهــا ئازادیــی ڕادەربڕیــن و پۆشــینی جلوبــەرگ لەلایــەن ئافرەتانــەوە، لــە هــەردوو وڵاتــدا لەبــەردەم هەڕەشــەدان، تەنانــەت ژنــان بۆیــان نییــە بــە ئــارەزووی خۆیــان جــل بپۆشــن.

بۆیـە دەکـرێ ئەزموونـی ئـەو دوو وڵاتـە ئیسـلامییە وەک دوو وڵاتــی زلهێــزی نــاو وڵاتانــی عەرەبــی و ئیســلامی بــە هــەردوو مەزهەبەکـەی شـیعە و سـوننەوە، بـە شکسـتی دەوڵەتـی ئایینـی

بناسێندرێن، باشتروایە خەڵکی کوردستان بە چاویلکەی هۆشیارییەوە سەیری ئەزموونی شکستخواردووی ئەو دوو دەوڵەتە ئایینییە بکەن کە عەلی باپیر و هاوبیرەکانی کار بۆ دروستکردنی ژینگەی دینی لەمجۆرە دەوڵەتانە دەکەن.

نموونەی دەوڵەتی تورکیاشمان هەیە کە دانیشتووانەکەی زۆرینە موسڵمانن و لەدوای کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عوسمانی و ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا (١٩٢٣) لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە بۆ دەوڵەتێکی سێکۆلاریست، ئێستا بەهۆی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیاوە کە پارتێکی ئیسلامییە، خەریکە ئەو وڵاتە لە بەرگی سێکۆلاریزم دادەماڵدرێت و جارێکی دیکە بەرگی دەوڵەتی ئایینی دەپۆشێتەوە و بە هێواشی ڕووبەرەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و دیموکراسی تێیدا بەرتەسک دەبنەوە، ئێمە ناڵێین کۆماری تورکیا تەواو دیموکراسییە، بەڵکوو دەڵێین لەژێر هەژموونی ئیسلامییەکاندا خەریکە دەبێتەوە بە دەوڵەتێکی ئایینی، وەک ئاماژەیەک حیزبی ئیسلامی ناخوازن لەگەڵ دیموکراسی و سێکۆلاریزمدا هەڵبکەن، لەکاتێکدا زۆر باش دەزانن کە نموونەکانی خۆیان لە دونیادا شکستیان هێناوە و نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن و دڵی جەماوەر بەدەست بهێنن، ئیدی لەو داخەدا پەنا بۆ کاری تیرۆریستی و توندڕۆیی و شۆردنەوەی مێشکی موسڵمانان دەبەن و بەگژ ئەورووپا و کەسانی سێکۆلاردا دەچنەوە، لەو نێوەندەدا ئیسلامی سیاسیی کوردستانیش نەک هەر بەدەر

نیـن لـەو پرۆسـە توندڕۆییـە، بەڵکـوو کاریگەریـان لەسـەر دروسـتکردن و پەرەپێدانـی گوتـاری تونـدڕۆی ئایینیـش هەیـە.

بەکافـر لـە قەڵەمدانـی هـەر وڵات و کەسـێک، ئینجـا موسـڵمان، مەسـیحی یـان جوولەکـە بێـت، ڕاسـتەوخۆ هاندانـی بڵاوکردنـەوەی ئاڵۆزیـی کۆمەڵایەتـی و توندوتیـژی ئایینـی و زیندووکردنـەوەی جاهیلییەتـە، ئـەو گوتـارە لـە بنەڕەتـدا دەیەوێـت کۆمەڵگـە سـەقامگیر نەبێـت و هەمـوو شـت بەسـەر حـەڵاڵ و حەرامـدا، گونـاه و ناگوناهـدا دابـەش بـکات، بـەردەوام پرسـیاری ئـەوەت ڕووبـەڕوو دەکرێتـەوە تـۆ موسـڵمانیت؟ تـۆ نوێـژ ناکەیـت؟ بـەڕۆژوو نابیـت؟ بۆچـی لـە مزگـەوت ناتبینـم؟ تـۆ مەسـیحیت؟ تـۆ کافریـت؟ ئەگـەر هـەر وەڵامێکیشـیان بـە دڵ نەبێـت، ژیانـت دووچـاری مەترسـی و کوشـتن دەبێتـەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاماژەیەکـی ڕوونـە حیزبـی ئیسـلامی ئەگـەر بچێتـە پەرلەمـان و لـە حکوومەتیشـدا بـن، باوەڕیـان نەگـۆڕە، ئـەوەی لەبـارەی پەسـەندی دیموکراسـی و یاسـا و پەرلەمانیشـەوە دەیڵێـن، لـە باوەڕبوونـەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە، بەڵکـوو قۆناغەکـە وا دەخوازێـت جـار جـار پەسـەندیان بکـەن، ئەگینـا وەک پرەنسـیپ و بـاوەڕی ئایینیـان، پەرلەمـان و دیموکراسـی بـە کوفـر دەزانـن، بـەڵام لێـرەدا چونکـە کار بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات دەکـەن، پەرلەمـان وەک پردێـک بـۆ ئـەو ئامانجەیـان بەکاردەهێنـن و دوای ئەوەیشـی بـە ئامانجەکـە، (ئەوسـەری ڕێگەکـە دەگـەن)، پردەکـە دەڕووخێنـن و تـۆش دەخەنـە

چاڵەکـە یـان ڕووبـاری قەیرانـەکان.

گرفتـی گـەورەی فیکریـی عەلـی باپیـر لەگـەڵ دیموکراسـی و بـە تایبەتـی چەمکـی سـێکۆلاریزمدایە، بـە بەردەوامـی کار بـۆ شـێواندن و دروسـتکردنی سـەنگەر لـە دژیـان دەکات و وەک بـێ بـاوەڕی و دوو چەمـک و سیسـتەمی سیاسـی گوایـە بێڕەوشـتی لـە کۆمەڵگـەدا بـڵاو دەکەنـەوە، دەیانناسـێنێت و بـێ ئـەوەی ویژدانـی ئاسـوودە بـکات، خوێندنەوەیـان بـۆ دەکات، ئاخـر ئـەو وەک سیاسـییەک و لـە ڕوانگەیەکـی تـەواو کۆنەخوازییـەوە قسـە لەسـەر سـێکۆلاریزم و بەهاکانـی دەکات، بۆیـە پێویسـت دەکات بەشـێک لـە ئامانـج و ناسـنامەی سـێکۆلاریزم بناسـێندرێت، ئـەوەی ئێمـە لێـرەدا لەبـارەی سـێکۆلاریزمەوە دەینووسـین، دڵۆپێکـە لـە دەریـای سـێکۆلاریزم و زیاتریـش مەبەسـتمانە بیسـەلمێنین کـە بۆچوونـە هەڵەکانـی عەلـی باپیـر ئەوانـەی بـە ئەنقەسـت لەبـارەی سـێکۆلاریزم و دیموکراسـی دەیانڵێـت، تەنیـا بوختـان هەڵبەسـتنن و ئامانجـی گەرمکردنـی بـازاڕە شـێواو و ئاڵۆزەکـەی ئیسـلامی سیاسـییە لـە کوردسـتان و نەیسـتووە بـە ویژدانـەوە پێناسـەی دیموکراسـی و سـێکۆلاریزم بـکات.

# سێکۆلاریزم.. ئامانج و نەیارەکانی

سـێکۆلاریزم لـە بنەڕەتـدا چەمکێکـە بـۆ جیاکردنـەوەی ئاییـن لـە دەوڵـەت بەکاردێـت، سـەرەتای دەرکەوتنـی لـە ئەورووپـادا بـووە و لـەو کاتەیشـی دەرکەوتـووە، وێـڕای ئـەوەی دژایەتـی زۆری کـراوە، کەچـی ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ و بەردەوامی و پەرەسـەندنی بەخۆیـەوە دیـوە و ڕووبەرەکانـی بەردەمـی فراوانـتر بوونـە تـا ئاسـتی ئـەوەی ئێسـتا کەمتریـن وڵات لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا مـاون، ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ هەڵگـری ئـەو فیکـرە نەبـن و سـوودی لـێ وەرنەگـرن، بۆیـە وڵاتانـی ئیسـلامی ترسـیان لێـی

هەیە و بە تایبەتی گرووپە ئیسلامییەکان بە سەختی دژایەتی دەکەن، بەوەی بازاڕگەرمیان لە ناهۆشیاری و تۆخبوونەوەی دۆخە چەقبەستووەکەی کۆمەڵگەدا دەبیننەوە، چونکە سێکۆلاریزم کار بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و دوورکەوتنەوە لە گوشارە ئایینییەکان دەکات، ئەمەیش بووەتە هەڕەشەیەک لەسەر پێگەی بزاڤی ئیسلامی سیاسی.

بە گوێرەی ماڵپەڕی ویکیپیدیا، کە پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە، لەبارەی چەمکی سێکۆلاریزم و مێژووی دەرکەوتنی، دەنووسێت: «سێکۆلاریزم چەمکێکە بۆ جیاکردنەوەی حکوومەت و دەزگەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئایینی و کەسایەتیی ئایینی دێت، بە واتای ئەوەی حکوومەت یان دەوڵەت هیچ کەسێک ناچار ناکات بۆ باوەڕهێنان بە ئایین یان نەریتێکی دیاریکراو لەبەر هۆکارە بابەتییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەمکە ئاماژە بەو ڕوانگەیە دەکات، چالاکی و بڕیارەکانی مرۆڤ بە تایبەتی سیاسی، نابێت لەژێر کاریگەری دامەزراوە ئایینییەکاندا بێت و سەرەتای دەرکەوتنیشی لە ئەورووپادا بووە، شتێک و بابەتێکی جێگیریش نییە، بەڵکوو لەگەڵ بارودۆخی ئەو وڵاتانە دەگۆڕێت کە پێڕەوی لێ دەکەن، بە گشتی خۆی بە دژی ئایین ناناسێنێت و بێلایەنە.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوەی ئاماژەپێکراو، ڕەگوڕیشەی سێکۆلاریزم سەرەتا لە ڕۆژئاوا لە فەلسەفەی کلاسیک و

سیاسەتی یۆنانی کۆندا دەرکەوت، دوای دابەزینی جیهانی کلاسیکی، بوونی نەما، بەڵام دوای لە چەمکێکی نوێدا سەریهەڵدایەوە کە مێژووەکەی لە ئەورووپا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەهەم، کاتێک مارسێل باداوانی لە کتێبەکەیدا بە ناوی «بەرگریکار لە ئاشتی» داوای جیاکردنەوەی هێزی کاتی و ڕۆحی هەمیشەیی و سەربەخۆبوونی پادشای لە کەنیسە کرد، لەکاتیکدا ململانێی ئایینی و ئایینزا لە باشووری فەرەنسا لە توندترین ئاستیدا بوو، بەڵام دەستەواژەی سێکۆلاریزم بۆ یەکەمجار لەلایەن نووسەری بەریتانی جۆرج هۆلیۆک (١٨١٧ - ١٩٠٦) لە ساڵی ١٨٥١دا بۆ وەسفکردنی دیدی خۆی لەبارەی جیاکردنەوەی ئایین لە کۆمەڵگە بەکارهێندراوە، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا باوەڕێکی ئایینی دەربکات یان ڕەخنەی لێ بگیرێت».

وەک دەبینین جۆرج هۆلیۆک، ئەو چەمکەی بۆ دژایەتیکردنی ئایین نەبووە، بەڵکوو ویستوویەتی لە ڕێگەیەوە ڕوانگە ئایینی و فیکرییەکانی خۆی بخاتەڕوو بە شێوەیەک تەنیا ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، کەوایە ئەوەی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و لە کوردستانیشدا لەلایەن ئیسلامی سیاسی و بە تایبەتی گرووپەکەی عەلی باپیرەوە لەبارەی سێکۆلاریزمەوە دەگوترێن، دوورن لە ڕاستی و ئامانجیان بە هەڵە پێناسەکردنی ئەم چەمکەیە بە مەبەستی فریودانی ئەندام و لایەنگرانیان و کۆمەڵگە بە گشتی بۆ دروستکردنی

لۆبیـی دژە سـێکۆلاریزم.

دەرکەوتنـی سـێکۆلاریزم بـە یەکێـک لـە ڕووداوە هـەرە گرنـگ و کاریگەرەکانـی ئەورووپـا و جیهـان دادەنرێـت، بەهۆیـەوە خەڵکی هۆشـیاربوونەوە لـە بەرانبـەر ستەمکاریی پیاوانـی ئایینـی لـە جیهانـی مەسـیحییەتدا کـە دەرهـەق بـە خەڵکـی هـەژار و ئاسـایی ئەنجـام دەدرا، هێـدی هێـدی مرۆڤـی ئەورووپایـی هەڵوەسـتەیان کـرد و شـتێک بـە نـاوی چەوساندنەوە لـە پەنـای ئاییـن و فەرزکردنـی بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی کلێسـا و وەرگرتنـی سـەرانە بـە نـاوی ئایینـەوە نەمـا، کاتێـک سـێکۆلاریزم وەک ڕەوتێکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی مۆدێـرن، پشتئەسـتوور بـە زانسـت و گەڕانـەوە بـۆ توانـا و شـارەزاییە دونیاییەکانـی مـرۆڤ لـە قۆناغـی یەکەمـدا کاریگـەری گـەورەی لەسـەر کۆمەڵگـەی مەسـیحییەت دانـا و دواتریـش کۆمەڵگـە و وڵاتانـی نامەسـیحیش کـەم و زۆر دەکەونـە بـەر پەلاماردانـی نەیارانـی و خوێندنـەوەی هەڵـەی بـۆ دەکرێـت، گوایـە ڕاسـتەوخۆ بـۆ دژایەتیکردنـی ئاییـن سـەریهەڵداوە تـا ئاسـتی ئـەوەی سـێکۆلاریزم وەک کوفرێـک و ئیلحـاد دەناسـێندرا.

پـاش ئـەوەی پەرەسـەندنی سـێکۆلاریزم دەگاتـە وڵات و کۆمەڵگـە نامەسـیحییەکان بـە تایبەتـی کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان، دووچـاری ڕەخنـەی ئیسـلامییەکان دەبێتـەوە، ئەگەرچـی لـە هیـچ دەوڵەتێکـی ئیسـلامیدا سـێکۆلاریزم وەک سیسـتەمی سیاسـی و حوکمڕانـی بـە مانـا پێرفێکتەکـەی پەیـڕەو نەکـراوە، لـە

پەیوەست بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، کە ئامانجی سەرەکی سێکۆلاریزمە، بەڵکوو تەنیا کۆپییەکی ساختەی سێکۆلاریزم پەیست کراوە، ئەمەیش ئەوەندەی زیانی بەو فیکرە گەیاندووە، نیو هێندە کەڵکی پێ نەگەیاندووە، بگرە لە چەندان لاوە لەلایەن نەیارەکانییەوە ڕووبەڕووی تەفسیر و پێناسەکردن و خوێندنەوەی هەڵەی مەبەستدار و بێ مەبەستیش بووەتەوە، هەمووکات حیزب و کۆمەڵە و بانگخوازی ئیسلامی بۆ ئامانجی خۆیان بەکاریان هێناوە بە تێگەیاندنی کۆمەڵگە لەوەی گوایە سێکۆلاریزم بۆ دژایەتی و شەریک پەیداکردن بۆ خوا و پێغەمبەری موسڵمانان و ئایینی ئیسلام هاوردەی وڵاتانی ئیسلامی کراوە، بۆیە کاریان لەسەر بە توندی بەرپەرچدانەوەی کردووە و لای کۆمەڵگەی موسڵمانان وەک کوفر و ئیلحادە وێنایان کردووە.

عەلی باپیر لەبارەی فیکری سێکۆلاریزم دەڵێت: «کاتی خۆی ڕۆژئاواییەکان بە ناچاری پەنایان بۆ سێکۆلاریزم بردووە، بەڵام ئێستاکە و لەم ڕۆژگارەدا بەشێوەیەک پەرێز و شوێنەوارە شوومەکانی دەرکەوتوون کە هیچ خاوەن عەقڵ و ویژدانێک، مادام خۆی بە موسوڵمان یان بە دڵسۆز بۆ میللەتە مسوڵمانەکەی بزانێت، نکۆڵی لەوە ناکات کە سێکۆلاریزم بۆ میللەتی موسوڵمان دووجار قەدەغەیە».

عەلی باپیر لەم تێگەیشتنەدا دووچاری هەڵەیەکی زەق بووەتەوە، ئینجا هەڵە تێگەیشتنە یان بە مەبەستی

سیاسـی پێناسـەی ئـەو چەمکـەی کـردووە! ڕاسـتی ئـەو لـەو کەسـانە نییـە تـا بڵێیـن شـارەزایی لـە سـێکۆلایزم نەبێـت، ئـەو زۆر بـاش ئـاگاداری مێـژوو و بەهـا و پێناسـەی سـێکۆلاریزمە وەک ئـەوەی هەیـە، کەچـی کاتێـک قسـەی لەسـەر دەکات، تـەواوی تاقـەی خـۆی بـۆ فریودانـی خوێنـەر بەکاردەهێنێـت تـا هەڵوێسـت لـە دژی سـێکۆلاریزم بنوێندرێـت، ئاخـر هێنـدەی ئامانجـی دروسـتکردنی لۆبییـە لـە دژی چەمکەکـە، مەبەسـتی بـە شـێوەیەکی دروسـت پێناسـەکردنی نییـە، زۆرتریـن پێناسـە جیـدی و بـاوەکان ناڵێـن سـێکۆلاریزم یەکسـانە بـە بێدینـی، بەڵکـوو ئـەوە عەلـی باپیـر و گرووپـە توندڕۆکانـن ئـەو جـۆرە بانگەشـەیە بـڵاو دەکەنـەوە، خـۆ دیـارە لـەوەدا ئامانجـی سیاسـی خـۆی هەیـە، بـەڵام ئینسـانی موسـڵمان بـە گوتـەی خۆیـان دەبێـت ڕاسـتگۆ بێـت، دەپرسـین ئـەوەی عەلـی باپیـر لەبـارەی سـێکۆلاریزمەوە دەیڵـێ ڕاسـتگۆیی تێدایـە؟

ئـەو دەڵـێ: ئەورووپاییـەکان لـە ناچارییـەوە پەنایـان بـۆ چەمکـی سـێکۆلاریزم بـردووە.

ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە، ڕۆژئاواییـەکان لـە ناچارییـەوە سـێکۆلاریزمیان قەبـووڵ نەکـردووە یـان هەڵیـان نەبـژاردووە، بەڵکـوو هۆشـیاریی تـاک لـە ڕۆژئـاوادا ئەوکاتـە گەیشـتووەتە ئاسـتێک دەرکیـان بـەوە کـردووە ئـەوەی کلێسـا بـە نـاوی ئایینـەوە دەیکـرد و دەیگـوت، کـەم و زۆر پەیوەنـدی بـە خـودی ئایینـی مەسـیحییەوە نەبـووە، کـە سـتەمکاری لـە پەنایـدا

دژی خەڵکـــی دەکـــرا و لـــە هەندێـــک قۆناغیشـــدا جۆرێـــک بیتاقـــەی لێخۆشـــبوون فـــرۆشراوە و بانگەشـــەی ئـــەوە کـــراوە هـــەر کـــەس ئـــەو بیتاقەیـــە وەربگرێـــت، مـــوژدەی لێخۆشـــبوونی پـــێ دەدرێـــت، گوایـــە کلێســـا لەســـەر دونیـــا لـــە کڕیارانـــی ئـــەو بیتاقەیـــە خـــۆش دەبێـــت و خـــواش لـــەو دونیـــادا لێـــی خـــۆش دەبێـــت! ئەمـــە ئاماژەیـــە کلێســـا و پیاوانـــی ئایینـــی خۆیـــان لەســـەر ئینســـانی مەســـیحی کردووەتـــە نوێنـــەری خـــوا لەســـەر زەوی، بـــە پێچەوانـــەی بۆچوونەکـــەی عەلـــی باپیـــر، ئـــەوە سێکۆلاریســـتەکان بـــوون ئەمجـــۆرە مامەڵـــە و بازرگانییکردنەیـــان بـــە ئایینـــی مەســـیحی پووچـــەڵ کـــردەوە و بلۆکـــی مەســـیحییەت لـــە چنـــگ ئـــەو جەهلـــە ڕزگار و هۆشـــیار کرایـــەوە لـــەوەی کلێســـا هـــەم بازرگانـــی و هەمیـــش سیاســـەت بـــە ئایینـــەوە دەکات.

عەلـــی باپیـــر لـــە شـــوێنێکی دیکـــەی کتێبەکەیـــدا بـــە نـــاوی «چەنـــد مەســـەلەیەکی بـــاوی ســـەردەم» کـــە ئـــەم کتێبـــەی بـــە بناغـــەی فیکـــر و هەڵوێســـتی ئـــەو بەرانبـــەر ســـێکۆلاریزم و دیموکراســـی و جیهانگیـــری و مافـــی مـــرۆڤ دادەنرێـــت، ئەمجارەیـــان لەبـــارەی ســـێکۆلاریزم دەڵێـــت: «پەرێـــز و شـــوێنەوارە شـــوومەکانی دەرکەوتـــوون».

ئاخـــر چ خـــاوەن ویژدانێـــک قەناعـــەت بـــەو قســـەیەی دەکات، گوایـــە پەرێـــزی ســـێکۆلاریزم شـــوومە، مەگـــەر پشـــێوی و شـــەڕە مەزهەبگەراییەکانـــی کۆمەڵگـــە موســـڵمانییەکان بـــە چـــاوی خـــۆی نابینێـــت کـــە بـــە چ شـــێوەیەک شـــوومگەراییان خوڵقانـــدووە!

بە پێچەوانەوە ئەوەی لە وڵاتانی ئەورووپا دەگوزەرێت بە هیچ شێوەیەک شووم نەبووە، بگرە ئەورووپا بەهۆی سێکۆلاریزمەوە گەیشتووەتە ئاستێک تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەیشی بۆ دەوڵەتی هاوڵاتیبوون گۆڕیوە بەو مانایەی خەریکە قۆناغی دەوڵەتی ناسیۆنالیزم بە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون دەگۆڕێتەوە بە جۆرێک ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەژیەت، جگە لە بەها ئینسانییەکەی، هیچی دیکە شوناسی بۆ دیاری ناکات.

عەلی باپیر دەشڵێت: «ئەو موسڵمانەی بڕوا بە سێکۆلاریزم بێنێت، یان شوێنی بکەوێت، فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێت».

ئەمە سەرباری ئەوەی بۆ هیچ کەس و موسڵمانێک نییە، فەتوای کافربوون و لە ئیسلام دەرچوون بداتە پاڵ موسڵمانێکی دیکەی هاوئایینی خۆی، مەگەر لە ئیسلام ئەم چەمکە تەنیا بۆ خوا جێنەهێڵدراوە! هەڵبەت ئەم تێگەیشتنەی بۆ سێکۆلاریزم پێچەوانەی تێگەیشتنی بیرمەندانی جیهانی و هەتا عەرەبیشە، جگە لەوەش ئەمە چ بوێرییەکە پیاوێکی سیاسی بۆ ئامانجی خۆی، فەتوای دەرکردنی کەسانی موسڵمان لە ئیسلام دەربکات، لەکاتێکدا خۆی زۆر باش دەزانێت کە هیچ کەس بۆی نییە ئەو جۆرە فەتوایە بدات.

ئاستین کلاین لە کتێبەکەیدا بە ناوی «سێکۆلاریزم بە

زمانێکـی سـادە» لـە وەرگێڕانـی هەژێـر شـەریفی، کـە کتێبێکـی دانیسـقەیە بـۆ تێگەیشـتن لـە سـێکۆلاریزم، کڵایـن لـەم کتێبەیـدا ڕیشـەی چەمکـی سـێکۆلاریزم دەگەڕێنێتـەوە بـۆ جـۆرج یاکـوب کـە وشـەی سـێکۆلاریزمی داهێنـاوە بـۆ وەسـفکردنی بیروڕایـەک کـە بـە تەنیـا دوای پرسـیار و پرسـگەلێک دەکەوێـت، کـە لـە ژیانـدا دەتواندرێـت ئەزمـوون بکرێـن.

بـە گوێـرەی ئـەو تێگەیشـتنە بێـت، سـێکۆلاریزم ناکاتـە ئـەوەی عەلـی باپیـر پێیوایـە بێدینییـە، بەڵکـوو سـێکۆلاریزم گەڕانـە بەنێـو ڕۆحـی بەشـەریەتدا تـا بزانێـت مرۆڤـەکان لـە دونیـادا چیاندەوێـت و ئـەوەی ئـەوان دەیانـەوێ و بەدەسـتیان نەهێنـاوە، هۆکارەکـەی بۆچـی دەگەڕێتـەوە! ئاخـر تـاک لـە کۆمەڵگـەی ئایینیـدا ناتوانێـت بەهـۆی بەربەسـتی ترادیسـیۆنی ئایینـی و کۆمەڵایەتییـەوە سەربەسـتانە مومارەسـەی ژیانـی دونیایـی خـۆی بـکات، بەڵکـوو هـەر هەوڵێـک دەدات و بـەدوای هـەر خۆشـگوزەرانییەکدا دەگەڕێـت، لـە دەرەوەی ئاییـن، ئیـدی دووچـاری کێشـە و بەربەسـت دەبێتـەوە، کـە ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن هاندانـی پیاوانـی ئایینەوەیـە، کـەوا بەرژەوەندییـان لەوەدانییـە ئینسـان بـە ئازادانـە ژیانـی ئاسـایی خـۆی مومارەسـە بـکات، بۆیـە کاتێـک ئینسـان هەوڵـی ئـەو سەربەسـتییە ڕۆحـی و جەسـتەییە دەدات، بـە هەڵگـەڕاوە لـە ئاییـن و دژایەتیکردنـی مێـژوو و ترادیسـیۆنی ئایینـی و کۆمەڵایەتـی تۆمەتبـاری دەکـەن و نـاوی دەزڕێنـن.

بە گوێرەی ئەو چەند نموونەیە بێت، عەلی باپیر یان لە سێکۆلاریزم تێنەگەیشتووە یانەکی بە ئەنقەست هەوڵی شێواندنی دەدات، بەلای منەوە خاڵی دووەمیان ڕاستە، چونکە کارەکتەری ئیسلامی سیاسی هەمیشە بەدوای دروستکردنی گومان لەسەر سێکۆلاریزم و بەخراپ ناوهێنانی ئەو چەمکەدا دەگەڕێن تاوەکو کۆمەڵگەی موسڵمانان ئازادییەکانی خۆیان مومارەسە نەکەن و گوێڕایەڵی کارەکتەرە ئیسلامییەکان بن. ئەو تێگەیشتنەی عەلی باپیر هەمان ئیشکردنە بۆ شێواندنی سێکۆلاریزم، چونکە گەشەی فیکری خۆی و پێگەی حیزبییەکەی لە کۆمەڵگەیەکی گۆشکراو بە ترادیسیۆنی ئایینی و نەریتگەراییدا دەبینێتەوە، بە پێچەوانەوە لە ئەگەری گەشەسەندنی سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگەدا ئەویش باری دەکەوێتە لێژی و ناتوانێت خەونەکانی بەرجەستە بکات، بۆیە دژایەتی خۆی بۆ سێکۆلاریزم کردووەتە پیشە و بە ڕاشکاوی تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێت و ئەوەی لەدەستیشی بێت، هەوڵی ناشیرینکردنی دەدات، بە پێچەوانەوە، سێکۆلاریزم فیکرێکی سیاسیی مەدەنیی مۆدێرنە و ئیش لەسەر جیاکردنەوەی کایەکانی کۆمەڵگە دەکات بە تایبەتی کایەی ئایین لە کایەکانی دیکەی دەوڵەت و بە هیچ شێوەیەک دژایەتی ئایین ناکات.

لەم دۆخەدا هەم کۆمەڵگە و هەم ئایینیش سوودمەند

دەبـن، بـەوەی بەهـۆی خراپـەکاری دەسـەڵاتەوە ئاییـن لەبـەر چـاوی خەڵـک ناشـیرین نابێـت و هەڵوێسـتی پیاوێکـی ئایینـی، کۆمەڵگـە دووچـاری هەڕەشـە نـاکات وەک ئـەوەی ئێسـتا بـە چـاوی خۆمـان دەبینیـن کـە هەندێجـار هەڵوێسـتی پیاوێکـی ئایینـی یـان گوتـاری مەلایـەک لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـەدا فـەوزای لـێ دەکەوێتـەوە، بـەوەی لایەنـی دەروونـی خەڵکـی موسـڵمان دەخوێننـەوە و بـەو جـۆرەی خۆیـان دەیانـەوێ لـە ڕێگـەی فریودانـەوە دنـەی خەڵکانـی سـادەی موسـڵمانان دەدەن، کـە ئەمجۆرەیـان پیشـەی بەردەوامـی عەلـی باپیـر و حیزبەکـەی بـووە.

# گوتاری توندڕۆیی و ئایینی خراپەکاری

گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی ئینجـا عەرەبـی یـان کوردییەکـەی بێـت، لەبـری خۆگونجانـدن و گفتوگـۆی عەقڵانـی لەبـەردەم هەژمـوون و دەرکەوتـە تازەکانـی جیهانگـەری و فیکـری ئایینـی نائیسـلام، بـە جۆرێـک پیـرۆزی بـە ترادیسـیۆنی ئیسـلامی بەخشـیوە، لەسـەر حیسـابی ڕەتکردنـەوەی ئاییـن و کایەکانـی دیکـە کەوتووەتـەوە، سـەنگەری لـە هـەر جـۆرە بۆچـوون و تێگەیشـتنێک گرتـووە کـە لەگـەڵ ترادیسـیۆنی ئیسـلامیدا نایەتـەوە، هەنـدێ کات خـودی ئـەو گوتـارە تونـدڕۆ ئیسـلامییە

کـە هەڵگـری شوناسـێکی دواکەوتووانەیـە و چـاوی لـە ڕابـردووە وەک لـە داهاتـوو بێـت، لـە مێژوودایـە وەک لـەوەی لـە ئێسـتا بێـت، ڕاسـتە هەڵگرانـی ئـەو گوتـارە لـە ئێسـتا دەژیـن، بـەڵام بـە مێشـک و بیرکردنـەوە لـە ڕابردوویەکـی دووردا دەژیـن و لەنـاو وەهـم و حـەزی گەڕانـەوەی شمشـێردا گیریانخـواردووە و نایانەوێـت خۆیـان لەگـەڵ ئـەو ئێسـتایەی تێـدا دەژیـن، بگونجێنـن، بەڵکـوو ئێسـتا ڕەت دەکەنـەوە و ناتوانـن ڕابـردووش زینـدوو بکەنـەوە، بەهۆیـەوە دووچـاری هەڵچـوون و توندڕۆیـی دەبـن و لەبـری گوتـاری ئاشـتەوایی، پەنـا بـۆ گوتـاری توندڕۆیـی دەبـەن، بەمەیـش نـەک هـەر خۆیـان زیانمەنـدن، بەڵکـوو کـۆی کۆمەڵگـە زیانـی بەردەکەوێـت، ئـێ دواجـار ئـەوان لـە بەرئەنجامـی پەرەسـەندنی گوتـاری توندڕۆیـی پەنـا بـۆ کاری توندوتیـژی و تیرۆریسـتی دەبـەن.

ئەمـە جگـە لـەوەی ئـەو گوتـارە توندڕۆیـە خـۆی ئارێشـە بـۆ خۆیشـی دروسـت دەکات، بـەوەی لـە گۆشـەیەکی تەسـکەوە سـەیری دونیـای کـراوە دەکات و پێیوایـە کارەکتـەری سـەرجەم ئایینەکانـی دیکـەی نائیسـلامی بـە بەرنامـە دژایەتـی ئیسـلام دەکـەن و هەوڵـی لەناوبردنـی دەدەن، ئـەم تێگەیشـتنە هەڵەیـە لـە بەرانبـەر پێشـکەوتن و هەنـگاوە گەورەکانـی کۆمەڵگـە نائیسـلامییەکان دووچـاری شکسـتی گـەورە بووەتـەوە تـا ئـەو ئاسـتەی لـە ئەورووپـا کاتێـک نـاوی ئیسـلام دێـت، خەڵکـی سـڵ دەکەنـەوە و سـەیری چـواردەوری خۆیـان دەکـەن

نـەوەک دەنگـی تەقینەوەیـەک بێتـە گوێیانـەوە، ئەمـە تۆمـەت هەڵبەسـتن نییـە، واقیعـە و توێـژەران دەتوانـن توێژینـەوەی ورد و جیـدی لەسـەر بکـەن، واتـە ئـەو گوتـارە کـە سـەرئەنجام تیـرۆری بەرهەمهێنـاوە، ئێسـتا بووەتـە هـۆی ناشـیرینکردنی ئیسـلامیش، هـەر وەک زوو زوو لـە فەرەنسـا ئیسـلامییەکان و دەسـەڵات ڕووبـەڕووی یەکـتری دەبنـەوە بەهـۆی ئـەوەی ئیسـلامییە توندڕۆکان کـردەی تەقینـەوە و کاری تیرۆریسـتی ئەنجـام دەدەن، ئاخـر فەرەنسـای لانکـەی دیموکراسـی و ئـازادی، قەبـووڵ نـاکات بیـری توندڕۆیـی لـە وڵاتـدا پەرەبسـەنێت.

لـە گۆشـەنیگای ئیسـلامی سیاسـیی جیهانـی و لەناویشـیدا کـوردی، مەسـیحییەت و ئایینەکانـی دیکـە ناتوانـن کۆمەڵگـە بەڕێوەبـەرن، بۆیـە سـێکۆلاریزم و دیموکراسـی وەک ناچارییـەک سـەریانهەڵداوە، هـاوکات ئـەو گوتـارە ئیسـلامییە کرانـەوەی ئەورووپـا یەکسـان بـە بێڕەوشـتی دەکات و ئینجیـل وەک سـەرچاوەی بڵاوکردنـەوەی خراپـەکاری وێنـا دەکـەن، کـە خـۆی ئەمـە کێشـە و پێکدادانـی ڕۆحـی و جەسـتەیی و توندوتیـژی دێنێتەکایـەوە، مەگـەر هێرشـی تیرۆریسـتی گرووپـە ئیسـلامییەکان بـۆ سـەر کۆمەڵگـەی ئەورووپایـی، لـەم گۆشـەنیگایەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە! ئەمـە ئاماژەیەکـی قووڵـی تێنەگەیشـتنی براقـی ئیسـلامی سیاسـییە لـە بـواری پێکەوەژیانـی ئایینیـدا، گوتارێـک بەبـێ ئـەوەی تێگەیشـتنی قەناعەتپێکـەری هەبێـت، پەنـا بـۆ ڕەتکردنـەوەی ئـەوی دیکـە دەبـات،

لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئەورووپی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە جارێکی دیکە کاروباری ئایینی تێکەڵ بە دەوڵەت بکەنەوە، واتە ئەوان نایانەوێت چیتر کارەکتەری ئایینی دەستبەسەر تەواوی جومگەکانی دەوڵەتدا بگرن، ئەمەش لەلایەن گوتاری ئیسلامیی سیاسی بە جۆرێک شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، گوایە بلۆکی مەسیحییەت ژیانی پێ بەڕێوە ناچێت و ئەو بلۆکە یەکسان بە بێڕەوشتی و خراپەکاری دەکەن.

ئەو گوتارە توندڕۆ ئیسلامییە بە بەردەوامی کار دەکات بۆ ئەوەی ئایینی مەسیحی کە ڕووبەرێکی فراوانی لە جیهاندا داگیر کردووە، ناشیرین و لەپێش چاوی موسڵمانان بە ئایینێکی شێوێندراو وێنای بکرێت، ئەو گوتارە بە ئاشکرا دژایەتی مەسیحییەت و بانگەشەی ئایینێکی دەستکاریکراو دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات ئیسلام بکاتە لووتکەی کۆی ئایینەکانی دیکەی جیهان، ئێ ئەمەش لەلایەن پەیڕەوانی ئایینەکانی نائیسلام قەبووڵکراو نییە و بە ڕاشکاوی ڕەت دەکرێتەوە، کە بەهۆیەوە ئاریشەی گەورە دروست بووە، بەوەی مەسیحی و جوولەکە و پەیڕەوکاری ئایینەکانی دیکە ئامادە نین دەستبەرداری ئایینی خۆیان بن، ئینجا ئەو گوتارە توندڕۆ ئیسلامییە کە لە کوردستان عەلی باپیر و مەلا کرێکار و چەند کەسێکی دیکە سەرپەرشتی دەکەن و ڕووبەڕووی ئایینەکانی دیکە دەوەستنەوە، بە دیاریکراوی ئەوەتا عەلی

باپیـر دەڵێـت: «شــەریعەتی ئیسـلام، وەک ئایینـی شـێوێندراوی مەسـیحییەت نییـە کـە ژیانـی پێوەبـەڕێ نەچێـت، چونکـە لـە راسـتییدا ئەورووپییـەکان لـە بـواری ژیـان بەڕێوەبردنـدا، زۆر ئاتاجـی پەیـام و بەرنامەیەکـی ڕاسـتەقینەی ژیـان بـوون، چونکـە ئینجیلـی ئێسـتا پـڕە لـە ئەفسـانە و خورافـات، بۆیـە هەرگیـز لایەنەکانـی ژیانـی پێـوە بەڕێـوە ناچـن، بـۆ نموونـە کێشـەکانی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و هتـدی... پـێ حـەل ناکرێـت و لـەو ڕووەوە بـێ تـەرح و چارەسـەرە، لـە ڕووی نەتەوایەتییـەوەش هیچـی تێـدا نییـە، لـە ڕووی ئەخلاقـەوە بـرەو بـە ئیباحییـەت و خراپـەکاری دەدات، چونکـە ئـەوەی کـە عیسـا و موسـا هێنابوویـان، جوولەکـە و نەسرانییـەکان گۆڕیـان و شـتی پڕوپووچیـان ڕەگەڵخسـت و دەسـتکاریان کـرد».

شــەریعەتی ئیسـلام وەک ئایینـی شـێوێندراوی مەسـیحییەت نییـە! ئـەم ڕسـتەیە بـێ هیـچ ئەملاوئەولایـەک دەچێتـە چوارچێـوەی بڵاوکردنـەوەی ڕقئەسـتووریی بەرانبـەر ئایینەکانـی وەک مەسـیحی و جوولەکـە کـە کارەکتەرانـی ئیسـلامیی سیاسـی بـە کـردەوە ئـەم جـۆرە دژایەتییـە پەیـڕەو دەکـەن، سـەرئەنجام کاریگـەری نەرێیـی قـووڵ دەخاتـە سـەر هەسـتی پێکەوەژیانـی ئایینـی لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـدا، ئینجـا عەرەبـی یـان کوردسـتانی بێـت، جگـە لـەوە دەکـرێ وەک فەتوایـەک و هاندانێـک سـەیری بکرێـت کـە لـە پشـتی ئـەم وشـانەوە دونیایـەک لوغـز و هانـدان و بـرەودان بـە توندوتیـژی ئامادەگییـان هەیـە، ئـەو

دەیەوێت ئیسلام بەسەر کۆی ئایینەکانی دیکەدا فەرز بکات، بە تایبەتی ئینجیلی مەسیحییەت، کاتێک عەلی باپیر ئیسلام بەمشێوەیە بەراورد بە مەسیحییەت دەکات، ڕێک ڕەتکردنەوە و خۆبەپیرۆزکردن دەگەیەنێت، هەڵبەت ئەمە وەک هێرشکردنە بۆ سەر پیرۆزیی ئەوانی دیکە و لە دونیای یاساسەروەریدا هەرگیز نابێت جێگەی قەبووڵکردن بێت، ئەوەتا دەڵێت: «ئینجیل پڕە لە ئەفسانە و خورافات».

ئەمەی سەرەوە بەڵگەیەکی دیکەی ڕوونە عەلی باپیر ئینجیل ڕەت دەکاتەوە، کە کتێبێکی ئاسمانی و هی خوایە، یانی کتێبی خوا ڕەت دەکاتەوە و وەک ئەفسانەیشی لەقەڵەم دەدات! ئەفسانەش یانی ئەو چیرۆک و گێڕانەوە مێژووییانەی پشتاوپشت باسییان لێوە دەکرێن و لە ئەرزی واقیعدا بەڵگەی سەلماندنیان نییە، واتە دوورن لە ڕاستی، خورافاتیش نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەفسانەدا هەیە، بەوەی کارەکتەرانی هەڵدەستن بە دروستکردنی کۆمەڵێک چیرۆک و باسوخواس سەبارەت بە دیاردە و هەندێک نەریتی کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ.

کەوایە عەلی باپیر ئینجیل ڕەت دەکاتەوە و بە شتی بێ بنەما و بەتاڵیشی دادەنێت، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەچێتە چوارچێوەی بێڕێزیکردن بە پەیڕەوانی ئەو ئایینە ئاسمانییە، ئاخر خاوەنی هەر بیروبۆچوون و ئایدیا و ئایینێک بێت، نابێ هێرش بکات سەر ئایین و جیاوازییەکانی بەرانبەرەکەی،

کەچـــی ئـــەو پیـــاوە ســـڵ لـــە بەخشـــینەوەی ســـووکایەتی و تۆمـەت دروسـتکردن ناکاتـەوە، بـە گوتـەی ئـەو، ئینجیـل پڕێتـی لـە خورافـات و ئەفسـانە، یانـی ئـەو چیـرۆک و ئامۆژگارییانـەی لـە ئینجیلـدا هـەن، ڕاسـت نیـن، لەکاتێکـدا ژمـارەی باوەڕدارانـی ئایینـــی مەســـیحی لەچـــاو ئایینـــی موســـڵمانان زۆر زۆرتریشـــە، هەڵبــەت ئەمــەش لای شــەقامی ئایینــی مەســیحی قەبووڵکــراو نابێــت و پەرچەکــردار دروســت دەکات.

لـــە لایەکـــی دیکـــەوە پێیوایـــە مـــادام ئینجیـــل پـــڕە لـــە ئەفسـانە و خورافـات، ژیانـی پـێ بەڕێـوە ناچێـت بـە تایبەتـی لـە کایـەی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییـدا، بـەڵام ئـەوەی لەسـەر خاکـی مەسـیحییەت دەگوزەرێـت، شـتێکی دیکەمـان پـێ دەڵێـت کـە جیـاوازە لـەو تۆمەتـە، ئەوەتـا بـە چـاوی خۆمـان دەبینیـــن کـــە وڵاتانـــی ڕۆژئـــاوا توانیـــان ئەزموونێکـــی جوانـــی حوکمڕانێتـــی پێشـــکەش بـــە هاووڵاتییانـــی خۆیـــان و جیهانیـــش بکـەن، ڕاسـتە ئەوانیـش بـەدەر نەبـوون لـە ئاریشـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، شـەڕی یەکتریـان کـرد و برسـیش بـوون، دووچـاری کۆمەڵێـک پەتـای سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و مرۆیـی بوونـەوە، بـەڵام سـەرئەنجام شارسـتانێتی مۆدێرنەیـان دروسـتکرد و دونیایـــان بـــە پێشـــکەوتنە تەکنۆلۆژییەکانـــی خۆیـــان ســـەرقاڵ کـرد و کاریگـەری گەورەیـان خسـتە سـەر دونیـا، لێـرەدا پێویسـتە بپرســـین، ئەزموونـــی کام دەوڵەتـــی ئیســـلامی بووەتـــە هـــۆی خۆشــبەختکردنی هاووڵاتییانــی موســڵمان؟ وەڵامەکــەی ڕوونــە،

ئەوەتـا بـە لێشـاو موسـڵمانان لـە دەریـا و ڕێگـەی ئەورووپـادا دەخنکێـن و دەمـرن بـۆ ئـەوەی بگەنـە خاکـی مەسـیحییەت.

ئێسـتا لـە دونیـادا چەنـدان نموونـەی حوکمڕانێتـی پەیوەسـت بــە بەڕێوەبردنــی ژیانــی خەڵــک و دەوڵەتــداری هــەن، ئەگەرچـی بـە کورتیـش بێـت، دەکرێـت نموونـەی بەڕێوەبردنـی ژیانـی خەڵـک لـە کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکان و مەسـیحییەکان وەربگیرێـت، عەلـی باپیـر پێیوایـە مەسـیحییەت ژیانـی پـێ بەڕێـوە ناچێـت، بـەڵام ناتوانێـت بەدیلێکـی باشـتر پێشـکەش بـکات.

ئـەو پیـاوە جگـە لـەوەی سـەرۆکایەتیی حیزبێکـی ئیسـلامی دەکات، خۆیشــی وەک بیرمەندێکــی ئیســلامی دەناســێنێت، ئێـوە سـەیری بکـەن و دیقـەت لـە بۆچـوون و زانیارییەکانـی بـدەن، ئینجـا هەڵسـەنگاندنی خۆتـان بکـەن و بزانـن چۆنچۆنـی دووچـاری هەڵـەی زەق بووەتـەوە، ئاخـر مەسـیحییەتی ئێسـتا خـۆی لـە کاروبـاری دەوڵەتـداری دوورخسـتووەتەوە و ئیشـی بـەوە نییـە دەوڵـەت چـی دەکات و چـی نـاکات، سـەیری تەنـــوورە و قۆڵــی ڕووتــی کچــان و ژنــان نــاکات و پیــاوە ئایینییەکانــی مەســیحی تێــزاب بــە قاچــی ژنانــدا ناکــەن و بەهــۆی ئایینــەوە کــەس ناکــوژن و خۆیانیــش ناتەقێننــەوە. سـەرباری ئـەوەش هێشـتا کۆمەڵگـەی مەسـیحییەت بەرگـی مەسـیحییەتی فڕێنـەداوە، نەخێـر هـەزاران حیزبـی مەسـیحی هــەن و دەوڵەتەکانیشــیان بــە جوانــی بەڕێــوە دەبــەن، بــە

جۆرێک خۆشگوزەرانییان بۆ خەڵک فەراهەم کردووە، تەنانەت خەڵکی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانەوە دەچنە ژێر سایەی حوکمڕانێتی ئەوانەوە.

کەچی عەلی باپیر ئەو ڕاستییەی فەرامۆش کردووە کە لە کلێساکانی ئەورووپادا بە هەزاران کوڕ و کچی موسڵمان هەن کە هانایان بۆ کلێسا بردووە وەک گوشارێک بۆ سەر دەوڵەت بە مەبەستی مانەوەیان لە سایەی کۆمەڵگەی مەسیحییەتدا، ئەو بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەو ئەزموونەی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پەیڕەو کراوە و ئێستاش بەردەوامی هەیە، فەشەلی هێناوە و لە بەرانبەر ئەوەشدا کۆمەڵگەی مەسیحییەت خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییانی خۆی بەرهەمهێناوە، ئەمە ڕاستییە، هەڵوێست و دژایەتیکردنی هیچ ئایین و کەس و بزاوتێکی ئیسلامیش نییە، بانگەشەش نییە بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت، بە چاوی خۆمان ئەو واقیعە دەبینین بە خودی عەلی باپیریشەوە ئەوە دەزانن کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سایەی گرووپە ئیسلامییەکان لە نموونەی تاڵیبان و قاعیدە و داعشدا چۆنماڵوێران بوون و ئێستا بوونەتە شوێنگەی تیرۆر و کوشتارگە.

مەبەست لێی بەراوردکردنی مەسیحییەت بە ئیسلام نییە، بە پێچەوانەوەش، بەڵام کاتێک ئەو باس لە مەسیحییەت دەکات، ڕێک مەبەستی لە دەوڵەتەکانی بلۆکی مەسیحییەتیشە، سەرباری ئەوەی لەژێر هەژموونی بنەماکانی سێکۆلاریزمدا

دەوڵـەت لەژێـر چنگـی پیـاوی مەسـیحییەتدا دەرهێنـدراوە، بـەڵام لـە گۆشـەنیگای عەلـی باپیـرەوە دەوڵەتـی ئەورووپایـی و مەسـیحییەت تەواوکـەری یەکتریـن، هەروەهـا سـەبارەت بـە پرسـی نەتـەوەش دەڵێـت: لـە رووی نەتەوایەتییـەوە هیچـی تێـدا نییـە. دیـارە مەبەسـتی لـە ئینجیلـە، خۆزگـە شـیکردنەوەی زیاتـری بـۆ ئـەم بۆچوونـەی دەکـرد، ئەگـەر مەبەسـتی نموونـەی مۆدێلـی دەوڵەتـی ئێسـتایە لـە ئەورووپـادا، ئـەوا دەبـێ بـە جۆرێکـی دیکـە قسـە لـە نموونـەی دەوڵەتـی ئێسـتا بکەیـن، ناکرێـت بـە چاویلکـەی سـەد یـان دووسـەد سـاڵ پێـش ئێسـتا قسـە لـە ئەزموونـی دەوڵەتـداری لـە ئەورووپـا بکەیـن، چونکـە گۆڕانـکاری قـووڵ لـە دیدیـی دەوڵـەت بـۆ ژیانـی هاووڵاتییـان ڕوویـداوە، خـۆ ئەگەریـش مەبەسـتی چەمکـی دەوڵەتـە بـە شـێوە نوێکـەی، دیسـانەوە هەڵـە تێگەیشـتن هەیـە بـۆ دەوڵەتـی ناسیۆنالیسـتی لـە ئەورووپـادا، خۆیشـی بـاش دەزانێـت مێـژووی دروسـتبوونی دەوڵەتـی نەتەوەیـی، بـە بـەراورد بـە مێـژووی مەسـیحییەت و ئیسـلام، چەنـد ڕۆژێکـە و هیچـی دیکـە نییـە، پێـش دەوڵەتـی نەتەوەیـی لـە ئەورووپـادا، ئاییـن و دەوڵـەت تێکـەڵ بـە یەکـتری کرابـوون و لـە شـێوەی قەیسـەر و ئیمپراتـۆردا کاروبـاری خەڵکیـان بەڕێـوە بـردووە، بەبـێ هیـچ حیسـابکردنێک بـۆ خەڵـک و خۆشـگوزەرانی و مافـە مرۆییـەکان، تەنانـەت ئایینیـش خرابـووە خزمەتـی ئیمپراتۆرییەتـەوە، پاشـان لەگـەڵ پەرەسـەندنە کولتـووری و ئابـووری و سیاسـییەکان، سـەرئەنجام

ئێستا فۆڕمی دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕاوە بە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون، لێرەوە ئەزموونێکی دیکە دێتەکایەوە، ئەمەش بەم مانایە نا کە شوناسی نەتەوەیی بوونی نەمابێت، نەخێر، پێداگرییەکی سەرسەختانە لەسەر شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی ئەویش هاوشێوەی ئایین، تێکەڵی کاروباری خەڵک ناکرێت، واتە دەوڵەت و نەتەوە، خراونەتە خزمەتی مرۆڤەوە، نەک بە پێچەوانەی ئەزموونی دەوڵەت لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا کە خەڵکی بوونەتە خزمەتکاری دەوڵەت و نەتەوە، کەچی نەتەوە و دەوڵەت هی هاووڵاتییان نین، بەڵکوو هی کۆمەڵێک دەسەڵاتداریی ستەمکارن کە بە ئارەزووی خۆیان ژیانی خەڵک کۆنترۆڵ دەکەن، سەرباری ئەوەی ئەشکەنجەی ڕۆحی و جەستەییش پەرەیسەندووە، ڕۆژانە چەندان کەس دەبنە قوربانی ململانێی گرووپە مەزهەبییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان.

خۆ لە ئەورووپاشدا شوناسی نەتەوەیی بوونی ماوە، بەڵام بەم تێگەیشتنە کلاسیکییەی عەلی باپیر نا، کە دەبێ خەڵکی خزمەتکاری نەتەوە و دەوڵەت بن، ئینجا هەر لە بنەڕەتدا عەلی باپیر وەک کارەکتەرێکی ئیسلامی باوەڕی بە دەوڵەتی نەتەوەییش نییە، هەر بانگەشەیەکیشی بۆ بکات، بۆ فریودان و کۆکردنەوەی کورسییە نەک لە قەناعەتەوە هاتبێت، بەڵگەش ئەوەیە کاتێک لە ساڵی ٢٠١٧ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە پیرمام بڕیاری

ڕێفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتانی دا، میدیـای کۆمـەڵ نـەک هـەر بانگەشـەیان بـۆ گرنگـی و سەرخسـتنی ڕیفرانـدۆم نەکـرد، بەڵکـوو دژیشـی وەسـتانەوە و خەڵکیـان سـارد دەکـردەوە، پـاش ئەنجامدانـــی ڕیفراندۆمیـــش لەژێـــر هەژمـــوون و کاریگـــەری بەغـدا قسـه لـە بەرژەوەنـدی لایەنـە عێراقییـەکان دەکـەن، تەنانـەت خـودی عەلـی باپیریـش بـە پاڵپشـتی سـەربەخۆیی کوردســتانی نەکــرد، کەوایــە قســەکردنی ئــەو گرووپــە لــە دەوڵەتـی نەتەوەییـی دووڕوویـە، بەهـۆی ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا پاشـکۆی عەرەبـن و ناخـۆزن کـورد سـەربەخۆ بێـت. هـەر لـە پەیوەسـت بـە ئەورووپـا، ئێسـتا لـەوێ دەوڵـەت شـۆڕبووەتەوە بـۆ لای هاووڵاتییـان و هەرچـی حیزبـی سیاسـیش هـەن لـە کێبڕکێـدان بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن ژمـارەی هاووڵاتییـان لـە خۆیـان ڕازیـی بکـەن نـەک خۆیـان بەسـەر هاووڵاتییانـەوە پیـرۆز بکـەن وەک ئـەوەی ئێسـتا عەلـی باپیـر لـە میدیاکەیـدا بەهـۆی پێگـە ئایینییەکـەوە خـۆی وەک کەسـایەتییەکی پیـرۆز ناسـاندووە.

پێویســتە هەمدیــس باســی ئــەوە بکەینــەوە بــۆ ئــەوەی هەمووـمـان ئـەو ڕاسـتییە لەبیـر نەکەیـن، کاتێـک سـەرکردایەتیی سیاســیی هەرێمــی کوردســتان لــە ٢٠١٧ بڕیــاری ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی دا، میدیــای کۆمەڵــی ئیســلامی کوردســتان کــە ئێسـتا نـاوی ئـەو حیزبـە بووەتـە کۆمەڵـی دادگەریـی کوردسـتان ڕۆڵـی نەرێیـان بینـی لـە ساردکردنەوەی خەڵکـی بـۆ ئـەوەی بـە گرۆتینـەوە پێشـوازی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان نەکەن،

ئـەو میدیایـەی کۆمـەڵ کـە سیاسـەتی عەلـی باپیـر جێبەجـێ دەکات، لـە ئاسـت پاڵپشـتیکردن لـە ڕیفرانـدۆم نـاوی وەک شـەرمەزاریی مێـژوو تۆمـار دەکرێـت، ئاخـر ڕیفرانـدۆم تەنیـا هـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نەبـوو و دەوڵەتیـش تەنیـا بـۆ پارتییـەکان نییـە، بەڵکـوو پرۆژەیەکـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە تـەواوی نەتـەوەی کـوردەوە هەیـە، کەچـی سـەرباری ئـەوە، گرووپەکـەی عەلـی باپیـر بـە گڕوتینـەوە پێشـوازیان لـەو بابەتـە نەتەوەییـەدا نەکـرد و دژیشـی وەسـتانەوە.

لـە ڕووی ئەخلاقـەوە بـرەو بـە ئیباحییـەت و خراپـەکاری دەدات. ئەمـە بۆچوونـی عەلـی باپیـرە سـەبارەت بـە چەمکـی ئەخـلاق لـە ئینجیلـدا، دیـارە تێگەیشـتن لـە چەمکـی ئەخـلاق لـە کۆمەڵگەیـەک بـۆ کۆمەڵگەیەکـی دیکـە دەگۆڕێـت و هەڵگـری خەسـڵەتگەلێکی جیـاواز و قووڵـە کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە تێگەیشـتنی ترادیسـیۆنەوە هەیـە، واتـە ئـەوەی لای ڕۆژهەڵاتییـەک بـە ئەخـلاق نـاسراوە و پێـوەی پابەنـدە، ڕەنگـە لای ڕۆژئاواییـەک دوور و نزیـک پەیوەنـدی بـە ئەخلاقـەوە نەبێـت، لێـرەدا مەبەسـتی عەلـی باپیـر ڕوونـە لەگـەڵ کرانـەوە و ئازادییـە کەسـێتییەکانی هاووڵاتییانـی ڕۆژئاوایەتـی سـەبارەت بـە پرسـی سـێکس و هەندێـک بەهـای کولتووریـی ئەورووپاییانـەی دیکـە، ئـەو ئازادییـە مرۆییـەی لەبـارەی سـێکس و پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە ئەورووپـادا هەیـە، ئـەو بـە ئیباحییـەت و لەشفرۆشـییان تێـدەگات!

دیـــارە ئـــەم تێگەیشـــتنەش تێگەیشـــتنێکی قووڵـــی توندوتیژییانەیـــە بـــۆ ئـــەو شـــێوە ترادیســـیۆنە ئەوروپییـــەی هـــەزاران ســـاڵە هەیـــە، تەنانـــەت لـــە کۆمەڵگەیەکـــی وەک سـویددا کـە بـە ڕۆحـی ئـازادی دادەنرێـت لـە ئەورووپـا، هیـچ شـوێنێکی لەشفرۆشـی بـە شـێوەی فەرمیـی بوونـی نییـە، بـەڵام سێکســکردن لــە دەرەوەی پرۆســەی هاوســەرگیری لــە هیــچ کەسـێک قەدەغـە نەکـراوە، تەنانـەت سـاڵی ٢٠٢١ فەرەنسـا یاســایەکی پەیــڕەو کــرد، بــە گوێــرەی یاســاکە سێکســکردن لەگـەڵ کچـی خـوار پـازدە سـاڵان بـە دەسـتدرێژی لەقەڵـەم دەدرێـــت، تەنانـــەت ئەگـــەر ڕەزامەندیـــی دوولایەنەیشـــی لەســەر بێــت، هێشــتا قەبــووڵ ناکرێــت، دەی لــە کۆمەڵگــە ئیسـلامییەکان ڕۆژانـە هـەزاران کچـی خـوار ئـەو تەمەنـە بـەزۆر یـان بـە ئارەزوومەندانـە بـە شـوو دەدرێـن و توندوتیژییـان لـە بەرانبـەردا دەکرێـت، چونکـە ڕەگوڕیشـەیەکی مێژوویـی هەیـە و ئـەو دیاردەیـەش نـەک هـەر لای موسـڵمانانی ئاسـایی، تەنانـەت لەنــاو ســەرکردەکانی ئیســلامیش بوونــی هەبــووە.

لــە ئەورووپــا ئــەو بەڕەڵڵاییــە نییــە وەک عەلــی باپیــر و هاوبیرەکانـی باسـی دەکـەن، ئاخـر بەپێـی یاسـایەک ڕێگـە بـە کـچ و کـوڕان دەدرێـت لـە تەمەنـی یاساییدا مومارەسـەی ئـەو مافـە سێکسـیەی خۆیـان بکـەن، خـۆ ئەگـەر هاتـوو دەسـتدرێژی سێکسـی ڕووبـدات، بـە توندتریـن شـێوە سـزای دەسـتدرێژیکار دەدرێـت، بـەڵام لـە ئەگـەری ڕەزامەندیـی هـەردوولادا جگـە لـە

یاساکەی فەرەنسا، لە وڵاتەکانی دیکە هیچ کەس بۆی نییە تەداخولی ژیانی ئەو دوو کەسە بکات، چونکە تەمەنی یاساییان بڕیوە، ئەمە نموونەی کۆمەڵگەی سویدە، بەڵام ناتوانین بڵێین تەنیا لە سوید بەمشێوەیەیە، نەخێر لە زۆربەی وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپا هەمان تێگەیشتن و یاسا بۆ مەسەلەی سێکس هەن و ئەوەیشی پێی دەگوترێ لەشفرۆشی لەژێر چاودێرییەکی توندی دەوڵەتدایە.

کەچی عەلی باپیر ئەمە وەک بێڕەوشتی و خراپەکاری ناودەبات، بەبێ ئەوەی وەکخۆی لە پرسەکە وردبێتەوە، کەچی ناپرسێت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان چەندان ڕووداوی قێزەونی سێکسی ڕوویانداوە و کۆمەڵگەشیان دووچاری شۆک نەکردووە، تەنانەت منداڵی شەش ساڵان، دەستدرێژی سێکسی کرایەسەر، ئەمە وەک تاکە نموونەیەک، بەڵام بە هەزاران نموونەی دیکە هەن کە لە ئەورووپادا نین، خۆ ئەگەر ڕووبدەن کۆمەڵگەی ئەورووپایی بە هاووڵاتی و یاساوە دەهەژێنن، چونکە قەبارەی تاوانەکە زۆر لەوە گەورەترە عەلی باپیر و هاوبیرەکانی لێی تێدەگەن.

# ئیسلام لە گۆشەیەکی تاریکدا

کێشـــەی ڕژدی گوتـــاری ئیســـلامی سیاســـی، جگـــە لـــە پیرۆزکردنـــی ترادیســـیۆن و کەســـایەتییە ئیســـلامییەکان، لـــە کۆمەڵێـــک ڕەهەنـــدی دیکەیشـــەوە کـــۆی ئـــەو پـــڕۆژە فیکـــری و ئایینـــی و کولتوورییانـــەی نزیکایەتییـــان لەگـــەڵ ئیســـلام یاخـــود ترادیســـیۆنی موســـڵماناندا نییـــە، بـــە پاســـاوی نامۆبـــوون بـــە بەهـــا و مۆڕاڵـــی مێژوویـــی ئیســـلام و نەریتگـــەرای موســـڵمانانەوە لـــە ڕەگوڕیشـــەوە ڕەت دەکاتـــەوە، لەکاتێـــکدا ئـــەو گوتـــارە جگـــە لـــە ڕەتکردنـــەوەی بەرانبـــەر پشـــت بـــە هیـــچ بنەمایەکـــی زانســـتی و

شارســتانی نابەســتێت، جگــە لــە پەنابــردن بــۆ ئــەو چیــرۆک و گێڕانەوانــەی نــاو مێــژووی هــەزار و چوارســەد ســاڵەی ئیســلام نەبێــت کــە زۆرجــار بەڵگــەی ســەلمێنەریان لــە بەردەســتدا نیــن بــۆ ڕەتکردنــەوەی ئــەوی دیکــە، گوتارێــک بــە هەمــوو پێــوەرەکان خاڵییــە لــە مەعریفــە و بیرکردنــەوەی لۆژیکــی، بــەو مانایــەی کــە لۆژیــک پشتئەســتوورە بــە بیرکردنــەوە و تێڕامانــی قــووڵ بــۆ دیــاردە و شــتەکانی دەوروبــەر، بــە تایبەتــی ئــەو بەهــا کۆمەڵایەتییانــەی ڕاســتەوخۆ پەیوەســتن بــە جڤاتــەوە، کەچــی ئــەو گوتــارەی ئیســلامییەکان دوور و نزیــک لەگــەڵ لۆژیکــدا نایەتــەوە، بەڵکــوو وەک تووتــی ســوود لــە ڕابــردووی خوێنــاوی و جەهــل وەردەگرێــت.

بــە درێژایــی ســەرهەڵدانی بزاوتــی ئیســلامی سیاســی یــان هــەر جــۆرە فیکرێکــی دیکــەی بــەدەر لــە دەســەڵاتی خەلیفــە و ســوڵتانەکانی موســڵمانان، هــەر لــە جەمالەدینــی ئەفغانییــەوە گوایــە هەوڵــی ڕیفۆرمــی ئایینــی داوە تــا دەرکەوتنــی ئیخــوان موســلیمین لــە ســاڵی ١٩٢٨، بــە سەرپەرشــتیی حەســەن بەننــای کەســایەتیی دیاریــی ئایینــی لــە میــسردا.

گوتــاری ئیســلامی سیاســیی کوردیــش کــە لایەنــە هــەرە توندڕۆییەکــەی لــە ئــەرزی واقیعــدا لەلایــەن عەلــی باپیــرەوە سەرپەرشــتی دەکرێــت، ئەگەرچــی لــە تــەک ئەویشــدا مــەلا کرێــکار هەیــە، بــەڵام بەهــۆی ئــەوەی لــە دەرەوەی وڵات لــە زینداندایــە، گۆڕەپانەکــە تاڕادەیــەک بــۆ عەلــی باپیــر و

کۆمەڵـی دادگـەری چـۆڵ بـووە، بـە داخـەوە پارتـی و یەکێتیـش وەک دوو پارتـی دەسـەڵاتدار و سـێکۆلار بـە پـرۆژەی تۆکمـە و ڕۆشـنبیری، ڕووبـەڕووی ئـەو گرووپـە ئیسـلامیانە نابنـەوە، ئەمـەش دەرگـەی گەشـەکردنی لەبـەردەم ئیسـلامی سیاسـیی کۆنەخـوازدا واڵا کـردووە و سـەرئەنجام کۆمەڵگـەی کوردسـتانی زیانمەنـدی یەکـەم دەبێـت، بـەو مانایـەی ئـەو گرووپانـە دەتوانـن مێشـکی گەنجـان و ئافرەتـان بشـۆنەوە و مزگـەوت و شـوێنە ئایینییەکانیـش زیاتـر لـەوەی ئێسـتا بکەنـە شـوێنی ڕێکخسـتنە حیزبییەکانیـان و پرسـی نەتـەوە و نیشـتمانیش لای ئـەو گرووپانـە هیـچ بەهایەکـی نابێـت و تەنیـا ئاییـن و ئەویـش بـەو جـۆرەی خۆیـان دەیخـوازن جێـی بایـەخ دەبێـت، ئینجـا لـەوەش کارەسـاتتر چونکـە نەوەیـەک گۆشـکراون بـەوەی گوایـە ئیسـلام لەژێـر هەڕەشـەدایە، ئـەو نەوەیـە وەک بەنزیـن وان لـە نزیـک ئاگـردا، دەکـرێ لـە هـەر دەرفەتێکـدا هەرێمـی کوردسـتان بکەوێتـە بـەردەم ئاگـری ئـەو گرووپـە و تیـرۆر و تۆقانـدن کـە لـە ڕابردووشـدا ئـەوەی ئەزمـوون کـردووە، لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا ژمارەیـان زیـاد بـکات.

ئـەو گوتـارە لەبـری ئـەوەی بایـەخ بـە کرانـەوە و تێگەیشـتنێکی جیـاواز بـۆ ڕیفۆرمـی ئایینـی بـدات، بـە پێچەوانـەوە هەمیشـە سـەنگەری لـە بەرانبـەردا گرتـووە و جگـە لـە دابونەریـت و ترادیسـیۆنی ئیسـلامییانە، کـۆی شارسـتانییەت و مۆڕاڵـە نائیسـلامییەکان ڕەتکراونەتـەوە و لەژێـر

بیانـــووی بەرگریکـــردن لـــە ئیســـلام و پاراســـتنی ئایینەکـــە لـــە مەترسـی لەناوچـوون، زەمینـە بـۆ هێرشـی فیکـری و سـەربازی ڕەخســـێندراوە.

لەکاتێکـدا خـودی ئـەو گوتـارە توندڕۆیـە بـە مەبەسـت ئیسـلامی خسـتووەتە گۆشـەیەکی تاریکـەوە و دەڵـێ ئەگـەری هێرشـکردنە سـەر ئیسـلام هەیـە، دەتوانیـن بڵێیـن کارەکتەرانـی حیزبـی ئیسـلامی سیاسـی یـان بزاوتـە ئیسـلامییەکان بـە گشـتی، حـەز دەکـەن ئیسـلام وەک ئاییـن بکەوێتـە بـەر شـەپۆلی ڕەخنـەی توندڕۆیانـەی سێکۆلاریسـت و هێرشـی فیکـری تـا لـەم ڕێگەیـەوە سـۆزی کۆمەڵگـە بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن، بەهـۆی بەرگریکردنێکـی سـاختەی بەرژەوەندخوازانـەی دونیایـی لـە ئیسـلام.

کەوایـە ڕەخنەگرتنـی تونـد لـە ئیسـلام و ترادیسـیۆنی موسـڵمانان بـە دیوێکـدا ڕەنگـە سـەرئەنجام بـە سـوودی ئـەو گرووپانـە بکەوێتـەوە کـە خۆیـان وەک نوێنـەری ئیسـلام ناسـاندووە، ئەمەیـش بەهـۆی ئـەوەی کەرەسـتەی گەشـەکردنی خۆیـان لـە ئیسـلام و ترادیسـیۆنەکەیدا دەبیننـەوە، هـەر کـە ئیسـلامیش دەخرێتـە گۆشـەیەکی ڕەخنەلێگیـراوەوە جـا تونـد بێـت یـان میانڕەوانـە، ئیـدی گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی بانگەشـەی مەترسـی و هەڕەشـەی سـێکۆلاریزم لەسـەر ئیسـلام دەکاتـە پـڕۆژەی سیاسـی خـۆی بـۆ جووڵاندنـی سـۆزی موسـڵمانان بـە شـێوەیەک گوایـە ئیسـلام لـە لێـواری لەناوچووندایـە، لـەم

ڕێگەیـەوەش پاڵپشـتیی جەمـاوەری بەدەسـت دەهێـنـن و دواتـر لــە کارتێکــی سیاســیدا دژ بــە پــڕۆژەی ســێکۆلاریزمی یــان دیموکراســی بــەکاری دەهێننــەوە.

بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئیسـلامی سیاسـی، دەبێـت واقیعییانـە لـەو کایـە سیاسـییە تازەیـەی دونیـای ئیسـلامگەرا وردبینـەوە، تاکـو بـە وردی و وەک خـۆی ئاشـنای ئـەو ئامانجـە سیاسـییەی کارەکتەرانــی ئیســلامی سیاســی بیــن یــان بناغــەی گوتــاری سیاســی خۆیــان لەســەر بنیــاد دەنێــن، ڕاســتییەکی تریــش هەیـە کـە بزاوتــی ئیســلامی سیاســی بــە کــۆی ئــۆرگان و گرووپەکانییـەوە، سـەرئەنجام بـۆ یـەک ئامانجـی دیاریکـراو، بـە گوتـەی خۆیـان، جیهـاد دەکـەن لـە ڕێگـەی کاری بانگخـوازی و کـردەی توندڕۆیـی، بـۆ بنیادنانـەوەی کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلامی لـەو شـوێنانەی هەیمەنـە دروسـت دەکـەن.

ڕاسـتە ئـەو گرووپانـە نەیانتوانیـوە لـە چوارچێـوەی یـەک حیزبـی سیاسـیدا یـان بەرەیەکـی ئیسـلامی گشـتگیردا کۆببنـەوە، بـەڵام دواجـار خاڵێکـی سـەرەکیی هەموویـان لەسـەر خوانـی تێگەیشــتنێکدا کۆدەکاتــەوە، ئەویــش دروســتکردنی ژینگــە و دەوڵەتـی ئیسـلامییە بـەو جـۆرەی خۆیـان دەیانـەوێ بەرگەکـەی بـۆ بـدوورن. وەک نموونـە، هەوڵـی ئەبوبەکـری بەغـدادی و سـەرکردەیەکی ئیخـوان و عەلـی باپیریـش هەمـان هەوڵدانـە بـۆ سەرخسـتنی پـڕۆژە گەورەکـە، لەژێـر بیانـووی بەرگریکـردن لـە ئیسـلامدا، ئەویـش وەک ئاماژەمـان بـۆی کـرد دروسـتکردنی

فـەزای ئیسـلامگەراییە کـە خـۆی لـە دەوڵـەت و هەمـوو شـتێکی ئیسـلامییانەدا دەبینێتـەوە.

بـە سـەیرکردنی گوتـاری سـەرجەم ئـەو گرووپانـەش دەزاندرێـت هەموویـان بـەڵام بـە شـێواز و فۆڕمـی خۆیـان، سـەرقاڵی دروسـتکردنی ئـەو ژینگـە و فەزایـەن، فەزایەکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئایینـی کـە بانگەشـەی لەناوچوونـی ئیسـلام دەکات و لـەم دەروازەیـەوە خۆیـان وەک بەرگریـکاری سەرسـەختی ئیسـلام دەناسـێنن، بـە تایبەتـی بـە سـوودوەرگرتن لـە سـادەیی و سـۆزداری خەڵکـی هـەژاری کۆمەڵگـە زۆرینـە موسـڵمانییەکان، کـە بەهـۆی غـەدر و ناعەدالەتـی دەسـەڵاتەکان بێزارییەکـی قـووڵ دایگرتـوون، ئەمـەش باشـترین زەمینـەی بـۆ بزاوتـی ئیسـلامی دروسـتکردووە بـۆ گەشـەکردنیان.

لێـرەدا لـە تـەک بێزاریـی خەڵکیـدا بانگەشـەی جیهادکـردن بـۆ سەرخسـتنی ئایینـی خـوا و پێغەمبـەری موسـڵمانان دێتەکایـەوە! لـە لایەکـی تـرەوە سـواری شـەپۆلی نارەزایـی خەڵـک دەبـن وەک ئـەوەی لـە میـسردا ئیخوانەکانـی سەرخسـت. ئـەم گوتـارە زۆرکات ئیشـی لەسـەر ڕەخسـاندنی زەمینەیـەک کـردووە تـا ئیسـلام بکەوێتـە بـەر پەرچەکـرداری فیکـری و هەڵوێسـتی توندڕۆیانـەی سێکۆلاریسـت و چەپـەکان یـان دەسـەڵات تـا لـە گۆڕەپانـی سیاسـیی خۆیانـدا وەک کارتـی گوشـار بـۆ جووڵاندنـی سـۆزی ئایینـی خەڵکـی لـە خزمەتـی پـڕۆژە سیاسـییەکەی خۆیانـدا بـەکاری بهێنـن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەزموونـی دەوڵەتـداری لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دووچـاری کۆمەڵێـک کێشـەی قووڵـی ئایینـی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابـووری بووەتـەوە، بەهۆیـەوە ئـەو زەمینـە لەبـارە ڕەخسـاوە بـۆ سـەرهەڵدان و گەشـەی بـزاوت و گرووپـی تونـدڕۆی ئیسـلامی سیاسـی، چونکـی ئیسـلامی سیاسـی بـە بەرنامـە ئیشـی لەسـەر خاڵـە شتکسـخواردووەکانی حکوومـەت و دەوڵەتـەکان کـردووە، بـە تایبەتـی بێـزاری خەڵکـی لـە شـێوازی ژیـان و بـاری گـوزەران و ئازادیـی سیاسـی و ئایینـی و ڕۆشـنبیری و چەندانـی دیکەشـی قۆسـتووەتەوە، لێـرەدا پیاوێـک هەیـە ڕۆڵـی گـەورەی هەبـووە لـە دنەدانـی خەڵکـی موسـڵمانان دژ بـە حکوومـەت و سـەرقاڵی بڵاوکردنـەوەی توندڕۆیـی بـووە، ئەویـش عەلـی باپیـرە کـە بـۆ جووڵاندنـی سـۆزی ئایینـی خەڵـک، دەڵێـت: «ئیسـلام بەرنامـەی بـێ هەڵـە و پەڵـەی ژیانـە و کلیـل و چارەسـەری هەمـوو گیروگرفتەکانـە».

قسـەکردنی ئێمـە لەسـەر خـودی ئیسـلام نییـە، وەک ئاییـن، هەڵبـەت ئەمـە بـە مانـای نەبوونـی سـەرنجیش نایـەت لەسـەری، بەڵکـوو قسـەی ئێمـە لەسـەر ئـەو گوتارەیـە کـە دەخوازێـت لـە ڕێگـەی زاڵکردنـی ئایینـی ئیسـلامەوە بەسـەر ئەوانـی دیکـەدا خـۆی بکاتـە نموونەیـەک بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی موسـڵمانانی کوردسـتان، ئاشـکرایە کۆمەڵگـەی کوردسـتانیش زۆرینـەی ئیسـلامی بـە هـەر جـۆرە هۆکارێکـەوە بێـت، قەبـووڵ کـردووە و باشـترین کەرەسـتەی بزاوتنـی ئیسـلامیش ئـەو جەمـاوەرە

ئايينييـه بــووه كـه بـه ئاســانی دەتواندرێــت بــۆ مەرامــی سياســی بجوڵێندرێــن.

بــه ســەرنجدان لــەو تێگەيشــتنەی عەلــی باپيـر بـۆ ئاييــن، دەتوانيــن بڵێيــن ئـەو پيـاوە دەخوازێـت كۆمەڵگـەی كوردسـتان لەنــاو فەزايەكــی تونــدی ئايينيــدا چەقبەســتوو بــكات بــەوەی جگـه ئيسـلام هيـچ سيسـتەم و ئاييــن و فيكرێكـی ديكـه هەتـا ياســاييش كليلــی چارەســەری گرفتــەكان نەبــن، واتــه پێيوايــه دەبێــت ئيســلام ببێتــه ئايينــی دەوڵــەت و بەمــه كاريگــەری نەرێيــی لەســەر پێكەوەژيانــی پێكهاتەكانــی كوردســتان دروســت دەكات و هەڕەشــەيەكی جيــدی لەوبارەيــەوە دەهێنێتــه كايــەوە، ئــەو گوتــارە زۆر مەترســيدارە كــە دەڵــێ تەنــێ ئيســلامە چارەســەری هەمــوو گرفتــەكان دەكات و دەبــێ ئايينــی دەوڵــەت و ســەرچاوەی ســەرەكی دەركردنــی ياســاكان بێــت و هەمــووان پێــوەی پابەنــد بــن، ئــەو گوتــارە لــە لای ئيســلامييەكان لــە لووتكەدايــە، گرنــگ ئەوەيــە خەڵكــی كوردســتانيش بەوپــەڕی ڕاشــكاوييەوە ئــەو گوتــارە توندڕۆييــە ڕەت بكەنــەوە، بەمەيــش هــەم ســوود بــە ئيسـلام و هەميـش بـە كۆمەڵگـە دەگەيەندرێـت، ئاشــكرايە گرووپــە ئيســلامييەكان، ئاييــن بــۆ بەرژەوەنديــی خۆيــان بــەكار دەهێنــن و ســڵيش ناكەنــەوە لــەوەی بەهــۆی ئـەو گوتـارە توندڕۆييـە كۆمەڵگـە بـەرەو كـوێ هەنـگاو دەنێـت، مەگـەر ئـەوە ئـەوان نيـن بـەردەوام سـەرقاڵی تەقينـەوە و كاری خۆكوژيــن!

ڕاستە ئایین لە ڕووی ڕۆحییەوە کاریگەری بەسەر بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام کاتێک مەسەلەکان دەگەنە ئاستی دەوڵەتداری و کاروباری سیاسی، شتگەلی دیکە دروست دەبن، کە ڕەنگە بە ئامۆژگاریی ئایینی چارەسەر نەبن، ئەمە نە بەکەم سەیرکردنی ئایینە و نە دژایەتیکردنێتیشی، بەڵکوو بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگە و ئاشنابوونی بە جۆر و شێوازی ژیان و شاڵاوی تەکنۆلۆژیا و بەرزبوونەوەی خواستی مرۆڤ بۆ کاڵا و بەرهەمی تازەی تەکنۆلۆژی و سەرقاڵبوونی بە زۆر کایەی دیکەوە، هەروەها لە ڕووی دەرکردنی یاسا و مامەڵەی دەوڵەت بەرانبەر هاووڵاتییان و شوناسی حوکمڕانێتی، گۆڕانکاری گەورە گەورە ڕوویانداوە، ئیدی ئایین تاقەتی ئەو شەپۆلانەی نییە، کەچی ئەوە عەلی باپیر و هاوفیکرەکانین لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن ڕیفۆرمی ئایینی بکەن، هەر هیچ نەبێت لەو بەشەی کوردستاندا ئایین لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتندا بگونجێنن، بە پێچەوانەوە ئایینیان کردووەتە سەرچاوەی گرفتەکان و گوتاری شەڕانگێزییان لێی بەرهەمهێناوە، کە دواجار ئەمە زیانی بۆ خودی ئیسلامیش دەبێت، کۆمەڵگەیش دەخاتە دۆزەخەوە.

هەر کە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەخرێتە ئەستۆی پیاوانی ئایینی، لەم جەنجاڵییەی ئێستای قۆناغی سەرمایەداری و شەڕی کۆمپانیاکاندا، بێگومان زیانی گەورە بەر ئایین دەکەوێت، چونکە ئایین ناتوانێت لە سەردەمی ئێستادا

دەرەقەتــی ئــەو هەمــوو گۆڕانــکاری و پێشــکەوتنە زانســتی و تەکنۆلــۆژی و پەروەردەیــی و تەندروســتی و سیســتەمی سیاســی و بانکییــە بێــت، بــەو تێگەیشــتنەی عەلــی باپیــر بــۆ ئاییــن هەیەتــی، خــودی ئیســلامیش تووشــی کێشــە دەکات، چونکــە ئیســلام دووچــاری بەرپرســیارێتییەکی قــورس دەکاتــەوە و دەیخاتــە نــاو جەنجاڵییەکانــی ئێســتای کۆمەڵگــەوە کــە بەدەســت هــەزاران گرفتــی ئابــووری و سیاســی و کۆمەڵایەتــی و سایکۆلۆژی و دونیایــەک پرســی دیکــەوە گیــرۆدە بــووە، تەنانــەت خــودی سیســتەمە پێشــکەوتووەکانی دونیــاش نەیانتوانیــوە هەمــوو کێشــەکانی کۆمەڵگــە چارەســەر بکــەن، چجــای ئاییــن! بــەڵام عەلــی باپیــر پێیوایــە دەوڵەتــی ئایینــی دەتوانێــت هەمــوو کێشــەکان چارەســەر بــکات، ئەمەیــە هەڵــە تێگەیشــتنەکەی ئــەو پیــاوە کــە دەرکــی بــەوە نەکــردووە هــەر ڕۆژەی بەهــۆی گۆڕانکارییــە خێراکانــی تەکنۆلۆژیــا و ئابــووری و سیاســی، خواســتی مــرۆڤ بــۆ شــتی تــازە، ئەویــش گۆڕانــکاری بەســەردا دێــت، لــە ئەگــەری هــەر گۆڕانکارییەکیشــدا ئیــدی یاســای تــازە و شــێوازی تــازەی حوکمڕانێتــی دێنــە کایــەوە، مرۆڤــی ئێســتا بەدەســت تەکنۆلۆژیــا و ســەرمایەدارییەوە وەک ڤیــرژن وایــە، دەبــێ زوو زوو تێڕوانینــی بگۆڕێــت یــان ئەبدەیتــی بکاتــەوە، ئەگینــا ناتوانێــت لــە تــەک شــەپۆلەکاندا بچێتــە پێشــەوە.

کەوایــە ئــەو پیــاوە لــە تێڕوانینیــدا بــۆ ڕۆڵــی ئاییــن، دووچــاری هەڵەیەکــی قووڵبووەتــەوە، لــەم قۆناغــەی

مرۆڤایەتییـدا کـە ئاماژەمـان پێیـدا بەدەسـت ڤێرژنـە تازەکانـی تەکنۆلۆژیـا و سـەرمایەدارییەوە گیریخـواردووە و ناکـرێ لـە تەکیشـیاندا ڕێنـەکات، چونکـە شـێوازی ژیـان وای لێهاتـووە دەبـێ مـرۆڤ لەگـەڵ ئـەو ڤێرژنـە تازانـەدا خـۆی نـوێ بکاتـەوە، هەرگیـز ناتوانێـت بـە تێڕوانینێکـی کلاسـیکییانە لەگـەڵ ڕەوتـی شارسـتانییەتدا بچێتـە پێشـەوە.

# سێکۆلاریزم
# لە ڕوانگەی «عەفیف ئەخزەر»ەوە

وەک لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێی کرد کە سێکۆلاریزم چونکە کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی ئینسان و ڕەخساندنی زەمینەی ئازادی و یەکسانی و باڵادەستی یاسا و کرانەوەی کۆمەڵگە دەکات، بەهۆیەوە سەرەتا لە ئەورووپادا ڕووبەڕووی بەربەستی زۆر بۆیەوە، وێڕای ئەوە دواجار توانی ئەو بەربەستانە بشکێنێت و وەک پێویستییەک ڕەگی خۆی لە سیستەمی حوکمڕانیدا دابکوتێت، لەگەڵ گەیشتنی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامیشدا بە

بەردەوامـی بـە دەیـان جـۆر و بـە مەبەسـت پێناسـەی دەکـەن و هەوڵـی شـێواندنی دەدەن، ئاخـر گرووپـی ئیسـلامی نانیـان لـە چەقبەسـتوویی کۆمەڵگەدایـە و ڕێـک بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە، سـێکۆلاریزم کار بـۆ کرانـەوە و ئـازادی دەکات، ئەمـە بۆیـە هەمیشـە ئیسـلامییەکان، سـێکۆلاریزم بـە بەربەسـت لەبـەردەم خۆیانـدا دەبینـن، لەکاتێکـدا گرفتـی لەگـەڵ هیـچ کـەس و لایـەن و فیکـر و ئایینێکـدا نییـە، بـە یەکسـانی دەیانبینێـت و هەمـووان دەتوانـن لـە سایەیدا بـە ئاشـتی بژیـن و ژیانیـان بـە گوێـرەی یاسـا پارێـزراو دەبێـت.

مـن لـە عەلـی باپیـر دەپرسـم، ئایـا ئینسـانەکان لـە سـایەی گرووپـە ئیسـلامییەکان ژیانیـان پارێـزراو دەبێـت؟ لێـرەدا چەنـد نموونەیەکـی بـۆ دەهێنینـەوە کـە خـۆی زۆر بـاش لێیـان تێـدەگات، ئەوانیـش نموونـەی دەسـەڵاتی ئیسـلامییەکانە لـە ئەفغانسـان و خێڵـی حەمـەی باشـووری کوردسـتان و داعـش لـە مووسـڵ و سـووریا و مەرگەسـاتی کوشـتن و ڕفانـدن و ئەتککـردن و دەسـتدرێژیکردنە سـەر ژنانـی ئێزیـدی، کـە هەموویـان لـە بەرئەنجامـی دەسـەڵاتی ئیسـلامی سیاسـیدا ڕوویانـداوە.

لـە شـوێنێکی تـردا سـەبارەت چەمکـی عەلمانییـەت عەلـی باپیـر دەڵێـت: «هـەر کار و زانسـتێک، سیاسـەت بێـت یـان کۆمەڵایەتـی بێـت، یـان ئابـووری یـان هـەر لایەنێکـی دیکـەی ژیـان، ئەگـەر ئاییـن هەوێـن و ئاوێتـەی نەبێـت، واتـە بێدیـن بێـت و دوور لـە دیـن بێـت، هیـچ کەڵـک و نرخێکـی نییـە،

چونکـە دەبێتـە هـەوا و ئـارەزووی بـەدی شـەیتان و ئینسـان بـە کەیفـی خـۆی دەکات، هیـچ قیـەم و ئەخـلاق و ویژدانێکـی لـە ژیانـدا لـەلا نامێنێـت».

ئـەوەی ئـەو پیـاوە دەیڵێـت کـە مەبەسـتی سـێکۆلاریزمە، دوور و نزیـک پەیوەنـدی بـەو چەمکـە مۆدێرنـەوە نییـە، ئـەو پێیوایـە هـەر کار و زانسـتێک ئەگـەر ئاییـن هەوێنیـان نەبێـت، هیـچ سـوودێکیان نابێـت، ئـەم تێگەیشـتنە لـە دەمێکدایـە بـە بەڵگـە سـەلمێندراوە کـە دەوڵەتـی ئایینـی نەیتوانیـوە لـە خۆشـبەختکردنی هاووڵاتییەکانـی سـەرکەوتوو بێـت، نموونـەی تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان، ئێـران و سـعوودییە و ئەزموونـی یەکساڵەی ئیخـوان لـە میسر و پاشـان عێراقـی سـەردەمی نـووری مالیکـی و حەیـدەر عەبـادی کـە بەهـۆی جووڵانـەوەی هەسـتی تایەفەگـەری و شـەڕی ئاینـزاکان، گەلانـی عێـراق دووچـاری کارەسـاتێک بوونـەوە، لـە ئەنجامـی ئـەو ململانـێ ئایینـی و مەزهەبیەشـدا لەنێـوان سـوننە و شـیعە، گرووپێکـی تیرۆریسـتی وەک داعـش پەیـدا دەبێـت و ئیـدی کارەسـات لەوێـوە بـە فۆڕمێکـی ترسـناکتر دەسـتپێدەکاتەوە، هەمـوو ئەوانـەش لـە ئەنجامـی غیابـی دەسـەڵاتێکی مەدەنـی هاتووەتـە کایـەوە بـەوەی دەسـەڵات نەیتوانیـوە بـۆ لای هاووڵاتییـان شـۆڕبێتەوە و خواسـتی ژیانیـان دابیـن بـکات، بەڵکـوو هاووڵاتییـان وەک خزمەتـکاری دەسـەڵات بینـدراون و بەکارهێنـدراون و کـراون بـە قوربانـی ململانێـی سیاسـی و مەزهەبـی.

ئەمــە چ توندڕۆییەکــە پێتوابێــت ئــەو زانســت و سیســتەمە ئابــووری و سیاســییانەی، ئەگــەر ئایینــی نەبــن، هــەوا و هەوەســی شــەیتانن و هیــچ قیــەم و ئەخلاقێــک لای مــرۆڤ ناهێڵــن! بەڕاســتی تــەواو پێچەوانــەی بنەمــا و ئامانجەکانــی سـێکۆلاریزمە، کــە مــرۆڤ دەکات بــە ســەنتەری شــتەکان، نــەک پاشــکۆی پیرۆزکــراوەکان.

عەفیــف ئەخــزەر، بیرمەنــدی گــەورەی عــەرەب لــە کتێبــی «عەلمانییــەت و ئســوڵییەت» کــە شــوان ئەحمــەد وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی، دەڵێــت: «عەلمانییــەت کلیلــی مۆدێرنــەی سیاســییە، لەبــەر ئــەوەی دەتوانێــت ئیمانــدار لــە هاووڵاتــی جیــا بکاتــەوە، بــاوەڕ و ئیمانــی کەســی ئیمانــدار بــۆ خۆیەتــی و شــتێکە پەیوەنــدی بــە خۆیــەوە هەیــە و پەیوەنــدی بــە ئــەرک و مافەکانییــەوە نییــە، وەک هاووڵاتییــەک. ئەخــزەر دەشــڵێت: مرۆڤــی ئیمانــدار لــە مزگــەوت یــان کڵێســا یاخــود لــە کنێســادا مومارەســەی ئیمانــداری و خواپەرســتی خــۆی دەکات. لەکاتێکــدا هاووڵاتیــی مومارەســەی هاووڵاتیبوونــی خــۆی، وەک ئــەرک و مــاف، لــە چوارچێــوەی هەمــوو نیشــتماندا دەکات، لەبــەر ئــەوەی هاووڵاتیبــوون مافێکــی ڕەوای هەمــوو هاووڵاتییەکــە بــێ هیــچ هەڵاوێردنێــک».

ئــەوەی عەفیــف ئەخــزەر دەیڵێــت، تــەواو لەگــەڵ بۆچوونەکــەی عەلــی باپیــردا جیــاوازە، خــۆ ناکــرێ بڵێیــن عەلــی باپیــر باشــتر لــە بیرمەنــد عەفیــف لــە چەمــک و ئامانجــی

سـێکۆلاریزم تێگەیشـتووە! هەڵبـەت ئـەوەی ئـەو بیرمەنـدە عەرەبـە دەیڵێـت، حەقیقەتەکـەی لەوەدایـە بێلایەنانـە خوێندنـەوەی بـۆ ئامانجـی سـێکۆلاریزم کـردووە و وەک عەلـی باپیـر خـۆی نەخسـتووەتە سـەنگەرێکەوە و بـۆ بەرژەوەنـدی لایـەک تەقـە لـە لایەکـی دیکـە بـکات. بـاوەڕی مـرۆڤ بـۆ خۆیەتـی و پەیوەنـدی بـە ئەرکەکانـی نییـە لـە چوارچێـوەی کاروبارەکانـی دەوڵەتـدا، واتـە مـەرج نییـە ئـەوەی ئیمانـدار بێـت، کەسـێکی پـاک و فریشـتە بێـت، ئـەوەی ئیمانداریـش نەبێـت، شـەیتان و بێئەخـلاق بێـت! ئەمـە تێگەیشـتنی هەڵـەی عەلـی باپیـرە کـە پێیوایـە ئـەو زانسـت و سیسـتەمە سیاسـییانەی ئایینـی نیـن، هـەوا و ئـارەزووی شـەیتان دەخوڵقێنـن و کۆمەڵگـە دووچـاری بێقیەمـی و بێویژدانـی و بێئەخلاقـی دەکـەن.

لـە لایەکـی دیکـەوە، دەکرێـت بیـری عەلـی باپیـر بهێنینـەوە کـە بیرمەندانـی دونیـا تاڕادەیـەک کۆکـن لەسـەر ئـەوەی مرۆڤایەتیـی قۆناغـی ئەفسـانە و قۆناغـی ئایینـی تێپەڕانـدووە و ئێسـتاش لـە قۆناغـی زانسـت و تەکنەلۆژیـادا دەژیـەت، ئەفسـانە ئـەو چیـرۆک و گێڕانـەوە مێژووییانـە دەگرێتـەوە کـە بەڵگـەی سـەلماندنیان نییـە، واتـە بەتاڵـن، بـەڵام پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی بەهێـز لەنێـوان ئەفسـانە و ئاییندا هەیـە و دواتـر لـە ئەنجامـی گەشـەکردنی زانسـت، کـە بەرهەمـی عەقڵـی مرۆڤـە، تەکنەلۆژیـا بـە مانـا فراوانەکـەی بەرهـەم دێـت، بـەڵام پەیوەنـدی بـە هیچیانـەوە نییـە، واتـە تەکنۆلۆژیـا لـە هەنـاوی ئەفسـانە و

ئایینـەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە، بەڵکـوو لـە ئەنجامـی گەشـە و بیرکردنـەوەی عەقڵانیـی مرۆڤـەوە پەیـدا بـووە، بـەو پێیـەی ئاییـن کۆمەڵێـک بنەمـای جێگیـری هـەن، ناکرێـت لێیـان دەربچێـت، بـەڵام زانسـت دەسـتدەکات بـە هەمـوو کونوکەلەبەرێکـی ئـەو کەونـەدا تـا بەرهەمێکـی دیکـەی تەکنۆلـۆژی بخاتـە پێشـچاوی خەڵکـەوە، مەگـەر ئـەوە تەکنەلۆژیـا نەبـوو، مرۆڤـی بەبـێ بـاڵ بـردە ئاسـمان! ئەمـڕۆ کـە ئـەم بەشـەی کتێبەکـەی تێـدا دەنووسرێـت، ڕۆژی دووشـەممەیە و ڕێککەوتـی ١٩ی نیسـانی٢٠٢١، ئاژانسـەکانی هـەواڵ بڵاویـان کـردەوە کـە فەرمانگـەی فڕۆکەوانـی و بۆشـایی ئاسـمانی ئەمەریـکا (ناسـا) لـە چوارچێـوەی ئەرکـە بەردەوامەکانیـدا لەسـەر هەسـارەی مەریـخ، لـە کارپێکـردن و فڕینـی هێلیکۆپتەرێکـی بچـووک بـە نـاوی ئینجینویتـی لەسـەر هەسـارەی مەریـخ سـەرکەوتووبووە. سـەیری ئـەم ڕێکەوتـە، لێـرەدا لـە عەلـی باپیـر و هاوبیرەکانـی دەپرسـین، ئایـا کـەی وڵاتێکـی عەرەبـی ئیسـلامی دەتوانێـت، مێژوویەکـی لەمجـۆرە بـۆ دونیـای ئیسـلام تۆمـار بـکات؟ ئایـا ئـەم سـەرکەوتنە لـە بەرئەنجامـی بیـری ئایینییـەوە هاتـووە یـان عەقـڵ و تەکنۆلۆژیـا؟ وەڵامەکـەی ئاسـانە، بـەڵام ئیسـلامییەکان خۆیانـی لـێ دەشـارنەوە و ڕەنگـە بڵێـن لـە قورئانـدا ئامـاژە بـە فڕینـی ئـەو فڕۆکەیـە لەسـەر مەریـخ کـراوە!

عەفیـف پێشـیوایە مرۆڤـی ئیمانـدار لـە مزگـەوت یـان کڵێسـا یـان کنێسـادا مومارەسـەی ئیمانـداری و خواپەرسـتی

خـۆی دەکات و هاووڵاتییـش کـە مەبەسـتی ئـەو توێژەیـە، ڕەنگـە ئەهلـی دینـداری نەبـن، مومارەسـەی هاووڵاتیبوونـی خۆیـان دەکـەن، لێـرەدا دەکەوینـە بـەردەم دوو تێگەیشـتنی جیـاوازەوە بـۆ عەلمانییـەت، یەکێـک پێیوایـە عەلمانییـەت دەرگـە بـۆ مومارەسـەکردنی مافـی هاووڵاتیبـوون خۆشـدەکات و ئـەوی دیکـە کـە مەبەسـت لـە عەلـی باپیـرە پێیوایـە کایەکانـی کۆمەڵگـە بەبـێ ئاییـن، دەبنـە هـەوای بـەدی شـەیتان و بێئەخلاقـی و بێویژدانـی بـڵاو دەکەنـەوە! ئەمـە لەکاتێکدایـە سـێکۆلاریزم بـە هیـچ شـێوەیەک ئـەوە نییـە عەلـی باپیـر لێـی تێگەیشـتووە یـان بـە ئەنقەسـت وای دەناسـێنێت.

بـە درێژایـی مێـژووی سیاسـی و ئایینـی، دەسـەڵاتدار و پیـاوە ئایینـەکان لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامیدا بەدەسـت دەردێکـەوە ناڵاندوویانـە، ئەویـش ڕەتکرنـەوەی بەرانبـەر بـووە، واتـە جۆرێـک تێگەیشـتن و هەڵوێسـت پەیڕەوکـراوە کـە ئـەوە تەنیـا ئیسـلامە مرۆڤایەتـی ئـازاد و ئاسـوودە دەکات، بەدەریـش لـە ئیسـلام هیـچ کۆمەڵگەیـەک بـەرەو پێشـەوە ناچێـت و ئـەوە ئیسـلامە دونیـا و دواڕۆژ بـۆ ئینسـان فەراهـەم دەکات، ئـەو تێگەیشـتنە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ لەگـەڵ دروسـتبوونی حیـزب و ڕەوتـی ئیسـلامی سیاسـیدا هەنـگاوی تازەتـری نـاوە، بـەڵام لەسـەر هەمـان ڕیتمـی پێـش خـۆی ڕۆیشـتووە و ڕەگـی داکوتـاوە، واتـە درێژکـراوەی هەمـان ئـەو تێگەیشـتنە بـووە کـە جگـە لـە ئیسـلام هیـچ ئایینێکـی دیکـە، هـی ئـەوە نیـن مرۆڤایەتـی پشـتیان پـێ ببەسـتێت بـۆ

ئاسوودەکردنی مرۆڤایەتی.

عەلی باپیریش درێژەپێدەری هەمان تێگەیشتنی توندڕۆیانەیە بۆ دەوروبەرەکەی، واتە ئەویش بە ڕاشکاوی دەڵێت، جگە لە ئیسلام هیچ ئایینێکی دیکە، هی ئەوە نییە مرۆڤایەتی ئومێدی پێی هەبێت، ئەوەتا دەنووسێت: «ئیسلام بەڕاستی پڕ بە پێستی ژیانە، ئەو ئایینەیە کە ژیان بەرەو پێشەوە دەبات و مرۆڤ ئازاد دەکات و بەرژەوەندییەکانی دونیا و دواڕۆژی بۆ فەراهەم و دەستەبەر دەکات، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییش تەنیا بە ئیسلام ئازاد و ئاسوودە و بەختیار و گەشاوە دەبیت».

دەکرێ لە گۆشەنیگایەکی سیاسییەوە سەیری ئەم بۆچوونەی عەلی باپیر بکەین، ئەو خەریکی دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسییە بتوانێت ئەسپی ئامانجە سیاسییەکەی خۆی لێ تاوبدات، بۆ ئەوەی عەلی باپیر و هاوبیرەکانی باشتر لە سێکۆلاریزم حاڵی بن، پێویستە زۆر بە کورتی بڵێین جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان ئامانجی حیزبی ئیسلامی و ئامانجی سێکۆلاریزمدا هەیە، جیاوازییەک بەهۆیەوە حیزبی ئیسلامی هەمیشە سەنگەری لە سێکۆلاریزم گرتووە و لە ڕوئیای حیزبی ئیسلامیدا، سێکۆلاریزم هۆیەکی سەرەکییە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، چونکی ئامانجی سێکۆلاریزم بڵاوکردنەوەی فیکری دونیاگەراییە، واتە دونیای لەلا پیرۆزە و لە ژیاندا هەوڵی بەرجەستەکردنی حەز و ئاواتەکانی

مرۆڤایەتـی دەدات، لـە بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگەشـدا، هیـچ کات بـۆ هەسـت و ئامۆژگاریـی ئایینـی ناگەڕێتـەوە، بـەڵام حیزبـی ئیسلامی دەیانەوێت ئایین وەک کەرەستەیەکی خاو لە کارگەی سیاسـیی خۆیانـدا بەکاربهێنـن و ئـەو کاڵایـەی لـێ دروسـت بکـەن کـە خۆیـان دەیانەوێـت! واتـە ئامانجیـان هێشـتنەوەی کۆمەڵگەیـە لـە خاڵـی چەقبەسـتوویی و دواکەوتوویـدا بـە پاشـخانی ترادیسـیۆنی ئایینـی و خێڵگەرایـی، لـە بەرانبـەردا سـێکۆلاریزم سـەرجەم دەرگـەکان واڵا دەکات، چونکـە کلیلەکانـی لای خۆیەتـی تـا مومارەسـەی حەزەکانـی خـۆی بـکات، هەڵبـەت لـە چوارچێـوەی کۆمەڵێـک یاسـا و ڕێـکاری دونیاییـدا کـە ڕێگـرن لـەوەی هیـچ کـەس بـۆی نەبێـت، هێـرش بکاتـە سـەر ئـازادی و حەزەکانـی ئـەوی دیکـە، بـە هەمـان شـێوەش دەرفـەت بـۆ دینداریێکیـش دەڕەخسـێنێت بـە ئـازادی مومارەسـەی عەقیـدەی ئایینـی خـۆی بـکات، بـەڵام ڕێگـری لـێ دەکات بەهـۆی ئایینەکەیـەوە خـۆی لـە بەرانبـەر ئەوانـی دیکـەدا پیرۆزتـر ببینێـت، کەچـی لـە دیـدی حیزبـی ئیسـلامیدا، تـۆ مـادام موسـڵمانی سـەر بـەو نیـت، تاکێکـی هەڵگەڕاوەیـت و دەبـێ لـە پرۆسـەیەکی بانگخوازیـدا بکرێیـت بـە موسـڵمانی پێرفێکـت، خـۆ ئەگـەر ڕەتیشـی بکەیتـەوە، دەکەویتـە بـەردەم شـەپۆلی ڕەخنـە و جیهـادی توندوتیژییـەوە.

لێـرەدا ئیسـلامی سیاسـی ترسـی گـەورەی بـۆ دروسـت دەبێـت، بەهـۆی ئـەوەی سـێکۆلاریزم ئامانجـی بڵاوکردنـەوەی

کولتووری جیاوازی و ئازادی و دونیاپەرستییە، ئەمەیش بۆ حیزب و بزاوتی ئیسلامی باش نییە، بەهۆیەوە خەڵک هۆشیار دەبنەوە، بۆیە حیزبی ئیسلامی ئەمە وەک مەترسی بۆ سەر خۆیان دەبینن، بەو پێیەی ترسێکی قووڵی مێژوویی و کولتوورییان لەگەڵ ئازادیدا هەیە، بۆیە هیچ کات کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ئازادی و دیموکراسییان بەخۆیانەوە نەدیوە، ئەگەر چەند ساڵێک وڵاتێکیش ئازادی تێدا ڕەخسا بووبێت، دواتر سەرەوژێر بووەتەوە، چونکە دیموکراسی و ئازادی، لەو وڵاتەدا بنەمایەکی مێژوویی و کولتوورییان نەبووە، بۆیە گەشە ناکەن، بە تایبەتی ئێستا کە حیزبی ئیسلامی بە جیدی کار دەکات بۆ ئەوەی دیموکراسی گۆڕەپانەکەی فراوان نەبێت بەوەی ترسی لە گەشەکردنی هەیە، ئەو ترسەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دیموکراسی دەبێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و دواتر تاکگەلێکی پرسیارکەر و ئازاد دروست دەکات، ئەم تاکە پرسیارکەرە ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەدات کە بە ئاشکرا ئایین بۆ مەرامی تایبەتی بەکار دەهێنن.

لەبەر ئەوەشە حیزبی ئیسلامی دەخوازێت کۆمەڵگە لە چوارچێوەی چەقبەستوویی خۆیدا نەیەتەدەرەوە، کەوایە سێکۆلاریزم گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بزاوتی ئیسلامی سیاسی، لە بەرانبەردا سوودی گەورەی بۆ کرانەوە و خۆشبەختکردنی مرۆڤایەتی دەبێت و سەدان

نموونـەی زینـدووش هـەن، بەوپێیـەی خەڵکیـان لـێ هۆشـیار دەکاتـەوە و لـە پەرچەکـرداردا ئیـدی ماکینـەی میدیایـی و سـۆزداری دژی سـێکۆلاریزم دەخرێتـە کارەوە، لەکاتێکـدا ئەزمـوون سـەلماندویەتی کـە سـێکۆلاریزم بووەتـە هـۆی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە ئەوروپییـەکان و کـەم و زۆر کاریگـەری لەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیش هەبـووە، کەچـی حیزبـی ئیسـلامی خـۆی لـەو ڕاسـتییە دەشـارێتەوە و دژایەتـی خـۆی بـۆی ڕاگەیانـدووە، ئاخـر گەشـەی سـێکۆلاریزم یانـی هۆشـیاری کۆمەڵگـە و هۆشـیاری کۆمەڵگـەش لـە زیانـی پەرەسـەندنی ئیسـلامی سیاسـیدایە، چونکـە گەشـەکردن و بوونـی خـۆی لـە کۆمەڵگـەی دواکەوتـوو و ناهۆشـیاردا دەبینێتـەوە، بـەوەی بـە ئاسـانی دەتوانێـت بـە کەرەسـتەگەلێکی ئایینـی، کاریگـەری دروسـت بـکات و خـۆی وەک نوێنـەری ئاییـن و بـە پیـرۆز نیشـان بـدات، بـەڵام لـە سـێکۆلاریزمدا هیـچ کـەس نوێنـەری ئاییـن نییـە و کەسـیش لـە بەرانبـەر ئـەوی دیکـەدا پیرۆز نابێـت یـان بـۆی نییـە خـۆی وەک کەسـی پیـرۆز بسـەپێنێت، ئەمەیـش گەورەتریـن هەڕەشـە بـۆ سـەر حیزبـی ئیسـلامی دروسـت دەکات، چونکـە حیـزب و کەسـایەتییە ئیسـلامییەکان بـە سـوودوەرگرتن لـە سـادەیی خەڵـک خۆیـان وەک نوێنـەری ئاییـن ناسـاندووە.

# ڕۆحی سێکۆلاریزم

بەراورد بە چەند دەیەیەک لەمەوپێش، ئێستا ڕۆژئاواییەکان بەو شێوەیەی جاران سەرقاڵی پێناسەکردنی سێکۆلاریزم نین، بەوپێیەی بە قووڵی تێکەڵ بە ستایلی ژیانیان بووە و تەنانەت بووەتە بەشێکیش لە کولتووریان، ڕەنگە ببێتە جێی پرسیار ئێستا بیرمەندێک یان نووسەرێک لە کۆمەڵگەیەکی ئەورووپاییدا بڵێ پێویستە ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە! بۆچی؟ چونکە هەر خۆی ئەوان بە کردەوە ئایینیان لە کاروباری دەوڵەتداری جیاکردووەتەوە

و ئـەو بابەتـە بـەلای ئـەو نەوەیـەی ئەورووپـاوە نـەک هـەر کێشـەیەک نییـە، بەڵکـوو دەرک پێنەکراویشـە، مەبەسـت ئەوەیـە مـادام کۆمەڵگـەی ئەورووپایـی ئێسـتا کێشـەیەکی ئەوهـای نییـە، چـۆن داوای جیاکردنـەوەی ئایـن لـە دەوڵـەت بکرێـت! ئاخـر هـەر خـۆی ئەمـە پێشـتر کـراوە و ئێسـتاش بـە قووڵـی ڕۆچووەتـە نـاو سـتایلی ژیانـی هـەر تاکێکـی ئەورووپاییـەوە. لـە ڕووی سیسـتەمی سیاسـی و دەوڵەتداریشـەوە هەژموونـی خـۆی بەسـەر ڕۆژئـاوادا سـەپاندووە، دروسـتتر هیـچ دەرچەیەکـی بـۆ چەوسـاندنەوە و پێشـێلکاری بەرانبـەر بـە مـرۆڤ نەهێشـتووەتەوە تـا ئـەو ئاسـتەی ڕژێمەکانـی حکـوم بـێ ئـەوەی خۆیـان مشـەوەش بکـەن، ڕێـز لـە ئازادیـی ڕادەربڕیـن دەگـرن و لەسـەر بنەمـای سـێکۆلاریزمدا پەیـڕەو لـە هەمـوو شـت دەکـەن. لـە ڕەهەندێکـی دیکـەوە ڕۆژئاواییـەکان ئەزموونـی دەوڵەتـی سـێکۆلاریزمییان تاقیکردووەتـەوە و ئێسـتا لـە قۆناغـی چنینـەوەی بەرهەمەکەیـدا دەژیـن، سـەرباری ئـەوە هێشـتا سـێکۆلاریزم قۆنـاغ بـە قۆنـاغ لـە گەشەسـەندن و گۆڕانـکاری ئەرێنیدایـە کـە لـە بەرژەوەندیـی ئـازادی و گەڕانـەوەی شـکۆی زەوتکـراوی مـرۆڤ لـە کۆمەڵگەکانـی ڕۆژئاواییـدا دەکەوێتـەوە.

ڕاسـتە سـێکۆلاریزم ئێسـتا بووەتـە سـتایلی ژیانـی کۆمەڵگەکانـی ئەورووپـا و تێکـەڵ بـە هەمـوو شـتێکیان بـووە، بـەڵام ئەویـش لـە سـەرەتای دەرکەوتنـی لـەو ڕۆژئاوایـەدا دووچـاری ئاسـتەنگی گـەورە گـەورە بووەتـەوە و بەنـاو ڕووبـاری

خوێنــدا کەشــتییەکەی گەیشــتووەتە ئێــرە، بــەڵام ســەرئەنجام توانیــان قەبــووڵ و پەیــڕەوی بکــەن، ئێســتاش لــە ڕۆژهەڵاتــدا لەلایــەن گــرووپ و کەسایەتییە توندڕۆ ئیسلامییەکان پێناسەی هەڵــە و مەبەســتداری بــۆ دەکرێــت و ســەنگەری لــێ دەگیرێــت و لۆبــی لــە دژ دروســت دەکــەن، بــەڵام ئــەوەی ڕۆژئــاوا جیــاواز بــوو، بەهــۆی تینووێتــی تاکــی ڕۆژئاوایــی بــۆ ئــازادی و گەڕاندنــەوەی شــکۆی لەدەســتچووی، ئیــدی عەلمانییــەت توانــی بەربەســتەکان تێکبشــکێنێ و لــە پەنجــەرەوە ڕووناکــی بباتــە نــاو ڕۆحــی تاریکــی مرۆڤــی ڕۆژئاواییــەوە کــە لێــرەدا مەبەســت لــە کۆمەڵگەکانــی ئەورووپایــە، بــەوەی بەدەســت پەتــای ســتەمکاری دەیناڵانــد، هــەر ئــەوەش وای کــرد قۆنــاغ بــە قۆنــاغ وەک پێویســتییەکی مرۆیــی بــە خێرایــی بــڵاو ببێتــەوە، نــەک لــە ڕێگــەی چــەک و گوشــاری هێــزەوە، چونکــە بنەمــای فیکــری ســێکۆلاریزم لەگــەڵ توندوتیژیــدا یەکناگرێتــەوە، بەڵکــوو ئــەوە پێویســتیی مرۆڤــە بــۆ ئــازادی و هۆشــیاری وای کــرد کــە ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ ســنوورەکانی فراوانــتر ببێــت و ســەرئەنجام وەک کولتوورێکــی گونجــاو قەبــووڵ بکرێــت.

مەبەســت لــەوەی کــە دەڵێیــن ئێســتا پێناســەی ســێکۆلاریزم ناکــرێ، بــەو مانایــە نییــە بــاری کەوتبێتــە لێــژی و لــە کاروبــاری دەوڵەتــدا بایەخــی نەمابێــت، نەخێــر، پرســەکە لــەوە دەرچــووە حکوومەتێکــی ئەورووپــا بتوانێــت بەهاکانــی ســێکۆلاریزم فەرامــۆش بــکات، بەهــۆی ئــەوەی تــازە ئــەم کایەیــە بووەتــە

کولتـووری مرۆیـی و هیـچ دەسـەڵاتێکی ڕۆژئاواییـش ناتوانێـت خـۆی لـە گرنگـی و پێویسـتی ئـەم کایەیـە بـەدوور بگرێـت یـان دژایەتـی بـکات، دژایەتیکردنـی یەکسـانە بـە دژایەتـی مـرۆڤ و مافەکانـی لـە کۆمەڵگـەدا، واتـە حکوومەتەکانـی ئەورووپـا هەنووکـە ناتوانـن بڵێـن دووبـارە ئاییـن تێکـەڵ بـە یاسـاکانی حکوومـەت دەکەینـەوە یـان هەوڵـی دروسـتکردنی بەربەسـت لەبـەردەم مـاف و ئازادییەکانـی بـدەن، چونکـە بـە هیـچ شـێوەیەک قەبـووڵ ناکرێـت و بـە تونـدی ڕووبـەڕووی ناڕەزایـی دەبنـەوە.

وەک نموونـە: لـە سـاڵی ٢٠٢٠ لـە فەرەنسـا یاسـایەک بـە نـاوی یاسـای ئاسایشـی جیهانـی دەرچـوو، بـە گوێـرەی یاسـاکە ڕێگـری لـە هاووڵاتییـان دەکرێـت کـە وێنـەی پۆلیـس و هێـزە ئەمنییـەکان بگـرن لـە کاتـی ئەرکـدا، لـە کاردانـەوەدا بەشـێکی زۆری فەرەنسـییەکان دژی یاسـاکە وەسـتانەوە و بـە دەیـان خۆپیشـاندانیان ڕێکخسـت و تێیـدا داوای جێبەجێنەکردنـی یاسـاکەیان کـرد بـە پاسـاوی ئـەوەی ئـەم هەنـگاوە ئازادیـی تاکەکەسـی و ڕۆژنامەنووسـان سـنووردار دەکات، تەنانـەت خۆپێشـاندانەکان توندوتیژیـان لێکەوتـەوە و لـە هەنـدێ ڕۆژ و شـوێندا بـە دەیـان ئۆتۆمبێـل و کافتریـا و دوکانیـش سـووتێندران، وەک ناڕەزایـی لـە دژی پۆلیـس و حکوومـەت، ئەمـە ڕوانگـەی فەرەنسـییەکان بـوو بـۆ ئـەو بابەتـە کـە پەیوەنـدی بـە ئازادیـی وێنەگرتـن و کاری ڕۆژنامەوانییـەوە هەیـە، بەوپێیـەی

لـە سـەروبەندی خۆپیشـاندانی ئێلـەگ زەردەکانـی وڵاتەکـەدا، هەنـدێ وێنـەی توندوتیـژی بڵاوبوونـەوە کـە پۆلیـس پێشـێلکاری بەرانبـەر خۆپیشـاندەران دەکات و لەسـەر ئاسـتی جیهانیشـدا بـۆ ناوبانگـی فەرەنسـا بـاش نەبـوو، دەکـرێ گومانـی ئـەوە ببردرێـت کـە یاسـاکە لـە کاردانـەوەی خۆپیشـاندانی ئێلـەگ زەردەکان دەرکـرا، بـەڵام مەسـەلەی ڕێگریکـردن لـە کاری میدیایـی لـە فەرەنسـا ئەگـەر بـە یاسـاش بکرێـت، سـەرکەوتوو نابێـت، چونکـە ئینسـانی فەرەنسـایی تـازە چێژیـان لـە ئـازادی وەرگرتـووە و بـە ئاسـانی دەسـتبەرداری نابـن و دەخـوازن لـەو بـوارەدا لـە لووتکـەدا بمێننـەوە!

بەهـۆی فەراهەمکردنـی ئـەو ئازادییـە هەمەجـۆرەی لـە سـایەی سـێکۆلاریزمدا کۆمەڵگەکانـی ڕۆژئاوایـی بەدەسـتیان هێنـاوە، بـە پێچەوانـەی ڕۆژهـەڵات، پرسـی ئـازادی، پرسـێکی گرنگـە و قوربانـی زۆری لەپێنـاودا دراوە، وەک لـە نموونـەی یاسـاکە کـە نەختێـک ئاماژەمـان پێـی کـرد تاکـی ئەورووپایـی چەنـدە سـوورن لەسـەر پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و ئازادییەکانیـان، بـەڵام بـەو تێگەیشـتنە هەڵەیـەی ڕۆژهەڵاتییـەکان نـا کـە سـتایلی ژیـان و ئازادییەکانـی تـاک لـە ڕۆژئـاوا بـە بێڕەوشـتی و بێدینـی وەسـف دەکـەن.

لـە دەوڵەتـی سـێکۆلاریزمدا باڵانـس لەنێـوان تـەواوی توێـژ و پێکهاتـە ئایینـی و ئایینـزاکان ڕادەگیرێـت، وەک نموونـە، توێەکـی موسـڵمان بەپێـی یاسـاکانی دەوڵـەت، دەتوانێـت

لەنـاو جەرگـەی پاریـس و بەرلیـن و ڕۆمـا و سـتۆکهۆڵمدا کـە ناوەنـدی مەسـیحییەتن لـە ئەورووپـا، ڕێوڕەسـمی ئایینـی خـۆت جێبەجـێ بکەیـت و هاموشـۆی مزگـەوت و شـوێنە ئایینییـەکان بکەیـت، لـەو دۆخـەدا بـە گوێـرەی یاسـا هیـچ کـەس و لایـەن و حکوومەتێـک ناتوانـن ئـەو مافـە کەسـییەت لـێ زەوت بکـەن، بەوپێیـەی لـە چوارچێـوەی ئـەو ئازادییـەی سـێکۆلاریزم زەمینـەی بـۆ ڕەخسـاندووە بـە یاسـا پارێزگاریـت لـێ دەکرێـت و هـەر بـە یاسـاش سـزای ئـەو کەسـانە دەدرێـت کـە پێشـێلکاری بەرانبـەرت دەکـەن.

هەروەهـا بـە هەمـان یاسـا، ڕێگریـت لـێ دەکرێـت کاتێـک بتەوێـت پێشـێلی مافـی ئەوانـی دیکـە بکەیـت، دیسـانەوە یاسـا بەرجەسـتەکە پارێـزگاری لـەوی دیکـەش دەکات بـۆ ئـەوەی دەسـتدرێژی نەکرێتـە سـەر و بەهـا کۆمەڵایەتـی و ئازادییەکانـی نەکەونـە بـەر هەڕەشـەوە، وەکچـۆن پارێـزگاری لەتـۆ دەکات، لەویشـی دەکات، واتـە کاتێـک تۆیەکـی موسـڵمان مافـی ئـەوەت هەیـە مومارەسـەی ئایینـی خـۆت بکەیـت، بـە دڵنیاییـەوە جوولەکەیـەک و مەسـیحییەک و بوزییـەک و زەردەشـتییەکیش هەمـان ئـەو مافـەی تۆیـان هەیـە کـە بـۆت دەسـتەبەرکراوە، تـۆ مافـت نییـە بڵێـی ئایینـی مـن وایـە و هـی ئێـوە وایـە! مافـت نییـە قسـە لەسـەر پەیڕەوانـی ئایینـی خەڵکانـی دیکـە بکەیـت بـە شـێوەیەک کـە نیگەرانـی لـێ بکەوێتـەوە، ئەگـەر تۆیەکـی موسـڵمان لەنـاو جەرگـەی خاکـی مەسیحییەتیشـدا

بیـت و پارێزگاریشـت لـە موسـڵمانێتی خـۆت کردبێـت، ئـەوان ناتوانـن پێشـێلکاری بەرانبـەر ئـەو مافـەی تـۆ بکـەن، چونکـە لەوێـدا یاسـا ڕێگـری لـە هـەر جـۆرە پێشـێلکارییەک دەکات کـە بەرانبـەر هـەر ئایینێـک ئەنجـام بدرێـت، واتـە یاسـا دەبێتـە سـەروەر بەسـەر هەسـت و سـۆزی ئایینییـەوە، نـەک بـە پێچەوانـەی کۆمەڵگەکانـی ڕۆژهـەڵات، بەهـۆی غیابـی یاسـا هـەر پێگهاتەیەکـی ئایینـی غەیـرە موسـڵمان، لـە هـەر لەحزەیەکـدا ئەگـەری ئـەوە هەیـە بکەوێتـە بـەردەم هەڕەشـە و پێشـێلکاری لەلایـەن گرووپـە تونـدڕۆ ئیسـلامییەکانەوە وەک ئـەوەی داعـش بەرانبـەر بـە کـورد و مەسـیحی و ئێزیدییـەکان لـە مووسـڵ و شـنگالدا کـردی.

داعـش، گرووپێـک بـوو لـە ئەنجامـی فیتنەگـەری مەزهەبـی و شـەڕی مەرجـەع و بـێ یاسـایی وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات، بـە تایبەتـی لـە سـووریا و عێـراق زیاتـر بەهێـز بـوو، ئامانجیشـی ئەوەبـوو دەستبەسـەر ناوچەکـەدا بگرێـت و ئـەو مۆدێلـە شکسـتخواردووەی حوکمڕانێتـی بـە مۆدێلێکـی خراپـتری خەلافـەت بگۆڕێـت، لـەم ڕوانگەیـەوە تـەڕ و وشـکی بەیەکـەوە سـووتاندن و زیانـی گەورەتـری بـە پرسـی پێکەوەژیانـی ئایینـی و کۆمەڵایەتـی و نەتەوەیـی لـە ناوچەکـەدا گەیانـد، لەکاتێکـدا ڕۆژهـەڵات خـۆی بەدەسـت پێشـێلکارییە هەمەجـۆرەکان دەیناڵانـد، کەچـی داعـش هـات پێشـێلکارییەکانی زیاتـر و فیتنەگـەری ئایینیشـی گەیانـدە قۆناغێکـی تونـد و مەترسـیدارترەوە، بـەڵام نابێـت داعـش تەنیـا

لــە گرووپێکــی چەکداریــدا کــورت بکەینــەوە، نەخێــر، بەڵکــوو داعــش لەژێــر کاریگــەری ئــەو گوتــارە تونــدڕۆ ئیســلامییەی ئێســتا لــە جیهانــی ئیســلامیدا بــرەوی هەیــە، ســەریهەڵدا، دەکــرێ چاوەڕێــی دەرکەوتنــی گرووپــی دیکــەی هاوشــێوەی داعــش یــان مەترســیدارتریش بیــن، زەمینــەی کۆمەڵایەتــی و مەزهەبــی و ئابــووری و سیاســیش دەرفەتــی ئــەوە دەڕەخســێنێت گرووپێکــی دیکــە لــە شــێوەی داعشــدا دەربکەوێتــەوە، داعــش، ڕووداوێکــی گــەورە بــوو، کەچــی کۆمەڵگــەی ئیســلامی نەهەژانــد، بــە هــۆکاری ئــەوەی هەڵقــوڵاوی ئــەو کولتــوورە توندڕۆیــەی جیهانــی ئیســلامییە، کولتوورێــک هەمــووکات ئەگــەری ئــەوەی لــێ دەکرێــت مۆدێلــی دیکــەی داعشــی بەرهــەم بهێنێتــەوە.

بــە پێچەوانــەی دونیــای ڕۆژئــاواوە، پێویســتە لــە ڕۆژهەڵاتــدا زۆرتریــن قســە لەبــارەی ســێکۆلاریزم بکرێــت تــا ئامانجەکانــی وەکخــۆی کــە هــەن بــۆ هاووڵاتییــان ڕوون ببێتــەوە، گرنگــی ئەمــە لەوەدایــە وەڵامگۆیــەک بێــت بــۆ ئــەو هەمــوو پێناســە و خوێندنــەوە هەڵانــەی بــە مەبەســت بــۆ عەلمانییــەت کــراون و ئامانــج لێیــان نیشــاندانی ســێکۆلاریزم بــووە وەک هەڕەشــەیەک بــۆ ســەر ئیســلام، بــە جووڵاندنــی ســۆزی کۆمەڵگــە، تاکــو وەکخــۆی بەنــاو کۆمەڵگــەدا بــڵاو نەبێتــەوە، ڕاســتە لایەنێکیــش قســەی لەســەر ســێکۆلاریزم کــردووە وەک ئــەوەی کــە هەیــە، بــەڵام ئەمــە لەســەر ئاســتی حیزبــی سیاســی و دەوڵــەت نەبــووە، بەڵکــوو هەوڵــی تاکــە کەســی ڕۆشــنبیران و نووســەران

و هەنـدێ سیاسـی بـووه، دواتـر ئەوانیـش زۆربەیـان بێدەنگیـان هەڵبـژاردووه یـان خۆیـان داوەتـە دەسـت ئـەو گوشـارە ئایینـی و کۆمەڵایەتییانـەی دژی سـێکۆلاریزم لـە ئارادان، بەهـۆی ئـەوەی ناتوانـن بـەر بـە لێشـاوی ڕەتکردنـەوە و پێناسـەی هەڵـە بگـرن کـە لەلایـەن گرووپـە ئیسـلامییەکانەوە وەک پرۆژەیەکـی سیاسـی و بـە ئامانجـی بڵاوکردنـەوەی توندڕۆیـی ئاڕاسـتەی سـێکۆلاریزم دەکرێـن.

عەلـی باپیـر لـە پێناسـەکردنی سـێکۆلاریزمدا دەڵێـت: «بریتییـە لـە دونیاپەرسـتی، بێدینایەتـی، گوێنـەدان بـە ئاییـن و دواڕۆژ و خـوا و پێغەمبـەر».

لێـرەدا پێویسـتە دیسـان بڵێینـەوە ئـەو پیـاوە یـان لـە سـێکۆلاریزم نەگەیشـتووە وەک ئـەوەی کـە زۆرینـە لەسـەری هـاوڕان یـان ئەویـش بـە ئەنقەسـت خەریکـی یاریکردنـە بـە هەسـت و سـۆزی موسـڵمانانی کوردسـتان، دەکـرێ بڵێیـن ئـەو خەریکـی شـێواندنی سـێکۆلاریزمە نـەک پێناسـەکردنی، ئاخـر پێناسـەکردنی سـێکۆلایزم ئـەوە نییـە کـە ئـەو باسـی دەکات، ڕاسـتە سـێکۆلاریزم خەریکـی دونیاپەرسـتییە، بـەڵام دژی دینـداری کەسـیش نییـە، بۆیـە دەبـوو ئامـاژەی بـە شـێوە و هـۆی دونیاپەرسـتییەکە وەکخـۆی بکردایـە نـەک خوێندنـەوەی سـەرپێییانەی مەبەسـتداری شـێوە فەتـوای بـۆ بـکات، ئاخـر سـێکۆلاریزم لێـرەدا بێلایەنـی خـۆی هەڵبـژاردووە بـەوەی تەداخولـی کاروبـاری هیـچ ئایینێـک ناکەوێـت، لـە گۆشـەنیگای

سـێکۆلاریزمەوە ئاییـن و خواپەرسـتی پەیوەنـدی بـە مـرۆڤ خۆیـەوە هەیـە وەک تـاک، نـەک دەوڵـەت و کۆمەڵگـە، تـۆ وەک تاکێـک لـە سـایەی سـێکۆلاریزمدا دەتوانیـت بێدیـن بیـت یـان دینـدار بیـت، ئەمـە نۆرماڵـە، تـۆ مافـی هەڵبـژاردن و ڕەتکردنـەوەی ئاییـنت هەیـە، هیـچ کەسـیش مافـی نییـە توانجـت ئاڕاسـتە بـکات و بـەزۆر ئاییـنی خۆییـت بەسـەردا بسـەپێنێت، لەنـاو کایـەی سـێکۆلاریزمدا دینـداری شـوورەیی نییـە و بـە هەمـان شـێوە بێدینیـش ڕێگـەی لـێ ناگیرێـت، بـەڵام لـە بەرانبـەر ئـەو دوو لایەنـەدا یاسـا ڕێگـری دەکات لـەوەی لایـەک بیەوێـت پێشـێلکاری بەرانبـەر ئـەوی دیکـە ئەنجـام بـدات، ئـەوکات چەکوشـەکەی یاسـا دێتـە نێوانیانـەوە.

بـە هەمـان شـێوە سـێکۆلاریزم ئیشـی بـەوە نییـە تـۆ خـوا دەپەرسـتی یـان ناپەرسـتی، گرنـگ ئەوەیـە هاووڵاتییەکـی بـێ کێشـە بیـت، ئیشـی ڕێکخسـتنی کاروبـاری دونیاییـە نـەک ئاییـنی، بـە پێچەوانـەوە لـە سـایەی سـێکۆلاریزمدا ئاییـن پارێزراوتـر دەبێـت وەک لـەوەی لـە سـایەی دەوڵەتێکـی ئایینیـدا بانگەشـەی بەرگریکـردن لێـی دەکرێـت، وەک گوتمـان یاسـایەک بـە یەکسـانی پارێـزگاری لـە هەمـوو ئایینـەکان دەکات و هیـچ یەکێکیـان بەسـەر ئـەوی تریانـدا زاڵ نـاکات، مەگـەر ئـەو کۆمەڵگەیـە خـۆی زۆرینـەی پێکهاتـەی ئایینێکـی دیاریکـراو بێـت، واتـە لۆژیـک ڕێگـە بـەوە دەدات لـە ڕۆژئـاوادا مەسـیحییەت بەسـەر کۆمەڵگـەدا ڕەنگبداتـەوە، بەهـۆی ئـەوەی

خـۆی کۆمەڵگەیەکـی مەسـیحییە، بـەڵام زۆرینـەی مەسـیحیبوون، مانــای پێشــێلکاریی دژ بــە ئایینەکانــی دیکــە ناگەیەنێــت، بــە هەمـان شـێوە لـە ڕۆژهـەڵات بـە تایبەتـی لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا، ئاســاییە ئەگــەر ئیســلام لــە هەمــوو شــوێنێک ڕەنگبداتــەوە، چونکــە خۆیــان زۆرینــە موســڵمانن و بــە سرووشــت ئــەوە ڕوودەدات، بــەڵام ئاســایی نییــە گوتــاری ئیســلامی بەســەر ئەوانـی تـردا زاڵ بکرێـت وەک ئـەوەی ئێسـتا بـرەوی هەیـە، ئێسـتا هـەر بابایەکـە گرووپێکـی ئیسـلامی دروسـت دەکات و بـە ئـارەزووی خـۆی دەڵـێ جگـە لـە ئیسـلام هیـچ ئایینێکـی تـر چارەسـەر نییـە و تەنیـا ئیسـلامە کۆمەڵگـە بـەرەو پێـش دەبـات! ئەمــەش لەکاتێکدایــە جیهانــی ئیســلامی وەک پشــکۆیەک وایــە جەســتە و ڕۆحــی مرۆڤایەتــی دەســووتێنێت!

ســێکۆلاریزم سیســتەمێکی سیاســی و کۆمەڵایەتییــە و کار لەســەر بەڕێوەبردنــی کۆمەڵگــە دەکات، جیاکردنــەوەی ئاییــن لــە دامەزراوەکانــی دەوڵەتیــش یەکێکــە لــە بنەماکانــی، لــە تــەک ئەوەشــدا بایــەخ بــە ئازادیــی ئایینــی و کەســی دەدات، لــە چوارچێــوەی ئازادییەکانیشــدا ڕێگــە دەدات تــاک ئاییــن بخاتــە بــەردەم پرســیاری جیدییــەوە جــا هــەر ئایینێــک بێــت، لــە ڕوویەکــی تریشــەوە ئامانجــە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکــەی ئەوەیــە کــە شــکۆ بــۆ مــرۆڤ بگەڕێنێتــەوە و خــۆی یاســا بــۆ خــۆی دابنێــت بــۆ بەڕێوەبردنــی دەوڵــەت و کاروبارەکانــی تــری کۆمەڵگــە، واتــە ســەرچاوەی دەرکردنــی یاســاکان لــە مــاف و

ئازادییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت، هاوکات جگە لە ئایین، ڕێگری لە هەر دژایەتییەکی ئایینزا و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات، واتە لە بنەڕەتدا سێکۆلاریزم کە عەلی باپیر بە دژە ئایینی دەزانێت، خۆی بۆ دژایەتیی ئایین نەهاتووە، بەڵکوو بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە هاتووە، بەڵام کاتێک ڕووبەرێک بۆ ئازادی دەڕەخسێنێت، ئەوکات تاک پرسیار سەبارەت بە ئایین دەخوڵقێنێ و ئیدی دەگاتە ئەو حەقیقەتەی ئایا پێویستی بە ئایین هەیە یان پێویستی بە ئایین نییە؟ ئەوکات بەبێ ترس یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، لەکاتێکدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئایینیدا لەو نموونەی عەلی باپیر ئیش بۆ هێنانەدی دەکات، دەبێت مرۆڤ بە هەموو شێوەیەک پەیوەست بێت بە ئایینەوە و بڤەیە تاک پەنا بباتە بەر هەڵبژاردەیەک ئەگەری ڕەتکردنەوەی ئایینی تێدا بێت، بێگومان ئەمە لە ڕوانگەی سێکۆلاریزمەوە وەک پێشێلکاری بەرانبەر ئازادییەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت، ئەمەیە جیاوازییەکە، کە تۆیەکی تاک دەتوانیت لە سایەی سێکۆلاریزمدا ئایینی خۆت ڕەت بکەیتەوە یان پارێزگاری لێ بکەیت، بەڵام تۆیەکی تاک لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئایینیدا ناتوانیت بە ئاشکرا ئایینی زۆرینەی ئەو دەوڵەتە ڕەت بکەیتەوە، ئەوکات وەک هەڵگەڕاوەیەک هەژمار دەکرێیت و ئەگەری ئازاردانی ڕۆحی و جەستەیی و هەتا کوشتنیشت هەیە.

کەواتـە ئینسـان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی ئایینیـدا ناتوانێـت ئـازاد بێـت، بـەڵام کاتێـک لـە سـێکۆلاریزمدا دەتوانێـت تینووێتـی ئازادییەکـەی بشـکێنێت، ئـەوکات گوتـاری تونـدڕۆی ئایینـی دژایەتیکردنـی سـێکۆلاریزم دەکاتـە بنەمـای سـەرەکیی کارکردنـی خـۆی بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە فراوانبـوون و ئاشـنابوونی بـە کۆمەڵگـە بـەوەی ترسـی لـەو ئازادییـە هەیـە، بۆیـە هەوڵـی شـێواندنی دەدات و وەک بێڕەوشـتی و بێدینـی بـە کۆمەڵگـەی گۆشـکراو بـە هەسـتی ئایینـی دەناسـێندرێت و حەقیقەتـی پەیامـی سـێکۆلاریزم دەشـاردرێتەوە.

عەفیـف ئەخـزەر لـە هەمـان کتێبـی «عەلمانییـەت و ئسـوولییەت»دا، لـە پێناسـەکردنی سـێکۆلاریزم کـە ئەویـش پشـتی بـە فەرهەنگـی ڕۆبێـری فەرەنسـی بەسـتووە دەڵێـت: «سـێکۆلاریزم بریتییـە لـە ڕێکخسـتنی سیاسـیی کۆمەڵگـە بـە جۆرێـک کـە دەوڵـەت مومارەسـەی هیـچ جـۆرە دەسـەڵاتێکی ئایینـی نـەکات و کڵێسـاش هیـچ جـۆرە دەسـەڵاتێکی نەبێـت».

خـۆ ئەگـەر بـەراوردی بۆچوونەکـەی عەلـی باپیـر و عەفیـف ئەخـزەر بکەیـن، ئـەو پێناسـەیەی عەلـی باپیـر بـۆ چەمکـی سـێکۆلاریزمی کـردووە، خەنجـەر لێدانـە لـە ڕۆحـی سـێکۆلاریزم نـەک پێناسـەکردنی بێـت، وێـڕای ئەمـە بڕیـاری سیاسـیی پێشـوەختەیە و ڕەتکردنـەوەی چەمکەکەیـە لـە ڕەگوڕیشـەوە و نەیویسـتووە هیـچ جـۆرە لۆژیکێـک ڕەچـاو بـکات بـۆ تێگەیشـتن لـە عەلمانییـەت، ئاخـر ئـەو نایەوێـت وەکخـۆی

باسـی بـکات، ڕێـک هاتـووە وەک بێدینـی بـە موسـڵمانانی کـوردی فرۆشـتووەتەوە، جیاوازییەکـی یەکجـار قووڵیـش لەنێـوان تێگەیشـتنی سیاسـی و تێگەیشـتنی زانسـتی و فیکـری بـۆ چەمکێکـی دیاریکـراو هەیـە، بـە دیاریکراویـش بـۆ عەلمانییـەت، تێگەیشـتنە سیاسـییەکە بـە چاویلکـەی بەرژەوەنـدی و ئایدۆلـۆژی هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکات، بـەڵام تێگەیشـتنە زانسـتییەکە یـان فیکرییەکـە، قووڵـتر و دروسـتتر خوێندنـەوە بـۆ چەمکەکـە دەکات، سـوود و کاریگەرییەکانـی شـی دەکاتـەوە، ئـەوە دەزانیـن زانسـت ئەنجامـی بـە لاوە گرنگـە نـەک خەیـاڵ و بۆچوونـی نالۆژیکـی، زانسـت لەبـری قسـە و تەسـەوڕات، بەڵگـەی سـەلمێندراوی دەوێـت.

وەک نموونـە، تـۆ سـەدانجار بڵـێ قورئـان یـان ئینجیـل پڕیەتـی لـە زانسـت، ئـەوە لـە زانسـتدا هیـچ بایەخێکـی نییـە تـا نەسـەلمێندرێت، ئاخـر ئـەوە خەیاڵـی ئایینـی نەبـوو فڕۆکـەی دروسـتکرد، بەڵکـوو خەیـاڵ و بیرکردنـەوەی زانسـتی ئینسـان بـوو، مانگـی دەسـتکرد و فڕۆکـەی ناردنـە ئاسـمان، ئـەوە زانسـت بـوو، تەکنۆلۆژیـای هێنایـەدی، ئـەوە تەکنۆلۆژیایـە لـە ڕێگـەی تـۆڕی ئاسـمانییەوە دنیـای بەیەکـەوە بەسـتووەتەوە نـەک چیـرۆک و گێڕانـەوە ئایینییـەکان، بـەڵام تێگەیشـتنی فیکـری لـە کـۆی لایەنەکانـی چەمکەکـە دەڕوانێـت و گۆشـەنیگای جیـاوازی هەیـە و بـە ئاسـانیش ڕەتـی ناکاتـەوە، ئـەو تێگەیشـتن و بۆچوونـەی عەلـی باپیریـش بـۆ سـێکۆلاریزم، لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە

کـە لەژێـر هەژموونـی سـێکۆلاریزم و بەهـۆی ڕەخسـاندنی مـاف و ئازادییـەکان، مـرۆڤ توانیویەتـی لـە ئاییـن دوور بکەوێتـەوە، هەڵبـەت ئەمـە جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی خـودی سـێکۆلاریزم بانگەشـەی بێدینـی کردبێـت، نەخێـر، سـێکۆلاریزم ئـەو هۆیـە بـووە کـە تاکێـک بەهـۆی دەسـتەبەری مافەکانـی، توانیویەتـی بەبـێ تـرس دەنگـی خـۆی بـەرز بکاتـەوە یـان ئایینـی خـۆی بگۆڕێـت، خـۆ ئەمـە مانـای بێدینـی ناگەیەنێـت، بەڵکـوو بەهـۆی ئـەو ئازادییـە زۆرەی لـە کۆمەڵگـەدا فەراهەمـی کـردووە، ئیـدی تـاک بـەرەو فەرامۆشـکردنی ئاییـن دەچێـت، ئـەم دۆخـەش خەتـای سـێکۆلاریزم نییـە، تـۆ دەتوانیـت بـە دینـداری بمێنیتـەوە، خـۆ کـەس بـەزۆر دینەکـەی لـێ قەدەغـە نەکردوویـت، بـە پێچەوانـەوە ئەمـە وەک ئاماژەیـەک بـۆ تینوویێتـی تـاک بـۆ گەیشـتن بـە مافەکانـی و دەسـتەبەرکردنی حەزەکانـی لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت، واتـە تـاک خـۆی تینـووی ئـەو ئازادییەیـە، ئەمـە لـە لای ئیسـلامی سیاسـی وەک جاهیلیـەت دەناسـێندرێت.

سـەید قوتـب، بیرمەنـدی جیهانـی ئیسـلامی سیاسـی لـە کتێبە بەناوبانگەکەیـدا، مەشـخەڵی ڕێ، فەتـوای جاهیلبـوون بەسـەر کـۆی کۆمەڵگـە مرۆییەکانـی جیهانـدا دەدات بـە موسـڵمان و مەسـیحییەوە، گوایـە جیهـان و کۆمەڵگـەی موسـڵمانان، دەسـەڵاتەکانیان دووچـاری دوورکەوتنـەوە لـە ئایینـی ئیسـلام بوونەتـەوە، بۆیـە جاهیلیەتیـان تووشـبووە، دەشـڵێت: دەبـێ

جیهادیــان بەســەردا بکرێــت.

ڕێــک دوای دەیــان ســاڵ، ئێســتا عەلــی باپیــر هەمــان بۆچوونــی هەیــە و دەڵێــت: «ســێکۆلاریزم دەرمانــی دەرد و زامــی غەیــری ئێمەیــە، کەفــی بێهــودەی ســەر دەریــای ئەندێشــەی خەیاڵپــڵاو و پــووش و پەڵاشــی دەســتی بابــای بــە ئــاودا چــووە کــە لەبــەر خنکانــی دەســتی بــۆ بــردووە، بــەڵام لــە ئیســلامدا بــە هیــچ ڕەنگێــک ئــەو بیانــوو و پاســاوە نییــە کــە خەڵکــی بــەرەو بێدینایەتــی بچــن و لــە ئاییــن لابــدەن».

ئــەم دوو بۆچوونــە لــە دوو قۆناغــی جیــاوازدان، کەچــی هەڵگــری یــەک ئایدۆلۆژیــای توندڕۆیانــەی سیاســین، ئەگــەر ســەید قوتــب پێــی وابووبێــت دونیــا و کۆمەڵگــەی موســڵمانان جاهیلبوونــە و داوای جیهادکــردن بەســەریاندا دەکات، خــۆ عەلــی باپیریــش دەڵــێ ســێکۆلاریزم پــووش و پەڵاشــی دەســتی بابــای بــە ئــاودا چــووە کــە لەبــەر خنکانــی دەســتی بــۆی درێــژ کــردووە، دەشــڵێ لــە ئیســلامدا هیــچ پاســاوێک نییــە تــا خەڵکــی بــەرەو بێدینــی بچــن. لێــرەدا عەلــی باپیــر زۆر کاریگــەرە بــە بۆچــوون و هەڵوێســتە توندڕۆییەکــەی ســەید قوتــب و هەمــان مەبەســتی قوتبــی هەیــە و جیهادکــردن بەســەر ئەوانــەی بەهــۆی ســێکۆلاریزمەوە بــەرەو بێدینــی دەچــن، بــە پێویســت دەزانێــت!

ئــەو لــەو بۆچوونەیــدا هیــچ بنەمایەکــی لۆژیکــی پەیــڕەو نەکــردووە و لەکاتێکــدا شــانازی بــە سیســتەمە ئایینییەکانیشــەوە دەکات، کــە بەشــێکی مرۆڤایەتــی لــە سایەیاندا ئارامیــان لــێ

هەڵگیــراوە و دووچــاری ســەدان قەیرانــی ڕۆحــی و ئەمنــی و ئابــووری بوونەتــەوە، مەگــەر ئــەو بەچــاوی خــۆی نابینێــت کــە ئێســتا دونیــا بەســەر دوو فۆڕمــدا دابەشــبووە، فۆڕمــی ئیســلامی و فۆڕمــی مەســیحییەت، قســەکردنی ئێســتای ئێمــەش چونکــە لەســەر ســێکۆلاریزمە و ئــەو فیکرەیــەش لەســەر بلۆکــی مەســیحییەت ســاغبووەتەوە، بۆیــە فۆڕمــی مەســیحییەت و ئیســلامیمان وەرگرتــووە، ئاخــر ئــەوەی ڕۆژانــە لــە کۆمەڵگــەی ئیســلامی ڕوو دەدات، کارەســاتە، ڕۆژانــە کوشــتارگەی مــرۆڤ لەســەر دەســتی موســڵمانەکان خۆیــان روو دەدات بــە بیانــووی بەرگریکــردن لــە ئیســلام و بڵاوکردنــەوەی ئــەو ئایینــە کــە بەهۆیــەوە تــا ئەوپــەڕی شــکۆی ئینســانەکان شــکێندراوە، زۆرێــک لەوانــەی دەکوژرێــن تەنانــەت وەک یادەوەرییەکیــش لای ئازیزەکانیــان نامێننــەوە، چونکــی ئەوانــەی دوای ئــەو کــە بــە زیندوویــی دەمێننــەوە، لــە چاوەڕوانــی مــەرگ و نەخۆشــی و ئەشــکەنجەی ڕۆحــی و جەســتەییدان و ناتوانــن مرۆڤــە لەدەســتچووەکانیان لــە زاکیــرەدا ڕابگــرن، خۆیــان لــە لێــواری نائومێــدی و مردنــدان، ئەمەیــش خراپتریــن بــاری دەروونــی مرۆڤــە کاتێــک دەگاتــە ئــەو حاڵەتــەی بەهــۆی خەمــی خۆیــەوە، بــە تەنــگ مەرگــی ئەوانــی تــرەوە نەچێــت!

لــە دونیــای ئیســلامیدا مــرۆڤ بــە شــێوەیەک هەیبەتــی شــکاوە، تەنانــەت ڕووداوە تاوانکارییــەکان جگــە لــە ئامارێکــی ڕووت، چیــتر نیــن و کــەس هەڵوەســتە لەســەر قوربانییــەکان

نـاکات، ئـەم دۆخـەش گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی دروسـتی کـردووە، مەگـەر ئـەوە لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامی نییـە تـازە بـە تـازە لەسـەر جیاوازییـە مەزهەبییـەکان و بـە نـاوی جیهادکـردن و بڵاوکردنـەوەی کولتـووری شـەڕەنگێزییانە، سـەنگەر لـە جیهـان گیـراوە بـە کـردەی تیرۆریـی و کاری هەڕەشـەئامێزەوە لـە سـایەی ئـەو گوتـارە توندڕۆیـەی ئیسـلامییەکان، کۆمەڵگـەی ئیسـلامی ناتوانێـت دارێـک لەسـەر بەردێـک دابنێـت بـۆ خۆشـبەختکردنی مـرۆڤ، جگـە لـە مەترسـی دروسـتکردن نەبێـت لەسـەر ژیانـی خەڵکـی دیکـە.

بەئیسـلامیکردنی کـۆی کایەکانـی کۆمەڵگـە کارەسـات دەخولقێنێـت، لەوەهـا دۆخێکـدا مـرۆڤ نابێتـە سـەنتەری بەهـاکان، بەڵکـوو ئـەوە ئایینـە دەبێتـە سـەنتەر و بەهۆیـەوە ئینسـان دەبێتـە پاشـکۆی نەریتـە کۆمەڵایەتـی و ئایینیـەکان و هەرکاتیـش مـرۆڤ بـووە پاشـکۆ، ئیـدی ڕەوتـی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە دەوەسـتێ و ڕووەو ڕووداوی ترسـناک هەنـگاو دەنێـت. ئـەو بەئیسـلامیکردنە ئەوەنـدەی ئامانجـی سیاسـی لـە پشـتەوەیە، ئامانـج پارێزگاریکـردن لـە ئیسـلام نییـە، بەڵکـوو ئیسـلام لێـرەدا لـە سـایەی ئـەو گوتـارەدا وەک هـۆکار و میکانیزمێکـی سیاسـی بەکارهێنـدراوە، بـەوەی ئـەو گرووپانـە ئیسـلام بەمجـۆرە قەبـووڵ دەکـەن کـە خۆیـان دەیانەوێـت، بـە هەمـوو شـێوەیەکیش بەرپەرچـی ئـەو ڕەخنـە و سـەرنجانە دەدەنـەوە کـە ئاییـن دەخەنـە ژێـر پرسـیارەوە، بەهـۆی

ئـەوەی لـە بەرژەوەندیانـدا نییـە خەڵکـی لـە فـەزای ئایینـی دوور بکەونـەوە، مانـەوەش لـە فـەزای ئایینیـدا، دواتـر لـە بەرژەوەنـدی ئـەو گوتـارە توندڕۆیـە دەکەوێتـەوە کـە دەخـوازێ دونیـا بـە یـەک فـۆڕم و بـە یـەک ڕەنـگ و لەژێـر سـایەی یـەک ئایینـدا بێـت، واتـە جگـە لـە ئیسـلام هیـچ ئایینێکـی دیکـە قەبـووڵ ناکـەن و دژی کـۆی سیسـتەمە سیاسـی و بەهـا کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە دەوەسـتنەوە.

حیزبەکـەی عەلـی باپیریـش لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و میدیایـی و ڕێکخسـتندا بـە قووڵـی کاری بـۆ دروسـتکردنی ئـەو دۆخـە مەترسـیدار و چەقبەسـتووەی لـە دونیـای وڵاتانـی ئیسـلامیدا هـەن، کـردووە تـا کۆمەڵگـەی کوردسـتان لەسـەر ئـەو هەسـتە ڕابهێنـن ڕابـردووی پـێ لـە داهاتـووی گرنگـتر بێـت، ڕابردوویـەک تەعبیـر لـە مێـژووی ئایینێـک بـکات و ئـەو کوشـتارانەی لـە بەرئەنجامـی شـەڕ و ململانـێ ئایینییـەکان ڕوویانـداوە، بـە پیـرۆز و ڕێیـازی کارکـردن بزانێـت. ئـەوەی حیزبەکـەی عەلـی باپیـر بـە پرۆسـە کاری بـۆ دەکات باوەشـکردن نییـە بـە کۆمەڵگەیەکـی کـراوە، باوەشـکردنەوەیە بـۆ ئـەو تەوژمـە کۆنخوازییـەی کـە توندڕۆیـی ئایینـی لـە جیهانـی ئیسـلامی و عەرەبـی بەرهەمهێنـاوە، تەوژمێـک ئەگـەر زوو ڕێگـەی لـێ نەگیرێـت، تەنانـەت بـۆی هەیـە، چارەنووسـی ناوچەکـە بخاتـە بـەردەم هەڕەشـەیەکی گەورەتـرەوە، وەک ئـەوەی داعـش لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا کـردی، داعـش وەک

گرووپێکـی تونـدڕۆ و تیرۆریسـت، کـە لـە هەنـاوی کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر دەسـەڵاتی دەوڵەتانـی دیکتاتـۆرە نەتەوەیـی و نیمچـە سـێکۆلار پەیـدا بـووە، داعـش ئەگـەر لـە ڕووی چەکداریشـەوە کۆتایـی هاتبێـت، وەک لایەنـی فیکـری لـە دەروونـی بەشـی زۆری ئەنـدام و لایەنگرانـی حیزبـە ئیسـلامییەکان بـە زیندوویـی دەمێنێتـەوە.

سـەرجەمی ئـەو بۆچوونانـەی عەلـی باپیـر لـە کتێبـی «چەنـد مەسـەلەیەکی بـاوی سـەردەم»دا خسـتوونیەتییەڕوو، دەچنـە خانـەی گوتاریـی توندڕۆیـی، لەبـری ئـەوەی خزمـەت بـە ئیسـلامیش وەک ئاییـن بـکات، بـە پێچەوانـەوە زیانیشـی پێدەگەیەنێـت، بەوپێیـەی وەک سـەرچاوەیەکی توندڕۆیـی ئەزمـوون دەکرێـت، دواتـر بـە زیانـی خـودی ئـەو بانگەشـە فیکـری و ئایینیـە دەکەوێتـەوە کـە بانگەشـەی ئاشـتیخوازی و ژیاندۆسـتی لـە ئیسـلامدا دەکات.

ئـەو لـە کتێبەکەیـدا جگـە لـە ئیسـلام هیـچ ئایینێـک و فیکرێکـی دیکـەی پێڕاسـت نییـە، بەڵکـوو لەنـاو ترادیسـیۆنێکی مێژوویـی دواکەوتـوودا دەخولێتـەوە بـە سـەنگەرگرتن لـە عەلمانییـەت و وەک کوفـر و بێدینـی بـە کۆمەڵگـەی دەفرۆشـێت، بـۆ خۆشـکردنی ژینگەیەکـی سیاسـی ئەوتـۆ تـا بەهۆیـەوە سـۆزی کۆمەڵگـە بجووڵێـت لـە بەرژەوەنـدی پێگـەی حیزبەکەیـدا، لەسـەر حسـابی ئایینـی ئیسـلام.

ئـەو گوتـارەی عەلـی باپیـر بایەخـی پـێ دەدات لـە پرسـی

پێناسـەکردنی عەلمانییەتـدا، ڕاڤەکردنێکـی ڕاسـتەقینە و زانسـتی نییـە، بەڵکـوو هەڵوێسـت و دژایەتیکردنـی ئاشـکرایە و دەچێتـە خانــەی نازانســتییەوە، بۆیــە ئــەو هەڵوێســت و دژایەتییــە بایەخێکـی ڕاسـتەقینەی نییـە لـە بـواری دیالۆگـە سیاسـی و ئایینییـەکان کـە بـە درێژایـی مێـژووی ئیسـلام لەمجـۆرە گوتـارە توندانـە هەبوونـە و سـەرئەنجام بـە زیانـی خـودی ئیسـلامیش کەوتوونەتـەوە، لەبـری هەوڵـدان بـۆ ڕیفۆرمـی ئایینـی، پەنـا بـۆ گوتـاری زبـر بـراوە، بـە تایبەتـی لـە دوای دەرکەوتنـی سـێکۆلاریزم کـە تەنیـا لـە بێدینیـدا دەیبیننـەوە، لەکاتێکـدا ئامانجـی سـەرەکی سـێکۆلاریزم، جگـە لـە جیاکردنـەوەی ڕۆڵ و پێگـەی ئاییـن لـە کاروبـاری دەسـەڵاتی سیاسـیدا، هەوڵێـک نەبـووە بـۆ دژایەتیکردنـی ڕاسـتەوخۆی ئاییـن، بەڵکـوو تەنیـا ڕووبـەری ئـازادی بـۆ ئینسـان فەراهەمکـردووە کـە بەهۆیـەوە تـاک توانیویەتـی مومارەسـەی ئازادییەکانـی بـکات و دەکرێـت ئـەو ئازادییـەی لـە سـێکۆلاریزمدا بـۆ تـاک دەڕەخسـێندرێت، تاکێکـی بێدینیـش دروسـت بـکات، بـەڵام بـە مانـای ئـەوە نییـە عەلمانییـەت بـۆ بێدینکردنـی ئینسـان سـەریهەڵدابێت، نەخێـر، ئـەوە تۆمەتێکـی ناڕەوایـە و بـە ئەنقەسـت خراوەتـە پاڵـی، ڕەنگـە دواجـار ئـەم ئازادییـە دوورکەوتنـەوەی تاکێکـی لـە ئاییـن لـێ بکەوێتـەوە، چونکـە یاسـاییەک هەیـە پارێـزگاری لـێ دەکات تـا کـەس نەتوانێـت دەسـتدرێژی بکاتـە سـەر هەڵبژاردەکانـی خـۆی، بـەڵام ئـەوە جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی تۆمەتبـار بکرێـت بـە

ئیلحـاد، بـەڵام ئـەو گوتـارە توندڕۆ ئایینییـە، ئەمـە بـە هەوڵـی سـێکۆلاریزم دەبینێـت بـۆ بێدینکردنـی کۆمەڵگـە، کەچـی پێچەوانەکـەی ڕاسـتە، چونکـە سـێکۆلاریزم تـاک ئـازاد دەکات پابەنـدی ئاییـن دەبێـت یـان ڕەتـی دەکاتـەوە، لـە گۆشـەنیگای سـێکۆلاریزمدا پەیوەندیـی مـرۆڤ بـە خـوا، پەیوەندییەکـی تاکلایەنەیـە و ئەوانـی دیکـە ناتوانـن خوێندنـەوەی بـۆ بکـەن جـا بـاش بێـت یـان خـراپ.

سـەبارەت بـە کاریگەرییەکانـی فیکـری سـێکۆلاریزم لەسـەر کۆمەڵگـەی ڕۆژئاوایـی، نووسـەری چەنـد مەسـەلەیەکی بـاوی سـەردەم دەڵێـت: «سـەرجەم کۆمەڵگەکانـی ڕۆژئـاوا لـە سـایەی سـێکۆلاریزم کـە هیـچ حسـابێک بـۆ خـوا و بـۆ ئاییـن و دواڕۆژ ناکرێـت، خێـزان و کۆمەڵگـە لێـک هەڵوەشـاوە و ئەخـلاق نەمـاوە و داڕووخـاوە و غیـرەت و نامـووس نەمـاوە و حەیـا و شـەرەف و پـەردە نەمـاوە، دەشـڵێت: بۆیـە چەنـدان پەتـا و نەخۆشـی ئەقڵـی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتـی سـەریان هەڵـداو و پەرەیـان سـەندووە، زۆرێـک لـە خەڵکـی ئەورووپـا نەخۆشـی دەروونـی و عەقڵییـان هەیـە و پزیشـکی تایبەتییـان هەیـە کـە مـاوە مـاوە خۆیانـی نیشـان دەدەدن لـە ئەنجامـی نەمانـی ئاییـن».

ئـەم پەرەگرافـەی سـەرەوە، جگـە لـەوەی هەسـت دەکـرێ خاوەنەکـەی دووچـاری فۆبیـای سـێکۆلاریزم بـووە، هـاوکات خوێندنەوەیەکـی تـەواو پێچەوانەیشـە بـۆ کاریگەرییەکانـی

سـێکۆلاریزم لەســەر کۆمەڵگــەی ڕۆژئاوایــی، ئــەو لــەم پەرەگرافەیـدا ئەگـەر لـە هۆشـیارییەوە یـان لـە بـێ ئاگاییـەوە بووبێــت، پێناســەی تێگەیشــتنی خــۆی بــۆ کۆمەڵگــەی ئەورووپایـی کـردووە و پشـتی بـە زانسـت نەبەسـتووە، بۆیـە دووچـاری کۆمەڵێـک ئیشـکالییەتی تێگەیشـتن لـە سـێکۆلاریزم بووەتــەوە.

ئەخــلاق نەمــاوە، خێــزان و کۆمەڵگــە لێکهەڵوەشــاونەتەوە، غیـرەت و نامـووس و شـەڕەف و حەیـا نەمـاون. بـە وردبوونـەوە لــەم چەنــد دەســتەواژەیەدا تێدەگەیــن فیکــری ئــەو پیــاوە جگــە لــە توندڕۆییــە ئایینییەکــەی، هــاوکات پشتئەســتوورە بــە تێگەیشــتنێکی خێڵەکییانــە بــۆ ئەخــلاق و کۆمەڵگــە و تەنانـەت زانسـتی پزیشـکیش، ئـەو پێیوایـە هەبوونـی پزیشـکی تایبــەت بەهــۆی نەخۆشــیی دەروونییەوەیــە و لــە ئەنجامــی سـێکۆلاریزمدا تووشـی بوونـە، بەهـۆی داڕووخانـی کۆمەڵگـە و نەمانـی ئەخـلاق و حەیـا و شـەڕەفەوە.

جــارێ بوونــی پزیشــکی تایبــەت بــۆ هــەر تاکێــک بــە پێچەوانــەی بۆچوونەکــەی ئــەوەوە، ســەلمێنەری بایەخدانــی کۆمەڵگــەی ئەورووپییــە بــە تــاک بــۆ بنیاتنانــی کۆمەڵگەیەکــی تەندروســت لــە ڕووی جەســتەیی و عەقڵییــەوە، چونکــە کۆمەڵگـە لـە تـاک دروسـت دەبێـت، بۆیـە بایەخـی زۆر بـە بـواری تەندروسـتی دەدرێـت لـە پـاڵ سیسـتەمی پـەروەردە و زانسـتی دەروونــی و کۆمەڵایەتیـدا، لـە لایەکـی دیکەشـەوە

ئـەوەی لـە ئەورووپـا دەگوزەرێـت، بێڕەوشـتی نییـە، بەڵکـوو مومارەسـەکردنی ئازادییەکانـی تاکـە وەک ئـەوەی یاسـا بـۆی دیاریکـردووە، حەیـا و شـەڕەفیش زیاتـر شوناسـێکی خێڵەکـی ڕۆژهەڵاتییانەیـان هەیـە نـەک ڕۆژئاواییانـە، ئەگـەر لێـرە خێـڵ بەسـەر ئـەو دیاردەیـەوە چاودێـر بێـت، لـە ڕۆژئـاوادا یاسـا ڕێگـری لـە زۆر شـت دەکات، لەکاتێکـدا لـە ڕۆژهەڵاتـدا نەریـت و دەسـەڵاتی خێڵگەرایـی یەکلاییـان دەکاتـەوە.

لـە ڕووێکـی دیکـەوە ئـەم چەمکانـە مەتاتیـن، واتـە لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی تـر جیـاوازی تێگەیشـتن و بۆچـوون لەبارەیانـەوە هـەن و خوێندنـەوەی هەمەجۆریـان بـۆ دەکرێـت، ئـەوەی لـە کۆمەڵگەیەکـی عەرەبـی ئیسـلامیدا بەبـێ ئەخلاقـی نـاوی دەهێندرێـت، ڕەنگـە لـە کۆمەڵگەیەکـی وەک ئەڵمانیـای مەسـیحی، شـتێکی ئاسـایی بێـت و ڕەواجیشـی هەبێـت. کەوایـە بۆچوونەکانـی عەلـی باپیـر زیاتـر هەڵوێسـتن وەک لـەوەی تێگەیشـتنی ڕاسـتەقینە بـن.

# بۆچوونی د.نەسر حامد ئەبوزەید لەبارەی سێکۆلاریزم

دکتــۆر نــەسر حامــد ئەبوزەیــد، بیرمەنــدی گــەورەی عــەرەب لــە کتێبەکەیــدا «رەخنــە لــە گوتــاری دینــی» کــە ئیســماعیل ڕاجــی بــۆ کــوردی وەریگێــڕاوە، دەڵێــت: «عەلمانییــەت لــە کــرۆک و گەوهەریــدا بێجگــە لــە ڕاڤەکردنێکــی ڕاســتەقینە و تێگەیشــتنێکی زانســتیانە بــۆ دیــن شــتێکی دیکــە نییــە. عەلمانییــەت وەک ئــەوەی کــە درۆزنــەکان باســی دەکــەن، ئــەو کوفــر و گومڕایــی و هەڵگەڕانەوەیــە نییــە کــە دیــن لــە کۆمەڵگــە و ژیــان جیــا دەکاتــەوە».

دکتــۆر نــەسر لەســەر ئــەو تێگەیشــتنانەی لــە کۆمەڵگــەی میسریــدا دووچــاری زۆرتریــن ڕەخنــەی توندڕۆیــی گوتــاری ئایینــی بۆیــەوە، تــا ئاســتی ئــەوەی وەک هەڵگەڕاوەیــەک لــە ئایینــی ئیســلام نــاوی هــات و زۆرتریــن هێرشــی ئسلامییەکانی کرایــە ســەر، تەنانــەت ژیانیشــی کەوتــە مەترســییەوە.

نــەسر پێیوایــە عەلمانییــەت بەشــێوەیەکی زانســتی ڕاڤــەی ئاییــن دەکات نــەک دژایەتیکــردن بێــت، ئــەو پێیوایــە عەلمانییــەت ئــەوە نییــە کــە پێناســەی درۆزنانــەی بــۆ دەکرێــت، چونکــە گوتــاری ئیســلامی سیاســی، هەمیشــە عەلمانییەتــی وەک هەوڵــدان بــۆ بێدینکردنــی کۆمەڵگــە و تــاک تۆمەتبــار کــردووە، دکتــۆر نــەسر پێشــیوایە عەلمانییــەت ئــەو کوفــر و گومڕایــی و هەڵگەڕانەوەیــە نییــە کــە دیــن لــە کۆمەڵگــە و ژیــان جیــا دەکاتــەوە.

دکتــۆر نــەسر خاوەنــی ئەمجــۆرە گوتــارە بــە درۆزن دەناســێنێ و دەشــڵێت: «گوتــاری دینــی بــە دەســتی ئەنقەســت و لــە هۆشــیارییەوە بــە مەکــر و دەهۆیەکــی پیســەوە پرســی جیاکردنــەوەی دەوڵــەت لــە کڵێســا، واتــە جیاکردنــەوەی دەســەڵاتی سیاســی لــە دیــن و جیاکردنــەوەی دیــن لــە ژیــان و کۆمەڵگــە تێکــەڵاو دەکات».

لێـرەدا مەبەسـتی نـەسر ئـەو گوتـارە ئایینییەیـە کـە دەخوازێـت پرسـی جیاکردنـەوەی ئاییـن لـە کاروبـاری سیاسـی و حکوومـەت یەکسـان بـە کوفـر و گومڕایـی و بێدینکـردن بـکات، خاوەنـی ئـەو

گوتـاره توندڕۆییـه، بەهۆشـیارییەوه دەیـەوێ سـۆزی کۆمەڵگـەی ئایینـی دژ بـه سـێکۆلاریزم لەسـەر بنەمـای ئـەو پێناسـه هەڵـه و مەبەسـتدارانەی خۆیـان بـۆ چەمکەکـەی دەکـەن، بجووڵێنێـت، بۆیـه دکتـۆر نـەسر دوو جـۆره جیاکردنـەوەی بـۆ ئـەم پرسـه دانـاوه، دەڵێـت: «جیاکردنـەوەی یەکەمیـان (دیـن لـه دەوڵـەت) شـیاو و پێویسـته و لـه ئەورووپاشـدا بـه کردەنـی بەدیهاتـووه و بەرقـەرار بـووه، بەمەیـش لـه تەنگەبـەری تاریکـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەرچـووه و گەیشـتووەته بەرینایـی زانسـت و پێشـکەوتن و ئـازادی، بـەڵام جیاکردنـەوەی دووەمیـان، (دیـن لـه ژیـان یاخـود لـه کۆمەڵگـه)، خەیاڵێکـه کـه گوتـاری دینـی لـه دژایەتیکردنـی عەلمانییەتـدا هەڕمێنـی پێـدەدات و بـه کوفـر و وەرگەڕانیـش تاوانبـاری دەکات».

ئـەو بۆچوونـەی دکتـۆر نـەسر تێگەیشـتنێکی لۆژیکـی و دروسـتی هۆشـیارانەیه بـۆ گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی سـەبارەت بـه دژایەتیکردنـی سـێکۆلاریزم، لـه چەندیـن شـوێنی تریشـدا گوتوومـه گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی و بزاوتـی ئیسـلامی بـه گشـتی دەخوازێـت کۆمەڵگـه وا تێبگەیەنێـت کـه گوایـه سـێکۆلاریزم ڕێـک بـۆ دژایەتـی ئاییـن سـەریهەڵداوه و وەک مەترسـییەکی گەورەیـش بـۆ سـەر ئیسـلام وێنـای دەکات، بـەڵام لـه ڕاسـتیدا سـێکۆلاریزم ئەوەنـدەی سـەرقاڵی بایەخدانـه بـه زانسـت و ڕزگارکردنـی کۆمەڵگـه لـه خورافـات و بیرکردنـەوەی تاریکبینـی، چارەگـی ئەوەنـده سـەرقاڵی ئاییـن نییـه، ڕاسـته

ئایین کایەیەکی دانەبڕاوە لە فیکری سێکۆلاریزمدا، بەڵام نەهاتووە ڕاستەوخۆ بڵێ ئایین لە کۆمەڵگە ڕەت دەکەمەوە، بەڵکوو هاتووە ڕووبەری ئازادییەکانی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی زیاد کردووە، ئەمەش خەتای سێکۆلاریزم نییە، کاتێک تاک لە سایەی ئەو ئازادییە بە یاساییکراوەدا خۆی بێدینی هەڵدەبژێرێت، وەک ئەوەی ڕێگری لە دینداریکیش ناکات، واتە هەردوو لایەن، بەپێی یاسا ڕێگەیان پێدراوە و هەست و سۆزی بێدینێک و دینداریکیش بە گوێرەی یاسا پارێزراوە و ڕێگە بە هیچ کامێکیان نادرێت بیەوێت سووکایەتی بە هەستی ئەوی دیکەیان بکات، گوایە بێدینیت یان دینداریت، ئەگەر ئەو حاڵەتە ڕوویدا، ئەوا وەک توندڕۆیی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت، جا چ بێدینەکە سووکایەتی کردبێت، یاخود دیندارەکە، هیچ جیاوازی نییە، بەڵکوو وەک توندوتیژی بەرانبەر ئازادی و مافی تاک سەیری دەکرێت.

هێشتنەوەی کۆمەڵگەی موسڵمانان لە دۆخی چەقبەستوویی و هەوڵی داخرانی بە ڕووی کۆمەڵگە و شارستانێتی دونیادا، یەکێکە لە بنەمای گوتاری ئیسلامی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەوژمە فیکری و سیاسییە تازانەی دەبنە هۆی کرانەوە و ڕەخساندنی زەمینەی ئازادیی تاک، ئێستا لە ڕۆژئاوا قۆناغی نەریتگەرای پۆشینی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاک تێپەڕێندراوە و تەنانەت هیچ

کێشەیەکیشی بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی دروست نەکردووە، بە پێچەوانەوە، کەچی دوای ئەو هەموو سەدەیە، هێشتا لە کۆمەڵگەی موسڵمانان ئیش لەسەر پۆشینی جلوبەرگ بە تایبەتی بۆ ژنان دەکرێت، بەوەی نابێت ئەو جلوبەرگانەی ژنان دەیانپۆشن، لەگەڵ نەریتگەرایی ئیسلامیدا یەکنەگرێتەوە یان هی ڕۆژئاواییەکان بێت، ئەو لە ڕوانگەی ئەو گوتارە توندڕۆییە ئەوەی جلی ڕۆژئاوایی بپۆشێت، نیشانەی دواکەوتوویە و یەکسانە بە بێدینی.

لەمبارەیەوە عەلی باپیر دەڵێت: «یەکێک کە کابۆ لەبەر دەکات یان خەنافیز بەردەداتەوە، بە جۆرێکی سەیریش سەری دەتاشێت یان هەر کارێکی نامۆ و سەیر دەکات کە لە عادەت و نەریتی ئێمەدا نییە، بەڕاستی ئەوە دواکەوتن و نەزانینە، چ پیاو بیکات یان ئافرەت، خوێندەوار یان نەخوێندەوار بیکات، بەڵێ هەندێک کەس بۆ رازیکردنی ئەمەریکا و ئەورووپا کەوتوونەتە ژێر رکێفی فەرهەنگ و سیاسەتی بێگانە و بۆ ڕازیکردنی ئەوان ئایین و بەرژەوەندی خۆیان وەلا دەنێن».

سەیرە! گوتاری ئیسلامی سیاسی هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەریتی ئیسلامی پشتئەستوور بە بنەماکانی ئیسلام ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ شارستانێتێکی ترەوە، بە تایبەتی کولتووری سێکۆلاریزمی لە مۆدێلە ئەورووپییەکەی، بەڵام ئەوەتا عەلی باپیر وەک

پیاوێکــی نەریتخــوازی موســڵمان، بــە ئــاشرا ترســێکی قووڵــی لــە کرانــەوەی کۆمەڵگــەی موســڵمانان بــەڕووی ئەورووپــادا هەیـە، تەنانـەت لـە پۆشـینی کابۆیەکیـش دەترسـێت و پێیوایـە تەسـلیمبوونە بـە بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا و ئەورووپـا، ڕاسـتییەک هەیـە ئێسـتا ئـەو جـۆرە تێگەیشـتن و بۆچوونانـە خـۆی بـە هـۆکاری دواکەوتـن دادەنرێـت، چونکـە پۆشـینی جلوبـەرگ هیـچ پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی بـە بێدینییـەوە نییـە، ئـەی عەلـی باپیـر چـی بـەو ژنـە موسـڵمانانەی ئەمەریـکا دەڵـێ کـە زۆربەیـان بـە جلـی نیمچەڕووتـەوە لـە مزگەوتەکانـدا نوێـژ دەکـەن و بـەڕۆژوو دەبـن! خـۆ ئـەوان ژیانـی ئاسـایی خۆیـان بەڕێدەکـەن و ڕێوڕەسـمە ئایینییەکانـی خۆشـیان ئەنجـام دەدەن، بەبـێ ئـەوەی وەک بێدینێکیـش خۆیـان وێنـا بکـەن، بـە پێچەوانـەوە، دنیـان بـە جۆرێـک قەبـووڵ کـردووە کـە نەبێتـە هـۆکاری نیگەرانکردنـی بەرانبـەر و بـە شـێوەیەکی ئاسـایی تێکـەڵ بـە کولتـووری مرۆیـی بوونـە، بـەڵام ئایینـی خۆشـیان پاراسـتووە، هەڵبـەت کێشـەیانیش بـۆ دروسـت نەبـووە، بەڵکـوو ئەوانـەی بـە عەقڵـی نەریتگـەراوە دەیانەوێـت لــە تــەک تەوژمــی کرانــەوەی کۆمەڵگــەدا بچنــە پێشــەوە، بوونەتـە هـۆکاری کێشـە بـۆ سـەر شارسـتانێتی مرۆیـی، ئەوەتـا بـە چـاوی خۆمـان دەبینیـن کـە زۆر جـار لەنـاو جەرگـەی ئەڵمانیـادا پەنابەرانـی عەرەبـی موسـڵمان، هاووڵاتییانـی کـورد دەکـوژن یـان هێـرش دەکەنـە سـەر مارکێتـەکان و نائارامـی

دەنێنەوە، پێموابێت لە ڕەمەزانی ساڵی ٢٠١٧ بوو، چەند عەرەبێکی موسڵمان، بەهۆی ئەوەی جگەرەی لە پێشچاوی ئەواندا کێشاوە، گەنجێکی کوردییان کوشت. بۆیە ئەمجۆرە عەقڵییەتە ناتوانێت لە کۆمەڵگەی شارستانێتیدا گەشە بکات، مەگەر ئەو تەسەوڕاتە نەریتگەراییەش نییە، لەناو جەرگەی ئەورووپا و ئەمەریکا هەوڵی دروستکردنی پشێوی دەدات! هەڵبەت ئەم شێوە لە نەریتخوازییە جگە لەوەی زیانی بۆ ئیسلام وەک ئایین هەبووە، لە هەمان کاتدا زیانی بۆ سەر تاک وەک مرۆڤیش هەبووە، بەوەی نەیانتوانیوە تێکەڵ بە کۆمەڵگە بن و سوودمەندی کرانەوە و ڤێرژنە تازەکانی دنیای تەکنەلۆژیا بن کە هەر یەک لەو ڤێرژنانە بۆ خۆیان کاریگەری قوورسیان لەسەر ڕەوتی ڕێکردن لە تەک گۆڕانگارییەکان دادەنێن.

# ترس لە سێکۆلاریزم

پێشتر تیشکمان خستە سەر هەندێ هۆکاری ترسی ئیسلامییەکان لە دەرکەوتن یان دروستتر پەرەسەندنی سێکۆلاریزم، ڕاستی ئەو ترسە، ترسێکی قووڵ و قۆناغبەندی بڕیوە، ترسێک بە بەردەوامی لە زاکیرەی ئیسلامی سیاسیدا پەنگ دەخواتەوە، ئەگەر جاران تەنیا بە قسە بەرپەرچی چەمکی سێکۆلاریزمیان دەدایەوە، ئێستاکە بەهۆی توندڕۆتربوونی زیاتری گرووپە تیرۆریست و ئیسلامییەکان، کردەی توندوتیژیش پەیدابووە، وەک نموونە، ئیسلامییە

توندڕۆکان لە هەر دۆخ و کاتێکدا دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبێت درێغیان نەکردووە لەوەی لە ڕێگەی کردەی تەقینەوە یان توندوتیژی تەسفیە حیسابی خۆیان لەگەڵ کەسانی سێکۆلاردا بکەن و دامودەزگەی دەوڵەتە سێکۆلارەکانیان کردووەتە ئامانج، ئاخر ئەو گرووپە توندڕۆ ئیسلامییانە دەخوازن دونیا وەک ئەوان و تەنیا لەژێر چەتری ئیسلامدا بژیت.

ترسی ئیسلامی سیاسی لە پەرەسەندن و فراوانبوون و کاریگەری سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، ترسێکی هەروا سەرپێیی نییە، واتە لە خۆڕا دروست نەبووە، بەڵکوو ترسێکی قووڵ و سایکۆلۆژییە و کارەکتەرانی پێیانوایە سێکۆلاریزم جێگەیان پێ لەق دەکات و دەیانخاتە بەردەم پرسیاری ڕژدەوە کە ئایا ئیسلام پێویستی بە بزاوتی ئیسلامی سیاسی هەیە؟ چونکە خۆیان وەک بەرگریکاریی سەرسەختی ئیسلام دەناسێنن و تۆمەتبارکردنی سێکۆلاریزم و دیموکراسی گوایە هەڕەشەن بۆ سەر ئیسلام یەکێکە لە پرۆژەی سیاسییان، ئەوە پاساوەکەیە، بەڵام لە جەوهەردا سێکۆلاریزم خۆی هەڕەشە نییە بۆ سەر هیچ لایەک و بۆ دژایەتی هیچ عەقیدەیەکی ئایینیش سەریهەڵنەداوە، تەنیا ئامانجی ڕێگەخۆشکردن بووە لەبەردەم ئەو کەسانەی دەخوازن دیندار بن یاخۆ ئیرادەی ڕەتکردنەوەی ئایین لە مێشکیاندا چەکەرەی کردووە و ناوێرن بە ئاشکرا ڕایبگەیەنن،

هەڵبــەت ئەمەیـش بــە گوێـرەی یاسـا دونیاییەکانـە کـە مافـی هــەردوولا ڕێــک دەخــات و دەپارێزێــت، هەروەهــا ئامانجــی ڕاســتەقینەی ســێکۆلاریزم ئیشــکردن نییــە بــۆ تووڕهەڵدانــی ئاییــن لــە کۆمەڵگــەدا، بەڵکــوو دەخوازێــت و کار بــۆ ئەوەیــش دەکات ئاییــن بباتــەوە شــوێنی ڕاســتەقینەی خــۆی، واتــە لــە بلۆکــی مەســیحییەت بــۆ کڵێســا و لــە بلۆکــی ئیسلامیشــدا بــۆ مزگــەوت، ناشـخوازێت ئاییــن لــە تــاک دابڕێــت، بەڵکــوو تەنــێ ئــازادی بــۆ دەڕەخســێنێت، ســەبارەت بــەوەی ئایــا دەیەوێــت پابەندبێــت بــە ئاییــن یــان ڕەتــی دەکاتــەوە، ئەمەیــش لــە گۆشــەنیگای فیکــری ســێکۆلاریزمدا ناچێتــە بــاری هەوڵــدان بــۆ بێدینکردنــی کۆمەڵگــەوە، ئاخــر لــە ســایەی ســێکۆلاریزمدا تــۆی تــاک یــان کۆمەڵگــە دەتوانــن پارێــزگاری لــە عەقیــدەی ئایینــی خۆتــان بکــەن و مافــی ڕەتکردنــەوەی ئایینیشــتان هەیــە، ئەمەیــش لای کارەکتەرانــی ئیســلامی سیاســی بووەتــە جێگــەی ترســێکی قــووڵ، تــرس لــەوەی بەهــۆی ئــەو ئازادییــەوە ئیــدی بــاوی بزاوتــی ئیســلامی نەمێنــێ و خەڵکــی بــە شــێوازی خۆیــان و لــە فۆڕمــی پەیوەنــدی تــاک بــە خــواوە دینــداری بکــەن نــەک بــەو شــێوەیەی گوتــاری ئیســلامی سیاســی دەیخوازێــت لــە بەرژەوەنــدی خۆیانــدا خەڵکــی دینــداری بکــەن، واتــە ئــەوەی ئیســلامی سیاســی پێیڕاســت بێــت، تەنیــا ئــەو بــاوەڕداری بێــت نــەک ئــەوەی تــاک بــۆ خــۆی پەیوەنــدی بــە ئایینــەوە گرێبــدات بەبــێ گەڕانــەوەی بــۆ گوتــاری ئیســلامی سیاســی،

هەڵبـەت ترسـی ئیسـلامی سیاسـی ڕێـک ئەمەیـە کـە خەڵکـی بـە بەشـێوە سـادەکە ئاییـنـداری بکـەن نـەک ئـەوەی ئـەوان لـە موسـڵمانانی دەخـوازن، بۆیـە لـە میتـۆدی ڕەخنەکردنـی سـێکۆلاریزمدا پشـت بـە ڕەتکردنـەوەی ڕەهـا و تـەواوی ئـەو فیکـرە دەبەسـتن تـا ئاسـتی هاندانـی سـۆزی موسـڵمانان دژ بـە کولتـووری سـێکۆلاریزمی لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا.

ڕەتکردنـەوەی سـێکۆلاریزم تەنیـا لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا نەبـووە، بـە پێچەوانـەوە سـەرەتای سـەرهەڵدانی لـە ئەورووپاشـدا دژایەتـی زۆری کـرا و لەلایـەن پیاوانـی ئایینـی و دەسـەڵاتدارانی ئەورووپـاوە دەیـان تۆمەتـی خرایـە پـاڵ تـا ئاسـتی ئـەوەی قوربانـی زۆریشـی لێکەوتـەوە، بەهـۆی ئـەوەی کڵێسـا خرابـووە خزمەتـی دەسـەڵات و توێـژە ئەرسـتۆقراتەکە، ئـەوەی دەسـەڵات دەیویسـت ئەنجامـی بـدات، ڕێـک پشـتگیریی کڵێسـای بـۆ وەردەگـرت بـە مەبەسـتی ئـەوەی کـەس ڕەخنـەی نەبێـت و دەسـەڵاتیش لـە دەسـەڵاتێکی سـتەمکارەوە وەک دەسـەڵاتێکی پیـرۆز و بەرگریـکار لـە خەڵـک و ئاییـن بناسرێـت.

لەگـەڵ ئەوەشـدا شـاراوە نییـە کـە دەسـەڵاتدارانی ئەورووپـا هەمیشـە کڵێسـایان بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان بەکارهێنـاوە وەک ئـەوەی ئێسـتا دەوڵەتانـی ئیسـلامی کـۆی دامـەزراوە ئایینییـەکان بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان بەکاردەهێنـن تـا خەڵکـی موسـڵمان دژی دەسـەڵات ڕانەپـەڕن، تەنانـەت لـەو دەوڵەتانەیشـدا کـە ژمـارەی مزگـەوت و دامـەزراوە ئایینییـەکان

بەراورد بە زانکۆ و نەخۆشخانەکان، زیاترن! بەڵام کاتێک سێکۆلاریزم دێتە کایەوە، ئیدی خەڵکی ئەورووپا هۆشیار دەبنەوە و کار بۆ ئەوە دەکەن ئایین کاری خۆی بکات و دەوڵەتیش سەرقاڵی کاروبارە سیاسییەکانی خۆی بێت، ئیدی لەوێوە گۆڕانکارییەکان دەستپێدەکەن و هێواش هێواش کاریگەرییەکانی سێکۆلاریزم بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.

بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم، لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا تاوەکوو ئەم چرکەساتەش ناتوانین بڵێین وڵاتێکی تەواو سێکۆلاریزمی بوونی هەیە، بەڵکوو ئەوەی هەیە، تەنیا هەندێک دەوڵەتن و ویستوویانە ڕووکەشانە بڵێن سێکۆلاریزممان کردووەتە بنەمای کارکردن و ستایلی ژیان و سیاسەتی دەوڵەتی لەسەر بنیات دەندرێت، بۆیە کاتێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی سێکۆلاریزم ورد دەبینەوە، ئەوکات شتێکی دیکە دەبینین کە کۆی ئەو بانگەشانەی لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا بۆ سێکۆلاریزم دەکرێن، ڕاستی نین، تەنیا هەوڵی تاکە کەسی چەند ڕۆشنبیرێکە و تەواو، ئەگینا ڕۆحی سێکۆلاریزم لە یەک وڵاتی ئیسلامیدا بە تایبەتی عەرەبییەکان بوونی نییە، ئەوەی لە میسری عەرەبی و تورکیای پاشماوەی عوسمانیش دەگوزەرێت، بە هیچ شێوەیەک سێکۆلاریزم لێی بەرپرسیار نییە وەک بنەما و فیکر، بەوپێیەی ڕۆژانە پێشێلکاری گەورەی مرۆیی لەو دوو کۆمەڵگەیەدا ڕوو دەدەن کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ

بنەمـــای ســـێکۆلاریزمدا نایەنـــەوە، باســـی وڵاتانـــی دیکـــەی عەرەبـــی هـــەر ناکەیـــن، وێرانەیەکـــن!

لـە چەنـد سـاڵی پێشـوودا، تورکیـا وەک دەوڵەتێکـی عەلمانـی بـە نموونەیەکـی زینـدوو دەهێنرایـەوە و ببـووە جێـی سـەرنجی توێـژەران و ڕۆشـنبیران، ڕاسـتی تورکیـا لـە خۆیـەوە نەبـووە جێـی نموونـە، لـە ڕووی قەبووڵکردنـی سـێکۆلاریزمدا هەنـگاوی زۆری هاویشـت و بـە تایبەتـی ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئـازادی و مافـی ژنانـەوە هەبـووە، لـەو وڵاتـەدا دەرگەیەکـی کـراوە بـەڕووی ژنانـدا کرایـەوە و بوونـە هێـزی کار و لـە ڕووی جلوبەرگیشـەوە بـە ئـارەزووی خۆیـان پەیڕەویـان لـە سـتایلی دڵخـوازی خۆیـان کـرد، لـە بابەتـی میدیـا و زۆر شـتی دیکەشـدا تورکیـا لـە چـاو وڵاتانـی ئیسـلامی لـە ناوچەکـەدا پێشـکەوت، بـەڵام لـەدوای کودەتاکـەی شـەوی ١٥ی تەممـووزی ٢٠١٦، بابەتـی ئازادیـی ڕادەربڕیـن و مومارەسـەی کاری سیاسـی و پرۆسـەی دیموکراسـیی تورکیـا لـە پاشەکشـەیەکی بەرچاودایـە و ڕووخسـاری وڵاتەکـە بـە گشـتی ڕۆژ دوای ڕۆژ بـە ئاراسـتەی پێڕەویکردنـی مۆدێلێکـی نوێـی سیاسـەتکردن و تاکحیزبیـدا دەچێـت و ئەمەیـش بووەتـە جێـی ڕەخنـەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی.

لــەدوای کودەتاکــەوە بۆچوونگەلێــک لەســەر خــودی کودەتاکــە هــەن، هەنــدێ پێیانوایــە ســیناریۆی ئاکپارتــی دەســەڵاتدارە و پاســاوێک بــووە بــۆ گۆڕانــکاری لــە سیاســەت و بەرتەســککردنەوەی ئــازادی و ســنووردانان بــۆ دەنگــە

ئۆپۆزسیۆنەکان و بەهێزترکردنی هەژموونی ئاکپارتی لە دەسەڵاتدا، هەندێکی دیکە کە ئەم بۆچوونە زۆر لاوازە، وای بۆ دەچن کودەتاکە بۆ کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی ئاکپارتی بووە، بەڵام لەبری ئەوەی دەسەڵاتی حیزبەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نەهێڵێت یان لاوازی بکات، بەهێزتری کرد و ئێستاش کە ئەم بەشەی تێدا دەنووسرێت لە ساڵی (٢٠٢١) داین بە تەنیا حکوومەتی پێکهێناوە و دەستووری وڵاتیشی بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندیی ئاکپارتیدا بکەوێتەوە، گۆڕیوە.

لە ڕووی بابەتی ئایینیەوە تورکیای سەردەمی داد و گەشەپێدان کە حیزبێکی ئیسلامییە، هێدی هێدی بەرەو باڵادەستبوونی پیاوانی ئایینی دەچێت، لێرەدا ناتوانین بڵێین تورکیا بەرەو دەوڵەتێکی ئایینی دەچێتەوە، بەڵام داد و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە ڕاشکاوی کار بۆ تۆخکردنەوەی کولتووری ئیسلامییانە لە کاروباری دەوڵەتداریدا دەکات، لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان هەست دەکەی تورکیا بە هێواشی و بە پرۆسە بەرەو دەوڵەتێکی ئایینی هەنگاو دەنێت، ئەمەیش لەگەڵ ڕەگەزەکانی سێکۆلاریزم نایەتەوە، ئاخر دەوڵەتی ئایینی ناتوانێت بێلایەن بێت و هەردەم یاسا و ڕوئیا گشتییەکەی بەرەو ئایینی دەوڵەت دەچێت و لەم دۆخەشدا کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی پێکهاتەکانی دیکەی

غەیـرە ئایینـی دەوڵـەت دروسـت دەکات و سـەرئەنجام لـە ڕووی پێکەوەژیـان و تەبایـی نێـوان ئایینـەکان فـەوزا دێتـە کایـەوە کـە دواجـار بـە زیانـی کەمـە ئایینییـەکان دەکەوێتـەوە، بـە تایبەتـی لـە ناوچەیەکـی وەک ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کـە هێشـتا ئاییـن لــە ترۆپکدایــە و دەوڵەتــەکان چ وەک بــاوەڕ چ وەک ڕاگرتنــی باڵانسـی هەسـت و سـۆزی پەیڕەوکارانـی ئیسـلام چ بەکارهێنانـی ئاییـن وەک گەمەیەکـی سیاسـی و بزنسـی، ئامادەگـی بەهێـزی هەیـە و پێشـبینی ناکرێـت بەمزووانـە ئامادەگـی ئاییـن لـەم ناوچەیــەدا لاواز بێــت، بــە پێچەوانــەوە لەگــەڵ پەیدابوونــی گـرووپ و لێشـاوی بانگخـوازە ئیسـلامییەکان کـە میدیایـان داگیـر کـردووە، ئاییـنداری نـەک هـەر لاواز نەبـووە، بگـرە بەهۆیـەوە توندوتیژیشــی لێکەوتووەتــەوە.

# جیاکردنەوەی کێڵگەی پیرۆز لە کێڵگەی دونیایی

یوسف سەلامە، بیرمەندی گەورەی عەرەب لە گفتوگۆیەکی فیکرییدا لەگەڵ نووسەر، ئومێد قەرەداغی کە ساڵی ٢٠١٠ لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»دا بڵاوبووەتەوە، سەبارەت بە زەمینەی سەرهەڵدان و ئامانجی سێکۆلاریزم دەڵێت: «سێکۆلاریزم تەسەورێکی ئەوروپییە و لەمیانەی گەشەی ڕۆشنبیری و ژیانی ئەوروپییدا دەرکەوتووە، ئەمەش درێژکراوەی ئەو دۆخە بوو کە لە سەدەی پازدەیەمەوە زەمینەیەکی باشی بۆ لە دایکبوونی سێکۆلاریزم خۆشکردبوو،

بەڵام دەرکەوتنی وێنەی ئەم چەمکە بەشێوەکی بەهێز و ڕۆشن، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری لە بەریتانیا و فەڕەنسا و دواتر لە ئەڵمانیا، دەرکەوتنی سێکۆلاریزم دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن و درککردنی بە هێڵ و کێڵگە جیاوازەکان، کاتێک کێڵگەیەک سنووری خۆی دەبەزێنێت، ئەوا بوون و چالاکی ئەویدی دەسڕێتەوە، بە مانایەکی دیکە دوو کێڵگەی بنەڕەتی هەن لە ژیانی مرۆڤایەتییدا، ئەوانیش کێڵگەی ئایینی و کێڵگەی سیاسین، ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی ئەوەی کەشفکرد کە ئەگەر هەردوو کێڵگەکە یەکبخەین و بیخەینە دەستی یەک کەسەوە، واتە دەسەڵاتی ئایین و دەسەڵاتی سیاسی بدەین بە یەک کەس کە پاپایە، یان ئەو مافە بدەینە دەسەڵاتی سیاسی وەک ناوەندێک باڵادەست بێت بەسەر کێڵگەی ئایینییدا، ئەوە کۆمەڵە هەڵەیەک کەڵەکە دەبێت کە چاککردنی مەحاڵە، مرۆڤی ئەورووپی ئەوەی کەشفکرد کە چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیەی مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی کێڵگەکان، جیاکردنەوەی کێڵگەی پیرۆز لە کێڵگەی دونیایی، جیاکردنەوەی کێڵگەی ئایینی لە کێڵگەی سیاسەت، دواتر مرۆڤی ئەورووپی باوەڕی بەوە هێنا کە تەنیا بەپشتبەستن بە توانا و عەقڵی خۆی دەتوانێت ژیانی دونیایی و سیاسی خۆی و پەیوەندیی مرۆڤەکان بە یەکترەوە ڕێکبخات بەپشتبەستن بە یاسایەک کە بە عەقڵی خۆی و بەپێی

پێداویستییەکانی کۆمەڵگەکەی دایڕشتووە، ئەو یاسایە پاراستنی بەرژەوەندی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ دەگرێت».

بەهۆی گرنگیی بۆچوونەکەی بیرمەند یوسف سەلامە سەبارەت بە هۆکار و زەمینەی سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم لە کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، بە پێویستم زانی بۆچوونەکەی وەکخۆی بخەمە پێشچاوی خوێنەرەوە تا مەفهومی ئەو بیرمەندە وەکخۆی بگات، هاوکات گرنگە ئێمەش خوێندنەوەیەکی کورتی بۆ بکەین.

بە گوێرەی بۆچوونی یوسف سەلامەی بیرمەندی عەرەبی بێت، سێکۆلاریزم لە قۆناغێکی ئەوتۆدا سەریهەڵداوە کە ژینگەی ئەورووپی لە ڕووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و فیکرییەوە جۆرێک گەشەی بەخۆیەوە دیبوو، هاوکات زەمینەی گۆڕانکاری وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەباربووە بۆ سەرهەڵدانی سێکۆلاریزم، چونکە لەو سەردەمەدا کە پرۆفیسۆر یوسف سەلامە، پێیوایە زەمینەی دەرکەوتنی عەلمانییەت بۆ سەدەی پازدەی زایینی دەگەڕێتەوە، مەبەستی ئەو لێرەدا ئەوەیە سەدەی پازدە دەروازەیەک بووە تا سێکۆلاریزم لێوەی دەرکەوێت بە تایبەتی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا لە بەریتانیا و فەڕەنسا، ئاشکرایە سێکۆلاریزم لە خۆیەوە پەیدا نەبووە، ئیدی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئەورووپی دەرکی بەوەکرد دەبێت یاخود

پێویستە مرۆڤ بە شێوەیەکی دیکە بژیەت و تێڕوانین و ڕوئیای بۆ شتەکانی دەوروبەری بگۆڕێت، بە تایبەت لە پرسی ئایینیدا، چونکی لەوکاتدا کڵێسا تەواو خرابووە خزمەتی دەسەڵاتدارانەوە و بە هەمان شێوەش دەوڵەتمەدارە سیاسییەکان، ڕۆڵی مشەخۆریان دەدایە پاڵ پیاوانی کڵێسا و جۆرێکیش دەسەڵاتییان پێ دەدان بۆ لەخشتەبردنی خەڵکی، ئەگەرچی هەندێک جار تاک نەیدەتوانی بە ئاسانی هەردوو دەسەڵاتەکە لە یەکتری جیا بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی هەردووکیان ببوونە تەواوکەری یەکتری و چاوپۆشیان لە هەڵە و پەڵەی یەکتری دەکرد، ئەوەی لەو نێوانەشدا زیانی پێدەگەیشت، هاووڵاتییان و خەڵکی سڤیل و هەژاری ژێردەستە بوون، ئەگینا پیاوانی کڵێسا و ئەرستۆقرات و دەسەڵاتداران لە کەیفوسەفا و خۆشیی خۆیاندا بوون و میللەتیش لەناو هەژاری و نەخۆشی و ناهۆشیاریدا دەتلایەوە، کە دواتر ئەمانە بوونە هۆی پێویستێتی سەرهەڵدان و گەشەی سێکۆلاریزم، بۆیە تاک و بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئەورووپایی گەیشتنە ئەو باوەڕەی پێویستە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی لە چنگی پیاوانی دەوڵەت و پیاوانی ئایینی، پرۆسەی جیاکردنەوەی ئەو دوو کایە ئایینی و سیاسییە بێتەکایەوە و گفتوگۆکانی جیاکردنەوەی کایەکان کە یوسف سەلامە بە کێڵگە ناویان دەبات، هاتنە نێو کایەی ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسەتی ئەورووپاوە کە ئەم تێگەیشتنە هەر زوو گەشەی

کــرد، چونکــە مرۆڤــی ئەوکاتــی ئەورووپایــی لــە چەندیــن ڕەهەنــدەوە تینــووی ئــازادی و خۆشــگوزەرانی و کرانــەوە بــوون و کــۆی ئــەو کایانەیشــی لەلایــەن دەســەڵاتدارەکانی دەوڵــەت و کڵێســاوە لێیــان زەوتکرابــوون، داوای وەرگرتنەوەیــان کــردەوە، ئیــدی بــە دەنگــی بــەرز داوای جیاکردنــەوەی ئاییــن و دەوڵەتیــان دەکــرد و ئــەو پرســە هاتــە نــاو کایــە جیاوازەکانــی ئەورووپــاوە تــا دواجــار فیکــری ســێکۆلاریزم وەک پێویســتییەک جێگــەی خــۆی کــردەوە و هێــدی هێــدی کاریگــەری دروســتکرد و ڕۆڵــی ئاییــن لــە دەســتوەردانی کاروبــاری دەوڵەتــدا کەمبــووەوە.

مەبەســتی بیرمەنــد یوســف ســەلامە ئەوەیــە، ســێکۆلاریزم تەنیــا پرۆســەی جیاکردنــەوەی ئاییــن و دەوڵەتــی ئەنجامــداوە، هــەر وەکچــۆن دەیــان و ســەدان بۆچوونــی دیکــەش هــەن و پێداگــری تــەواو دەکــەن لەســەر ئــەوەی کــە ســێکۆلاریزم نــەک هــەر دژی ئاییــن نییــە، بەڵکــوو بــە ڕزگارکــەری ئایینیــش دادەنرێــت، بەوپێیــەی ئایینــی لــە چنگــی دەســەڵاتداران دەرهێنــا و گەڕاندییــەوە شــوێنی ڕاســتەقینەی خــۆی، دیــارە دەســەڵاتداران لــە پێشــوودا ســڵیان نەکردبــووە لــە بەکارهێنانــی ئاییــن بــۆ خزمەتــی سیاســەتی خۆیــان بــە مەبەســتی ســەرکوتکردنی میللــەت و نەتــەوە و ئایینزاکانــی دیکــە.

کەچــی عەلــی باپیــر پێیوایــە: «عەلمانییــەت بێدینایەتییــە و بــە هیــچ ڕەنگێــک لــە شــەرعدا جێگــەی نابێتــەوە، بەڵکــوو ئــەوەش خــۆی بێدینایەتییــە کــە بگوترێــت عەلمانییــەت لــە دینــدا جێگــەی

دەبێتــەوە یــان لەگــەڵ دینــدا دەگونجێــت، چونکــە عەلمانییــەت هیــچ حیســاب بــۆ خــودا و پێغەمبــەر و دیــن و دواڕۆژ و بەهەشــت و جەهەننــەم و حــەشر و حســاب و زیندووبوونــەوە نــاکات».

بــە پێچەوانــەی ئــەو بۆچوونــەی عەلــی باپیر، ئەوەتــا عەفیــف ئەخــزەری بیرمەنــدی گــەورەی عــەرەب دەڵێــت: «دەوڵەتــی ئایینــی لەگــەڵ دەوڵەتــی ســێکۆلاردا پێچەوانــەی یەکتریــن، بــە تایبــەت لــە بــواری هاووڵاتــی بوونــدا، لــە دەوڵەتــی ئایینیــدا جیــاوازی نێــوان ژن و پیــاو و موســڵمان و غەیــرە موســڵمان، جیاوازییەکــی جەوهەرگەراییــە و ژنــان و کەســانی غەیــرە موســڵمان مافــی هاووڵاتــی بوونیــان نییــە، بــەڵام لــە دەوڵەتــی عەلمانیــدا ژن و پیــاو، ئیمانــدار و هاووڵاتــی، چونیەکــن و کەســیان لــەوەی تریــان زیاتــر نیــن».

هــەر وەک پێشــووتر ئاماژەمــان بــۆ کــرد کــە ســێکۆلاریزم ڕاســتە ســەرەتای دەرکەوتنــی لــە کۆمەڵگــەی مەســیحییەتدا بــووە، بــەڵام لــە بنەڕەتــدا بــە دیاریکــراوی تەنیــا بــۆ مەســیحییەت ســەریهەڵنەداوە، بەڵکــوو هەڵگــری شوناســێکی ئینســانییە و بــۆ هەمــوو کۆمەڵگــە و دەوڵەتێــک دەبێــت کــە لەدەســت ســتەمی پیاوانــی ئایینــی گیریانخــواردووە، بۆیــە ئــەو تێگەیشــتنەی عەفیــف ئەخــزەر دەکرێــت بــۆ کۆمەڵگەیەکــی ئەورووپــی مەســیحی و ڕۆژهەڵاتییەکــی موســڵمانیش هەمــان مانــای هەبێــت، چونکــی ســێکۆلاریزم جیــاوازی لەنێــوان موســڵمانێک و

مەسیحییەک و جوولەکەیەکدا ناکات، بەوپێیەی ئیش لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات و خۆی لە هەر جیاکارییەکی ئایینی و نەتەوەیی و ڕەگەزی بە دوور دەگرێت، ئەوەی بەلایەوە سەنتەرە تەنیا مرۆڤە و بۆ ڕەخساندنی زەمینەی ئازادی و پێشخستنی کۆمەڵگەکان هاتووە، ئاخر کۆمەڵگەی ناسەقامگیر و پڕ لە ژاوەژاوی ئایینی، هەرگیز پێشناکەوێت.

ئەورووپای ئێستاش بەرهەمی گەشەکردنی فیکری سێکۆلاریزمە و بەهۆی پێشکەوتنی سیستەمی بەڕێوەبردنی حکوومەت و عەقڵی ستراتیژی و کرانەوەی سیاسیش کە مرۆڤ تێیاندا وەک سەنتەری بەهاکان دەبینرێت، کاریگەری بەسەر زۆرێک لە ناوچەکانی تری جیهاندا دروست دەکات و لە پێشکەوتندایە، مرۆڤ بوونەوەرێکە هەمیشە بەدوای بەختەوەری و خۆشگوزەرانیدا دەگەڕێت، مرۆڤی ئێستای ئەورووپی لە سایەی سێکۆلاریزمدا هەندێ لەو بەختەوەری و خۆشگوزەرانییەی دۆزیوەتەوە، بە پێچەوانەوە ئەو وڵات و کۆمەڵگایانەی تا ئێستا بە کردەنی ئایینییان لە دەوڵەت جیا نەکردووەتەوە، وڵاتگەلی دواکەوتوون و ئینسان لەسەر بنەمای لایەنداری بۆ ئایین و مەزهەب و پیاوانی ئایینی حسابی بۆ دەکرێت، خۆی ئەمەماڵوێرانییەکەیە، وەک پەتا وایە هەر کۆمەڵگەیەک دووچاری ببێت، پەکی دەخات و لە پێشکەوتن دووری دەخاتەوە، بەوپێیەی دەوڵەتی ئایینی سەرەڕای ئەوەی سوودی بۆ کرانەوەی کۆمەڵگە و

پێشــکەوتنی ســێکتەرە هەمەجــۆرەکان نییــە، هــاوکات زیانــی جیدیـش لـە خـودی ئاییـن دەدات، چونکـە ئاییـن بەشـدار دەبێـت لـە خراپەکارییەکانـی دەوڵـەت و دەسـەڵاتدارەکان، بـە پێچەوانـەی ئـەوەی لـە دەوڵەتـی سـێکۆلاردا ئاکامـی هـەر خراپەکارییەکـی دەســەڵاتدارێک زیانــی بــۆ ئاییــن نابێــت، هەتــا ئەگــەر پەیڕەوانـی ئایینێکـی دیاریکـراو زۆرترینـی ڕێـژەی دانیشـتووانیش پێــک بهێنــن، کەســێک یــان چەنــد بەرپرســێکی دەوڵەتەکــە دووچــاری ڕەخنــەی ڕژد دەبنــەوە نــەک دەســتی تۆمــەت بــۆ ئاییــن درێــژ بکردرێــت، وەک ئــەوەی ئێســتا لــە ئەورووپــا ڕوودەدات، بەهـۆی ئـەوەی ئایینـی مەسـیحییەت لـە کاروبـاری دەوڵەتـەکان جیاکراوەتـەوە، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە لـەو وڵاتانـەی ڕاســتەوخۆ ئایینیــان تێکــەڵ بــە کاروبــاری دەوڵــەت کــردووە، هــەر خراپەکارییەکــی دەســەڵات یــان کەســێکی دەستڕۆیشــتووی دەســەڵات، بەشــێکی باجەکــە دەبێــت ئاییــن بیــدات، لــە نموونــەی دەســەڵاتی بزووتنــەوەی تاڵیبــان لــە ئەفغانســتان کــە بــووە هــۆی وێرانکردنــی وڵاتەکــە و تــا ئێســتاش (٢٠٢١) کــە ئەمــەی تێــدا دەنووسرێــت، کاریگەرییەکانــی بــە چــڕی لەســەر بـاری دەروون و حکوومـەت و ئاسـتی خۆشـگوزەرانی و تەنانـەت خزمەتگوزارییەکانــی وڵاتەکــە مــاوە، ئاخــر بزووتنــەوەی تاڵیبــان کــە دەســەڵاتێکی تــەواو ئایینییــە، وڵاتەکــەی وێــران کــردووە، بەهــۆی کشــانەوەی هێزەکانــی ئەمەریــکا لــە ئەفغانســتان، دوای نزیکــەی بیســت ســاڵ، ڕۆژی یەکشــەممە ١٥-٠٨-٢٠٢١

چەکدارانــی تاڵیبــان چوونــە کابوولــی پایتەخــت و ســەرۆکی ئەفغانســتان ئــەشرەف غەنــی وڵاتەکــەی جێهێشــت، هەمدیــس دەســتیان بەجێبەجێکردنــی یاســا توندەکانــی خۆیــان لــە ئەفغانســاندا کــردووە، بــە پاســاوی ئــەوەی خۆیــان بــە نوێنــەری ڕاســتەقینەی ئیســلام دەزانــن و بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن بــۆ پارێزگاریکــردن لــە ئیســلام خوڵقــاون و دەســەڵاتی ئــەوان هــی ئایینــە و ئــەوەی ئەنجامیشــی دەدەن بــۆ بەرگریکردنــە لــە خــودی ئیســلام و لەپێنــاو سەرخستنیشــی جیهــاد دەکــەن!

دوو ڕۆژ داوی دەســتگرتن بەســەر تــەواوی وڵاتەکــە، ڕۆژی سێشــەممە ١٧-٠٨-٢٠٢١ زەبیحوڵــڵا موجاهیــد گوتەبێــژی تاڵیبــان لــە کۆنگرەیەکــی ڕۆژنامەوانیــدا جەختــی لــە پەیڕەوکردنــی سیســتەمێکی حکومڕانیــی ئیســلامی بــۆ ئەفغانســتان کــردەوە، کــە ئێســتا چارەنووســی ئینســانی ئەفغانســتان و وڵاتەکــە بــە خۆیشــی ڕوون نییــە، بــەڵام ئــەوەی دیــارە و بەرجەســتەیە دووبــارە ماڵوێرانییەکــی دیکــە ڕووی لــە وڵاتەکــە کردووەتــەوە و ســەرئەنجامیش خەڵکەکــەی دەبنــە ســووتماک.

# لە گۆشەنیگای دیموکراسییەوە

دیموکراسی وەک سیستەمێکی سیاسی لە ڕووی پێناسەکردنەوە هەمەجۆرە، بەهۆی ئەوەی چەندان لقوپۆپ و شێوازی پەیڕەوکردنی هەن، بەڵام بە هەموو لقوپۆپەکانییەوە خودی دیموکراسی پێک دەهێنن. وەک دیموکراسی ڕاستەوخۆ، لەمجۆرەیاندا خەڵکی هەمووان دەتوانن لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە ڕاستەوخۆ بڕیار بدەن و ڕۆڵیان لە پێکهێنانی حکوومەتدا هەبێت، بەڵام لە دیموکراسی نوێنەرایەتیدا ئەمە چەشنێکی دیکەیە، وەک نموونە، لە

دیموکراسی نوێنەرایەتیدا، ڕاستە پێشتر تاک خۆی دەنگی داوە، بەڵام لە پەرلەمان یان شوێنی تایبەتمەند، نوێنەرەکان نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن و لە جیاتی دەنگدەر بڕیار دەدەن و کەسێک بۆ سەرۆکی حکوومەت هەڵدەبژێرن یان دەنگ لەسەر یاسا و بڕیارەکان دەدەن، هەڵبەت ئەمە بە گوێرەی تایبەتمەندی سیاسیی وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانیدا پێناسەی زۆر بۆ دیموکراسی کراون، ڕەنگە باوترینیان ئەو پێناسەیە بێت کە دەڵێ دیموکراسی بە مانای دەسەڵاتی گەل دێت، ئەگەرچی ئەمەیان لەناو ئەو هەموو پێناسەیەی بۆی کراوە، ناسراوترینیانە، لەگەڵ ئەوەشدا خودی دیموکراسی کۆمەڵێک ڕەهەند و ڕەگەزی دیکەی هەیە کە لەمیانەی پەیڕەوکردنیان لەسەر ئاستی دەوڵەت و حکوومەتەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی خەڵک و ستایلی حوکمڕانێتیدا دەبێت، یەکێک لە باوترینی ئەو ڕەهەند و ڕەگەزانەی دیموکراسیش پرۆسەی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردن بەو مانایەی بەشێوەیەکی بێگەرد و لەژێر چاودێرییەکی توندی یاسا و دوور لە دەستوەردانی دەسەڵات بکرێت، نەک وەک نموونەی هەندێ وڵاتی تەقلیدی و مەزهەبی، سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردن دەکەن، کەچی نەیانتوانیوە وڵاتی دیموکراسی بن، ئاخر هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی دەسەڵات بەشێوەی ئاشتیخوازانە و گوێگرتن لە داواکارییەکانی خەڵک و جێبەجێکردنیان لە

کارنامـەی حکوومەتـدا ناکـەن، لـە نموونـەی ئێـران، بـە بەردەوامـی هەڵبژاردنــی تێـدا دەکرێـت، کەچـی ڕووخسـارە دەسـەڵاتدارەکان هەمــان ڕووخســارن یــان کــە دەشــگۆڕدرێن، هەمــان سیاســەت و ڕوئیـای سـەرۆک و کاربەدەسـتانی پێشـخۆیان پەیـڕەو دەکـەن، لـەم دۆخــەدا ئەنجامدانــی هەڵبــژاردن، کــردن و نەکردنــی ناڵێــم وەک یەکـن، بـەڵام ڕەنگـە نەکردنـی باشـتریش بێـت، لەبەرچـی؟

خــۆی هەڵبــژاردن بــە مەبەســتی ڕێزگرتنــە لــە بڕیــاری خەڵـک لەسـەر هێشـتنەوە یـان گۆڕینـی حکوومـەت و حیزبـی دەسـەڵاتدار بـۆ هێنانەکایـەی گۆڕانـکاری هەمەجـۆری پەیوەسـت بـە ژیانــی تــاک و کۆمەڵگــە، واتــە کاتێــک هاووڵاتییــان ناڕازیــی دەبــن و داواکارییــان لــە حکوومــەت هەیــە لــە ڕێگــەی سـندووقی هەڵبژاردنـەوە بڕیـار دەدەن کـە ئایـا حکوومـەت و حیزبـی دەسـەڵاتدار بـە کەڵکـی ئـەوە دێـن کـە جارێکـی دیکـە متمانەیـان پـێ بکرێتـەوە یـان پێویسـتە بگۆڕدرێـن، بـە هەمـان شـێوە ئەگـەر حکوومـەت و حیزبەکـە شـایەنی مانـەوە بـن، دەنگـدەر بـە گوێـرەی یاسـا دەیانگۆڕێـت یـان دەیانهێڵێتـەوە، لــە هــەردوو دۆخەکەشــدا پێویســتە ئاڵوگــۆڕی دەســەڵات ڕووبـدات، خـۆ ئەگـەر ڕوویشـی نـەدا، جێبەجێکردنـی یەکێـک لــە ڕەگەزەکانــی دیموکراســیی ڕاســتەقینە، لەئــارادا نییــە و هەڵبژاردنەکـە تەنیـا فێڵکـردن بـووە لـە دەنگـدەر.

ئـەوەی ئێرانیـش هیـچ لـە بابەتـە سـەرەکییەکە ناگۆڕێـت، سیســتەمی سیاســیی وڵات وەک خۆیەتــی، ژیانــی خەڵــک دوای

هەر هەڵبژاردنێک ئەگەر خراپتر نەبووبێت، باشتر نەبووە، بابەتی مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا بە گشتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکان، هەر هەموویان بە بەردەوامی لەژێر سانسۆردان و پێشێلکاری بەرانبەریان دەکرێت، واتە هەڵبژاردن نەبووەتە هۆی گۆڕینی فەزا داخراوەکەی ئێران، ئەمە جگە لەوەی هێشتا لە سایەی ئەو ڕژێمەدا سزای لەسێدارەدان لە بازاڕ و شوێنە گشتی و لەپێشچاوی کەسوکاری کەسانی لەسێدارەدراودا جێبەجێ دەکرێت، ئەمە دیموکراسی و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤە؟

وەڵامەکەی زۆر ڕوونە، ئەوەی ئێران، وێڕای ئەوەی دیموکراسی نییە، کەچی لەم دۆخە سەختەدا کە قەیرانی ئابووری تەنگی بە خەڵکی ئێران و دەوڵەت هەڵچنیوە، ڕەقەمێکی گەورەی پارە وەک خەرجیی پرۆسەی هەڵبژاردن، ناڵێم سەرف دەکرێت، دەڵێم بەفیڕۆ دەڕوات! ئینجا بیرتان نەچێت، پێشتر گوتمان هەڵبژاردن لەناو کۆمەڵە ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی پەیکەری دیموکراسیدا تەنیا یەکێکیانە، هێشتا ماوە باسی ئازادی و مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانی لە ئێراندا بکەین، هێشتا باسی یاسا و کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکانمان نەکردووە کە لەژێر چەپۆکی حکوومەت و سوپای پاسداراندان، ئەمە نموونەی ئێران بوو، دەی ئێستا ئیبراهیم ڕەئیسی بووەتە سەرۆککۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام چی لە وڵاتەکەدا ڕوویداوە؟ خۆت دەتوانی بە

سەرۆکەکانی دیکەی بەراورد بکەیت.

جگە لە نموونەی ئێران، بەشی زۆری وڵاتانی ناوچەکە هەمان پەتای ئێرانیان لە بابەتی دیموکراسیدا هەیە، هەڵبژاردن دەکەن، کەچی هێشتا دیکتاتۆرن و یاسا لە وڵاتەکانیاندا سەروەر نییە و ئازادیی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ لەژێر هێڵی هەژاریدان، ئێرانیش یەکێکە لە نموونەی دەوڵەتی ئایینی.

دیموکراسی کولتووره، پێکەوەژیانە و باوەڕبوونە بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیخوازانە، دیموکراسی بوونی سەدان ڕێکخراو و سەندیکا و دامودەزگەی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و میدیای جۆراوجۆرە کە بێسانسۆر ڕووماڵی ڕووداوەکان و کار دەکەن، دیموکراسی باوەڕبوونە بە مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، دیموکراسی ئەو شێوە سیستەمەیە کە ئینسان لە سایەیدا هەست بە ئارامی و پارێزراوی ژیان و مافەکانی دەکات، دیموکراسی بە شێوە فراوانەکەی بۆ مرۆڤە و هەموو شت بە گوێرەی یاسا ڕێک دەخات، دیموکراسی ڕاستەقینە و دەوڵەتی تەواو ئایینی بەردەوام لە کێشەدا دەبن بە حوکمی ئەوەی یەکەمیان بە بەردەوامی کایەکان بە گوێرەی هەلومەرج و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەیی، ئابووری، فەرهەنگی خۆی دەگونجێنێت، چونکە لە دەوڵەتی دیموکراسیدا خەڵک خۆی دەسەڵاتە، بەڵام لە دەوڵەتی ئایینیدا

ڕێـک پێچەوانـە دەبێتـەوە و هەمـوو کایـەکان بـە بەردەوامـی لەژێـر چاودێریـدا دەبـن و بـە چەقبەسـتوویی دەمێننـەوە و کۆمەڵگـە دەبێتـە خزمەتـکاری کەسـانی بـە پیرۆزکـراو.

پێشـتریش لـە پێناسـەی دیموکراسـیدا تیشـکمان خسـتە سـەر باوترینیـان، ئەویـش بـە مانـای دەسـەڵاتی گـەل، ئاخـر لـە بنەڕەتـدا دیموکراسـی سـەرەتاکەی بـۆ یۆنانییـەکان دەگەڕێتـەوە و لـە دوو وشـەی لێکـدراودا «دیموکراسـی» لـێ پەیـدا بـووە، واتـە هـەردوو وشـەی «گـەل» و وشـەی «دەسـەڵات»، بـە لێکدانـی هـەردوو وشـەکەش دەسـەڵاتی گـەل دەگەیەنێـت.

وەک هـەر کایەکـی تـر دیموکراسـیش بـە بەردەوامـی فـراوان دەبێـت، بـە تایبەتـی لەگـەڵ گۆڕانکارییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان بـە تایبـەت لـە ئەورووپـادا، ئێسـتا دیموکراسـی بـە تەنیـا لـە دەسـەڵاتی گەلـدا چـڕ نابێتـەوە، بەڵکـوو بووەتـە کولتـووری زۆرێـک لـە کۆمەڵگـە ئەورووپاییـەکان و کاریگـەری قووڵـی سیاسـی و مەدەنـی و کۆمەڵایەتـی دروسـتکردووە تـا ئاسـتی ئـەوەی ئەورووپاییـەکان بەبـێ دیموکراسـی ناتوانـن بژیـن، بـە تایبەتـی لـە پرسـی هەمەجـۆری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئـازادی و ڕادەربڕیـن و ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵات و دەیـان پرسـی دیکەشـدا ڕۆڵـی گـەورەی هەیـە.

پێشـتر لـە بەشـەکانی پەیوەسـت بـە سـێکۆلاریزم، ئاماژەمـان بـە نەیـار و هـۆکاری هەڕەشـە و بەربەسـتەکانی دژ بـە چەمکـی سـێکۆلاریزم کـرد، بـە دیاریکـراوی لـە قۆناغـی سـەرەتای

دەرکەوتنیدا و دواتر بڵاوبوونەوەی بە ئەورووپا و جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا کە ئێستا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و لەناویشیاندا هەرێمی کوردستان دژایەتیکردنی عەلمانییەت نەک هەر بەردەوامە، بگرە توندوتیژیشی لێ دەکەوێتەوە، کەوایە گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین دیموکراسیش هاوشێوەی سێکۆلاریزم، دووچاری دژایەتی و بەربەستی گەورە بووەتەوە تا ئاستی ئەوەی ڕەخنەی قووڵی ئاڕاستە دەکرێت، بەڵام لە بەرانبەر هەر ڕەخنەیەکدا سەدان ستایش و توێژینەوەی گرنگ هەن کە بە بەڵگە سەلماندوویانە دیموکراسی سیستەمێکی سیاسیی ئەرێییە و لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی دیموکراسیی ڕاستەقینەدا بەبێ گرفت و کێشە دەگۆڕدرێن، کە ئەمە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتی تەواو ئایینیدا ڕوونادات.

بەوپێیەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی سیاسی و یاسایی و ئازادی و یەکسانی تاک و کۆمەڵگەکانەوە هەیە و وایکردووە ئینسان بەبێ دیموکراسی نەتوانێت بە ئاسوودەیی بژی، ئاخر هەر گۆڕانکارییەک لە جومگەکانی حکوومەت بە بڕیاری گەل، ئەمە خۆی جۆرێکە لە ئاسوودەیی دەروونی و دەسەڵاتدارانیش مادام ترسیان لە دەنگی هاووڵاتییان هەیە، بە بەردەوامی چاویان لەسەر خزمەتکردنیان دەبێت بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، ئاخر دیموکراسی ئەو ڕووبەرەیە بۆی هەیە بە چەند

دەنگێکــی زیاتــر، حکوومەتێــک هەڵوەشــێتەوە و گرووپێکــی دیکــە بێنــە ســەر کورســیی دەســەڵات.

دەســەڵاتی گــەل بــەو مانایــە دێــت هاونیشــتمانییانی وڵاتێــک، خۆیــان سیســتەم و کەســانی دەســەڵاتدار هەڵدەبژێــرن، مــادام هاونیشــتمانی خــۆی لــە ڕێگــەی ســندووقی هەڵبژاردنــەوە نوێنــەری بــۆ حکوومــەت و کورســیی دەســەڵات هەڵبژاردبێــت، هــەر ئەوانیــش، واتــە هاونیشــتمانییان خۆیــان دەتوانــن دەســەڵاتی ئــەو کەســە سڕ بکــەن کــە بــە نوێنــەری خۆیانییــان هەڵبــژاردووە، ئێمــە لێــرەدا بــاس لــەو نموونــە جوانانــەی وڵاتانــی دیموکراســی دەکەیــن نــەک ئــەو شــوێن و کۆمەڵگایانــەی کــە دیموکراســییان بــۆ ئامانجــی حزبــی و فێڵکــردن لــە خەڵــک بەکارهێنــاوە و تەنیــا لــە هەڵبژاردنــدا کورتیــان کــردووە، وەک پێشــتریش نموونــەی ئێرانمــان هێنایــەوە کــە هەڵبــژاردن تەنیــا بــۆ گۆڕانــکاری لــە دەموچاوەکانــدا دەکات، ئەویــش ئەگــەر ڕووبــدات! بەوپێیــەی شــکۆی مــرۆڤ پەیوەســتکراوە بــە باڵادەســتی مەزهــەب، تەنانــەت لــەو ئێرانــەدا ئەگــەر هاووڵاتییــەک شــیعە مەزهــەب نەبێــت، ناتوانێــت خــۆی بــۆ پۆســتی ســەرۆککۆماری وڵاتەکــە کاندیــد بــکات، کەچــی ئێــران بــۆ ڕاکێشــانی ســۆز و عاتیفــەی خەڵــک بانگەشــەی بڕوابــوون بــە هەڵبــژاردن دەکات، واتــە ئــەوە بــە تەنیــا بــەس نییــە تــۆ بتەوێــت وڵاتێکــی دیموکراســی تەنیــا لــە هەڵبژاردنــدا کــورت بکەیتــەوە، بەڵکــوو پێویســتە کــۆی بنەماکانــی دیموکراســی جێبەجــێ بکرێــن و لەگــەڵ

گۆڕانکارییەکانـدا ئەوانیـش بەپێـی خواسـتی کۆمەڵگـە ئەبدەیـت بکرێنــەوە، ئینجـا دەتوانیــن بڵێیــن فڵانــە وڵات دیموکراســییەتی پەیــڕەو کــردووە.

کۆمەڵێــک بنەمــا هــەن بــۆ دیموکراســییەتی پێرفێکــت و هەمووانیــش بــە یەکــەوە کولتــووری دیموکراســی پێــک دەهێنــن. هــەر وەک باســمان کــرد لــەو مۆدێلــە خراپانــەی حوکمڕانێتیــدا کــە بانگەشــەی دیموکراســی دەکــەن، دیموکراســییان تەنیــا لــە هەڵبژاردنــدا چڕکردووەتــەوە، کەچــی کــۆی بنەمــا و پرەنســیپەکانی دیکــەی دیموکراســییەت فەرامۆشــکراون یــان پێشــێلکارییان لــە هەمبــەردا دەکرێــت، وەک ئازادییــە کەســی و کۆمەڵایەتــی و ســەروەری یاســا و مافــی  و هاووڵاتیبــوون و زۆر شــتی دیکــە کــە هەمــووان بەیەکــەوە پەیکــەری دیموکراســیی ڕاســتەقینە دروســت دەکــەن.

شــکۆی یاســا یــان بێلایەنــی و ســەروەری یاســا، ئەویــش لــە تــەک پرەنســیپەکانی دیکــەدا گرنگێتــی تایبەتــی لــە دەوڵەتــی دیموکراســیدا هەیــە، چونکــە دەوڵەتــی دیموکراســی لەســەر بنەمــای یاســا و جێبەجێکردنــی بەڕێــوە دەچێــت، بۆیــە پەرلەمــان لــە دەوڵەتــی دیموکراســیدا گرنگیــی تایبەتــی هەیــە، بەوپێیــەی شــوێنگەی دەرکردنــی یاســاکان و چاودێریکردنــی لایەنــی جێبەجێــکاری یاســاکانە لەلایــەن حکوومــەت و دامەزراوەکانــی دیکــە.

لــە دەوڵەتــی دیموکراســیدا هاووڵاتییــان هەمــووان بــە

یەکـەوە لەبـەردەم یاسـادا وەک یـەک مافییـان پارێـزراو دەبێـت و لـە ئەگـەری هـەر پێشـێلکارییەک کـە لـە بەرانبەریانـدا ئەنجام بدرێـت، مافیـان وەردەگیرێتـەوە، ئـەم مۆدێلـە لـە دەوڵەتـی ئایینـی و تەقلیـدی و تۆتالیتـار و دیکتاتۆرییەکانـدا نییـە، بەوپێیـەی سـەرکردە و پیـاوە ئایینییـەکان زۆرجـار لـە یەکلاییکردنـەوەی پرسـەکاندا ڕۆڵ دەگێـڕن، بـەڵام ئـەوەی لـە سایەی دیموکراسـییەتدا دەگوزەرێـت، تـەواو پێچەوانەکەیەتـی، تەنیـا بـە یاسـا شـتەکان یەکلایـی دەکرێنـەوە و لەوێشـدا دامـەزراوە یاسـاییەکان بێلایـەن دەبـن هەتـا لەنێـوان حکوومـەت و هاووڵاتییانیشـدا هیـچ کەسـیش بـە جیـاواز لەوانـی دیکـە لەبـەردەم یاسـاکان پیـرۆز نییـە، هەمـووان لەبـەردەم چەکوشـەکەی دادوەردا یەکسـانن.

ئازادییەکانـی مـرۆڤ بایەخـی گەورەیـان لـە چوارچێـوەی کولتـوور و ڕەگەزەکانـی دیموکراسـیدا هەیـە، بـەوەی لـە گۆشـەنیگای دیموکراسـییەوە ئەگـەر تـۆ لـە بڕیـاردان و هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتـی و چالاکـی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی و میدیاییـدا ئـازاد نەبیـت، چـۆن دەتوانیـت بەشـداری لـە هەڵبژاردنێکـی ڕاسـتەقینەدا بکەیـت و نوێنـەری خـۆت هەڵبژێرێـت! ئەمـە لـە ڕووی سیاسـییەوە، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە هەمـان شـتە، ئینسـان ئـازادە لـە مومارەسـەکردنی حـەز و ویسـتە کۆمەڵایەتییەکانـی خـۆی، بـەو مەرجـەی سـنووری بەرانبەرەکـەی نەبەزێنێـت، بۆیـە نزیکایەتییەکـی یەکجـار زۆر لەنێـوان دیموکراسـی و سـێکۆلاریزمدا

هەیــە، هەردووکیــان ئازادیــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی بــۆ مرۆڤایەتــی دەســتەبەر دەکــەن و مــرۆڤ دەکەنــە ســەنتەری ئامانجەکانــی کارکردنــی خۆیــان، ئەگــەر لــە هــەر کۆمەڵگەیەکــدا ئازادیــی مــرۆڤ پێشــێل کــرا و دەوڵەتیــش ڕۆڵــی تێــدا هەبــوو یــان لــە ئاســت ئــەو پێشــێلکارییانەی دەرهــەق بــە ئازادییەکانــی مــرۆڤ دەکرێــن بێدەنــگ بــوو، ئــەوا دەوڵەتێکــی دیموکراســی و سێکۆلاریســت نییــە، دەکرێــت هــەر ناوێکــی تــری لــێ بنێیــن، بــەڵام شــیاو نییــە پێــی بگوترێــت دەوڵەتــی دیموکراســی و ســێکۆلاریزم!

مافــی مــرۆڤ، پرەنســیپێکی زۆر گرنگــی دیموکراســییە، ئەگــەر لــە دەوڵەتێــک یــان کۆمەڵگەیەکــدا مافەکانــی مــرۆڤ پێشــێلکارییان بەرانبــەر کــرا، ناتوانیــن تێیــدا بانگەشــەی دیموکراســیبوون بکەیــن، مــادام دیموکراســی بــڕوای بــە ئازادییــەکان و مافــی مــرۆڤ و ســەروەری یاســا هەیــە، هــەر کــە دەســەڵات یــان کەســێکی نــاو دەســەڵات یــان گرووپێکــی ئایینــی یــان کۆمەڵایەتــی، ویســتیان پێشــێلکاری بەرانبــەر بــە مافــی هاووڵاتییــەک یــان کۆمەڵگــە بکــەن، ئــەوکات چەکوشــەکەی یاســا کــە ئەرکــی پارێزگارییکردنــە لــە شــکۆی مــرۆڤ و گەڕاندنــەوەی مــاف بــۆ مافخــوراوەکان، دێتەدەنــگ و دژی هــەر پێشــێلکارییەک دەوەســتێتەوە، بەوپێیــەی مافەکانــی مــرۆڤ، پرەنســیپێکی گرنگــی دیموکراســین، وەک مافــی بەشــداری سیاســی و چالاکــی کۆمەڵایەتــی و مومارەســەکردنی ئازادیــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی

و سێکسی و میدیایی، ئەوانە هەموویان بە یاسا بۆ ئینسان ڕێکخراون وەک مافی هاووڵاتییبوون.

عەلی باپیر سەبارەت بەو ئازادییانەی لە دیموکراسیدا بەرجەستەن، دەڵێت: «کاتێک میللەتێک ئازاد دەکرێت، یانی تێکبەردەدرێت، دیارە ئەوەی کەڵبە و نینۆکی زیاترە و بەهێزتر بێت، ئەو قازانج دەکات».

ئەم وەسفەی عەلی باپیر سەبارەت بە ئازادییەکانی مرۆڤ کە مەبەستی ئەو جۆرە ئازادییەیە کە بەهۆی دیموکراسی و سێکۆلاریزمەوە ژینگەی بۆ ڕەخساوە، ئەو وێنای کۆمەڵگەیەکمان دەداتێ لەبری مرۆڤ وەک ئەوەی ئاژەڵی تێدا نیشتەجێبێت، ئەو پێیوایە هەر کۆمەڵگەیەک کاتێک ئازادی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەوە شەریک دروستکردنە بۆ دەسەڵاتەکانی خودا کە لە قورئاندا هاتوون، چونکە پشت بە یاسا دەستکردەکان دەبەستن و دوور دەکەونەوە لەو ئەحکامانەی لە قورئاندا هاتوون بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی مرۆڤی موسڵمان، لە دیموکراسییەتی ڕاستەقینەدا وەک پێشووتریش ئاماژەمان بۆی کرد، کۆمەڵێک بنەما هەن نابێت پەراوێز بخرێن، ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پەراوێز بخرێن، ناتوانین بڵێین دیموکراسییەتی تێدایە، ئازادییەکان ڕۆحی دیموکراسییەتن، بەڵام ئەو جەنگەڵستانە نییە کە عەلی باپیر وەسفی دەکات، نەخێر، بە یاسا ڕێکخراون و بە یاساش چاودێری دەکرێن و هیچ کەسیش بۆی نییە پێشێلکاری لە

بەرانبـەر ئـەوی دیکـەدا بـکات جـا بـە هــەر بیانووێـک بێـت، ئایینـــی، سیاســـی، کۆمەڵایەتـــی، ئابـــووری، بەڵکـــوو ئـــەوکات دەکەوێتـە بـەردەم لێپێچینـەوەی یاسـایی و مـاف بـۆ خاوەنەکـەی دەگەڕێندرێتـــەوە کــە پێشــێلکاری دەرهــەق ئەنجامــدراوە، بــە پێچەوانــەوە هەمــووان لــە ســایەی دیموکراســیی ڕاســتەقینەدا قازانـج دەکـەن، نـەک هەندێـک قازانـج بکـەن و هەندێکـی دیکـە زیانمەنــد بــن، چونکــە پرەنســیپەکانی دیموکراســی، گشــتگیرن و بــە تەنیــا بــۆ تاقمێــک و گرووپێکــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی دانەنـدراون، بـەڵام کاتێـک دووچـاری ڕەخنـەی ئیسـلامی سیاسـی دەبێتـــەوە، مەســـەلەکە خراپـــی پرەنســـیپەکان نییـــە، بەڵکـــوو پەراوێزخســتنی هێــزی پیاوانــی ئایینییــە کــە دەخــوازن کۆمەڵگــە لەســـەر خواســـتی ئـــەوان و بـــە ترادیســـیۆنی چەقبەســـتووی ئایینــی و خێڵەکــی بەڕێــوە بچێــت نــەک ئــەوەی بــەرەو کرانــەوە بچێــت، بــە پێچەوانــەوە لــە دیموکراســییەتدا هەمیشــە کۆمەڵگــە بـــەڕووی دونیـــادا دەکرێتـــەوە و شـــتی تـــازە لـــە چوارچێـــوەی یاســاکاندا دەخولقێــت، کــە ئەمــە لەگــەڵ ئامۆژگاریــی ئایینــی نایەتــەوە، بەوپێیــەی ئاییــن کۆمەڵکێــک بنەمــای جێگیــری هــەن و ناکرێــت دەســتکاری بکرێــن، بۆیــە عەلــی باپیــر کێشــەی لەگــەڵ دیموکراســییەتدا هەیــە، چونکــە هەمیشــە لــە گۆڕاندایــە و لەگــەڵ ســەردەم ئەویــش خــۆی نوێدەکاتــەوە.

# دیموکراسی و
# فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی

عەلی باپیر کاتێک قسە لەسەر ئازادی و کۆمەڵگەی ئەورووپایی دەکات، بە یەکچاو سەیری عەلمانییەت و دیموکراسی دەکات، ئەو لە یەککاتدا دژی هەردوو سیستەمەکەیە و پێیوایە بێڕەوشتیی بڵاو دەکەنەوە و بۆ گۆمەڵگەی ئیسلامی گونجاو نین و ئیسلام دەسڕنەوە. دەی جوان دیقەت بدەن، دکتۆر هاشمساڵح، نووسەر و شارەزای فیکری ئیسلامی سیاسی و عەلمانییەت، کە بۆچوونەکانی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئەورووپاییدا بە هەند

وەردەگیرێت، لە کتێبی «ئیسلام و ڕۆشنگەری» کە شوان ئەحمەد کردوویەتی بە کوردی، لەبارەی عەلمانییەت و ئازادییەوە دەڵێ: «ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە عەلمانییەت هەیە، بە تایبەت ئەگەر دڵنیابووین لەوەی عەلمانییەت مانای سڕینەوەی ڕەهەندی ڕۆحی و ئایینی ناگەیەنێت، بەڵکوو پەرۆشی ئازادیی ڕۆح و ویژدانی مرۆڤە، بە مەبەستی زانین و پەیبردن بە نهێنییەکانی ژیان و بوون».

ئەگەر بەراوردێکی خێرای ئەو دوو بۆچوونە بکەین، دەبینین عەلی باپیر لە دەربڕینی بۆچوونەکەیدا دووچاری جۆرە توندڕۆییەکی ڕۆحی و سیاسی و ئایینی قووڵ بووەتەوە، تەنانەت ئازادی بە تێکبەردان و بەڕەڵڵایی تێگەیشتووە، ئەو ئازادی بە کەڵبەی ئاژەڵ وەسف دەکات، کەچی گەورە بیرمەندێکی عەرەبی ئیسلامی کە خاوەنی زۆرترین کتێب و بۆچوونی فیکرییە، بانگەشەی قەبووڵکردنی عەلمانییەت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دەکات لە پەیوەست بە مومارەسەکردنی ئازادی کە ئەو ئازادیی ڕۆحی باس دەکات، بێشک ئازادیی ڕۆحی زۆر لەمجۆرە ئازادییەش قووڵتر و جیدیترە کە کچ و کوڕێک ڕێگەیان پێبدرێت لەناو پارکێکدا بە ئازادی ماچی یەکتری بکەن، بەڵکوو ئەو بانگەشەی ئازادیی ڕۆحی دەکات، بۆی هەیە لەمجۆرە ئازادییەدا مرۆڤی باوەڕدار بەرەو بێباوەڕیش بڕوات یان ئایینەکەی بگۆڕێت، ئینجا لەوەش گرنگتر هاشم ساڵح هەردەم ڕێزی لە باوەڕی

خـۆی و خەڵکیـش گرتـووە بـۆ ئـەوەی بۆچوونەکانـی باشـتر و بـە فۆڕمێکـی ئارامـتر بگەنـە گوێـی کۆمەڵگـەی ئیسـلامی لەپێنـاو ڕیفۆرمێکـی ڕاسـتەقینەی ئایینـی.

عەلـی باپیـر لـە زۆربـەی ئـەو دیـدار و نووسـین و بۆچوونانـەی پەیوەسـتن بـە دیموکراسـی و بـە دیاریکـراوی عەلمانییـەت، جۆرێـک گرێـی دەروونـی بەرانبەریـان هەسـتپێکراوە، ئاخـر ئـەوە تۆمـەت هەڵبەسـت نییـە کـە بـە هەڵچوونـەوە عەلمانییـەت و دیموکراسـی ڕەت دەکاتـەوە؟ هـەر بـۆ ئەمـەش خەریکـی دروسـتکردنی لۆبییەکـی سیاسـی و میدیایـی و مرۆییـە دژ بـەو دوو سیسـتەمە، لـە پـاڵ ئەوەشـدا نـە نەتەوەییـە نـە نیشـتمانی، ئـەو هەمـوو هەوڵێکـی ئەوەیـە فێندەمێنتالیزمـی ئیسـلامی لـە کۆمەڵگـەی عەرەبییـەوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بگوازێتـەوە، لەوەهـا دۆخێکیشـدا تـرس و باکـی نییـە کـە پەرەپێدانـی فێندەمێنتالیزمـی ئایینـی وەک بەنزینکردنـە بـە ئاگـردا و بەهۆیـەوە ئاگرەکـە جەسـتەی هەمـوو ئـەو کەسـانە دەسـووتێنێت کـە لـە نزیکییـەوەن، ترسـی مـن ئەوەنییـە ئـەو پیـاوە لـە بارەگـە و لـە ماڵـی خۆیـدا بـە شـێوەی توندڕۆیـی دەسـت بـە ئایینـەوە بگرێـت، بەڵکـوو ترسـە جیدییەکـە ئەوەیـە ئـەو پیـاوە خاوەنـی حیزبـە و کورسـیی پەرلەمانـی هەیـە و میدیـا و چەنـدان بارەگـەی هـەن و هەمـوو ئـەو کەناڵانەیشـی بەیەکـەوە خسـتووەتە خزمەتـی پەرەپێدانـی فێندەمێنتالیزمـی ئیسـلامی و دەیەوێـت ئەزموونـی هەرێمـی

کوردستانی ڕادەست بکات، ئاخر ئێمە چەندان نموونەی دەسەڵاتی فێندەمێنتالیزممان هەن، وەک بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و داعش لە سووریا و عێراق و ڕووداوەکانی یەکی شوبات لە هەولێر و خێڵی حەمە لە سنووری هەڵەبجە و دەیان و سەدان ڕووداوی دیکەی تەقینەوە و خۆکوژی و تۆقاندن کە هەر هەموویان لە بەرئەنجامی پەرەسەندنی فیکری فێندەمێنتالیزمەوە ڕوویان داوە، یانی سەرەتا ئەوە فیکری فێندەمێنتالیزمییە کەسەکە دووچاری هەڵچوونی زیاتر دەکات و ئیدی بەرەو تەقینەوە و خۆکوژی پاڵی دەنێت.

پەرلەمان کە زۆرجار ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی نیشتمانی پێ دەگوترێت، بریتییە لە ئەنجوومەنێک کە ڕاستەوخۆ ئەندامەکانی لەلایەن خەڵکەوە متمانە وەردەگرن و دواتر ئەو ئەندامانە لەمیانەی دانیشتنێکی پەرلەمانیدا سەرۆکێک هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکات و ئەو دامەزراوەیە ڕاستەوخۆ بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت بۆ چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکوومەت و لە هەموویشی گرنگتر دەکرێ بڵێین ڕۆحی هەر پەرلەمانێک دانانی یاسا و بڕیارەکانە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

مادام پەرلەمان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، کەوایە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگ و

دیارەکانی دیموکراسی، بۆیە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی بە بەردەوامی گرفتی لەگەڵ پەرلەماندا هەیە، بەهۆی ئەوەی شوێنی دانانی یاساکانە و ئەوانیش بە هۆکاری چەقبەستوویی ئایینی و عەقڵی، پێیانوایە شیاو نییە مرۆڤ بوێری ئەوەی هەبێت لە جیاتی خوا یاسا بۆ مرۆڤ و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دابنێت، لەکاتێکدا ئیسلامییەکان زۆر باش ئەو ڕاستییە دەزانن یاسا لە ئەنجامی دۆخ و هەلومەرجی گۆڕاوی کۆمەڵگە و خواستی نوێی مرۆڤەوە دێت، چونکە کۆمەڵگە تۆپێکی وەستاو نییە، هەمیشە دەجووڵێ و بە ئاراستەی جیاوازدا دەگۆڕێت و تێیدا ستایلی ژیانی خەڵکی بە گشتی ئەبدەیت دەبنەوە، بۆیە یاساکانیش دەبێ نوێ بن و لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەدا بگونجێندرێن، کەچی حیزبی ئیسلامی ئەوە بە دژایەتی بۆ ئیسلام تێدەگەن و دەڵێن شەریک دروستکردنە بۆ خوا!

عەلی باپیر لە کتێبی: چارەسەری کێشەی کورد لەنێوان ئیمان و پەرلەمان دا، کە لە نووسینی خۆیەتی و مێژووی ساڵی ١٩٩٢ی بەسەرەوەیە، دەڵێ: «خەڵکێک دیموکراسی دەکەنە بەرنامەی ژیانیان و پەرلەمان لە جیاتی خوا دەپەرستن، بڕوایان نامێنێ و نەفس و شەیتان تەواو بەسەریاندا زاڵ دەبێ و چرای عەقڵ و هۆشیان بە ڕەشەبای نەفس و ئارەزووەکانی ئەگەر نەشکوژێتەوە تەواو خەفە و بێ شۆق دەبێت، بە تاک و کۆمەڵییەوە، هەرچەندە زانا

و دانـا بێـت، زۆر لـەوە کەمـترە کـە بتوانـێ پەیـڕەو و بەرنامـەی ژیانـی دابنـێ، چونکـە ئینسـان لـە ژیانـی دونیایـدا پەیوەنـدی بـە خـۆی و خەڵـک و خـوا و دەوروبەرییـەوە هەیـە، ئـەو پەیـڕەوەی کـە ژیانـی رێـک دەخـات پێویسـتە لـە سـەرچاوەیەکەوە بێـت کــە زانیــاری و شــارەزایی تــەواوی دەربــارەی هــەر چواریــان هەبێــت، دەنــا ناتوانــێ جــۆر و چۆنیەتــی ئــەو پەیوەندیانــە لەسـەر بنچینەیەکـی ڕاسـت و حەقیقـی بنیـات بنێـت، ئاشـکرایە جگـە لـە خـوای پـەروەردگار هیـچ سـەرچاوەیەکی دیکـە نییـە ئـەوەی لـە توانـا دابێـت».

سیاسـەت لەگـەڵ ئـەوەی هونـەری بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـە و کێبڕکێـی گەیشـتنە بـە دەسـەڵات، لـە چوارچێـوەی دیموکراسـیدا هەمــوو حیــزب و ڕێکخراوێکــی سیاســی و کەســێک مافــی گەیشــتن بــە دەســەڵاتیان لــە ڕێگــەی ســندووقی دەنگدانــەوە هەیــە، لەگــەڵ ئەوەشــدا لــە سیاســەتکردندا دەبــێ جۆرێــک دیســپلینی ئەخلاقــی و مۆڕاڵــی پەیــڕەو بکرێــت، کاتێــک تــۆ دژی پەرلەمانیــت و دەڵێــی مــرۆڤ زۆر لــەوە کەمــترە بتوانــێ یاسـا بـۆ مـرۆڤ دابنێـت، کـە پەرلەمـان شـوێنی دانانـی یاسـایە، بۆیـە ناکـرێ حیزبەکـەت لـە پەرلەمـان بێـت و زۆرتریـن ڕێـکلام و بانگەشــە لەکاتــی هەڵبژاردنــدا بکەیــت بــۆ گەیشــتن بــە کورسـییەکانی پەرلەمـان، ئاخـر ئـەوەی عەلـی باپیـر لـە رێگـەی ئــەم کتێبەیــەوە دەیڵــێ و ئــەوەی لەســەر ئــەرزی واقیعیشــدا دەگوزەرێــت، بەڕاســتی پارادۆکســن، دووفاقــی سیاســی و

ئاینییـــەوە، ئینجـــا وەک خۆیـــان بانگەشـــەی بـــۆ دەکـــەن مرۆڤـــی موســـڵمان دەبێـــت دەســـت و زمانـــی پـــاک بێـــت، ڕاســـتگۆ بێـــت، لێـــرەدا ئێمـــە ناڵێیـــن عەلـــی باپیـــر دەســـت و زمانـــی پـــاک نییـــە، بەڵکـــوو تەنیـــا شـــیکردنەوە بـــۆ وشـــەکانی خـــۆی و بـــەراوردی ئێســـتای دەکەیـــن، ئـــەو دەڵـــێ مـــرۆڤ نابێـــت لـــە پەرلەمـــان یاســـا دابنێـــت، ئـــێ خـــۆ پەرلەمـــان بـــۆ چـــای خواردنـــەوە نییـــە! هەڵبـــەت بـــۆ دانانـــی یاســـا و بڕیـــار دەرکـــردن دامـــەزراوە، دەی خـــۆی ژمارەیـــەک پەرلەمانتـــاری لـــە پەرلەمانـــی کوردســـتان و لـــە عێراقـــدا هەیـــە، ئەمـــە چەنـــدی بـــە چەنـــد، ئایـــا دەچێتـــە چوارچێـــوەی ڕاســـتگۆیییەوە؟

لـــە ئیســـلامدا زۆر پێداگـــری لەســـەر دەســـتپاکی دەکرێـــت، تەنانـــەت ســـزای دەســـتبڕینەوەش هەبـــووە و تـــا ئـــەم دواییانـــەش لـــە ســـعوودییە جێبەجـــێ کـــراوە، ئەگـــەر هەڵـــە نەبـــم، پێـــم وابێـــت ئێســـتاش ئـــەو ســـزایە مـــاوە! مـــادام پەرلەمـــان شـــوێنێکی حەرامـــە و خەڵکانێـــک پەرلەمـــان لـــە جیاتـــی خـــوا دەپەرســـتن، بۆچـــی ڕێگـــە دەدات کادیرانـــی حیزبەکـــەی خۆیـــان هەڵبژێـــرن؟ دروســـتتر بۆچـــی وەک حیـــزب بەشـــداری هەڵبـــژاردن دەکـــەن و خۆیشـــی لـــە کەمپینەکانـــدا بانگەشـــە بـــۆ حیزبەکـــەی دەکات تـــا زۆرتریـــن کورســـیی پەرلەمانـــی مســـۆگەر بـــکات، لەکاتێکـــدا خـــۆی پێیوایـــە پەرلەمـــان وەک خـــوا دەپەرســـترێت، ئـــێ ئەگـــەر ئەمـــە دووفاقـــی نەبێـــت، ئـــەی چییـــە؟ باشـــە کـــە دەزانێـــت پەرلەمانتـــار وەک خـــوا دەپەرســـترێت، چـــۆن بـــاوەڕی ئیســـلامیت ڕێگـــەت دەدات بچیتـــە

ئـەو پەرلەمانـەوە! مـادام دەزانیـت پەرلەمانتـاران مووچـەی زەبـەلاح وەردەگـرن، چـۆن ڕێگـە دەدات پەرلەمانتارەکانـی بەشـداری لـەو نادادپەروەرییـە لـە پرسـی مووچـەدا بکـەن؟

ڕاسـتی پەرلەمـان و دیموکراسـی ئـەو وێرانەیـە نیـن کـە ئـەو بەمجـۆرە پێناسـەیان دەکات، دیموکراسـی لەگـەڵ ئـەوەی ڕەگـەزی خراپـی هـەن و بـۆی هەیـە بەهـۆی سـندووقی دەنگدانـەوە حیزبێکـی ڕاسـیزم یـان کۆنەپەرسـتی ئایینـی بچێتـە دەسـەڵاتەوە، لـە نموونـەی حیزبـی نـازی لـە ئەڵمانیـا بـە سـەرۆکایەتیی ئەدۆلـف هیتلـەر و ئیخوانـەکان لـە میـسر کـە کاندیدەکەیـان محەمـەد مورسـی بـوو، ئینجـا لـە هـەردوو نموونەشـدا دەبینیـن لـەو دوو وڵاتـەدا چـی ڕوویـداوە، یەکەمیـان، ئەورووپـا و جیهانـی دووچـاری جەنگێکـی خوێنـاوی کـرد و بەهۆیـەوە ملیۆنـان کـەس تیاچـوون و وڵاتگەلێـک خاپووربـوون، جگـە لـەوەی تـا ئێسـتاش کاریگەرییەکانـی ئـەو جەنگـە مـاون. نموونـەی دووەمیـش وڵاتـی میـسرە، دوای نەمانـی دەسـەڵاتی حوسـنی موبـارەک لـە هەڵبژاردنێکـدا ئیخوانـەکان توانیـان کاندیدەکەیـان بـە نـاوی محەمـەد مورسـی بـۆ سـەرۆکی وڵات سـەربخەن، گرفـت لەوەنییـە ئـەو پیـاوە ئیسـلامییە دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، گرفتەکـە ئەوەیـە لـە مـاوەی کەمـتر لـە سـاڵێکدا بـە پاڵپشـتیی ئیخوانـەکان کاری لەسـەر بەرتەسـککردنەوەی ئازادییـەکان کـرد و پێشـێلکاری بەرانبـەر مافـی مـرۆڤ و کولتـوور و هونـەر گەیانـدە لووتکـە تـا ئـەو ئاسـتەی کۆمەڵگـەی میسری قەبووڵیـان نەکـرد

وڵاتەکەیــان بەرگێکــی فێندەمێنتالیزمــی ئیســلامی بپۆشــێت، بۆیــە بــە پاڵپشــتی ســوپا دەســەڵاتی مورســی و ئیخوانەکانیــان ســڕ کــرد و ئیخوانیــش لــەو وڵاتــەدا چالاکییەکانــی لــێ قەدەغــە کــرا، چونکــە لــەو ڕاســتییە تێگەیشــتن ئیخــوان وەک حیزبێکــی ئیســلامی تونــدڕۆ چەنــدی زۆرتــر لــە دەســەڵاتدا بمێنێتــەوە، وڵاتەکــە زیاتــر بــەرەو داخــراوی و بــە ئیخوانیکــردن دەبــات، لــە ترســاندا بــە خێرایــی فریــای خۆیــان کەوتــن.

ناتواندرێــت ئــەو دوو نموونەیــە بەســەر کــۆی ڕەگــەز و ئامانجەکانــی دیموکراســی بســەپێندرێن، چونکــە دیموکراســی زۆرتریــن خزمەتــی بــە مرۆڤایەتــی کــردووە و ئێســتاش بــە باشــترین سیســتەمی سیاســی دادەنرێــت و لــە ســایەیدا مــرۆڤ هەســت بــە شــکۆ و کەرامەتــی خــۆی دەکات و دەتوانێــت بــە ئازادانــە بەشــداری سیاســی هەبێــت و بڕیــار بــدات بــۆ گۆڕینــی حکوومەتــەکان لــە ڕێگــەی ســندووقی هەڵبژاردنــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا بەهــۆی دیموکراســییەوە دەســەڵاتەکان بــە شــێوەی ئاشــتییانە ئاڵوگــۆڕ دەکرێــن و زۆرتریــن کێشــەی لــە کــۆڵ میللەتــەکان کردووەتــەوە، ئاخــر ئــەو وڵاتانــەی دیموکراســیی ڕاســتەقینەیان تێــدا نییــە، دەســەڵات تێیانــدا یــان هەمیشــەییە یــان لــە ڕێگــەی کودەتــا و ئاڵۆزییــەوە دەگۆڕدرێــن و بەهۆیــەوە وڵات دووچــاری چەنــدان قەیــران و ئاڵۆزی و ناســەقامیگریی گشــتی دەبێتــەوە، ئینجــا لەگــەڵ ئــەو هەمــوو باشــییەی دیموکراســی هەیەتــی، کەچــی عەلــی باپیــر پێیوایــە بــۆ دژایەتــی خوایــە و

وەک سیستەمی شەیتانەکان ناوی دەبات، ئەو پیاوە یان دەرکی پێی نەکردووە یان خۆی لێ نەبانکردووە کە تەنانەت دیموکراسی سوودی زۆری بۆ ئایینیش هەیە، بەهۆیەوە ئایین دەتوانێت خۆی لە چنگ دەسەڵات بپارێزێت و تێکەڵاوی خراپەکارییەکانی دەسەڵاتدارەکان نەبێت و هاوبەشی کارە نەشیاوەکان نەکات، ئەمە لە ئەورووپای ئێستا بەرجەستەیە، بۆیە لێرەدا بەتەنیا باسی نموونەی ئەورووپا دەکەین، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ نموونەیەکی تەواوی دیموکراسیی ڕاستەقینە نییە، ئەوەی هەیە زیاتر وەک گوتمان هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنیش یەکێک لە ڕەگەزە هەمەجۆرەکانی دیموکراسییە و بەتەنیا پەیکەری دیموکراسی لێ بەرهەم نایەت، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵبژاردنیش جێی گومانە بەوەی زۆرترین دەستوەردانی تێدا دەکرێت، کەوایە ناتوانین هیچ نموونەیەکی سەرکەوتووی وڵاتانی ئیسلامی بخەینەڕوو تا بڵێین ئەمە نموونەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسیی ڕاستەقینەیە لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا.

# چارلز تیلی
# چۆن لە دیموکراسی دەدوێت؟

چارلـز تیلـی، گـەورە نووسـەر و زانـای ئەمەریکایـی لـە کتێبـی «دیموکراسـی» کـە حەمـە ڕەشـید وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی و سـاڵی ٢٠١٤ دەزگای سـەردەم چاپـی کـردووە، ئـەو کتێبـە بـە شـێوەیەکی ورد و زۆر بابەتییانـە تیشـک دەخاتـە سـەر دیموکراسـی و سـوود و گرفتەکانـی شـی دەکاتـەوە، چارلـز تیلـی لەبـارەی پێناسـەی جەوهـەری بـۆ دیموکراسـی دەڵـێ: «بەپێـی ئـەم پێناسـەیە دیموکراسـی جەخـت لەسـەر جـۆری ئـەو ژیانـە دەکاتـەوە کـە سیسـتەمی حوکمڕانـی لـە

دابینکردنـی ژیانێکـی باشـتر بەردەسـتی دەکات و توانـای هەمـوو دانیشـتووان لەسـەر دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان و بـە یاسـا پاراسـتنیان لـە جـەور و گەندەڵـی و قووڵکردنـەوەی خۆشـنودی و ئازادیـی تاکەکەسـی و ئەمنییـەت و دادپـەروەری و یەکسـانیی کۆمەڵایەتیـی نێوانیـان و ڕاوێژکردنـی گشـتی لەگەڵیـان و چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی کێشـەکان».

گرفتـی گـەورەی دەوڵەتـە نادیموکراسـییەکان ئەوەیـە دەسـەڵات شـێوەی پیرۆزبـوون وەردەگرێـت و بـۆی هەیـە تاکەکەسـێک لەمیانـەی پەیڕەوکردنـی چەنـد سـاڵێکی دەسـەڵاتەکەیدا بـە توندی دەسـت بـە کورسـیی دەسـەڵاتەوە بگرێـت و هەمـوو شـتێک بـکات بـۆ مانـەوەی خـۆی لەسـەر کورسـییەکەیدا، لـەم دۆخـەدا دەسـەڵات گـوێ بـە هاووڵاتییـان نـادات و تەنیـا بیـر لـە مانـەوە و بەهێـزی خـۆی دەکاتـەوە، ئینجـا گەندەڵـی و نادادپـەروەری و ئازادیـی مرۆیـی و میدیایـی بـە بەردەوامـی پێشـێلکاریان بەرانبـەر دەکرێـت، چونکـە دەسـەڵاتدار بـە چەشـنێک گومـان لـە کۆمەڵگـە دەکات وەک ئـەوەی هەمـووان شمشـێریان بـەرەو ڕووی ڕاگرتبێـت، هێنـدە بـێ متمانەیـە چاوێکـی دەکاتـە دە چـاو بـۆ چاودێریکردنـی تـاک و کۆمەڵگـە و دامـەزراوە حکومـی و ڕێکخـراو و سـەندیکاکان، نەبـادا کودەتـا یـان هەوڵـی دژە دەسـەڵات لەئـارادا بێـت، ئینجـا ئـەم مۆدێلـە زیاتـر لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئیسـلامیدا زۆرە، بـە تایبەتـی ئەوانـەی ئیسـلامین، جگـە لـە

هێزی سەربازی و هەواڵگری، تەنانەت ئایینیش بۆ مانەوەی خۆیان بەکاردەهێنن، لە نموونەی عێراقی سەردەمی سەددام حوسێن، سووریا، ئێران، سعوودییە، لیبیا و یەمەن کە بۆ خۆیان نموونەی چەند وڵاتێکی وێرانەن لە ڕووی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و ئازادییەکانی، ئینجا هەر یەک لەو وڵاتانە بۆ خۆیان بەدەست چەندین گرفتی تایبەت و قەیرانی هاوبەش گیرۆدە و سەرگەردانن.

ئەو پێناسەیەی چارلز تیلی بۆ دیموکراسی دەیکات، سەدا سەد پێچەوانەی بۆچوون یان دروستتر هەڵچوونەکانی عەلی باپیرە، ئاخر چارلز بە نەرمی و بێ خۆ گیڤکردنەوە پێمان دەڵێ دیموکراسی لە ڕێگەی دامەزراوەکانییەوە کە زیاتر مەبەستی دەوڵەت یان حکوومەتی دیموکراسییە، هەوڵی چەسپاندنی جۆرێک سیستەمی حکومڕانی دەدات و ڕۆڵی لە دابینکردنی ژیانێکی باشتردا هەیە و هەموو دانیشتووان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ئازاد دەبن و بە یاسا لە جەور و گەندەڵی دەپارێزرێن، هەروەها دیموکراسی جەخت لە قووڵکردنەوەی خۆشگوزەرانی و ئازادیی تاکەکەسی و ئەمنییەت و دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگە حکوومەتی دیموکراسی ناچارە گرفت و کێشەکان لە ڕێگەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بنەبڕ بکات، ئەمجۆرەیان گرفتی گەورەی دەوڵەتانی نادیموکراسییە، بەوەی بە بەردەوامی کێشەکانیان گەورەتر

و هەمەجۆرتـر و قورسـتر دەبنـەوە، لەبـری ئـەوەی دەوڵـەت ڕۆڵـی لـە چارەسـەرکردنیان هەبێـت، بـە پێچەوانـەوە دەوڵەتـی نادیموکراسـی ئینجـا ئایینـی یـان نەتەوەیـی بێـت خۆیـان هـۆکاری زیادکردنـی کێشـەکانن، بـە دیاریکـراوی دەوڵەتـی ئایینـی کـە عەلـی باپیـر بانگەشـەی بـۆ دەکات و پێیوایـە تەنیا چارەسـەر زیندووکردنـەوەی ئـەو جـۆرە دەوڵەتەیـە، ئەمجۆرەیـان دەسـەڵاتی ئایینـی دەسـتدەگرێت بەسـەر کـۆی کایـەکان و هەمـوو شـت بـە چاویلکـەی ئایینـی و لەسـەر بنەمـای شـەریعەتی ئایینـی کـە (مەبەسـتمان دەوڵەتانـی ئیسـلامییە)، کاروبارەکانـی دەوڵـەت بەڕێـوە دەچـن، لـە ڕابردووشـدا نموونـەی دەوڵەتـی ئایینیـمان هەبـووە، وەک دەوڵەتـی عوسـمانی، لەبـری ئـەوەی ڕۆڵـی لـە قووڵکردنـەوەی ئاشـتەوایی و لەخۆگرتنـی هەمـوو پێکهاتەکانـی ناوچەکـەدا هەبێـت، بـە داخـەوە بەهـۆی چەوسـاندنەوە لەسـەر بنەمـای ئایینـی و هێـرش و پەلاماردانـی ئەورووپـا و داگیرکردنـی خاکـی وڵاتانـی دیکـەی کـردە سـتراتیژ و بـە پاسـاوی مەترسـی لەسـەر ئیسـلام مافـی بەخـۆی دەدا بـە ئـارەزووی سـوڵتانەکان فراوانخـوازی بکـەن و پەیڕەوکارانـی ئایینەکانـی دیکـە بکـوژن و بەهۆیـەوە ژینگەیەکـی تـەواو توندوتیـژی دروسـتکرد، خـۆ بـە گەڕانـەوەش بـۆ ڕابـردووی چەنـد سـەدەیەک، هیـچ دەوڵەتێکـی ئایینـی نەبـووە ئاشـتەوایی تێـدا بەرقـەرار بووبێـت، ئـەوەی هەبـووە تەنیـا کوشـتار و ڕەتکردنـەوە و سـووتاندن و تالانکـردن و چەوسـاندنەوەن.

سەرباری بوونی دەیان نموونەی دەوڵەتی خراپی ئایینی، کەچی ئیسلامی سیاسی هێشتا کار بۆ زیندووکردنەوەی نموونەی دەوڵەتی ئایینی دەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر نموونەی هەرێمی کوردستان وەربگرین، ئێمە وەک کورد گرفتی ئایینمان نییە، بەڵکوو گرفتی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆمان هەیە، کێشەی داگیرکردنی خاکمان هەیە، کێشەی ئەوەمان هەیە لە ناوچەیەکی ئیسلامیداین نایانەوێت تۆی کورد وەک نەتەوە و و تەنانەت موسڵمانیش قەبووڵ بکەن، ئینجا ئیسلامی سیاسی لەبری ئەوەی خەمی نەتەوەییان هەبێت، دەچن خۆیان بە شتی دیکەوە سەرقاڵ دەکەن، ئەوەتا عەلی باپیر لە کتێبی چارەسەری کێشەی کورد لەنێوان ئیمان و پەرلەمان دا، بە ئاشکرا دژی سەربەخۆیی گەلەکەیەتی و دەنووسێت: «گیروگرفتی کورد لە واقیعێکی ئیسلامی دروست نەبووە و ڕەگوڕیشەی ئەو بەڵا گەورە و ستەمە دزێوە لە زەمینەی ئیسلامیدا نەڕواوە، بەڵکوو ئەو گیروگرفتە دوای زاڵبوونی ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەر دونیای ئیسلامیدا پەیدا بووە، ئەمیش دوای نەمانی خەلافەتی ئیسلامی ڕوویدا، ئەو خەلافەتەی کە بەهۆی نەخۆشییەکانی و لادانە جۆراوجۆرەکانی لە ئیسلام نەیتوانی بەرهەڵستی دوژمنە سەهیۆنی و خاچپەرستەکان بکات».

هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان بەشێوەیەکە کەوتووەتە نێوەڕاستی عەرەب، تورک، فارس، ئەو سێ

نەتەوەیەش بە ئایین ئیسلامن و خاوەنی دەوڵەتی تورکی و فارسی و چەندان دەوڵەتی عەرەبین، دەوڵەتی عەرەبی هەیە، هێندەی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و ئامەدی باکووری کوردستان نییە، کەچی بە ڕەوای نازانن نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنی وەک کورد، دەوڵەتێکی خۆی هەبێت! سەیرە سەرکردەیەکی وەک عەلی باپیر خۆی لەو ڕاستییە مێژوویی و هەنووکەییە دەشارێتەوە و کێشەی کورد بۆ باڵادەستی وڵاتانی جیهان دەگەڕێنێتەوە! لەکاتێکدا کورد کەوتووەتە نێوان ئەو سێ نەتەوەیەی ئاماژەمان پێیان کرد و بە درێژایی مێژووش ئەو سێ نەتەوەیە (تورک، فارس، عەرەب، کە خاوەنی دەوڵەتی ئیسلامین) سەدان پلان و پیلانیان لە دژی کورد پەیڕەو کردووە و بە کردەوە کاریان لەسەر داگیرکردنی خاکی کوردان کردووە و ئەنفال و کیمابارا ن و تاڵانکاریان لە دژی کورد کردووە، پێشمەرگە و شەڕڤانی کوردیان سەربڕیوە و شەهید کردووە، زیندانەکانی ئەو سێ دەوڵەتە بە بەردەوامی پڕیەتی لە کورد و تەنیا بەهۆی کوردبوونەوە ئەشکەنجە دەدرێن و سووکایەتیان پێ دەکرێت، کاتێکیش داوای سەربەخۆیی دەکەیت، بە تانک و سوپا و میلیشیای مەزهەبی لە شیعە و سوننە پەلامارت دەدەن، وەک نموونەی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ئاخر ئەو ڕووداوە تەنیا بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە بوو، ئێ ڕیفراندۆم ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە هەمەجۆرەکانی دیموکراسی

و هـەر میللەتێـک بـۆی هەیـە بـۆ یەکلاییکردنـەوەی پرسـێکی تایبـەت هانـای بـۆ ببـات، ئـەوەی کوردسـتانیش بـۆ وەرگرتنـی ڕەئـی هاووڵاتییانـی کوردسـتان بـوو تەنیـا بـە ئاراسـتەکردنی پرسـیاری ئـەوەی دەتەوێـت لەگـەڵ عێـراق بمێنیتـەوە یـان دەتەوێـت لـە عێـراق جیابیتـەوە؟ ئـێ خـۆ ڕیفرانـدۆم تـاوان نەبـوو، پەیڕەوکردنـی یەکێـک لـە ڕەگەزەکانـی دیموکراسـییە، ئەگـەر دەوڵەتانـی عێـراق و تورکیـا و ئێـران دیموکراسـیبوونایە، ئەنجامـی ڕیفراندۆمیـش بـە ئاسـایی وەردەگیـرا و ئێسـتا کوردیـش دەبـووە خاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی.

عەلـی باپیـر خـۆی لـە ڕاسـتی دەشـارێتەوە و دەسـتی تۆمـەت بـۆ وڵاتانـی جیهانـی درێـژ دەکات و پاکانـە بـۆ ئـەو سـتەمکارییە دەکات کـە دەرهـەق بـە کـورد لـە ناوچەیەکـی ئیسـلامی کـراون، ئـێ ئـەوەی ناهێڵـێ تـۆ دەوڵەتـت هەبێـت، ئەورووپـا و جیهـان نیـن، بەڵکـوو تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـووریا و دەوڵەتگەلـی ئیسـلامین و دژی ئـەو مافـەت دەوەسـتنەوە، هەتـا خاوەنـی ئـەو عەقڵییەتـەش بـن، کـورد دەبێـت چاوەڕێـی دەیـان ئەنفـال و هەڵەبجـە و شـازدەی ئۆکتۆبـەر و خـاک داگیرکـردن و پرۆسـەی کوشـتاری دیکـە بێـت.

عەلـی باپیـر لـەم فەتوایـەی خـوارەوە، جـاڕی کافربوونـی ئـەو کەسـانە دەدات کـە دەچنـە پەرلەمـان و یاسـاکان دادەنێـن، ئەوەتـا لـە کتێبەکـەی دەڵـێ: «ئەرکـی پەرلەمـان بریتییـە لـە یاسـادان، بەبـێ پرسـکردن بـە خـوا و پێغەمبەرەکـەی و بەرنامـەی

خوا! بەڵام ئەرکی کۆڕی ڕاوێژی ئیسلامی بریتییە لە پابەندی موو بە موو بە فەرمان و بڕیارەکانی خوا و پێغەمبەرەوە، دیارە هەر کەسێکیش خۆی لێ نەگۆڕێ، دەزانێت کە یاسادانان لەلایەکەوە و چەسپاندن و ڕوونکردنەوەی یاساکانی شەرع لەلایەکی دیکەوە، هێندەی هەق و ناهەق لێک دوورن، جا ئەمە وەڵامی پرسیاری، ئایا دروستە موسڵمان بەشداری پەرلەمان بکات؟ چوونە نێو پەرلەمان و بەشداری تێداکردنی شتێکی حەرام و قەدەغەیە، چونکە بەشداریکردنە لە دانانی دین و بەرنامەی ژیاندا، کە ئەمەش بەس لە خوا دەوەشێتەوە و هەر لە توانای ئەویشدایە ئەو کارە بکات، ئەوەی بڕوای بە چوونە پەرلەمان هەبێت، فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ و یەکجاری دەچێتە خانەی کوفرەوە».

پێشتریش ئاماژەم بەو جۆرە فەتوا توندڕۆییە کرد، بۆیە لێرەدا ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بۆ تۆی خوێنەر جێدەهێڵم بۆ ئەوەی خۆت بڕیار بدەیت و ئایا ئەو پیاوە لۆژیکی بیری کردووەتەوە یان بە شێوەیەکی توندڕۆیانە و بە پێی پەتی بەناو کێڵگەی دەوڵەمەندی دیموکراسی کەوتووە؟ خۆ ئێستا بە گوێرەی ئەو فەتوایەی خۆی بێت، ژمارەیەک پەرلەمانتاری کافری بردووەتە پەرلەمانەکانی کوردستان و عێراق!

ڕوانگەی عەلی باپیر بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ئەوەیە، کۆمەڵگە لەناو ژینگەیەکی ئایینی (ئیسلام) بەڕێوە ببردرێت

و مرۆڤـی ئێسـتای موسـڵمان ئینجـا کـورد یـان عـەرەب و فـارس و تـورک بـن، هەمـان ئـەو هەوایـەی لـە سـەردەمی پێغەمبـەر و خەلافەتـە ئیسـلامییەکان و هـاوەڵ و جەنگاوەرانـی شمشـێر بەدەسـتی لەشـکری ئیسـلام هەڵمـژراوە، دووبـارە بنـەوە بـە هەناسـە و ژیانـی تـاک و کۆمەڵگەکانـی ئێسـتا، ئینجـا ئـەو باکـی نییـە جیهـان چەنـدان سیسـتەم و قۆناغبەنـدی بڕیـوە و لەبـری ئـەوەی خەریکـی توێژینـەوە لـە دەقـە ئایینییـەکان بـن، بیریـان کـردەوە چـۆن بفڕنـە ئاسـمان و مانگـی دەسـتکردیان دروسـتکرد و چووشـنە ئاسـمان و هـەزاران جـۆری دیکـەی تەکنۆلۆژیایـان بەرهەمهێنـا کـە بـە هـەزار سـاڵی دیکـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامی لـە سـایەی ئـەو عەقڵییەتـەی عەلـی باپیـر و هاوشـێوەکانی پێـی نـاگات.

لـە بەشـێکی تـری بۆچوونـە ڕەخنەییەکانـی سـەبارەت بـە دیموکراسـی دەڵێـت: «میللەتێکـی موسـڵمان بـە هیـچ ڕەنگێـک بـۆی نییـە کەسـانێک بـە حوکمـڕان و کاربەدەسـت دابنـێ و هەڵیبژێرێـت کـە لـە خـودی خۆیانـدا موسـڵمان نەبـن، یـان خۆیـان بـە موسـڵمان دابنێـن و کەچـی ئامـادە نەبـن شـەریعەتی خـودا پیـادە بکـەن».

ئـەم بۆچوونـە تـەواو بۆچوونێکـی خێڵەکییـە و لەگـەڵ ئەوەشـدا دەچێتـە قاڵبـی (فێندەمێتالیـزم) توندڕۆیـی ئایینـی، هـەر ئـەم بۆچوونەشـە وایکـردووە گەلانـی موسـڵمان نەتوانـن بـە ئاشـتی بژیـن، سـەرباری ئـەوەی پێکهاتـە ناموسـڵمانەکان

نەیانتوانیـــوە بـــە ئـــازادی مومارەســـەی مـــاف و چالاکییـــە سیاســـییەکانی خۆیـــان بکـــەن، ئـــەوا گەلانـــی موســـڵمانیش بەهـــۆی ئەمجـــۆرە تێگەیشـــتنە فێندەمێنتالیزمییـــەوە دووچـــاری ماڵوێرانـــی و کارەســـاتی ڕۆحـــی و جەســـتەیی گـــەورە بوونەتـــەوە و تـــا ئـــەم ســـاتەش ماڵوێرانییەکـــە بەردەوامـــە. ئـــەو پێیوایـــە کەســـانی ناموســـڵمان نابێـــت لـــە کۆمەڵگـــە موســـڵمانییەکان دەســـەڵات وەربگـــرن، ئـــەوە هـــەم ســـووکایەتییە و هەمیـــش دژایەتیکردنـــی ڕاســـتەوخۆی پێکهاتـــە جیـــاواز لـــە موســـڵمانەکانە، کـــە پێچەوانەکـــەی لـــە ئەورووپـــادا ڕاســـتە و پەیـــڕەو دەکرێـــت، چونکـــە دیموکراســـییەت بەشـــێوە ڕاســـتەقینەکەی لـــەوێ ئامادەگـــی هەیـــە، گرنـــگ نییـــە تـــۆ خەڵکـــی کامـــە وڵات یـــان ئیســـلامیت یـــان کام نەتەوەیـــت، گرنـــگ ئەوەیـــە تـــۆ لـــە چوارچێـــوەی دەوڵەتـــدا وەک هاووڵاتـــی قەبووڵکراوبـــی و لەســـەر بنەمـــای یاســـاکانی ئـــەو دەوڵەتـــە مافـــی نیشـــتەجێبوونت هەبێـــت، ئـــەوکات دەتوانیـــت بچیتـــە ڕکابەرێتییـــەکان بـــۆ گەیشـــتن بـــە کورســـیی دەســـەڵات، چونکـــە ئامانجـــی دیموکراســـی نەهێشـــتنی گرفتەکانـــە لەنێـــوان گـــەل و ئایینـــەکان، کەوایـــە هاووڵاتییبـــوون لـــە ســـەرووی ئـــەو شـــتانەوەیە کـــە لـــە جیهانـــی ئیســـلامیدا پێچەوانەکـــەی ڕاســـتە.

عەلـــی باپیـــر نـــەک هـــەر دژی ئەوەیـــە ناموســـڵمانێک ببێتـــە کاربەدەســـتی کۆمەڵگەیەکـــی ئیســـلامی، دژی ئـــەو موسڵمانانەیشـــە کـــە پابەنـــد نیـــن بـــە شـــەریعەتی ئیســـلام، واتـــە ئـــەو تەنانـــەت لەگـــەڵ ئەوەشـــدا نییـــە موســـڵمانانی پابەنـــد نەبـــوو بـــە

شـەریعەتی ئیسـلامی، کاربەدەسـتی وڵات بـن، کاتـی خۆیشـی سـەید قوتـب دەیگـوت، کۆمەڵگـەی ئیسـلامی دووچـاری جاهیلبـوون بووەتـەوە، بـەوەی ئایینداریەکـەی لاواز بـووە و پێویسـتە جیهـادی بەسـەردا بکرێـت، ئـەم بۆچوونـەی سـەید قوتـب سـەرئەنجام ماڵوێرانـی و کارەسـاتی بـۆ کۆمەڵگـەی موسـڵمانان هێنـا تـا ئاسـتی ئـەوەی کوشـتنی بـە کۆمەڵـی خەڵکـی موسـڵمان و ئەوانـی تریـش بـووە دیـاردە و دەیـان گرووپـی ئیسـلامی توندڕۆیـش لەسـەر ئـەو بنەمایـە دروسـتبوون، کەچـی لەبـری ئـەوەی دەسـەڵات و خەڵـک دووچـاری شـۆک بـکات، بـە پێچەوانـەوە کوشـتارەکان وەک ئامـاری میدیاییـان لێهـات، هـەر ڕۆژەی گرووپێـک و چەنـدان دەسـتەی تیرۆریسـتی بـە ئامانجـی سـەیر سـەیری توندڕۆییـەوە سـەرهەڵدەدەن و تاوانـی گـەورە بەرانبـەر مرۆڤایەتـی ئەنجـام دەدەن، ئەمەیـش نەبووەتـە هـۆی ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی کۆمەڵگـە موسـڵمانەکان هەڵوێسـت وەربگـرن، کەچـی لـەو هەلومەرجەشـدا خۆیـان تۆمەتبـارن لـەوەی ململانـێ مەزهەبییـەکان بـرەو پـێ دەدەن و دواتـر ئەوەیـش دەچێتـە گیرفانـی بەرژەوەندیـی تیرۆریسـتانەوە.

گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی بـۆ ئـەوەی بەدیلێـک بـۆ دیموکراسـی بدۆزێتـەوە تـا تۆمەتـی دژە دیموکراسـییان نەدرێتـە پـاڵ، زۆربـەی کاتـەکان مەسـەلەی چەمکـی شـوورا دەهێننـە گـۆڕێ کـە دوای کۆچـی دوایـی پێغەمبـەری موسـڵمان لـە پرسـی دانانـی خەلیفـە ئەبوبەکـر سـدیقدا وەک یەکـەم خەلیفـەی

موسڵمان پەنای بۆ برا، لەکاتێکدا ئەمجۆرە شوورایە بە هیچ شێوەیەک ناتواندرێت بە دیموکراسی بەراورد بکرێت. لەمبارەیەوە عەلی باپیر بۆ بێبایەخکردنی دیموکراسی و پەرلەمان دەڵێت: «وەک چلۆن نوێژت لەسەر فەرزە و زەکاتت لەسەر فەرزە، ئاواش (شووری) راوێژکردن لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان فەرزە و دەبێت هەموو کاروبارێکیان بە ڕاوێژ بێت».

باسکردن لە شوورا وەک جێگرەوەی دیموکراسی، پەیوەندی بە نزیکایەتیی شوورا بە دیموکراسییەوە نییە، تەنێ تۆمەتێکی داتاشراوە بۆ دیموکراسی، هەروەها لە گۆشەنیگای ئیسلامی سیاسیدا، شوورا بەهایەکی نەگۆڕی هەیە، کە لە دوای مردنی پێغەمبەری ئیسلامەوە پرسی شووراش دێتەئاراوە، وەک ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، لە کاتی مردنیدا پەیامبەر هیچ کەسێکی بۆ ڕێبەرایەتییکردنی موسڵمانان لەدوای خۆیدا دیاری نەکردووە، ئەمە بووەتە کێشەیەکی گەورە لەدوای ئەوەی کە کۆچی دوایی دەکات، موسڵمانان لەسەر کەسێک ڕێک ناکەون بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفە، بەڵام خۆ هەر دەبوو بەیعەت بە کەسێک بدرێت تا ببێت بە خەلیفەی موسڵمانان، هەر بۆیە مشتومڕێکی ڕژد لەسەر ئەوەی کێ ببێت بە خەلیفەی موسڵمانان دروست دەبێت؟ چونکە ئەبوبەکری سدیق و عەلی کوڕی ئەبو تالیب، هەوڵی بوون بە

خەلیفـەی موسـڵمانیان دەدا، دواجـار ئـەو کێشـەیە بـە هـەر شـێوەیەک بـوو بـە شـوورا، واتـە ڕاوێـژ بـە شـێوەیەکی کاتـی لـە بەرژەوەندیـی ئەبوبەکـری سـدیقدا چارەسـەر کـرا و بـوو بـە خەلیفـەی موسـڵمانان.

ڕاسـتە شـوورا توانـی ئەبوبەکـری سـدیق بـکات بـە خەلیفـەی موسـڵمانان، بـەڵام لێـرەوە کێشـەیەکی گـەورە سـەریهەڵدا و زۆربـەی موسـڵمانان بـە بڕیـاری شـوورا ڕازی نەبـوون و موسـڵمانانیش بـوون بـە چەنـد بەشـێکەوە، ئیبنـو تەیمییـە زانـای موسـڵمان کـە سـوننە مەزهەبـە و زۆر بـە باشـی هـەم شـارەزای مێـژووی ئیسـلامە و هەمیـش بـە قووڵـی لـە دەق و فەرموودەکانـی کۆڵیوەتـەوە دەڵێـت: «بـەزۆری و لەژێـر هەڕەشـەی کوشـتندا، عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب، بەیعەتـی دایـە ئەبوبەکـری سـدیق».

شـوورا لەبـری ئـەوەی کێشـەکە چارەسـەر بـکات، بگـرە گەورەتـری کـرد و ئـەو ناکۆکییانـە تاکـو ئێسـتاش ئامادەگییـان هەیـە، کـە دوای مردنـی پەیامبـەر لەلایـەن دەسـتەیەک لـە کەسـی نزیکـی پەیامبـەرەوە کۆبوونـەوەی «السـقیفە» بـۆ دەستنیشـانکردنی خەلیفـەی موسـڵمانان ڕێکخـراوە و زۆربـەی سـەرچاوە مێژوویەکانیـش ئـەو ڕووداوە وەک سـەرەتای دروسـتبوونی ناکۆکیـی نێـوان موسـڵمانان دادەنێـن، دواتـر دروسـتبوونی شـیعە و سـوننەی لێکەوتووەتـەوە و بـە مەزهـەب و بیـروڕای جیـاواز هاتنـە نـاو ئایینـی ئیسـلامەوە و سـەرجەمیان

ڕۆڵیـان لـەو توندوتیژییانـەی ئێسـتای کۆمەڵگـە موسـڵمانییەکان هەبـووە.

کەوایـە شـوورا نـەک هـەر ناتوانێـت جێگـەی دیموکراسـی بگرێتـەوە، بەڵکـوو بەراوردکردنیشـی بـە دیموکراسـی ناهەقییەکـی گەورەیـە دەرهـەق بـە دیموکراسـی دەکرێـت، چونکـە جیاوازییەکانـی نێوانیـان گەلێـک زۆرن و جەوهەریـن، هیـچ خاڵێکیـش لەگـەڵ یەکتریـدا نزیکیـان ناکاتـەوە، بەوپێیـەی شـوورا بۆچوونـی دەسـتەیەک کەسـە کـە ڕەنگـە یـەک کەسیش بێـت، ڕای خـۆی دەسـەپێنێت بەسـەر حوکمێکـدا کـە زۆرجـار ئـەو حوکمـە شـەرعییە، هەندێـک جاریـش شـوورا ڕۆڵـی لـە دەرکردنـی فەتـوا لەبـارەی پرسـێکدا دەبێـت کـە بـە ڕوونـی لـە دەقـی قورئانـدا باسـی لێـوە نەکرابێـت، بـەو مانایـەی ئـەو دەسـتەیەی گوایـە دەسـتەی شـووران، شـارەزای تـەواوی دەقەکانـی قورئانـن و ئەمەیـش ڕێـک پێچەوانـەی دیموکراسـییە، چونکـە لـە شـوورادا هاووڵاتیـی بەشـێوە گشـتییەکەی، ڕۆڵـی لـەو دەسـتەیەدا نابێـت بـۆ بڕیـاردان لەسـەر هـەر پرسـێکی دونیایـی یـان شـەرعی، بـەڵام لـە دیموکراسـیدا ئەمـە ڕێـک پێچەوانـە دەبێتـەوە، بـەو مانایـەی گـەل خـۆی دەسـەڵاتەکەیە، واتـە حاکمیەتـی گـەل. کەوایـە ئـەوە گەلـە خـۆی بەرنامەیـەک یـان دەسـتوورێک بـۆ ڕێکخسـتن و ڕاییکردنـی کاروبارەکانـی دادەنێـت، یـان نوێنەرێـک دیـاری دەکات تـا لەبـری ئـەودا بڕیـار بـدات، هـەر کاتێکیـش زانـی نوێنەرەکـەی یـان ئـەو دەسـتوورەی

دەنگی بۆی داوە کەڵکیان نییە و لە ئاستی خواستەکانی ئەودا نەبوونە یان بەڵێنەکان بەدی نەهاتوون، ئیدی لەسەر سندووق بە نوێنەرێکی تری دەگۆڕێت، ئەمەیش لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت.

بە مانایەکی تر لە ئیسلامدا کە شوورا لەسەری دەڕوات، دەبێ موسڵمانان لەسەر بنەمای دەستوورێکدا بژین و لەسەریان پێویستە پابەندی بن بە جۆرێک خۆشیان دەستییان لە دانانیدا نەبووە، هیچ کەسێکیش بۆی نییە ڕەخنەی لێی هەبێت، پێچەوانەی ئەو بڕیارە بجوڵێتەوە کە لەلایەن دەستەی شووراوە دادەنرێت، چونکە سیفاتێکی ئاسمانی پێ دەدرێت و ناتوانێت دەستکاری بکات، گوایە لەسەر بنەماکانی شەرعیەتی ئیسلامی دانراوە، بەڵام لە دیموکراسیدا، گەل واتە هاووڵاتی خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتە، دروستتر بڵێین لە سایەی دیموکراسیدا ئەوە گەلە خۆی دەستوورێک بۆ ڕاییکردنی کاروبارە دونیاییەکانی دادەنێت و هەمووکاتیش دەتوانێت بەپێی گۆڕانکاریی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان بیگۆڕێت، بەڵام ئەمە لە شووردا بوونی نییە، چونکە هاووڵاتی بەشێوە گشتییەکەی خۆی خاوەنی بڕیاردان نییە و هیچ ئومێدێکیش نییە خواستەکانی لە بڕیارەکاندا بێتەدی، چونکە دەستەیەک کەسی شارەزای شەریعەتی ئیسلامی

لــە چوارچێــوەی شــووڕادا بڕیــار دەدەن، کەوایــە جیاوازییەکــی جەوهــەری لەنێــوان دیموکراســی و شــووڕادا هەیــە و بــە هیــچ شــێوەیەک بــە یەکــتری بــەراورد ناکرێــن.

لــە شــوێنێکی تــردا ســەبارەت بــە ئازادییــەکان کــە لــە سایەی دیموکراســییدا بــۆ مــرۆڤ دەســتەبەرکراون، دەڵێــت: «شــەریعەت ئینســانەکانی ئازادکــردووە و مافــی ئــەوەی پێــداون تەعبیــر لــە بیروبۆچــوون و هەســت و نەســت و هەڵوێســتی خۆیــان بکــەن، بــەڵام بــە پێچەوانــەی دیموکراســی، بــە بیانــووی مــاف و ئازادیــی دەربڕینــەوە، ڕێگــەی نــەداوە ئینســان جنێــو و قســەی ناشــیرین بــە خەڵکــی بڵێــت و چــی پێخــۆش بــوو بیڵێــت، یــان پاشــملە و بەبــێ پاســاوی شــەرعی زەم و غەیبەتــی ئــەم و ئــەو بــکات».

هــەر کــە بــەراوردی ئــەو بۆچوونــەی عەلــی باپیــر بــەو ئازادییانــەی لــە دیموکراســیدا هــەن، دەکەیــن، دەگەینــە ئــەو ڕاســتییەی ئــەو پیــاوە لــە مەفهومــی ڕاســتەقینەی ئــازادی نەگەیشــتووە، پێیوایــە ئــەوەی لــە سایەی دەوڵەتــی دیموکراســیدا دەگوزەرێــت، ئــازادی نییــە، بەڵکــوو جنێــودان و قســەی ناشــیرن و زەم و زەمکاریــە، لەکاتێکــدا ئــەم قسانەی ئــەو تــەواو پێچەوانــەی ئــەو ئازادییانەیــە کــە لــە دەوڵەتــی دیموکراســیدا هــەن، ڕەنگــە ئــەوەی ئــەو باســی دەکات لــە سایەی دەوڵەتێکــی دیموکراســیدا ڕوویانــدا بێــت، بــەڵام بــە هیــچ شــێوەیەک جەوهــەری ڕاســتەقینەی دیموکراســی نیــن، واتــە ئــەوەی بیەوێــت لــە ســایەی دیموکراســی هەوڵــی ناشــیرینکردنی کەســانی تــر بــدات،

ئـەوا بـە هەمـان ئـەو یاسـایەی لـە دەوڵەتـی دیموکراسـیدا هەیـە، کەسـی تۆمەتبـار سـزا دەدرێـت و مـاف بـۆ خاوەنەکـەی دەگەڕێتـەوە، کەوایـە دیموکراسـی ڕێگـە بـەوە نـادات لـە سـایەی ئـەودا خەڵکـی بـە نـاوی ئازادییـەوە سـووکایەتی بـەوی تـر بکـەن، ئەگـەر ئـەوە ڕوویـدا ئـەوا یاسـا ڕۆڵ دەگێڕێـت و کەسـی پێشـێلکار ڕووبـەڕووی سـزای دونیایـی دەبێتـەوە، جـا بـە قەرەبـووی پـارە بێـت یـان زیندانیکـردن بێـت.

ئازادییـەکان وەک بنەمایەکـی گرنگـی دیموکراسـی، چەنـدان جۆریـان هەیـە، ئازادیـی کۆمەڵایەتـی، ئازادیـی بیـروڕای سیاسـی، ئازادیـی کەسـی، ئازادیـی تـاک، ئازادیـی ئابـووری، ئازادیـی کاروبـاری سیاسـی، هەروەهـا ئازادیـی هەڵبـژاردن و گۆڕینـی ئاییـن، لـە تـەک هەمـوو ئەمانەشـدا ئینسـان ئـازادە کام کەسـە هەڵدەبژێرێـت تـا لـە پەرلەمـان نوێنەرایەتـی بـکات، هـاوکات بـە هەمـان شـێوە لـە ڕێگـەی سـندووقی دەنگدانـەوە، مافـی لادانیشـی هەیـە، کەوایـە بنەمـای ئـازادی لـە دیموکراسـیدا شـتێکی هـەروا سـادە نییـە کـە عەلـی باپیـر لـە جنێـودان و زەمکاریـدا کورتـی کردووەتـەوە، بەڵکـوو ئـازادی بنەمایەکـی گرنگیـی دیموکراسـییە و هـەر پێشـێلکارییەک بـە نـاوی ئازادییـەوە بکرێتـە سـەر تاکێـک، یاسـا ڕێگـری لـێ دەکات.

# دکتۆر حوسێن بەشیریە

# «دیموکراسی بۆ هەمووان»

دکتـۆر حوسـێن بەشـیریە بیرمەنـد و کۆمەڵناسـی بەناوبانـگ لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی «دیموکراسـی بـۆ هەمـووان» کـە حسـەین موحەممـەدزادە کردوویەتـی بـە کـوردی، دەڵێـت: «ئازادیـی بەیـان بـە گرنگتریـن مافـی مەدەنـی و سیاسـی لـە دیموکراسـی گەلـی ئەمـڕۆ حیسـابی بـۆ دەکـرێ، ئـازادی بەیـان یانـی ئـازادی بەشـێوەی قسـەکردن و نووسـین لەنێـوان هاووڵاتیانـدا، ئـەم پەیوەندییـە لەوانەیـە لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـە یـان کتێـب بـڵاو بکرێتـەوە»

لێــرەدا دکتــۆر حوســێن مەبەســتی لەمجــۆرە ئازادییەیــە کــە ئێمــە پێــی دەڵێیــن ئازادیــی میدیایــی یــان ئازادیــی ڕادەربڕیــن، هەڵبــەت ئازادیــی ڕادەربڕیــن و میدیایــی پێگەیەکــی زۆر گرنگیــان لــە دیموکراســیدا هەیــە، تەنانــەت میدیــا وەک دەســەڵاتی چــوارەم نــاوی دێــت لــەدوای دەســەڵاتی دادگــە و حکوومــەت و ســەرۆکایەتیی دەوڵــەت و هەتــا پەرلەمانیــش، کەوایــە ئــازادی ئــەوە نییــە عەلــی باپیــر لــە شــتی بازاڕیــدا کورتــی کردووەتــەوە و پێناســەی ســادەی بــۆی کــردووە، ئــەم بۆچوونــەی ئەویــش دوو هۆکاریــی لەپشــتە یــان ئەوەتــا لــە چەمکــی ئــازادی تێنەگەیشــتووە، یانەکــی بــە ئەنقەســت دەیەوێــت لــە بەرگــی جنێــودان و قســەی ناشــیرینی بپێچێتــەوە، هەڵبــەت کەســایەتییەکی وەک عەلــی باپیــر شــارەزاییەکی باشــی لــە بابەتــی ڕۆشــنبیرییە گشــتییەکان و دەقــە قورئانییەکانــدا هەیــە، مەعقــوول نییــە نەزانێــت ئــازادی چییــە! بــە تایبەتــی ئــەو جــۆرە ئازادییانــەی لــە دیموکراســی بایەخــی گەورەیــان پێــدراون، ڕاســتییەکەی ئەوەیــە هەوڵــی ناشــیرینکردنی چەمکــی ئــازادی دەدات بــۆ ئــەوەی کۆمەڵگــەی موســڵمانان دژی بوەســتنەوە.

لــە بەشــێکی تــردا دکتــۆر حوســێن بەشــیریە دەڵێــت: «ئازادیــی بەیــان ئەساســی جۆرێکــی تــر لــە بیرکردنەوەیــە کــە ئەویــش یەکێــک لــە بنەماکانــی شــێوەی ژیانــی دیموکراتیــک دروســت دەکات و لــەم شــێوە ژیانــەدا ئەوانــەی جۆرێکــی تــر بیــر دەکەنــەوە، ناکرێــت بــە تاوانــی بیــروڕای جیــاواز و دژ بــە

حکوومـەت بخرێتـە ژێـر ئـازار و ئەشـکەنجەوە».

لێـرەدا دکتـۆر دەیەوێـت بڵـێ دەوڵـەت و هـەر گرووپێکـی دیکـەی ئایینـی یـان سیاسـی بۆیـان نییـە خەڵکـی لەسـەر ئازادیـی ڕادەربڕیـن ئـازار بـدەن و زیندانـی بکـەن، چونکـە ئـەو ئازادییانـە لـە دیموکراسـییەتدا بۆیـان دەسـتەبەرکراوە و جۆرێکـی تـری بیرکردنـەوەی جیـاوازە لـەو بیرکردنەوەگەلانـەی هـەن، هـەر بۆیـە دەڵـێ نابێـت خاوەنـی ئـەو بیرکردنـەوە جیاوازانـە ئـازار بدرێـن، چونکـە شـێوەیەکی ژیانـی دیموکراتییانـەن.

هەروەهـا عەلـی باپیـر دەشـڵێت: «دیموکراسـی فەلسـەفەکەی و کاکڵەکـەی بـە کەڵـک نایـەت کـە بریتییـە لـەوەی دیاریکردنـی حـەڵاڵ و حـەرام دەداتـە دەسـت خەڵـک، ئـەوە پیسـترین و خراپتریـن لایەنـی خراپـی دیموکراسییەتە». خـۆی دیموکراسـییەت لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتـن لـە بۆچـوون و هەڵبژاردەکانـی مـرۆڤ ڕەگوڕیشـە سیاسـییەکەی داکوتـاوە، واتـە خـودی دیموکراسـی بـۆ ئەوەیـە مـرۆڤ ببێتـە سـەنتەری هەمـوو شـتەکان، هـەر لـە ناوەکەیـدا بـە مانـای دەسـەڵاتی گـەل دێـت، واتـە ئـەوە تـاک و کۆمەڵگەیـە بڕیـار لەسـەر شـتەکان دەدەن نـەک هیـچ ئاییـن و دەسـەڵاتدارێکی دیکـە. کەچـی عەلـی باپیـر پێیوایـە گەڕانـەوەی دیموکراسـی بـۆ لای خەڵـک، پیسـترین و خراپتریـن لایەنـی دیموکراسـییەتە، بـە پێچەوانـەوە ئـەوە باشـترین لایەنـی دیموکراسـییەتە کـە ڕەئـی تـاک بـە هەنـد وەردەگرێـت.

مەسـەلەی حـەڵاڵ و حـەرام، دوو دەسـتەواژە و چەمکـی

ئیسلامین، بەڵام ئەگەر لە ڕوویکی نائایینییەوە وەریان بگرین، خۆ لە دیموکراسییەتیشدا هیچ شتێک بە ڕەهایی نەخراوەتە بەردەستی خەڵک، واتە دیموکراسی خۆی سنووری بۆ هەندێک شت داناوە و ناکرێت پەنای بۆ ببرێت، وەک نموونە، وەکچۆن لە ئیسلامدا خواردنی ماڵ و سامانی خەڵکی حەرام کراون، لە دیموکراسیشدا بە پێشێلکاری دادەنرێت و بە هەموو شێوەیەک قەدەغەکراوە و سزای یاسایی توندی لەسەرە، واتە دیموکراسیش وەک فیکرێک لە ڕێگەی یاساوە چاودێریی کۆمەڵگە دەکات، کەوایە ئەو بێسەروبەرییە نییە کە عەلی باپیر بانگەشەی بۆ دەکات.

لە دیموکراسیدا، ئەنجوومەن و پەرلەمان سەبارەت بە پرسێک یان دەرکردنی یاسا و نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتییان، گرنگیی تایبەتیان هەیە، ئەمەیش لە ڕێگەی خەڵکەوە و بەهۆی سندووقی هەڵبژاردنەوە ئەندامانی ئەنجوومەنەکان یان پەرلەمانەکان دەچنە ئەو شوێنانە، بەڵام عەلی باپیر ئەو پەرلەمان و ئەنجوومەنانە بێ بایەخ سەیر دەکات، نموونەی ئەو موناقەشانەی پەرلەمانەکانی ئەورووپا دەهێنێتەوە گوایە باس لە دروستکردنی خێزانی هاوڕەگەزبازی دەکات، بەو شێوە ڕەهاییەی عەلی باپیر باسی دەکات، مەسەلەکە وا نییە، ڕاستە ئەو پرسە لە ئەورووپا ورووژێندراوە، بەڵام ئەوان قسە لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە لە کۆمەڵگەدا کەم و زۆر بوونی هەیە، ئەی بۆچی باسی ئەوە ناکات

لە کۆمەڵگەیەکی وەک سویددا هیچ لەشفرۆشخانەیەک نییە و هەر جۆرە سێکسکردنێکی پیاو لەگەڵ کچێکی خوار تەمەنی ١٨ساڵیدا، وەک دەستدرێژی هەژمار دەکرێت، کەچی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا یان ئیسلامییەکان تەنانەت منداڵی دوازدە و چواردە ساڵانیش بێ گەڕانەوە بۆ بەردەم یاسا، بەزۆر بەشوو دەدرێن، ئینجا لەپێناوی پارە یان سوڵحی عەشایەریدا بێت. من لە عەلی باپیر دەپرسم، ئەوەی لە کۆمەڵگە موسڵمانییەکان ڕوو دەدات باشترە یان ئەوەی لە ئەورووپا کە هەموو شت لە چوارچێوەی یاسا و بە سیستەم ڕێکخراون؟

مەسەلەی هاوڕەگەزبازەکانیش خۆ ئەورووپییەکان بە شێوە ڕەهاکە لەگەڵیدا نین، بەڵام مادام لە کۆمەڵگەدا وەک دیاردە هەیە و بووەتە ئەمریی واقیع، خەریکە بە یاسا ئەو ڕەفتارە یان ئەو کارە «قێزەونە» ڕێک دەخەن، ئێ خۆ ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەی موسڵمانانیش هەیە، بەڵام دوور لە چاوی خەڵکی ئەنجام دەدرێت و کاریگەریی قووڵی کۆمەڵایەتی و دەروونی خێزانەکانیان جێهێشتووە. بە گشتی بابەتی هاوڕەگەزخوازی لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتیش کارێکی قێزەونە و ناچێتە باری ئازادییەوە، بەڵام کاتێک لە ئەورووپا بە ئاشکرا هەیە، دەوڵەت هەوڵی کەمکردنەوەی دەدات یان لەژێر چاودێریی یاسادا کاری لەسەر دەکات، ئەمەیش لای دەوڵەتانی ئەورووپیی بە هیچ شێوەیەک مانای پەسەندی

ئـەو کارە قێزەونــە ناگەیەنێــت، بەڵکــوو بەشــی زۆری وڵاتــان و هاووڵاتییانــی ئەورووپــی بــە ئاشــکرا دژی وەســتاونەتەوە، بــەڵام کاتێــک ناتوانــن کۆتایــی پــێ بهێنــن، کەســی هاوڕەگەزخــواز دەخرێتــە ژێــر چاودێــری و هەوڵــی چاککردنــەوەی دۆخــە دەروونییەکــەی دەدرێــت، بــە پێچەوانــەی ئــەوەی لــە کۆمەڵگــە موســڵمانییەکان دەکوژرێــن و توندوتیژیــان بەرانبــەر دەکرێــت، لێــرەدا جیاوازییەکــە تەنیــا لەوەدایــە ئەورووپییــەکان لەگــەڵ چاککردنــی کەســەکەدان و لــە کۆمەڵگــە ئیســلامییەکانیش نواندنــی توندتیــژی و کوشــتن پەســەند دەکــەن.

لەلایەکــی تــرەوە ســەبارەت بــە بەدیلــی دیموکراســی لــە کۆمەڵگــە ئیســلامییەکان دەڵێــت: «ئیســلام بەدیلــە بــۆ دیموکراســی و هــەر ڕێچکــە و ڕێبازێکــی دیکــەش، چونکــە ئیســلام لایەنــە چــاک و ئیجابییەکانــی هەموویانــی لــە خــۆدا کۆکردووەتــەوە و لــە هەڵەکانیشــیان دوورە».

هەمیشــە لــە مێــژوودا ئیســلام وەک ئاییــن، بووەتــە قوربانــی ئــەو فیکــرە تونــدڕۆ ئیســلامییەی ڕێگــری لــە ڕیفۆڕمــی ئایینــی دەکات، جــارێ دیموکراســی هیــچ دژایەتییەکــی ئیســلام نــاکات، تەنــێ ڕووبــەری ئازادییــەکان لــە چوارچێــوەی یاســادا فراوانــتر دەکات، بــە پێچەوانــەوە دیموکراســی کــە گرنگیــی تایبەتــی هەیــە، ئەگــەر لــە کۆمەڵگــە ئیســلامییەکان بایەخــی پــێ بدرێــت، بــەوەی کاروبــاری کۆمەڵگــە بــە ئاڕاســتەی یاســایی و مەدەنــی و ڕێزگرتــن لــە مرۆڤــدا دەبــات، بــە پێچەوانــەوە کۆمەڵگــەی

موسڵمانان چونکە دیموکراسییان وەک کولتوور قەبووڵ نەکردووە یان وەرنەگرتووە، دووچاری کۆمەڵێک کێشە بوونەتەوە لە بواری ئازادییەکان و پرسی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ڕێزگرتن لە مرۆڤ لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسا و چاودێریی دەسەڵات لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەو پەرلەمانانەی ئێستا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەن، تەنیا وەک ناو دەکرێت بڵێین پەرلەمانن، ئەگینا لە واقیعدا لە دیوەخانی کۆمەڵایەتی دەچن بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی خەڵکی بکەن لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەرکردنی یاساگەلێکدا کە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بن، نەخێر دامەزراوەگەلێکن ناکۆکییەکان بە یاسایی دەکەن و گەمەی مەزهەبی بە ناوی کاری پەرلەمانییەوە بە خەڵکی دەفرۆشنەوە.

# هانز ئادەمی دووەم

# «دەوڵەت لە هەزارەی سێیەمدا»

شازادەی شانشینی لیختنیشتاین، هانز ئادەمی دووەم، لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا «دەوڵەت لە هەزارەی سێیەمدا» کە ئیسماعیل کوردە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و یەکێکە لەو کتێبانەی ناوبانگی زۆری پەیدا کرد، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە تێڕوانینی دەوڵەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان دەڵێت: «جیهانگیری بەخێرایی پێشدەکەوێت و ئەو وڵاتانەشی پێیان وایە دەتوانن خۆیان لەو پڕۆسەیە بدزنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانن بەردەوام بن، چونکە

ناتوانــن ڕکابــەری بکــەن. جیهانگیــری وەک خێزانێکــی گــەورە کۆمــان دەکاتــەوە، چونکــە لــە واقیعــدا ژیانمــان وا پێکهێنــاوە. ئەمــڕۆش پێویســتە مرۆڤایەتــی ئــەوە هەڵبژێرێــت کــە ئاخــۆ دەیەوێــت ئــەو وەرچەرخانــە بەشــێوەیەکی تاڕادەیــەک ئاشــتیانە بەدەســت بهێنێــت یــان دەیەوێــت لەســەر ئــەو شــێوەیە بــڕوات کــە لــە ڕابــردوودا لەســەری بــووە، دیــارە ئــەوەش ڕوونــە بەهــۆی بەکارهێنانــی چەکــەوە مەترســییەکە زیاتــر دەبێــت و ئــەو ڕۆژەش مرۆڤایەتــی و دەوروبەرەکــەی وێــران دەبــن».

ئەگەرچــی جیهانگیــری زیاتــر مۆدێلێکــی بزنســییە و پەیوەنــدی ڕاســتەوخۆی بــە کێبڕکێــی بــازاڕی دەوڵەتەکانــەوە هەیــە، بــەڵام لەســەر ئــەرزی واقیعــدا جیهانگیــری کاریگــەری قووڵــی خســتووەتە ســەر کــۆی کایــە و سیســتەمە سیاســی و ئایینییــەکان، بچووککردنــەوەی دونیــا هێنــدەی گوندێــک، ئامانجــی جیهانگیرییــە لــە ڕێگــەی ڕکابەریــی کۆمپانیــا و مارکێتەکانــەوە بــە بەکارهێنانــی مــرۆڤ وەک کەرەســتەی گەیشــتن بــە ئامانجــە بزنســییەکان، بــەڵام ئــەوەی هانــز ئادەمــی دووەم باســی دەکات، لەگــەڵ ئــەوەی عەلــی باپیــر، دوو دونیــای تــەواو جیــاوازن، ڕێــک دووچــاری ئــەو مەترســییە دەبینــەوە کــە هانــز لــەو کتێبەیــدا چاوەڕێــی دەکات.

ترســی هانــز لــە کۆمەڵگەیەکــی پێشــکەوتووی ئەورووپــادا، زۆر جیاوازتــرە لــەو ترســەی ئێمــەی ڕۆژهەڵاتــی هەمانــە، خــۆ هەندێکجــار ئێمــە هــەر لــە خۆمانــەوە ناترســین! چونکــە بــەردەوام

لەنـاو ململانـێ سـەختەکاندا دەیگوزەرێنیـن و تاکـی ڕۆژهەڵاتـی لـە ئاڵۆزترکردنـی ناوچەکـەدا پشـکی شـێری بەردەکەوێـت، مەگـەر ئـەو لێشـاوە لـە کوشـتارە چییـە کـە بـە بەردەوامـی ڕوو دەدەن و بـێ ئـەوەی کەسـیش هەڵوەسـتەیەکی جیـدی لەبـارەوە بـکات؟ بـە پێچەوانـەوە هەمـووان خەتاکـەی لەسـەر خۆیـان لادەدەن و دەسـتی تۆمـەت بـۆ ئـەم وڵات و ئـەو لایـەن درێـژ دەکـەن، بـەڵام لـە ئـەرزی واقیعـدا ڕووداو و کوشـتارەکان ڕوو دەدەن و ئینسـانی ڕۆژهەڵاتـی بووەتـە قوربانـی و خەریکـە لەنێـو ڕووبـاری خوێنـدا نقـوم دەبـن.

بۆیـە پێویسـتە ئێمـەش وەک کـورد لەمـەودوا بەشـێوەیەکی تـر بیـر بکەینـەوە و بترسـین، ئەگـەر ئەوێکـی ئەورووپـی، جارێـک بترسـێت، دەبـێ ئێمـە سـەدانجار بترسـین لـەوەی نەکەوینە نـاو ئەو گەڕەلاوژەیـەی توندڕۆییـەوە و لـە ئاسـتی ڕەوتەکـەش دوانەکەوین، ئاخـر ئەوێکـی ئەورووپـی جـوان دەزانێـت چـی دەگوزەرێـت، بەڵام ئێمەیەکـی ڕۆژهەڵاتـی دابـڕاو لـە کـۆی سیسـتەمە سیاسـییەکانی دونیـا و چواردەورگیـراو بـە عەقڵـی خێڵەکـی و مەزهەبـی، دەبێـت زۆر زیاتـر بترسـین و بـە پێچەوانـەوە گرنگـە لەگـەڵ ڕەوتەکـەدا بچینـە پێشـەوە، ئەگینـا بـە جۆرێـک دوادەکەویـن، ڕەنگـە دەیـان سـاڵی دیکـە، نەگەینـە ئاسـتی ئێسـتای ئەورووپـا، هەڵبـەت ئـەوان لـەو دۆخـەی ئێسـتایان ناوەسـتن و زیاتـر دەچنـە پێشـەوە، ئـەوکات گەیشـتن بـە لووتکـەی شارسـتانێتی و پێشـکەوتنیان بـۆ ڕۆژهەڵاتییـەکان مەحـاڵ دەبێـت.

هانـز دەشـڵێت جیهانگیـری بەخێرایـی پێشـدەکەوێت و ئـەو وڵاتانـەی پێیانوایـە دەتوانـن خۆیـان بدزنـەوە، ناتوانـن بـەردەوام بـن، ئەمـە واقیعـی ئێسـتای کۆمەڵگـەی دونیایـە، بـەڵام ئەوەتـا عەلـی باپیـر تـازە بـە تـازە، بانگەشـەی کۆمەڵگـەی ئاییـنداری دەکات، لێـرەدا خـۆ ئەورووپـاش یـان جیهانگیـری و سـێکۆلاریزم و دیموکراسـی، ڕاسـتەوخۆ دژی ئاییـن نەوەسـتاونەتەوە، بەڵکـوو بـە پێچەوانەشـەوە ئـازادی تەواویـان بـە ئاییـنداری داوە، بەڵکـوو ئـەوە قۆناغـی مرۆڤایەتییـە چیـتر ناتوانێـت لەگـەڵ ئامۆژگارییـە بەردەوامەکانـی ئاییـن و بانگخـوازە ئیسـلامییەکان ڕێبـکات و پچێتـە پێشـەوە، کەوایـە هـەر دواکەوتنێـک ڕاسـتەوخۆ گەڕانەوەیـە بـۆ نـاو مێـژوو و دابڕانـە لـە ڕەوتـی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتـی کـە بـە خێرایـی دەچێتـە پێشـەوە، هـاوکات هانـز باسـی قەبووڵکردنـی ئـەو وەرچەرخانـە لـە ڕێگـەی ئاشـتییانەوە دەکات، ئەگینـا وەک ئـەو ترسـی هەیـە، ڕەنگـە لـە ڕێگـەی چەکـەوە ڕووداوی تـر ڕووبـدات.

# ژینگەی لەبار بۆ توندڕۆیی

دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (داعـش) پێـش ئـەوەی کۆمەڵەیەکـی توندڕۆی یاخـی چەکـدار بـن، لـە بنەڕەتـدا ڕەوتێکـی فیکـری و ئایینیـن، بـە هیـچ جۆرێـک بـە ئیسـلام و ترادیسـیۆنە دێرینەکـەی نامـۆ نیـن، بەڵکـوو لـە هەنـاوی کۆمەڵگـەی ئیسـلامی و موسـڵمانان سـەریهەڵداوە، ئەگـەر وەک دەسـتەوتاقمی چەکداریـش نەمێنـێ، وەک فیکـر لـە زاکیـرەی ئەندامـان و هاوسـۆزانی دەمێنـێ.

دروسـتە کـە دەگوتـرێ داعـش کۆمەڵێـک چەتـەن و

بەربوونەتــە گیــانی هاووڵاتییــانی ســڤیل و کــردەی تیرۆریســتی لــە شــوێنگە جیــاوازەکانی ناوچەکــە بــە تایبــەتی لــە عێــراق و ســووریادا ئەنجــام دەدەن، ڕاســتییەکەی داعــش تەنیــا گرووپێکــی چەکــداری نییــە و بــە تەنیــاش گوزارشــت لــەو چەکدارانــەی نــاکات کــە ئەرکــی شــەڕ و ســەربڕینی مرۆڤیــان پێســپێردراوە، بەڵکــوو ئــەوەی لــە پشــت چەکــدارانی داعشــەوەیە، عەقڵــی دروســتکردنی دەوڵەتــی ئیســلامییە، دەوڵەتێــک جگــە لــە خۆیــان، واتــە هاوفکــرانی داعــش، کەســی تــری تێــدا نەبێــت و جگــە لــە ئیســلامیش هیــچ ئایینێکــی دیکــە تێیــدا قەبووڵکــراو نابێــت. لــە نموونــەی ئــەو جــۆرە دەوڵەتــە ئایینیــەی لــە مانگــی ئابــی ٢٠٢١ لــە ئەفغانســتان ڕاگەیەنــدرا، دوای ئــەوەی چەکدارانــی بزووتنــەوەی تاڵیبــان پــاش نزیکــەی بیســت ســاڵ بــۆ جــاری دووەم دەســتیان بەســەر وڵاتەکــەدا گرتــەوە و بــە ڕاشــکاوی هەمــوو جومگەکانــی دەوڵەتــی ئەفغانســتان خرانــەوە ژێــر گوشــاری ئــەو گرووپــە ئیســلامییە و وڵاتەکــە بــە تــەواوی بەرگــی دینــی پۆشــی کــە ڕوون نییــە چارەنووســی چــی و بــە کــوێ دەگات!

ئــەوە ڕاســتە داعــش بــۆ هەوڵــی فراوانخوازییەکــەی پشــت بــە تۆقانــدن و ســەربڕین و کۆمەڵێــک چەتــەی تەوروەشــێن و ســەربڕ دەبەســتێت تــا ئاســتێک لــە قۆناغــی ســەرەتای دەرکەوتنیــان لــە مووســڵ و ڕەقــەدا ســوودیان لــەوە بینــی لــە ڕێگــەی بڵاوکردنــەوەی ترســەوە، بتوانــن گەشــە بکــەن تــا

ئاستی ئەوەی سوپایەکی پڕچەکی وەک ئەوەی عێراق خۆی ڕادەستکردن، لەکاتێکدا چەک و ئامێری سەربازی پێشکەوتووی لە ئەمەریکاوە بۆ هێنرابوو، بەڵام ئەو سوپایە کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێنەوە، ئەمەریکا ڕاهێنانی پێکرد، کەچی لە چنگ چەند سەد چەکدارێکی داعش هەڵات و زۆرترین ڕووبەری خاکی مووسڵ و دەوروبەریان ڕادەستی ئەو چەند سەد کەسە کرد و ئەمەیش هێندەی دیکە داعشی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی پەنابردنیان بۆ نواندنی ترس و تۆقاندن سوودی دەبێت. بۆیە لە قۆناغەکانی دواتردا لەبری هەر کوشتنێکی ئاسایی بە چەک، داعش پەنای بۆ سەربڕین و تەنانەت زیندەبەچاڵکردنی مرۆڤ و خستنە ناو ڕووبارەوە بینی، بە ڕاستی ئەوە سوودی بۆ داعش هەبوو بە جۆرێک سوپا هەترەشی لە سەربڕین و زیندەبەچاڵکردنی ئەندامەکانی چووبوو، بەهۆیەوە وەزیفەی سوپا لەبری بەرگریکردن لە خاک، بوو بە ڕادەستکردنی خاک و ڕاکردن و جێهێشتنی ئامێر و تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازی.

داعش، کە ساڵی ٢٠١٤ مووسڵی داگیر کرد، دوای نزیکەی چوار ساڵ لە شەڕی سەربازیدا شکا، شەڕی چەکداری یان سەربازی لە دژی ئەو گرووپە (داعش) چەندە گرنگ بوویێت، بەڵام هەموو شت نەبووە و نابێت، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی فیکری لە دژیاندا، دەیان

جار و بگرە زیاتریش بۆ لاوازکردنی ئەو بیرە گرنگتر و پێویستترە. هەڵبەت ئێمە باسی لاوازکردن دەکەین نەک کۆتایی پێهێنانی، چونکە داعش تەنیا بە چەک لەناو ناچێت، ڕاستە لاواز دەکرێت، بەڵام لە ڕووی فیکرییەوە دەمێنێتەوە، خۆی ئەوەش مەترسییەکەیە، لەبەر ئەوەی هەمیشە دەرفەتی سەرهەڵدانەوە لەبەردەمیدا هەیە، بەهۆی ئەوەی لە بنەڕەتدا گرووپێکی توندڕۆی فیکرین و بە ڕاشکاوی خۆیان لەسەر ئایدۆلۆژیای ئیسلام ساغ کردووەتەوە، ئەمەیش کارئاسانیان بۆ دەکات تا موسڵمانانی سادە بە ئاسانی بکەونە ژێر کاریگەری ئەو گرووپەوە بە پاساوی بەرگریکردن لە ئایینی ئیسلام.

وێڕای دووبارە ئەنجامدانەوەی کردە هەمەجۆرەکانی، لە ساڵی ٢٠٢١دا تەنانەت تاوەرە گەورەکانی کارەباشی کردە ئامانج، کردنە ئامانجی تاوەرەکان شەڕێکی نوێیی تیرۆرە لە دژی عێراق، بەوەی پێشتر داعش ئەوەی نەکردبوو، ئاخر عێراق خۆی گرفتی گەورەی لە دابینکردنی کارەبادا هەیە و ساڵانە پارەیەکی زۆریش لەبری کڕینی غاز بۆ وێستگەکانی کارەبا دەداتە ئێران و سەرباری ئەوە هێشتا نەیتوانیوە بەسەر کەمی کاتژمێرەکانی کارەبادا زاڵبێت، ئینجا تەقاندنەوەی تاوەرەکانیشی بێتەسەر، هێندەی دیکە باری سەرشانی عێراق قورستر دەبێت، هەم کاتژمێرەکانی دابەشکردنی کارەبای کەم دەکات و هەمیش پێویستە پارەیەکی زۆر لە چاککردنەوەی تاوەرەکان

خەرج بكات، لەوەش قورستر حكوومەتی عێراق بڕیاری دا بە دروستكردنی هێزی تایبەت بە پاراستنی تاوەرەكان و ئەمەیش خەرجییەكی دیكە دەخاتە ئەستۆی عێراق، سەرەڕای دڵەڕاوكێی هاووڵاتییان.

كەوایە شەڕی چەكداری بە تەنیا بەس نییە تا دەوڵەت بتوانێت بەسەر داعشدا سەركەوێت، بەڵكوو دەبێ لە تەك شەڕی چەكداریدا هاوكات شەڕی فیكری و هۆشیاركردنەوەی خەڵكیش لە پرۆسەیەكدا كاری لەسەر بكرێت، بە تایبەتی ئەو كەسانەی فریویان خواردووە و بوونەتە چەكدار یان هاوبیری داعشن، لە پرۆسەیەكی بەرنامە بۆ دانراودا هۆشیار بكرێنەوە و تێبگەیەندرێن كە لەلایەن داعشەوە فریودراون و بۆ مەرامی تایبەتی بەكار هێنراون.

هەرچی گرووپ و ڕەوتێكی توندڕۆ و بەناو میانڕۆی ئیسلامیش هەن، لە ژینگەی ئاڵۆز و تژی لە ململانێی سیاسی و ئابووری و بێكاری و دواكەوتوویی سەر هەڵدەدەن یان گەشە دەكەن. سەرهەڵدانی فیكری داعشیش بەر لە كەوتنی مووسڵ بوو، بەڵام كەوتنی مووسڵ ئەو گرووپەی زیاتر ناساند و گەورەتری كرد چ لە ڕووە مەترسیدارییەكەی یان بەهێزبوونیان، بەهۆی ئەوەی خاكێكی زۆری چنگ كەوت و كەلوپەل و پاشماوەی بە كەڵكی سوپایەكی كەوتە ژێردەست و دواتر لە شەڕگەكاندا سوودی لێ

بینـی، بـەوەی بـە چەکـی خۆیـان لـە سـوپای دەدا.

بگرنگـە بـە ڕاشـکاوی بڵێیـن داعـش لـە خۆیـەوە مووسـڵی نەگـرت، بەڵکـوو دۆخـی سیاسـی و ئابـووری، بێـزاری و بێـکاری، بێباکـی حکوومەتەکـەی نـووری مالیکـی سـەرۆکوەزیرانی ئەوکاتـی عێـراق وایکـرد ئـەو گرووپـە بـە زوویـی لـە عێراقـدا گەشـە بکـەن و لەلایـەن بەشـێک لـە هـۆز و خەڵکـی نەینـەوا و دەوروبـەری، لەتـاو ئـازار و بـۆ ڕزگاربـوون لـە نـادادی حکوومەتەکـەی مالیکـی و پێشـتریش، پێشـوازی لـەو گرووپـە کـرا، بـە جۆرێـک ئەگـەر گەمـژە نەبوونایـە، دەرفەتـی بەهێزبوونیـان زۆر زیاتـر دەبـوو، بـەڵام هـەرزوو کەوتنـە وێـزەی خەڵکـی مەدەنـی و دەسـتیان کـرد بـە کـردەی تاوانـکاری، ئەمەیـش بـووە بیانوویـەک بـۆ سـنووردانان لەبـەردەم گەشـەی ئـەو گرووپـە تیرۆریسـتییەدا، بـە تایبەتـی کاتێـک هێرشـیان کـردە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، ئیـتر دۆخەکـە چیـتر لـە بەرژەوەندیـی داعشـدا نەمـا، بەوپێیـەی هاوپەیمانیـی نێودەوڵـەتی لـە دژی داعـش دروسـت کـرا، ئەمـە جگـە لـەوەی بـە پێچەوانـەی سـوپای عێراقـەوە، پێشـمەرگە شـەڕی بەرانبەریـان کـرد، ئەگەرچـی لـە هەنـدێ ناوچەشـدا هاتنـە پێشـەوە، بـەڵام داعـش هەسـتی کـرد چیـتر بـە شـەڕ ناتوانێـت فراوانخوازیـی بـکات، بەهـۆی ئـەوەی هێزێـک هەیـە و ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە، ئەویـش پێشـمە رگە یە .

دۆخــی عێــراق لــە ڕووی ئابــووری، سیاســی، کۆمەڵایەتــی، بــە تایبەتــی بەهــۆی بێــکاری و نــادادی، زۆر لەبــارە بــۆ ســەرهەڵدانەوەی داعــش یــان دروســتبوونی گرووپــی نوێــی هاوشــێوەی داعــش، ئاخــر هاووڵاتــی عێراقــی بەدەســت دەیــان و ســەدان تەنگــەژە و ناعەدالەتــی و بێــکاری دەناڵێنــن، ئەمەیــش کاریگــەری گــەورەی لەســەر ســایکۆلۆژیای تــاک و کۆمەڵگــە دروســت کــردووە تــا دواجــار هەوڵــی دەربازبــوون یــان تۆڵەکردنــەوە لــەم دەســەڵاتەی بەغــدا دەدەن، بــەوەی خۆیــان دەدەنــە پــاڵ گرووپــە ســەرهەڵداوەکان یــان گرووپــی نــوێ دروســت دەکــەن لــە نموونــەی پێشــوازیکردن لــە داعــش. کاتێــک لەنیوەشــەوێکی ســاڵی ٢٠١٤دا، داعــش بــە ١٠٠ چەکدارێکــەوە گــەورە شــاری مووســڵی گــرت، ئەمــە دەکــرێ بەڵگەیــەک بێــت لەســەر ئــەوەی بەشــێک لــە هاوشــارییەکانی مووســڵ و دەوروبــەری لــە ســەرەتادا پاڵپشــتی ئــەو گرووپــە بــوون، تەنانــەت حکوومــەت و ســوپا هەســتیان بــەوە کردبــوو، بۆیــە هــەرزوو هەڵاتــن.

بــە ســەیرکردن و وردبوونــەوە لــە کــردە تیرۆرییــەکانی داعــش (قۆناغــی دوای ڕزگارکردنــەوەی مووســڵ) کــە لــە ناوچــە جیــاوازەکانی عێراقــدا ئەنجــام دەدرێــن، لــە ڕفانــدن و کوشــتن و کــردەی تیرۆریســتییەوە تــا دەگاتــە شــەڕی پارتیــزانی، دەتوانیــن ئەمــە وەک بەڵگەیــەک وەربگریــن و بڵێیــن هــەردەم دۆخــی عێــراق تــەواو لەبــارە بــۆ ســەرهەڵدانی گرووپــی تونــدڕۆ، ئینجــا داعــش بێــت یــان گرووپــی تــری هاوشــێوە، بــەوەی

گرووپـە تونـدڕۆ ئیسـلامییەکان لـەو شـوێن و وڵاتانـە دروسـت دەبـن و گەشـە دەکـەن کـە ژینگـەی لەباریـان تێدایـە بـۆ گەشـەکردنی فکـری توندڕۆیـی. ڕێـک عێـراق لـەم دۆخەدایـە و خەریکـە لـەدوای قۆناغـی کۆتاییهێنـان بـە دەسـەڵاتی داعـش لـە ڕووی سـەربازییەوە، ئـەو گرووپـە یـان هاوشـێوەی گەشـە دەکەنـەوە، مەگـەر ڕۆژانـە چالاکـی و کـردەی تیرۆریـان نابینیـن! بـەڵام عێـراق خـۆی لـێ لـە گێلـی داون وەک ئـەوەی هیـچ نەبووبێـت. ڕاسـتییەکەی ژینگـەی عێـراق بـە تـەواوەتی بـۆ سـەرهەڵدانەوەی داعـش یـان هاوشـێوەکانی لەبـارە، ئەمەیـش خـۆی لـە خۆیـدا کاریگـەری نەرێیـی لەسـەر هەرێمـی کوردسـتانیش دادەنێـت و لـەو دۆخەیشـدا هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتی بـەوە دەبێـت کـە مەترسـی سـەرهەڵدانەوەی داعـش و هاوشـێوەکانی بەهەنـد وەربگرێـت و چـاوی لـە بەغـدا نەبێـت ڕووبـەڕووی داعـش ببێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی ژینگـەی عێـراق لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتاندا جیـاوازە و ئـەوێ لەبارتـرە بـۆ گەشـەکردنی فیکـری توندڕۆیـی، دەوڵـەت دەستەوەسـتان بـووە و ئیـشی تەنیـا بووەتـە ئـەوەی لـە کـوێ دوو چەکـداری تیرۆریسـتی دیـت، دەیـان تانـک و تـۆپ بـە ئاراسـتەیاندا بجووڵێنێـت و لایـەنی فکـری و ئـەوەی پاڵـی بـە چەکدارێکـەوە نـاوە ببێتـە داعـش، فەرامـۆش کـراوە و سیاسـەتی دەوڵەتیـش لەبـری هۆشـیارکردنەوە و لاوازکـردنی هـۆکار و سـەرچاوەکانی دروسـتبوونی فیکـری داعـشی، پشـتی بـە

جووڵـەی تانـک و ئاراسـتەکردنی هـاوەن بەسـتووە، ئەمـە بـە تەنیـا بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی داعـش لاواز بکرێـت، ئێسـتا کـە بـە قۆناغـی دوای داعشـی چەکـداری هەژمـار دەکرێـت، هیـچ سـتراتیژ و هەوڵێکـی زانسـتی لەلایـەن حکوومـەتی عێراقـەوە نییـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی داعـش و فیکـری توندڕۆیـی، هـەر هیـچ نەبێـت لـە هـۆکارەکانی سـەرهەڵدانی داعـش بکۆڵنـەوە و پرسـیار لـە خۆیـان بکـەن، بۆچـی داعـش لـە مووسـڵ بـە ١٠٠ چەکدارێکـەوە تـوانی سـوپایەک ڕاو بنێـت؟ ئایـا جارێکـی دیکـە سـوپا هەڵنایەتـەوە؟

گوتـاری ئیسـلامی سیاسـیی کوردیـش بـە بەردەوامـی لـە ڕێگـەی گوتـاری میدیایـی و سیاسـی و بانگخـوازی و دەیـان هـۆکار و کەناڵـی دیکـەوە هەوڵـی دروسـتکردنی ژینگـەی توندڕۆیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دەدات و پشـت بـە کۆمەڵێـک بەهـای دۆگـمای ترادیسـیۆنی ئیسـلامییانە دەبەسـتێت، ئـەو گوتـارە لەبـری ئـەوەی هەوڵـی گونجاندنـی ئاییـن لەگـەڵ ڕەوتـی تـازەی دونیـادا بـدات، بـە پێچەوانـەوە دەخوازێـت ئیسـلام وەک ئاییـن لـە دونیـای مۆدێرنەتـە دابڕێـت، ئەمەیـش سـەرئەنجام جۆرێـک پێکـدادان لەنێـوان ئـەو بەهـا تازانـەی مۆدێرنەتـە و ترادیسـیۆنی ئایینیـدا دروسـت دەکات، ئـەو پێکدادانـەش دوو لایەنـی هەیـە، هـەردوو لاکـەش لـە بەرژەوەندیـی کۆمەڵگـەدا نیـن، لایەنێکـی خـراپ کـە بەهۆیـەوە کۆمەڵگـە دووچـاری ئاریشـەگەلێکی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابـووری و فیکـری

دەکاتــەوە، دواجــار ئــەو کێشــانە شــۆڕدەبنەوە بــۆ ناخــی کۆمەڵگــە و ئەنجامــی کارەســاتباری گەورەیشــی بەدوادادێــت، لــە نموونــەی ئەفغانســتان و عێــراق و ســووریا و کۆمەڵگــەی عەرەبــی بــە گشــتی، بــەڵام بــە شــێوەی جۆراوجــۆر، لایەکــەی دیکەشــی ئەوەیــە بــە ســوودی حیزبــی ئیســلامی دەکەوێتــەوە، بەوپێیــەی حیزبــی ئیســلامی بــوون و گەشەســەندنی خۆیــان لــە ئاڵــۆزی و نالەبــاری کۆمەڵگــەدا دەبیننــەوە، بــە شــێوەیەکی دیکــەش، حیزبــی ئیســلامی، هــەردەم گــەرای خــۆی لــەو کۆمەڵگــە و وڵاتانــەدا دادەنێــت کــە خەڵکەکــەی بەدەســت هــەژاری و نەخۆشــی و قەیرانــی قووڵــی سیاســییەوە دەناڵێنــن.

بۆچـی تاڵیبـان و قاعیـدە لـە ئەفغانسـتان و داعـش لـە سـووریا و عێـراق گەشـە دەکـەن؟ چونکـە زەمینـەی گەشـەکردنیان لـەو وڵاتانـەدا لەبـار بـوو، خەڵکـی هـەم بەهـۆی برسـێتی و هەمیـش بەهــۆی هەلومەرجــی ئاڵۆزیــی سیاســی، دووچــاری قەیــران و نائومێــدی ڕۆحــی ببوونــەوە، بۆیــە هێزێکــی وەک داعــش لــە ماوەیەکــی کەمــدا دەتوانێــت دەستبەســەر ڕووبەرێکــی فراوانــی خاکــی ســووریا و عێراقــدا بگرێــت، لەکاتێکــدا ئــەو دوو وڵاتــە دوو وڵاتــی خــاوەن چەکــی قــورس و ســوپای بەهێــز بــوون، بــەڵام چونکــە زەمینــەی گەشــەکردنی ئــەو گرووپــە تیرۆریســتییە لەبــار بــوو، ئیــدی داعــش بەخێرایــی ڕەگــی خــۆی داکوتــی و دواتــر بــە زیاتــر لــە شەشــت وڵاتــی هاوپەیــمان هێشــتا ناتوانــن بــە ســانایی لەنــاوی ببــەن، چونکــە بووەتــە عەقڵییــەت و زەمینــەی

سەرهەڵدانیشی هێشتا ماوە، بۆی هەیە لە شوێن و لە بەرگی دیکەدا دەربکەوێتەوە، چونکە کێشەکانی ناوچەکە وەک خۆیان ماونەتەوە و کەس بیریش لە چارەسەرکردنیان ناکاتەوە.

ئیسلامی سیاسیی کوردیش بەدەر نییە لە ئیسلامی سیاسیی عەرەبی، ئەوانەی کوردستان ئیشوکاریان بووەتە بڵاوکردنەوەی توندڕۆیی ئایینی، بە تایبەتی هێزێکی دۆگمای وەک کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، کە بە هەموو شێوەیەک ئیش لەسەر  خوڵقاندنی دۆخێکی ئاڵۆزیی سیاسی دەکات بۆ ئەوەی لەو گۆشەیەوە، ئەسپی ئومێدی خۆیان تاو بدەن.

گوتاری ئیسلامی سیاسیی کوردی و کۆمەڵی دادگەری گوتارێکە بەدوای زیندووکردنەوەی کولتووری دواکەوتووی ئیسلامیدا دەگەڕێت و لە بەرانبەردا نایەوێت کۆمەڵگەی کوردستانی ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بە داخەوە حیزبە بەناو سێکۆلاریست و دیموکراسیخوازەکانیش بەهۆی ململانێی سیاسی نێوانیانەوە، خەریکە ئاگایان لە گەمە سیاسییەکانی حیزبی ئیسلامی نامێنێت، واتە دۆخێک خوڵقاوە بە هەموو شێوەیەک لە بەرژەوەندیی پەرەسەندنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی کوردیدایە، ڕاستە ژمارەی کورسییان کەمی کردووە، بەڵام وەک فیکر هەردەم مەترسین و بە ڕژدی کار بۆ شۆردنەوەی مێشکی گەنجان و کەسانی ساویلکە دەکەن، وێڕای ئەوەش چونکە گۆڕەپانەکە چۆڵ بووە، لەبەر پڕۆژە و

بەیاننامـەی حیزبـی، بـە داخـەوە حیزبـە سـێکۆلارەکان ناپڕژێنـە سـەر ئـەوەی کـە پـڕۆژەی بەرەنگاربوونـەوەی گەشـەکردنی ئیسـلامی سیاسـی دروسـت بکـەن.

لـە مـاوەی بیسـت و نـۆ سـاڵدا، واتـە لـەدوای یەکـەم ئەزموونـی حکوومـەت و پەرلەمانـی کوردسـتان، بزاوتـی ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی، توانیویەتـی لـە سـەد کورسـیی پەرلەمانـی، نزیکـەی پـازدە کورسـی لـە خولـی پێنجەمـدا مسـۆگەر بکـەن، ئەمـە ڕێژەیەکـی زۆرە، کـە لـە بەرانبـەردا ڕێـژەی کورسـییەکانی حیزبـە نەتەوەیـی و سـێکۆلارەکان، کەمـی کـردووە.

هێزێکـی وەک گۆڕانیـش تژییـە لـە هەڵسـووڕاوی شـوناس ئیخوانـی، کـە بـە ئاسـانی ناتواندرێـت کادیرێکـی لـە کادیرێکـی کۆمـەڵ جیـا بکرێنـەوە، چونکـە وەلائیـان بـۆ یـەک فیکـری دیاریکـراو هەیـە، بـەڵام لەژێـر تایتلـی جیـاوازدان، بـە تایبەتـی دوای مردنـی نەوشـیروان مسـتەفا، عەلـی باپیـر هەوڵـی زۆری دا دەستبەسـەر ئیخوانەکانـی نـاو گۆڕانـدا بگرێـت و ئێسـتاش لەسـەر ئـەو کارەی بەردەوامـە، هیـچ نەبێـت وەک باڵێکـی خـۆی بەکاریـان بێنێـت، تەنانـەت لـە کاتـی مەراسـیمی بەخاکسـپاردنی تەرمـی کاک نەوشـیروان مسـتەفا، لـە ڕێگـەی گوتارێکـەوە عەلـی باپیـر ئـەو کـۆدەی ئاشـکرا کـرد! کەوایـە ئەمـە ئاماژەیـە لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی داهاتـوودا ئەگـەری ئـەوە هەیـە بزاوتـی ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی هەنگاوێکـی دیکـە بـە ئاڕاسـتەی بردنـی دەنگـی خەڵـک بچێتـە پێشـەوە، چونکـە بەڕاسـتی

گۆڕەپان لەبەردەمیاندا چۆڵە و سێکۆلاریست و ناسیۆنالیزمەکان سەرقاڵی یەکدین و لەژێرەوەش ئیسلامی سیاسی خەریکی دانانی گەرای تازەیە لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٨ ئیخوان موسلمین لەلایەن حەسەن بەننای زانای ئایینی ئیسلامی دروست دەبێت، بەهۆیەوە جارێکی دیکە ئاڵۆزی یا تەنگەژەی سیاسی، ئایینی، فیکری توندڕۆیی، ڕوو لە کۆمەڵگەی مسوڵمانان دەکاتەوە، بەڵام جیاوازتر لە قۆناغەکانی دیکە، بەوەی هێدی هێدی گرووپ و حیزبی ئیسلامی لەدوای دروستبوونی ئیخوانەوە سەر هەڵدەدەن و لە شێوەی گرووپگەلی سوننەمەزهەب و لەژێر کاریگەری باوەڕی جیهادی و سەلەفییەت، کاری بانگخوازی و کردەی تیرۆری لە پەنای جیهادەوە ئەنجام دەدەن.

ڕاستە لە کۆمەڵگەی مسوڵماناندا ئێستا سەدان گرووپ و حیزبی ئیسلامی سیاسی هەن، بەڵام دەکرێ ئیخوان وەک سەرچاوەی لەدایکبوونی زۆربەیان ناو ببەین ئەگەرچی هەندێ لەو گرووپانە نێوانیان لەگەڵ ئیخواندا خۆش نییە، بەڵام ئەو ڕاستییە شاراوە نییە کە ئیخوان بووە هۆی سەرهەڵدانی فیکری توندڕۆیی لە کۆمەڵگەی مسوڵمانان و دواییش دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری گرووپ و حیزبی ئیسلامی توندڕۆ و نیمچە توندڕۆ و گوایە میانڕەویشی لێ کەوتەوە. سەرئەنجام لەم قۆناغەدا

زۆربـــەی کۆمەڵگـــە مســـوڵمانییەکان بەدەســـت تەنگـــەژەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینیـەوە دەناڵێـن و ئیخـوان خۆیشـی وێـڕای سـڕبوونی چالاکییـەکانی، هـاوکات لەلایـەن حکوومـەتی میـسرەوە وەک گرووپێکـــی تیرۆریســـتی ناســـێنراوە. ئەگەرچـــی ئەمـــە نەبووەتـــە هـــۆی ئـــەوەی ئـــەو گرووپـــە دەستەوەســـتان بـــن، یـــان گۆڕەپـــان چـــۆڵ بکـــەن، بـــە پێچەوانـــەوە تـــا ئێســـتایش گرووپەکـــە و تیۆریســـێنەکانی گەورەتریـــن مەترســـین لـــە ڕووی بڵاوکردنـــەوەی فیکـــری توندڕۆیـــی ئایینـــی، بـــەوەی بـــە فـــراوانی بـــە کۆمەڵگـــە مســـوڵمانییەکان بڵاوبوونەتـــەوە بـــە هەرێمـــی کوردستانیشـــەوە.

ســـەرهەڵدانی ئیخـــوان لەکاتێکـــدا بـــوو کـــە چەنـــد ســـاڵێکی کـــەم بـــوو دەوڵـــەتی عوســـمانی نەمابـــوو، لـــە مێـــژووی ئیسلامیشـــدا هیـــچ کاربەدەســـتێکی ئیســـلامی نەبـــووە حوکمڕانێکـــی بـــاش بووبێـــت بـــۆ کۆمەڵگەیەکـــی مرۆیـــی مســـوڵمانان، هـــەر لـــەدوای مـــردنی پەیامبـــەری ئیســـلامەوە تـــا کۆتایـــی دەوڵـــەتی عوســـمانیش لـــە تورکیـــا، کـــۆی ئـــەو کاربەدەســـت و خەلیفـــە و والـــی و شـــێخ و مەلایانـــەی کـــەم و زۆر دەســـەڵاتیان هەبـــووە، هەموویـــان لـــە گۆشـــەی دەســـەڵاتدارێتی خۆیانـــەوە بـــۆ کۆمەڵگـــەی مســـوڵمانان سەرئێشـــە بوونـــە، کەچـــی ئیخـــوان بـــە هاتنـــی ئـــەو سەرئێشـــەیەی زیاتـــر کـــرد، بـــەوەی لـــەدوای خـــۆی دەیـــان حیـــزب و گرووپـــی ئیســـلامی تونـــدڕۆ دروســـت دەبـــن و ئیخوانیـــش تۆمەتبـــار دەکـــرێ بـــە ســـەرچاوەی فیکـــری

و دروستبوونی ئەو گرووپانە، ئەگەرچی هەندێ لە گرووپەکان خۆیان بە ئیخوانەوە نابەستنەوە، بەڵام ئیخوان دایکی ئەو گرووپانەیە.

دوای نزیکەی ٣٠ساڵیش فیکری ئیخوانی دێتە باشووری کوردستانیش، ئەگەرچی ئەوە تەنیا لە ڕووی فیکرەوە بووە نەک ڕێکخراوی سیاسی، بەڵام دواتر لە هەشتاکاندا یەکەم حزبی ئیسلامی چەکداری بە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دروست دەبێت. ئەگەرچی پێش ئەو، گرووپی تری ئیخوانی هەبوون، بەڵام لەدوای دروستبوونی بزووتنەوە، باشووری کوردستانیش دووچاری تەنگەژەی سەرهەڵدانی فیکری توندڕۆیی ئایینی دەبێت و چیتر کوردستان ئایینداریيەکی کوردەوارییانەی تێدا نامێنێت، واتە لەو مێژووەوە باشووری کوردستان دەکەوێتە بەردەم تەنگژەیەکی قووڵی فیکری توندڕۆیی ئایینی، ئەویش بە قۆناغ و لەگەڵ دروستبوونی گرووپ و باڵ و حیزبی نوێی ئیسلامی، بە تایبەتی لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی چەند باڵێکی لێ دەبێتەوە لە نموونەی جیهادی ئیسلامی بە ڕابەرایەتیی مەلا ئەمین پیرداود، جوندولئیسلام، ئەنسارولئیسلام بە ڕابەرایەتیی مەلا کرێکار، دواتر کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە (ساڵی ٢٠٢١ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەدا ناوەکەی بۆ کۆمەڵی دادگەریی کوردستان گۆڕدرا) لەلایەن عەلی باپیرەوە لە ئەنجامی جیابوونەوەی لە

بزووتنــەوە لــە ســاڵی ٢٠٠١ خــۆی لەژێــر دروشــمی ســوننە و جەماعــە ڕادەگەیەنێــت، بــەڵام هێنــدەی نەبــرد عەلــی باپیــر بــە تۆمــەتی پاڵپشــتی تیــرۆر لەلایــەن هێــزە فرەڕەگــەزەکان کــە ئەمەریــکا سەرپەرشــتی دەکــردن، دەســتگیرکرا و دوای نزیکــەی دوو ســاڵ مانــەوەی لــە زینــدان، ئینجــا ئــازاد کــرا.

دوای ئــەوەی کۆمــەڵ لەلایــەن عەلــی باپیــرەوە دروســت دەبێــت، ئیــتر عەلــی باپیــر بــە بەرنامــە کار بــۆ کۆکردنــەوەی هەمــوو ئــەو کەســە توندڕۆیانــەی نــاو حیزبــە ئیســلامییەکان دەکات بــۆ ئــەوەی لــە چوارچێــوەی کۆمەڵەکەیــدا دەســت بکــەن بــە بڵاوکردنــەوەی فیکــری توندڕۆیــی ئایینــی. بۆیــە کۆمــەڵ ڕۆڵــی دیــاری هەبــووە لــە بڵاوکردنــەوەی فیکــری توندڕۆیــی بــە فریــودانی خەڵــک لــە ڕێگــەی مــەلای تونــدڕۆ و ڕێکخســتنەکانی حیــزب، بەوهۆیــەوە ئــەو حیزبــە نێــوانی لەگــەڵ دامــەزراوە ئاسایشــییەکانی هەرێمــی کوردســتان خــۆش نییــە، بەوپێیــەی زۆربــەی ئــەو کەســە تیرۆریســت و توندڕۆیانــەی دەگیرێــن، لــە هەنــاوی کۆمەڵــەوە دروســت بوونــە و بــە قووڵیــش لەژێــر کاریگــەری فیکــری توندڕۆیــی عەلــی باپیــردان.

لــەدوای دروســتبوونی ئــەو گــرووپ و حزبــە ئیســلامییانەی کوردســتانیش، چیــتر خەڵکــی کوردســتان ناتوانــن بەشــێوەیەکی کوردەوارییانــە ئاینــداری بکــەن، ئایینــداری کوردەوارییانــە بــەو مانایــەی ئیســلامی ســیاسی لــەدوای ســەرهەڵدانی بــە پــڕۆژەی فیکــری توندڕۆیــی، ئــەو شــێوازە ئاییندارییــە ئاســایی

و کوردەوارییـــەی بـــۆ ئایینداریيەکـــی تونـــدڕۆ گـــۆڕی. واتـــە لـــە دیـــدی ئـــەو گرووپـــە تونـــدڕۆ ئیســـلامییانەی کوردســـتان بـــە تایبـــەتی کۆمەڵـــی دادگـــەری، ئـــەو شـــێوە ئایینداریيـــەی زوو قەبووڵکـــراو نییـــە. واتـــە گومـــان لـــەو جـــۆرە ئاییندارییـــە کوردەوارییـــە دەکـــەن کـــە پشتاوپشـــت بـــۆ نـــەوەکان ماوەتـــەوە، بـــە جۆرێـــک بـــە قووڵـــی لـــە ئاییـــن ورد نەبوونەتـــەوە و تەنیـــا وەک ئەرکێکـــی ئایینـــی ڕۆژانـــە، ئەرکەکانـــی خۆیـــان لـــە نوێـــژ و بەڕۆژووبـــوون و زەکات و بەهـــاکانی تـــر جێبەجـــێ کـــردووە و بـــە کەمـــی ڕێـــی تێچـــووە کەسـێک بـاسی جیهـادی کردبێـت تـا ئەوکاتـەی ئیسـلامی سـیاسی پەیـدا دەبێـت، ئـەوکات جیهادیـش لـە زاکیـرەی ئاییـندارانی کوردسـتاندا جێـی خـۆی دەکاتـەوە، ئەمەیـــش بەهـــۆی ئـــەوەی ئـــەو گرووپـــە ئیســـلامییانەی کوردسـتان بـە پـڕۆژە کاریـان لەسـەر دروسـتکردنی مۆدێلێـک لـە ئایینـداری تونـدڕۆ کـرد، جگـە لـەو مۆدێلـەی خۆیـان ئاییندارییـە ئاسـاییەکەیان قەبـووڵ نییـە، بۆیـە ئیشـوکاری ئـەو گرووپانـە بووەتـە بڵاوکردنـەوەی فیکـری تونـدڕۆیـی ئایینـی تـا لـەم ڕێگەیـەوە چنـگ لـە کورسـیی دەسـەڵات گیـر بکـەن.

ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی بـە تایبـەتی کۆمەڵـی دادگەریـی کوردســـتان، گرووپگەلێکـــی ســـوننەگەرای بـــاوەڕدارن بـــە بنەمـــاکانی مەزهـــەبی ســـوننە و بـــاوەڕی تەواویشـــیان بـــە ئەنجامـــدانی هـــەر کردەیەکـــی جیهـــادی هەیـــە، ئینجـــا تونـدوتیـژی یـان شـێوازی بانگخـوازی بێـت، بـۆ ئـەوەش هەمـوو

هەوڵێکـی خۆیـان داوە تـا خەڵـک لەسـەر بنەمـای جیهـاد و سـوننەگەرایی ئایینـداری بکـەن، بـۆ سەرخسـتنی ئـەم ئامانجـە ئـەوەی دەتوانـن ئەنجامـی دەدەن، هـەر لـە مـەلای مزگەوتـەوە تـا کورسـیی پەرلەمـانی بـۆ ئـەو مەرامـە سـیاسی و توندڕۆییـە بـەکار دێنـن، بـە جۆرێکیـش حکوومـەت و دامـەزراوەکانی کوردسـتان بـە دامـەزراوەی بڵاوکردنـەوەی بـێ ئایینـی وەسـف دەکـەن، بـۆ ئـەوەی خەڵـک فریـو بـدەن، بۆیـە زوو زوو دامـەزراوەکانی هەرێـم دەبنـە ئامانجـی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان.

لـە ئەنجامـی ئـەو بانگخـوازە توندڕۆییـەی کـە ئیسـلامی سـیاسی لـە پشـتەوەیە، واتـە بـەشی زۆری کـەس و گرووپـی ئیسـلامی سیاسـیی کوردسـتان بـە پـڕۆژەی درێژخایـەن هەوڵـی دروسـتکردنی ژینگـەی تیرۆریزمـی لـە باشـووری کوردسـتان دەدەن، بەوپێیـەی گەشـەی خۆیـان لـەو جـۆرە ژینگەیـەدا دەبیننـەوە، وەک ئـەوەی تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان و داعـش لـە عێـراق و سـووریا کردیـان، بۆیـە لەژێـر کاریگەریـی ئـەو مۆدێلـەی ئەفغانسـتان، ئیسـلامی سیاسـیی کوردیـش لـە هەوڵـی دروسـتکردنی ژینگـەی توندڕۆییـدان، دواجـار ئـەو ژینگەیـە بـەرەو جیهـانی تەنگەژاویـی تیرۆریـزم هەنـگاو دەنێـت، بـە دروسـتبوونی جیهـانی تیرۆریزمـی لـە باشـووری کوردسـتانیش ژیـانی کـۆی کۆمەڵگـە دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەی ناسـەقامیگری.

هـــەر کۆمەڵگەیـــەک ناســـەقامیگیریی تێـــدا بـــوو، دەبێتـــە جێـــی ســـەرهەڵدانی گرووپـــە تیرۆریســـتییەکان و توندڕۆیـــی ئایینـــی وەک مۆدێلێکـــی ترســـناک بـــرەوی دەبێـــت، ســـەرئەنجام هەمـــوو ئەوانـــە بەیەکـــەوە کۆمەڵگـــە دەخنکێنـــن و لـــە ڕەوتی پێشـــکەوتنی شارســـتانێتیی جیهـــانی دایدەبـــڕن. ئیســـلامی سیاســـیی کوردســـش ئـــەو جـــۆرە کەســـانەی قەبـــووڵ نییـــە تەنیـــا موســـڵمان بـــن، بەڵکـــوو ئـــەوان موســـڵمانێکیان دەوێـــت، توندڕۆیـــی لـــە ناخیـــدا چەکـــەرەی کردبێـــت، موســـڵمانێکیان دەوێـــت کۆمەڵـــی بێـــت پێـــش ئـــەوەی موســـڵمان بێـــت، یەکگرتـــوو بێـــت، پێـــش ئـــەوەی ئایینداریێکـــی ســـادە بێـــت، موســـڵمانێکیان دەوێـــت بزووتنـــەوە بێـــت و بـــاوەڕی بـــە جیهـــاد و ســـەلەفییەت هەبێـــت! دەخـــوازن موســـڵمانێک بیـــت بـــەردەوام خەنجەرێـــک لەژێـــر پاڵتۆکەتـــدا بشـــاریتەوە و بـــە کـــۆلان و ماڵانـــدا بگەڕێیـــت و بڵێـــی ئـــەو حیزبانـــە کافـــرن و وەرن جیهادییـــان بەســـەردا بکەیـــن، موســـڵمانێکیان دەوێـــت بچنـــە ئـــەو مزگەوتانـــەی کـــە مەلاکانیـــان ســـەر بـــە خۆیانـــن، واتـــە کۆمـــەڵ و یەکگرتـــوو و بزووتنـــەوەن، ئـــەوان باوەڕیـــان بـــەو جـــۆرە ئاییندارییـــە نییـــە کـــە موســـڵمانێکی ئاســـایی و کرێـــکار هەقـــی بەســـەر سیاســـەت و جنێـــودان بـــە حکوومـــەت و حیزبـــە عەلمانییەکانـــەوە نەبێـــت، بەڵکـــوو دەیـــەوێ بـــەردەوام بڵێـــت حکوومـــەت و حیزبـــە نائیســـلامییەکان کافـــرن و ئـــەوەی ڕەخنـــە لـــە ئێمـــە بگرێـــت، گوناهبـــار دەبێـــت، بـــە جۆرێـــک خۆیـــان پیـــرۆز

کـردووە وەک ئـەوەی بەرگریـکاری ڕاسـتەقینەی ئیسـلام بـن.

ئـەو ڕەوتـە فیکرییـە بنەمـای کارکـردنی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر چەمکـی جیهـاد بنیـات دەنێـت، واتـە ئاسـانترین هەنگاوێـک بـۆ ئـەوەی کەسێکی سـادەی پـێ فریـو بـدەن بـۆ نـاو بازنـەی کارێکـی تیرۆریسـتی، فریودانییێتـی بـەوەی لـە ڕێـی جیهـادەوە دەگەیـت بـە بەهەشـت و لـە بەهەشـتیش هـەم حـۆری و هەمیـش خۆشـگوزەرانی بـێ کۆتایـی بـۆ تـۆ و بـۆ بەنـدەکانی خـودا دابینکـراوە، ئـەو هەسـتە جیهادییـەش تادێـت بەهـۆی فریودانــەوە گەشــە دەکات تــا ئاســتی ئــەوەی کۆمەڵگــە ڕووبــەڕووی مەترسـیگەلێکی ئایینــی و کۆمەڵایەتــی و ڕۆحــی دەکاتــەوە، بــەوەی ئــەو فیکــرە تونــدڕۆ جیهادییــە کار لەســەر دروســتکردنی ژینگــەی تیرۆریــزم دەکات، چونکــە گەشــەی خۆیــان لــەو ژینگەیــەدا دەبیننــەوە.

# دیواری نێوان ژن و دونیا

ماوە ماوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا باسوخواسی نیقاب دێتەگۆڕێ و ڕای جیاوازی لەسەر دەردەبڕدرێت، لەکاتێکدا تەواوی ئەو مشتومڕانەی لەبارەی نیقابەوە دەکرێن زیاتر پەرچەکردارن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕەنگە هەر پێویستیش نەکات بۆ ئەوەی بزانیت نیقاب چۆن و کەی پەیدابووە، زانین و نەزانی تەنیا یەک شتە، سەرئەنجام ئەوەی دەیبینی پەڕۆیەکە و ڕووخساری ژنانی پێ دادەپۆشرێت، ئەو پارچە پەڕۆ ڕەشە ڕێک دیوارێکە لەنێوان

ژن و دونیـــادا، لەنێـــوان ژن و خەونەکانـــی دروســـتکراوە.

ئـەوەی وایکـردووە ژن نیقـاب بپۆشـێت، پێناچێـت خواسـت و حـەزی ژن خـۆی بووبێـت بـۆ داپۆشـینی ڕووخسـاری، ئاخـر کـێ هەیـە حـەز بـەوە بـکات ڕووخسـاری بشـارێتەوە! کـێ هەیـە حـەز بـە دیلـی خـۆی بـکات! لـە بنەڕەتـدا ئـەوە زەبـری پیاوسـالارییە ئـەو بڕیـارە قورسـەی بەسـەر ژنـدا سـەپاندووە نـــەک هەڵبـــژاردەی ژن خـــۆی بووبێـــت، وەک شـــێخ خالیـــد عیمـران، ئەمینـداری گشـتیی ئەنجوومەنـی فەتـوای ئەزهـەر، کـە ئێسـتا نازانـم لـەو ئەنجوومەنـەی فەتوایـە مـاوە یـان نـا! چەنـد ســاڵێک پێــش ئێســتا و لەبــارەی نیقابــەوە دەڵێــت: «نیقــاب بەشـێکە لـە نەریـت و لـە بنەماکانـی شـەریعەتی ئیسـلامیدا بوونـی نییـە، دەشـڵێت: پۆشـینی نیقـاب لـە بیابانـدا پێویسـتە و جەسـتەی مـرۆڤ لـە گەردەلـوول و لمـی بیابـان دەپارێزێـت».

ئاخــر ئــەوە قســەیەکی بێمانایــە ئێمــە پێمانوابێــت ئــەو گــەورە شــارەزایە لــە ئیســلام هەڵــە بێــت و نەزانێــت کــە نیقـاب لەسـەر ژنانـی موسـڵمان پێویسـتە یـان هـەر نەریتێکـە و پشتاوپشـت لەگـەڵ مێـژووی ئیسـلامدا هاتووەتـە پێشـەوە و ئێسـتاش لـە زۆر شـوێنگەی موسـڵماناندا بـرەوی هەیـە، چونکـە کۆمەڵگـەی عەرەبـی یـان موسـڵمانان دابڕاوبوونـە لـە هـەر ڕیفۆرمێکـی ئایینـی و کولتـووری، هـەزار سـاڵ و زیاتریـش پێـش ئێسـتا، تێڕوانینیـان بـۆ ژن چـۆن بـووە، ئێسـتاش هـەر هەمـان شـتە و بـە هەمـان دۆخـی دەروونیـدا گـوزەر دەکـەن، ئـەوەی

پەیوەندی بە ژنیشەوە هەیە، مەگەر چۆنچۆنی و لە هەندێ شوێندا گۆڕان لەو تێڕوانینە پیاوسالارییەدا ڕوویدابێت، ئەگینا هەنووکەش ژن لە زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمانییەکاندا بە موڵکی ڕەها و کاڵای دەستی پیاو دەزاندرێت و ژنانیش ئەو بەکاڵابوونەی خۆیان قەبووڵکردووە و خەریکە لێی ڕادێن، بگرە هەندێکیان هەر حەزیشی پێدەکەن و پێی ئاسوودەن کە هەمیشە پیاوێک بە گۆچانێکەوە لەسەر سەریان بوەستێت و بە ئارەزووی ئەوی پیاو بجولێنەوە، ئەمە گشتگیر نییە، بەڵام دیاردەیەکی بەهێزە و بەردەوام دەبینرێ و خۆی ئەبدەیت دەکاتەوە.

دەی سەیری نیقابی ژن بکە و نەختێکیش لە دەروونی ئەو ژنانە ورد ببەوەوە کە نیقابپۆشن، ئەوکات تێدەگەیت چ ستەمێک لە ژن دەکرێت، ئاخر هێندەی نەریتێکی عەرەبی خێڵەکیی دواکەوتووانەیە، ئایینی نییە و بەزۆریش خەریکە تێکەڵ بە ئایین دەکرێت، کەسانێک ژنی پێ دەترسێنن ئەگەر نیقاب نەکات، بێڕەوشت و داوێنپیسە، بەو گوتارە بە ئاشکرا بە ژن دەڵێ ئەگەر نیقاب نەکەت دەچیتە دۆزەخەوە، چونکە پابەندی دین نەبوویتە، ئاخر بەشێکی ژنانی موسڵمان بەهۆی ئەو ترس و تێڕوانینانەیە، نیقاب دەکەن، ئەگینا کێ حەز بە زیندانیکردنی خۆی دەکات! ئەوەتا شێخ خالید بە دەنگی بەرز ئەوە دەڵێت، چونکە لەو ژینگەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئێمەی تێدا دەژین،

شــتگەلێک تێکــەڵ بــە ئاییــن کــراون و بــەزۆر و بــۆ مەبەســتی تایبەتیــش بەرگــی دینیــان بــە بــەردا کــراوە و پیرۆزکــراون، کــە پێویســت نــاکات وابێــت، بــە تایبەتــی ئەوانــەی ڕاســتەوخۆ لــە بەرژەوەندیــی پیاوانــی دەســەڵاتداردا بوونــە.

پێتناخــۆش نەبێــت، تــۆی ژن، ئینجــا بەزۆرەملێیــە یــان ئارەزوومەندانــە، کاتێــک نیقــاب دەکەیــت، ئــازادی و حەزەکانــت، ئــەو ڕووخســارەت کــە دەڵێــی جوانیــی خودایــە پێشکەشــم کــراوە، لــە مــرۆڤ و خوداشــی دەشــاریتەوە! نەختێــک بیــر بکــەوە، ئایــا خــودا لێــت ڕازی دەبێــت بــە ئەنقەســت ڕووخســاری خۆتــی لــێ بشــاریتەوە؟ ئینجــا لەبــەر خــواش نــا، بەڵکــوو لــە ترســی پیــاو ڕووخســارت دەشــاریتەوە، لەکاتێــدا وەک خــۆت دەڵێــی خــودا بــە جوانتریــن شــێوە بۆتــی دروســتکردووە!

ئاخــر چــۆن مــاف بــە خۆتــان دەدەن، کاتێــک ژنێــک بۆیــە لــە قــژ و نینۆکەکانــی دەدات یــان جوانــکاری دەکات، پێــی بڵێــن دەســتکاری ئیشــی خــوای کــردووە و پێویســتە بەوپــەڕی ڕاشــکاوییەوە دژی ئــەو کارەی بوەســتینەوە، بــەڵام گرنگــە بیــر بکەیتــەوە، خــۆ نیقابیــش هەمــان شــتە، وەکچــۆن ژنانــی ســفور بەهــۆی فیلــەر و بۆتۆکســەوە، ڕووخســاریان دەســتکاری دەکــەن، کــە ئێــوە دەڵێــن شــیاو نییــە مــرۆڤ دەســتکاری ئیشــی خــوا بــکات! ڕێــک نیقابیــش دەســتکاریکردنی ڕووخســاری ژنــە بــە شــاردنەوەی، بگــرە خراپتریــش، ئاخــر تــۆ بەهــۆی نیقابــەوە خــۆت لــە کۆمەڵگــە دەشــاریتەوە، ئەگــەر وایــە، خــوا ڕووخســارتی

لــە شــێوەی نیقابــدا دروســت دەکــرد نــەک بــەو جوانییــەت! جەســتەیەکیت و دەجولێیتــەوە، بــەڵام ڕۆحــت کوژاوەتــەوە و هەســتی کۆیلایەتیــت خۆشــتر دەوێــت تــا ئــازادی.

دەزانــی ئێمەمانــان هــەر کــە داوای ئــازادی و فڕێدانــی نیقابــی ســەر ڕووخســاری تــۆی خاتــوون دەکەیــن، بــۆ خۆمــان نییــە، هــەر لــە بنەڕەتــدا نیقابمــان نەکــردووە، ئــەوە دیــارە پیــاوەکان نایکەیــن و ئــەو ژنانــەی دژی نیقابەکــەی ئێــوە دەوەســتنەوە، لەبــەر خۆیــان نییــە تــا لــە نیقــاب ڕزگاریــان بێــت، ئاخــر ئــەوان ڕووخســاریان بــە دەرەوەیــە، ئــەوەی ئێمــەی پیــاوان و ئــەو ژنانەیــش دەیڵێیــن، بــۆ ئێوەیــە، داوای ئــازادی بــۆ ئێــوە دەکەیــن، کەوایــە پێتناخــۆش نەبێــت تــۆ کــە نیقــاب دەکەیــت، دیلــت دەکــەن و دیلیەکەشــت وەک باشــە و پاداشــتی دواڕۆژ پــێ دەفرۆشــنەوە، گرنگــە بزانیــت هاتوهــاواری ئێمــە بــۆ ڕزگاری تۆیــە، بەڵــێ، بــۆ ئەوەمانــە ئیــدی ئێــوەش تێکــەڵ بــە کۆمەڵگــە ببەنــەوە و چیــتر لەپێشــچاوی ئێمــەدا نەچەوســێندرێنەوە، ئاخــر ئەگــەر ئێــوە خۆتــان فڕێــی بــدەن، ئــەوکات ئێمــەش باســی ناکەیــن، کاتێکیــش دەڵێیــن نیقــاب فــڕێ بــدەن، ڕقلێبوونــەوە نییــە لــە هیــچ کەســێکی نیقابپــۆش، دژایەتــی و ســووکایەتیش نییــە، تەنیــا بــۆ ئەوەیــە تــا ئێــوەش هەســت بکــەن لــە چ دۆخێکــی خراپــدا دەژیــن، ئەگینــا ئێمــە نیقابمــان بەســەر ڕووخســارەوە نییــە و ڕووخســارمان ناشــیرین یــان جــوان بووبێــت، بــەڵام بەدەرەوەیــە، بــە پێچەوانــەوە ئــەوە

ئێــوەن ڕووخســارتان شــاردراوەتەوە نــەک ئێمــە.

ئــەو پیاوانــەی ڕێگــە دەدەن ژنەکانیــان، خوشــکەکانیان، کچەکانیــان، نیقــاب بکــەن یــان بــەزۆر نیقابیــان بەســەردا دەســەپێنن، ژن وەک کۆیلــە و کاڵا دەبینــن، زۆرێکیشــیان ژن بــە هــۆکاری تێرکردنــی غەریــزەی سێکســی دەزانــن، ئــەو پیاوانــە پێیانوایــە ژن هەرچییــەک بێــت و لــە هــەر پلــە و پۆســتێکدا بێــت، کۆیلــەی پیــاوە و بــۆ تێرکردنــی ئاڵۆشــی سێکســی پیــاو دروســتکراوە، مەگــەر پیــاوی موســڵمان نوێــژ بــۆ حــۆری نــاکات تــا لــەو دونیــادا دەســتەملانێی حۆریــان بێــت و ئاڵۆشــی سێکســی خــۆی لێیــان تێــر بــکات! ئەمــە قســەی مــن نییــە، قســەی ئێوەیــە، بــەڵام لــەوە دڵنیــام، جیهــاد و پیاوکوژیتــان بــۆ خــوا و لەپێنــاوی سەرخســتنی دینــی موحەممەدیــش نییــە، بەڵکــوو بــۆ تێرکردنــی ناوگــەڵ و بەدەستخســتنی حۆرییــە.

نیقــاب تەنیــا شــاردنەوەی ڕووخســاری ژن نییــە، ئــەوەی ئــەو کارە بــە ژن دەکات یــان ژن خــۆی دەیــکات، لــە هــەردوو دۆخەکــەدا بــە ئامانجگرتنــی خــودی ژنانــە بــە مەبەســتی کۆیلەکردنیــان، نیقــاب، دیوارێکــی پەڕۆیینــە و ژن لــە هەمــوو شــتێک دادەبڕێــت، دیوارێــک لەنێــوان ژن و دونیــادا، ژن و کۆمەڵگــەدا، ژن و خەونەکانیــدا، دیوارێــک بەرچــاوی ژن دەگرێــت بــۆ ئــەوەی دونیــا و جوانییــەکان نەبینێــت، ئامــاژەی دەســەڵاتی پیاوســالارییە و بەســەر جەســتەی بزرکــراوی ژنانــەوە دیــارە، دیوارێــک کــە ژن لەودیویــەوە بــە بێدەنگــی دەگــری و

کەسیش هەست بە گریان و ئازارەکانی ناکات، هیچ کەس، وەک مرۆڤێکی ئاسایی لێی ناڕوانێت.

لەژێر یان لەودیوی ئەو دیوارەوە، دونیایەک خەون و ئامانج، حەز و ئارەزووی ژیانکردنی ئاسایی هەن، بەڵام ئەوە ترس لە کۆمەڵگە و ترسە لە ئاگری دۆزەخ، ترسە لە باوک، برا، مێرد، نێری کۆمەڵگە و قسەوقسەڵۆک، هەموو ئەوانەن وا دەکەن، ژن نەتوانێت ئەو دیوارە پەڕۆینە بڕووخێنێت و تامی ئازادی و خۆشییەکانی ژیانی خۆی بکات.

نیقاب، دیلکردنی ژنە لەناو پەڕۆدا، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بیر لە ژیانکردنی ئاسایی خۆی نەکاتەوە، دیلکردنێتی تا لە ڕۆحەوە هەست بە خۆی نەکات و هەردەم چاوی لەوەبێت، کاڵای دەستی پیاوان بێت. نیقاب کوشتنی ئەو ڕۆحە جوانەیە کە پێی دەڵێن ژن، کوشتنی خەونەکانی، حەزەکانی ژنە، تا کۆیلایەتی قەبووڵ بکات و هەست بە بوونی خۆی نەکات.

# شەرمی ناوێ

پێش ئەوەی ڕەخنەم بکەیت و تۆمەتی دژە ئیسلامی سیاسیم بدەیتە پاڵ، باشتروایە بە وردی فۆکەس بخەیتە سەر قۆناغی سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئەوکاتەی مووسڵیان گرت و دواتریش هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان، بە باشی دیقەت بدە و بزانە هەرگیز کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کە ئەوکات «کۆمەڵی ئیسلامی» بوو، داعشی وەک دەوڵەتی تیرۆریستی ناوبردووە؟ ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کۆمەڵی دادگەری

جورئەتـی نەکـرد بـە ڕاشـکاوی بڵـێ داعـش دەوڵەتـی تیـرۆرە، بەڵکـوو پاسـاو دەهێننـەوە گوایـە داعـش هیـچ پەیوەندییەکـی بـە ئیسـلامەوە نییـە، لەکاتێکـدا داعـش خـۆی دەڵێـت ئێمـە دەوڵەتـی ئیسـلامین و بـە مـوو لێـی لانادەیـن.

ئـەوە مافـی کۆمـەڵ و عەلـی باپیـر و سـتافەکەی نییـە تـا دەوڵەتێکـی وەک داعـش لـە ئیسـلام دابـڕن، ئـەوەی کۆمەڵـی دادگـەری لـە پەیوەسـت بـە داعشـدا دەیڵێـت، ڕێـک شـاردنەوەی ئـەو هـەزاران تـاوان و کـردە تیرۆریسـتییانەی داعشـە کـە دەرهـەق بـە هاووڵاتـی کـورد و عـەرەب و تەنانـەت تورکمانەکانـی مووسـڵیش ئەنجامـدران، شـەرم نییـە ئەگـەر ئێمـە بڵێیـن داعـش ئیسـلام بـوو، ئـەوە خراپـە پەنـد لـەو دەسـەڵاتە شـەرعییە سـێ چـوار سـاڵییەی داعـش وەرنەگریـن کـە لـە مووسـڵ و ڕەقـەدا پەیـڕەوی کـرد، هـاوکات کۆمەڵـی دادگـەری، دروسـتتر دوو کەسـایەتییە بەهێزەکـەی نـاو کۆمـەڵ، عەلـی باپیـر و عەبدولسـتار مەجیـد، ناتوانـن چـاوی خەڵـک لـە ئاسـت ئـەو هەمـوو ماڵوێرانـی و تیـرۆر و کوشـتارەی لـە وڵاتانـی ئیسـلامیدا کـە لەژێـر پـەردەی جیهـاد و دینـداری لەلایـەن گـرووپ و تەیـارە ئیسـلامییەکانەوە هـەن و ئەنجـام دەدرێـن، بنوقێنـن. ناتوانـن ئـەو هەمـوو کـردە تیرۆرییـە بشـارنەوە کـە گرووپگەلـی ئیسـلامی سیاسـی ئەنجامـی دەدەن لـە خۆیانـی دابـڕن و بیدەنـە پـاڵ گرووپـی دیکـەوە، ئیـدی پێویسـت نـاکات شـەرم بکـەن لـەوەی دەوڵەتێـک هەبـووە کـە تیـرۆری بەرهەمهێنـاوە و نـاوی

دەوڵەتــی ئیســلامی بــووە.

ڕۆژی شــەممە ٣-٨-٢٠١٩ کــە هــاوکات بــوو لەگــەڵ ڕۆژی کۆمەڵکــوژی کوردانــی ئێزیــدی، لــە پەرلەمانــی کوردســتان دەنــگ لەســەر پــڕۆژە یاســایەک درا و بــە گوێــرەی یاســاکە ٣ی ئابــی هەمــوو ســاڵێک وەک ڕۆژی جینۆســایدکردنی ئێزیدییــەکان ناســێندرا، ئەگەرچــی هێشــتا ئــەو بڕیــارە ســەدا یەکیــش لــە ئــازار و خــەم وماڵوێرانــی ئێزیدییــەکان کەمناکاتــەوە، بــەڵام مــادام کۆمەڵکوژکــراون، پێویســتە وەکچــۆن ڕۆژێــک بــۆ کیمیابارانــی هەڵەبجــە و ئەنفــال و مەرگەســاتەکانی دیکــەش هەیــە، دەبێــت بــۆ کۆمەڵکــوژی شــنگال و دەوروبەریشــی هەبێــت، کــەس خێریــان پێنــاکات، ئاخــر ئــەوان لەلایــەن دەوڵەتێکــەوە کۆمەڵکوژکــران و دەســتدرێژی ســێکســیش کرایــە ســەر ژن و کچەکانیــان، لەلایــەن دەوڵەتێکــەوە کــە نــاوی دەوڵەتــی ئیســلامییە لــە عێــراق و شــام، نــەک نــاوی ڕێکخــراوی داعــش بێــت!

کارەســاتی شــنگال هیچــی کەمــتر نییــە لــە ئەنفــال و کیمیابارانــی هەڵەبجــە، بــەڵام بــە فۆڕمێکــی دیکــە ئەنجامــدرا و لــە بنەڕەتــدا درێژەپێــدەری هەمــان ئــەو فۆڕمانــەی دیکەیــە کــە لــە ڕێگەیــەوە کوردیــان پێکوشــت و عەقڵییەتــی ڕاســیزمی عەرەبــی ئیســلامی خــۆی بەســەر کــورددا ســەپاند و هەمــوو مافێکــی لــەو نەتــەوە دێرینــەی ناوچەکــە ســەندەوە، چونکــە کــورد بــوو! ئەگــەر داعــش بــۆی بکرایــە، کــوردی وەک نەتەوەیــەک دەســڕییەوە و موســڵمانێتییەکەی کوردیــش لای

داعــش هیــچ بایەخێکــی نەدەبــوو، چونکــە کوردبوویــن، ئــەو بۆچوونــە ڕاســیزمی نییــە، خــۆ دیــارە ڕاســیزمی عەرەبــی و تورکــی، کاتێــک دێنــە ســەر دژایەتیکردنــی کــورد، جیــاوازی نەتەوەیــی و مەزهەبــی و ناکۆکیــی نێوانیــان بــەلاوە دەنێــن و لــە دژی کــورددا یەکدەنــگ و یەکهەڵوێســت دەبــن، ئەگــەر داعــش بــە تەنیــا هێرشــی بکردایەتــە ســەر هەولێــر، ئــەو بەغدایــە ئامــادە نەدەبــوو تەنانــەت یــەک فیشــەکیش ئاراســتەی داعــش بــکات، وەکچــۆن بــە درێژایــی چەنــد ســاڵێک شــەڕکردن، فیشــەکی ســێ ڕۆژ شــەڕکردنی بــۆ پێشــمەرگە نەنــارد، چونکــە ڕاسیزمی عەرەبــی چــاوی بــە کــورد هەڵنایــەت.

عەبدولســتار مەجیــد، ســەرکردەی بــاڵای کۆمەڵــی دادگــەری کــە هــاوکات خزمــی نزیکــی عەلــی باپیــرە و ڕۆڵێکــی بەرچــاوی لــە سیاســەتی حیزبەکەیــدا هەیــە، یەکێکــە لــە کەســایەتییە ئیســلامییەکانی کوردســتان، عەبدولســتار کــە پێشــینەی هەڵنەســتانەوەی لــە بەرانبــەر سروودی «ئــەی ڕەقیــب»دا هەیــە! ئەوەتــا لەبــری ئــەوەی دڵخــۆش بــن بــەوەی یاســایەک بــۆ ناســاندنی کارەســاتی ئێزیدییــەکان وەک جینۆساید و دیاریکردنــی ڕۆژێــک بــۆ لەبیرنەکردنــی ئــەو کارەســاتەی دەرهــەق بــە ئێزیدییــەکان کــرا کــە لــە پەرلەمــان دەرچــوو، بــە پێچەوانــەوە ڕەخنــەی لــە یاســاکە دەگــرت، بــەوەی تێیــدا نــاوی دەوڵەتــی ئیســلامی هاتــووە و بــە داعــش گوتــراوە دەوڵەتــی ئیســلامی و نەگوتــراوە ڕێکخــراوی داعــش، لەکاتێکــدا عەبدولســتار مەجیــد

خۆزگــە بیــری لــەو پێشــنیازەی خۆیشــی دەکــردەوە کــە (داعــش) کورتکــراوەی دەوڵەتــی ئیســلامییە لــە عێــراق و شــام! ســەرکردەکانی ئــەو دەوڵەتــەش خۆیــان بــاش دەزانــن بۆچــی ئــەو ناوەیــان بــۆی بەکارهێنــاوە.

دەی کاک عەبدولســتار، بەڕێــز کاک عەلــی باپیــر، ئێــوە وەک دوو کەســایەتیی بڕیاربەدەســتی کۆمەڵــی دادگــەری و شــارەزا لــە ئیسلامناســی، بۆچــی پێتــان شــەرمە بگوترێــت دەوڵەتــی ئیســلامی؟ ئاخــر داعــش دەوڵەتــی ئیســلامی بــوو نــەک ڕێکخــراو، بۆیــە ئێــوە مافتــان نییــە ئــەو نــاوەی داعــش هەڵیگرتــووە و کردوویێتییــە شوناســی ڕاســتەقینەی خــۆی کــە پێیشــی شــەرم نییــە بانگەشــەی ئیســلامێتی خــۆی بــکات، بۆچــی ئێــوە شــەرم دەکــەن!

شــەرمی نــاوێ، ڕاســتییەکەی داعــش ڕێکخــراو نەبــوو، بەڵکــوو دەوڵــەت بــوو، بۆیــە خەلافەتــی ڕاگەیانــد، ئاخــر ئێــوە زۆربــاش دەزانــن ڕێکخــراو زیاتــر دەســتەواژەیەکی سیاســییانەیە تــا ئایینــی بێــت، بۆیــە ئــەوەی داعــش خەلافــەت بــوو، ئایینــی بــوو، واتــە تــەواو ئیســلامی بــوو، خۆتــان زۆربــاش دەزانــن ســەرکردە باڵاکانــی داعــش ئــەو چەکــدارە نەخوێندەوارانــەی خەلافەتەکەیــان نیــن کــە تەنیــا ڕۆڵیــان تەقەکــردن و ســەربڕینی ئینســان بێــت، بــە پێچەوانــەوە کەســێکی وەک ئەبوبەکــری بەغــدادی تــەواو شــارەزای ئیســلامە و ئەگــەر لــە عەلــی باپیــر شــارەزاتریش نەبێــت، کەمــتری لــێ نازانێــت!

کەوایــە ئیشــکردن لەســەر ئــەوەی شوناســی دەوڵەتــی

ئیسلامی لە داعش بسەننەوە و لە بەرانبەردا ڕێکخراوی پێ ببەخشن، ئەوە گەمەیەکی ترسناکە، چونکە ئێمە پێمان خۆش بێت یان ناخۆش، داعش هەرچی ڕەگەزی دەوڵەتی ئیسلامی و بنەما شەرعییەکانی هەن، پەیڕەویکردن و نامۆ نەبوون بە ترادیسیۆن و مێژووی ئیسلام بە گشتی، مەگەر ئەنفال، دەستکەوتەکانی جەنگ نییە! مەگەر داعش کاتێک کچێک، ژنێکی دەستگیر دەکرد، وەک دەستکەوتی جەنگ سەیری نەدەکردن! کەوایە بۆ پێتان شەرمە ڕووی ڕاستی داعش و خەلافەت بناسرێت، بە پێچەوانەوە ئەوەی مووسڵ دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خەلافەتی ئیسلامی بوو، ئینجا من و تۆ پێمان خۆش بێت یان ناخۆش، ئەوان تەواو موسڵمان بوون و شارەزایی تەواویان لە ئیسلام هەبوو و هەموو ئەو کارانەیان کرد کە لە مێژووی ئیسلامدا هەن.

ئەو جۆرە ئیسلامێتییەی کۆمەڵی دادگەری دەیکات، هێندەی فریودانی خەڵکە لە پەنای بەکارهێنانی ئیسلام و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی ئایین لەناو بازنەیەکی چەقبەستوودا کە لەگەڵ گۆڕانکارییە شارستانێتی و زانستی و یاسا دونیاییەکان نەگونجێت، هێندە کارکردن نییە بۆ ئیسلام، ئەو گرووپەی عەلی باپیر و هاوشێوەکانیان هەرچی بۆیان بکرێ و توانیویانە، درێغیان نەکردووە لەوەی ڕێگری لە هەر کرانەوەیەکی بەردەم ئیسلام بکەن، لەبەر ئەوەی هەر کرانەوەیەک ڕووبدات، پێش هەموو لایەک کۆمەڵ

زیانــی بەردەکەوێــت، بۆیــە بانگەشــەیەکی بــێ حیســاب دەکــەن گوایــە داکۆکیــکاری سەرســەختی ئیســلامن و هەمیشــە وێنایەکــی ئەوتــۆش نیشــانی موســڵمانی ســادە دەدەن، گوایــە ئیســلام لەژێــر هەڕەشــەدایە و تەنیــا کۆمەڵــی دادگەرییــە ڕووبــەڕووی ئــەو هەڕەشــەیە دەبێتــەوە، بەڵــێ، بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن ئەگــەر کۆمــەڵ نەبێــت، ئیســلام لــە کوردســتان کۆتایــی دێــت و لــە ســەرووی هەمووشــیانەوە دەیانەوێــت کەســایەتیی عەلــی باپیــر لەســەر ئاســتی کۆمەڵگــەی کوردســتانی پیــرۆز بکــەن و وێنــای پێغەمبەرێتیــی پــێ ببەخشــن، هــەر لەبــەر ئەوەشــە زوو زوو عەلــی باپیــر دەڵێــت خەونــم دیــوە لەگــەڵ پێغەمبــەردا بەیەکــەوە دانیشــتووین و چووینەتــە جیهــاد!

# پرۆژەی دژە ئیخوانیزم و داعشیزم

ڕۆژی دووشـــەممە ١ی شـــوباتی ٢٠٢١، ڕێـــک هـــاوکات بـــوو بـــۆ یادکردنـــەوەی ١٧ ســـاڵەی هـــەردوو کـــردە خۆکـــوژی و تیرۆریســـتییەکەی لقـــی٢ی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان و مەڵبەنـــدی ٣ی یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان لـــە شـــاری هەولێـــر.

ئـەم ڕووداوە زۆری لەبـارەوە نـووسراوە و گوتـراوە و سـاڵانەش بـە هـەزاران وێنـەی شـەهیدەکان و پۆسـتەر و مۆنۆمێنتـی شـەهیدەکان بڵاو دەکرێنـەوە، بـێ ئـەوەی لـە کاتـی یادکردنـەوەی

ئـەو دوو کـردە تیـرۆری و خۆکوژییـەدا هەڵوەسـتەیەک بکرێـت و بیـر لـە پرۆژەیـەک بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەو فیکـرە تاریکـەی ئیسـلامی سیاسـی بکەینـەوە کـە ئێسـتاش بەردەوامـی هەیـە و لـە فۆڕمـی جیـا جیـادا خـۆی ئەبدەیـت دەکاتـەوە و کارەکتەرانـی بـە هـەر شـێوەیەک بۆیـان بلوێـت کـردەی تیرۆریسـتی دەکـەن.

ئـەو دوو کـردە تیرۆریسـتییە کاتێـک لـە یەککاتـدا و لـە یـەک شـاردا لەلایـەن گرووپـە تونـدڕۆ ئیسـلامییەکان ئەنجـام دەدرێـت (نالێـم دەدرێـن!) خـۆی لـە خۆیـدا پەیامێکـە ئیسـلامی تونـدڕۆ لــە بەئامانجگرتنــی هەرێمــی کوردســتاندا جیــاوازی لەنێــوان ڕەنگەکانــدا نــاکات، ئــەوان کــۆی ئەزموونــی کوردســتان بــە پاســاوی ئــەوەی بــەرەو عەلمانییــەت دەچێــت، دەکەنــە ئامانــج و لـە هـەر کات و شـوێنێکدا بتوانـن و بۆیـان بلوێـت، دەیپێکـن، چونکــە تــۆ بــە شــێوەیەک دەوڵەتــداری دەکەیــت هەڵگــری فیکــری ســێکۆلاریزمە، وێــڕای ئــەوەی دونیایــەک ســەرنجمان لەســەر سـێکۆلاریزمبوونی هەرێمـی کوردسـتانیش هەیـە.

خاڵێــک کــە جێــی ڕەخنەیــە و دەکــرێ وەک مەترســی نــاوی ببەیـن، ئەوەیـە، هێشـتا هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی پارتـی و یەکێتــی وەک دوو حیزبــی حوکمڕانیــی هەرێمــی کوردســتان، پــرۆژەی ڕووبەڕووبوونــەوەی گرووپــە ئیســلامییەکانیان نییــە و نەیانتوانیــوە ڕووە شــارەوەکەی ئیســلامییەکان وەک ئــەوەی هــەن، بــۆ خەڵــک ڕوون بکەنــەوە، ئاخــر بەهــۆی ئــەوەوە ئیسـلامی تونـدڕۆ لەژێـر نـاوی دڵسـۆزی بـۆ ئاییـن و بانگخـوازی

ئیسـلامی، پـرۆژەی ئیخـوان و گرووپـە تونـدڕۆ ئیسـلامییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـڵاو دەکەنـەوە بـە شـێوەیەک کـە تایتڵـی ئیسـلامی سیاسـی جێـی هـەر پرۆژەیەکـی دیکـەی نەتەوەیـی و سێکۆلاریسـتی و تەنانـەت یاسـا و ڕێـکارە مرۆییـەکان بگرێتـەوە یـان هەوڵـی ناشـیرینکردنی هەمـوو شـتێک و بەهایـەک دەدەن بـۆ ئـەوەی خۆیـان جێگـە بـە حیزبەکانـی دەسـەڵات لـەق بکـەن، ئاخـر لـە ڕوانگـەی ئیسـلامی سیاسـییەوە عەرەبێکـی ئیخوانـی، تەنانـەت ئەگـەر دژی کوردیـش بێـت، باشـترە لـە سـەرکردەیەک و ڕێبەرێکـی کـورد، ئـێ ئـەوان ئیخوانیـزم و ئیسـلامی سیاسـییەکەی خۆیـان، لەپێـش کوردبوونـەوە دەبینـن.

لەمجـۆرە یادانـەدا، بـە دیاریکـراوی ١ی شـوبات، پێویسـتە لەبـری بڵاوکردنـەوەی پۆسـتەر و وێنـەی شـەهیدانی ١ی شـوبات، لەسـەر ئاسـتی میدیـادا بـە ڕاشـکاوی ئامـاژە بـە مەترسـییە ڕژدەکانـی ئیسـلامی سیاسـی بـۆ سـەر کۆمەڵگـەی کوردسـتان بکرێـت، چونکـە بـە پـرۆژە کار لەسـەر تێکدانـی شـیرازەی پێکەوەژیـان دەکـەن، کەوایـە گرنگـە خەڵکـی ئێمـەش لـەو ڕاسـتییە تاڵـە ئـاگادار بکرێتـەوە کـە ١ی شـوبات کۆتایـی نەهاتـووە، مـادام ئیسـلامی سیاسـی لـە کۆمەڵگەکـەدا مـاون، بـۆی هەیـە، ئەمـڕۆ یـان سـبەی و چەنـد ڕۆژی داهاتـوو ڕووداوگەلـی لـە ١ی شـوباتیش جەرگبڕتـر ئەنجـام بـدەن، ئاخـر ئەوانـە بڕیاریـان داوە تـۆ ڕەت بکەنـەوە، ئەگـەر بـە قسـە و بانگخـوازی توانیـان لەنـاوت ببـەن، ئـەوە دەکـەن، ئەگینـا کـردەی

تیرۆریستی و خۆکوژیت لە دژدا ئەنجام دەدەن وەک ئەوەی ١ی شوبات و هەڵکوتانە سەر پارێزگەی هەولێر و پێشتریش لە ڕووداوی خێڵی حەمەدا دەیان پێشمەرگەیان سەربڕی و دواتر سووکایەتییان بە تەرمەکانیشیان کرد، ئەمانە و دەیان کردەی دیکەی تۆکوژی و خۆکوژی.

ئەو گرووپە ئیسلامییانە بەردەوام و لە ڕێی هەموو هۆکارە میدیایی، سیاسی، پەرلەمانی و یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕێکخستنی حیزبی، بە پرۆژەی سیاسی و بەرنامە بۆ داڕێژراو ئیش لەسەر شۆردنەوەی مێشکی تاکی کورد دەکەن تا ئەو ئاستەی کار بەوە گەیشتووە بەشێک لە مزگەوتەکانی کوردستان بەهۆی مەلای ئیسلامی سیاسییەوە، بوونەتە شوێنگەی بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوانیزم و بەرهەمهێنانی فیکری داعشیزم، واتە دروستکردنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر ئەو بنەمایەی خۆیان دەیخوازن وەک پرۆژەی جێگرەوەی دەوڵەتی کوردستان لەناو مزگەوتەکانی کوردستان لە برەودایە.

پارتی و یەکێتی، خاوەنی دەسەڵات و میدیای زەبەلاحی ئەو وڵاتەن، ئاساییە جیاوازی سیاسییان هەبێت و لەسەر بابەتە کارگێڕییەکان و دابەشکاری پۆستەکان ڕێک نەکەون یان لە کێبڕکێیەکی سەختدا بن بۆ بردنی زۆرترین ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە و دەکرێ جێی ڕەخنەی ڕژدیش بێت، هێشتا ئەو دوو حیزبە خاوەنی

پرۆژەیەکی یەکگرتوو نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ئەو فیکرەی بە ئاشکرا خەریکە مێشکی هاووڵاتییانی کورد دەشواتەوە و لەبری پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە قوڕی داعشیزم و ئیخوانیزم و توندڕۆیی مێشکی کۆمەڵگەی کوردی سواخ دەدەن.

لێرەدا ئەرکی پارتی و یەکێتییە بە پرۆژەی نیشتمانی و نەتەوەیی و پەروەردەیی، کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار بکەنەوە و ئیسلامی سیاسی و گرووپە توندڕۆکان وەک ئەوەی هەن، بە خەڵک بناسێنن و ئەو بەرگە ئایینییەی کە بە ساختەیی پۆشیویانە، لەبەریان دابکەندرێت و چیتر ڕێگە نەدرێت پەرلەمان و مزگەوت و شاشە و ڕادیۆ و سۆشیاڵمیدیای کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری توندڕۆیی و ئیخوانیزم و داعشیزم بەکار بهێندرێن، مەرج نییە ئەوە لە ڕێی توندوتیژییەوە بکرێت، بەڵکوو ئەوە پرۆسەیەکە دەکرێ لە ڕێی هۆشیارکردنەوەی خەڵکەوە ڕووبدات، کاتێک تۆ لە خەڵکت گەیاند ئەو گرووپە ئیسلامییانە مەترسیدارن و دینداری ڕاستەقینە نین و تۆی کوردی موسڵمان بۆ گیرفان و پۆست و ئامانجی تایبەت و بەدەستهێنانی کورسی بەکاردەهێنن، ئەوکات خەڵکیش لە ئاستیاندا هەڵوەستەیەک دەکەن و ڕووی ڕاستەقینەی ئەو تایتڵە ئیسلامییانە ئاشکرا دەبێت کە خەریکی چ گەمەیەکن و لەپێناو خۆیاندا ئامادەن تۆ بخەنە ناو مەرگەساتەوە.

# مادام بە فەڕەنسا ڕازی نیت!

فەڕەنسا، هەرگیز سێکۆلاریزمبوونی خۆی نەشاردووەتەوە و بە بەردەوامی ڕاشکاوانە بە گوێرەی خواستی کۆمەڵگە و لەپێناو پێکەوەژیان و ژیانکردن بە گشتی سیستەمەکە ئەبدەیت دەکاتەوە بە چەشنێک هەموو تاکێکی وڵاتەکە هەست بە سەقامگیریی بکەن و کەشوهەوای کۆمەڵگە بە ئازادانە و لە چوارچێوەی یاسادا بەڕێوە بچێت، کاتێکیش گرووپە توندڕۆ ئیسلامییەکان بە پرۆژەی سیاسی و بە سوودوەرگرتن لەو فەزا ئازادەی وڵاتەکە، دەبنە مەترسی

لەسـەر ژیانـی هاووڵاتییانـی فەڕەنسـی و تەنانـەت هەنـدێ لـەو موسڵمانانەیشـی وەک کۆچبـەر ڕوویـان لـەوێ کـردووە. دەوڵـەت ناچـار دەبێـت لەپێنـاو پاراسـتنی هەمـووان ڕێکارەکانـی ڕووبەڕووبوونـەوەی فیکـری توندڕۆیـی بگۆڕێـت یـان توندتریـان بـکات، ئاخـر تـۆ بـۆت نییـە بـە نـاوی ئایینـەوە ئـازاری دەروونـی کـەس بدەیـت، چ جـای کوشـتوبڕ کـە ئەمـە هێڵـی سـوورە.

ئینجـا بەشـی زۆری ئـەو کـردە توندڕۆییانـە چ کوشـتن یـان تۆقانـدن ڕاسـتەوخۆ لـە دژی خەڵکانـی بێتـاوان ئەنجام دەدرێـن و سـوودیان بـۆ موسـڵمانان نەبـووە و تەنیـا وێنـای تیرۆریسـت و تونـدڕۆی خۆیـان نیشـانی کۆمەڵگەکـە دەدەن، وەک ئـەوەی لـە سـاڵی ٢٠٢١ مامۆسـتایەک لـە فەرەنسـا لەلایـەن تونـدڕۆ ئیسـلامییەکان سـەردەبڕدرێت و دەمودەسـت کاردانـەوەی شـەقامی فەڕەنسـایی لێکەوتـەوە، دواجـار ئیمانوێـل ماکـرۆن سـەرۆکی ئـەو وڵاتـە دەسـتیکرد بـە گرتنەبـەری چەندیـن ڕێـکاری نـوێ لـە دژی گرووپـە توندڕۆکانـی وڵاتەکـەی.

بابەتـی سـێکۆلاریزمبوون و ژینگـەی ئازادیـی فەڕەنسـا لـە خۆیـەوە نەهاتـووە، ئـەوان بـە پرۆسـە و بـە ماندووبـوون و دەیـان پـرۆژەی فیکـری و یاسـایی و ئابـووری و قۆناغبەنـدی کۆمەڵایەتـی هەتـا ئـەو ئاسـتەیان هێنـاوە، تـاڕادەی ئـەوەی ئێسـتا مرۆڤدۆسـتی بووەتـە کولتـووری ئینسـانی فەڕەنسـایی، ئەمـڕۆش ناتوانـن لەبـەر چـاوی کاڵـی تـۆ و چەنـد گرووپێکـی

توندڕۆی ئیسلامی، پاشەکشە لەو بەها ئازادی و مرۆییەی خۆیان بکەن، هەر کە گرووپە توندڕۆ ئیسلامییەکان دەبنە بەربەست و گرفت بۆ ژیانی ئاسایی هاووڵاتییان و سێرە لە کەشوهەوای سەقامگیریی وڵاتەکە دەگرن و سێکۆلاریزم کە ژیانی ئەوانە، دەپێکن، ئەوان دەستەوئەژنۆ ناوەستن و هەڵوێستییان دەبێت، چونکە بە خۆڕایی ئەو ژینگە سێکۆلاریزمییەیان دروست نەکردووە، قوربانییان بۆی داوە و ئێستا بووەتە شوناسی هەر تاکێکی فەڕەنسایی، تۆ کەیفی خۆتە بە دڵتە یان نا، ئەوان ئەوها دەژین، گرنگ ئەوەیە زیانیان بۆ تۆ نییە و سەرقاڵی ژیانکردنی خۆیانن، بە پێچەوانەی تۆوە بەردەوام وڵاتەکەیان بەرەوپێش دەچێت، ئەوە تۆی هێشتا بۆنی تۆز و خۆڵی بیابانت لێ دێت، ئەوە تۆی هانات بۆیان بردووە نەک ئەوان هاتبن لە وڵاتەکەی تۆدا داوای مافی پەنابەریان کردبێت، دەی ئەو لۆژیکە وەک خۆی قەبووڵ بکە، بێ ئەوەی دووچاری هەڵچوون بیت، بیر بکەوە تۆ بۆ کوشتار چوویتەتە فەڕەنسا یان بۆ ژیان؟ ئەگەر بۆ ژیانکردن پەنات بۆ ئەوێ بردووە، دەتوانیت بژیت، خۆ ئەگەر بۆ کاری توندڕۆیی و کوشتوبڕ چوویتەتە ئەوێ، جێگەت نابێتەوە، ئەوان ئەوها دەژین.

فەڕەنسا نەهاتووە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕێکارەکانی خۆی جێبەجێ بکات یان دەرگەی مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکان لەسەر موسڵمانان دابخات، ئێ ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبی

ئیسـلامیدا دەگوزەرێـت، سـەدا یەکـی پەیوەنـدی بـە فەڕەنسـاوە نییـە، بەڵکـوو کۆمەڵگـەی موسـڵمانان خۆیـان هـۆکارن لـەوەی بەربوونەتـە گیانـی یەکـدی و هـەر ڕۆژەی لەسـەر شـەقامێکدا بەهـۆی تەقینـەوە و کـردەی تیـرۆری سـەدان کەسیان دەکوژرێـن، سـەرەڕای ئـەوە هێشـتا ناشـیانەوێت دان بـەو ڕاسـتییە تاڵـەدا بنێـن، هـەر ئەوەشـە هۆکارەکـەی ئیمانوێـل ماکـرۆن گوتـی: «ئیسـلام لـە قەیراندایـە». ئـێ ئەگـەر ڕاسـت نییـە، ئـەو هەمـوو کوشـتار و هێـرش و شەڕوشـۆڕە لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکاندا بۆچـی و لەپێنـاو چـی و هەتـا کـەی بـەردەوام دەبێـت؟

کەوایـە ترسـی ئـەوان (فەڕەنسـا) لەوەیـە، ئەگـەر ئێسـتا مامۆسـتایەکیان سـەردەبڕدرێت، لـە ئاسـتیدا بێدەنـگ بـن و سـەیری ڕووداوەکان بکـەن و چاوەڕێـی قـەدەر بـن، ڕەنگـە لـە ئاییندەیەکـی زۆر دوور نـا، ئیسـلامی تونـدڕۆ دەیـان و سـەدانی دیکەیـان لـێ بکـوژن و باڵەخانەکانیـان بتەقێننـەوە و دەسـتبگرن بەسـەر جومگەکانـی وڵاتەکەیانـدا، ئـەوان بـاش دەرک بـەو گەمانـە دەکـەن و دەزانـن دەسـتێک هەیـە بـە بەرنامـە کۆمەڵگەکەیـان دەپێکێـت، ئـێ ئـەوە قەبـووڵ ناکـەن و دەریشـت ناکـەن، بەڵکـوو دەڵێـن وەک ئێمـەی فەڕەنسـی بژیـن، ئەگـەر وەک ئێمـەش ناژیـن، فەڕەنسـییەکان مەکـوژن و لەسـەر خاکـی ئێمـەدا کـەس تیـرۆر مەکـەن و سـەقامگیری و کەشـوهەوای ئازادیـی کۆمەڵگـەی فەرەنسـا و ئەورووپایـی مەشـێوێنن.

شــتێکی دیکــە، تــۆی موســڵمان بــە ئــارەزووی خــۆت چوویتەتــە فەڕەنســا و بــۆ گەیشــتن بــەو وڵاتــەش لــە ئیجــەت داوە و پاســەپۆرتت ســاختە کــردووە، کاتێــک دەگەیتــە ئــەوێ، پێویســـتە خـــۆت بگونجێنیـــت، ئەگـــەر بـــە ژیـــان و کولتـــوور و جـــۆری هەڵســـوکەوت و تەنانـــەت جلوبـــەرگ و سیســـتەمی خوێنــدن و بانــک و ژیانیــان بــە گشــتی ڕازی نیــت و هەســت دەکەیــت لەگــەڵ بەهاکانــی ئیســلامدا یــەک ناگرنــەوە، خــۆ بــەزۆر نییــە و فەرمــوو بگەڕێــوە بــۆ ســعوودیە و ئەفغانســتان، یەمــەن و لیبیــا، ســووریا و عێــراق، تەنانــەت پــارەی فڕۆکەشــت بــۆ دەدەن و خــۆ ئەگــەر خــۆت داوای گەڕانــەوە بــۆ وڵاتەکــەت بکەیــت، جگــە لــەو پارەیــەی بلیتــی فڕۆکــە، بــڕە پارەیەکــی دیکەشـــت بـــۆ دووبـــارە خۆدروســـتکردنەوە دەدەنـــێ، کەوایـــە مـــادام لـــەوێ دەمێنیتـــەوە، پێویســـت نـــاکات زەوق و ئاییـــن و حــەز و شــێوازی ژیانــت بەســەر ئەوانــدا بســەپێنیت، کاتێکیــش دەزانیـــت بـــە گوێـــت ناکـــەن، پێویســـت نـــاکات بیانکوژیـــت و هەڕەشــەیان لــێ بکەیــت، باشــترین بــژاردەی بەردەمــت ئەوەیــە، دەســـتبەرداری بلۆکـــی مەســـیحیەت بیـــت و بگەڕێیتـــەوە بـــۆ کۆمەڵگــە ئیســلامییەکەت.

# کۆچی دوایی قەڵەمێک و جنێودەرەکانی ئیسلامی سیاسی

ڕۆژی ٩ی١٠ی٢٠٢٠ نووسەر و توێژەر، خاتوو مەهاباد قەرەداغی بەهۆی پەتای کۆرۆنا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، ئەم مەرگە دووجار جێی خەم بوو، جارێک قەڵەمێکی بوێر کە بە بەردەوامی چاوی لەسەر کۆنەخوازی ئیسلامی سیاسی بوو و مەترسییەکانی ئەو گرووپانەی دەخستەڕوو و بەرگریکارێکی سەرسەختی پرسی جێندەری و مافەکانی ژنانیش بوو، جارێکی دیکە بە مەرگی خۆی ئاشنای کردین کە ئیسلامی سیاسی تەنانەت بە مردنیش

واز لــەو قەڵــەم و بۆچوونــە جیاوازانــە ناهێنــن کــە کار و پــڕۆژە و فریودانەکانــی ئیســلامی سیاســی بــۆ خەڵــک شــیدەکەنەوە، مەرگــی مەهابــاد خــان پێیگوتیــن گرووپــە ئیســلامییەکان چەنــدە نیگەرانــن لــەوەی دەنگێــک لــە کۆمەڵگــە هەبێــت ڕووی ڕاســتی ئــەوان نیشــان بــدات بــە دیاریکــراوی ئــەوەی پەیوەنــدی بــە بەکارهێنانــی ئایینــەوە هەیــە، ئاخــر ئیســلامی سیاســی دەترســن لــەوەی خەڵــک هۆشــیار ببنــەوە، چونکــە نــان و دەســەڵاتیان لەوەدایــە کــە خەڵکــی بــە پاســاوی بەرگریکــردن لــە ئیســلام فریــو بــدەن.

بەڵــێ، ئــەوان هەترەشــیان لــە قەڵەمــی ئــەو نووســەرانە چــووە کــە پۆخڵــەوات و نیەتــی خــراپ و شــاراوەیان دەخەنــەڕوو، خاتــوو مەهابــاد قەرەداغیــش یەکێــک لــەو قەڵەمانــە بــوو کــە بــەردەوام ڕووبــەڕووی ئــەو گوتــارە خورافــی و جەهلئاســایەی ئیســلامییەکان دەوەســتایەوە، گوتارێــک ئیشــوکاری بڵاوکردنــەوەی شــەڕانگێڕییە و بــە ئاشــکرا کۆیلایەتــی بــۆ عــەرەب و ئیخوانیــزم و ســەپۆرتی تەوژمــی تیرۆریزمیــی وڵاتانــی عەرەبــی دەکات کــە لــە ڕێگــەی چەکدارەکان و بانگخوازەکانــەوە بــە جیهانــدا بــڵاو دەکرێنــەوە، بــە پاســاوی ئــەوەی ئیســلام لــە خەتەردایــە، بێئــەوەی بپرســن ئــەوە ئەوانــن بوونەتــە خەتــەر بەســەر جیهــان و دونیــای ئیســلامی، نــەک ئیســلام لــە خەتــەر دابێــت! ئــەوە خــودی بانگخوازەکانــن هەڕەشــەن بەســەر ئیســلامەوە بــەوەی هانــی موســڵمانانی تونــدڕۆ دەدەن پەنــا بــۆ کاری توندڕۆیــی و ڕەتکردنــەوەی بەرانبــەر و

تەقینـەوە ببـەن و فیکـری تیرۆریـزم بـڵاو بکەنـەوە، ئـێ جیهـان و بـە تایبەتـی ئەورووپاییـەکان ئەمەیـان قەبـووڵ نییـە!

مـردن هــەر دێـت، ئەمـڕۆ یـان سـبەی، دە ڕۆژ یـان دە سـاڵی دیکـە، لـە دونیـای ڕۆشـنگەری و نووسـیندا ئـەوەی دەمێنێتـەوە بەرهــەم و کتێبەکانــی نووســەرن، کاتێــک نووســەرێک کۆچــی دوایــی دەکات، بەرهەمەکانــی و فیکــری جێدەمێنێـت و دەبێتـە ڕێچکـەی دەیـان نووسـەری دوای خـۆی، مەهابـاد خـان کۆچـی دوایــی کــرد، بــەڵام بەشــکۆوە، هەتــا مردیــش تەنازولــی لــەو پەیامــە مرۆیــی و ســێکۆلاریزمی و ڕۆشــنبیرییەی خــۆی نەکــرد و بــەردەوام بەگــژ کۆنەخوازیــی ئایینــی و ئیســلامی سیاســیدا دەچـووەوە، هەمیشـە لـە بـەرەی گەلەکەیـدا بـووە، بـە پێچەوانـەی ئیسـلامییەکان کـە لـە بـەرەی کۆنەپەرسـتی و پاشـکۆیەتی بـۆ عەرەبـدان، خۆشـحاڵبوونی ئیسـلامییەکان بـە مردنـی ئـەو ژنـە نووسـەرە، بەڵگەیەکـی زینـدووە لـە قەڵەمەکـەی دەترسـان، ئاخـر کۆنەپەرسـتانی ئیسـلامی سیاسـی، کاتێـک لـە بـەرەی شـەڕی فیکریـدا هیچیـان بـۆ گوتـن پـێ نامێنـێ، جگـە لـە کۆنەپەرسـتی و فیکـری تیرۆریزمـی، ئینجـا هێرشـت دەکەنەسـەر و بـە کافـرت لــە قەڵــەم دەدەن.

مەرگـی مەهابـاد وەک قەڵەمێکـی بوێـر، جـوان بـوو، ڕاسـتە جنێویــان پێــی دا و ویســتیان ناشــیرینی بکــەن، بــەڵام ئــەوە خۆیانــن (ئیســلامییەکان) ناشــیرین دەبــن کاتێــک لــە بــەرەی شــەڕی قەڵەمــدا هیــچ نیــن و بەڵگــەی لۆژیکــی و دیالۆگیــان

پـێ نییـە، بۆیـە دڵخۆشـن بـە مردنـی کەسـانی دیکـە، بەڵـێ مەهابـاد کۆچـی دوایـی کـرد، بـەڵام ئـەو وڵاتـە دەیـان و سـەدان قەڵەمـی تـری هاوشـێوەی مەهابـادی هـەن، چونکـە کۆمەڵگـەی کـوردی بـە سرووشـت کۆمەڵگەیەکـی جیـاوازە لـەو گەڕەلاوژەیـەی ئیسـلامی سیاسـی وێنـای دەکـەن، ئاخـر بـە پاسـاوی بەرگریکـردن و بانگخـوازی بـۆ ئیسـلام ژیانیـان ناخـۆش کـردووە، هـەر ڕۆژەی هێـرش دەکەنـە سـەر کەسـێک و قەڵەمێـک، کۆمەڵگـەی کـوردی بـە شـێوەی کوردەوارییانـە دینـداری خـۆی دەکات، ئـەوە ئیسـلامییەکانن نایانەوێـت خەڵکـی بەشـێوەی پێشـوو (پێـش سـەرهەڵدانی ئیسـلامی سیاسـی لـە کوردسـتان) دینـداری بکـەن، واتـە ئـەو مۆدێلـە دیندارییـەی هێشـتا نەکەوتبـووە ژێـر کاریگـەری فیکـری کۆنەخـوازی ئیسـلامی سیاسـی.

کەوایـە گرنگـە ئـەو کۆنەپەرسـت و فاشیسـتانەی ئیسـلامی سیاسـی ڕووی ڕاسـتیان بـۆ خەڵـک دەربخرێـت کـە دژی هـەر جـۆرە پێشـکەوتنێکی کۆمەڵگـەن و دەخـوازن کۆمەڵگـە بـۆ کونـە ئەشـکەوت و نموونـەی ئەفغانسـتمان پـاڵ بنێـن، ئەمەیـش لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا ماڵوێرانـی و شـەرمەزارییە بـۆ ئـەو گرووپانـەی بـە نـاوی ئیسـلامی سیاسـی و بـە پاسـاوی بەرگریکـردن لـە ئیسـلام، خەریکـی توندڕۆییـن!

ئـەو هەمـوو جنێـو و تۆمەتـی کافربـوون لـە سۆشـیاڵمیدیا لەلایـەن ئیسـلامییەکانەوە ئاراسـتەی مەهابـاد خـان کـران، نووسـەران و توێژەرانـی ڕەخنەگـر لـە ئیسـلامی سیاسـی ناترسـێنن،

وەکچـۆن کۆمەڵگـەی عەرەبـی پێویسـتی بـە فـەرەج فۆدەیـەک هەبـوو تـا بوێرانـە مەترسـی ئیسـلامی سیاسـی بخاتـەڕوو و دژیـان بوەسـتێتەوە، کۆمەڵگـەی کوردیـش کەسـانی وەک فـەرەج فـۆدەی دەوێـت، ئەگەرچـی فـەرەج فـۆدە سـەر بـە نەتەوەیـەک بـوو کـە زیاتـر لـە بیسـت دەوڵەتیـان هەیـە و مەترسـی لەدەسـتدانی دەوڵـەت و کیانیـان نییـە، بـەڵام ئێمـەی کـورد بـە زیاتـر لـە چـل ملیـۆن مرۆڤـی کـورد هێشـتا خاوەنـی دەوڵـەت نیـن، بۆیـە هەڕەشـەی ئیسـلامی سیاسـی، چەنـدان جـار بـۆ ئێمـە مەترسـیترە، جارێـک مێشـکی خەڵکـی دەشـۆنەوە و جارێکـی دیکـەش هەسـتی نەتەوەیـی لـە زاکیـرەی نـەوەکان دەسـڕنەوە و لەبـری ئـەوەدا بـە پاشـکۆیەتی بـۆ ئیخوانیـزم ڕازی دەکـەن، بـەڵام مەهابـاد ئـەو قەڵەمـە بـوو کـە دەرکـی بـەو هەڕەشـانەی ئیسـلامییەکان دەکـرد و دەهاتـە دەنـگ، هـەر ئەوەیـە بـووە جێـی سـەرنجی ئیسـلامییەکان و تەنانـەت بـە مەرگـی دڵخۆشـبوون، مەرگێـک لـەدوای خۆیـدا دەیـان بەرهەمـی جێهێشـت، مەرگێـک هێشـتا ئیسـلامییەکان لێـی دەترسـن، مەرگێـک هەمـوو نووسـەرێکی دژە کۆنەخـواز ئاواتەخوازێتـی، بـەڵام بیرمـان نەچێـت کۆمەڵگـە ئۆرگانێکـە وەسـتاو نییـە و هـەردەم لـە گۆڕاندایـە، ئەگـەر ئەمـڕۆ مەهابـاد خـان کۆچـی دوایـی کـردووە، سـبەی و دووسـبەی و سـاڵانی داهاتـوو، سـەدان و هەزارانـی وەک ئـەو پەیـدا دەبـن و بـە ڕاشـکاوی کۆنەخـوازی ئیسـلامی دەخەنـە ژێـر پرسـیارەوە و ڕەخنـەی دەکـەن.

# بانگخوازی ئیسلامی و پەنابەرانی کورد لە ئەورووپا

لەدوای ڕاپەڕینەوە چەندین شەپۆلی کۆچکردنی هاووڵاتییانی کورد بە ئاراستەی وڵاتانی ئەورووپا، کەنەدا و ئەمەریکا و جیهان دەستیان پێ کرد و تا ئێستاش کۆچکردن بەردەوامە، ئەم شەپۆلی کۆچکردنە چەندین ڕەهەندی باش و خراپی هەن، بۆ خۆم هەرگیز دژی نەبوومە و تاڕادەیەکیش لەگەڵیدام، بەو مەرجەی ئەوانەی دەچنە دەرەوە، سوودیان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان «کوردستان» هەبێت و خۆیان لەنێو ئەو جیهانە نوێیەدا بزر نەکەن و لەوێ دژی نەتەوە و

خاک و نیشتمانەکەی خۆیان نەوەستنەوە! بە پێچەوانەوە کار بۆ ئەوە بکەن ببنە خاوەن داهات و پرۆفیشناڵی لە کارێکدا پەیدا بکەن و سوود لە فەزای کراوەی بلۆکی ئەورووپا وەربگرن، هەروەها لە ڕووی خوێندن و پسپۆڕییەکان و پرۆفیشناڵی پیشەکان و بە دیاریکراویش لە ڕووی کولتووری و کرانەوەدا بتوانن کاریگەریان لەسەر پێشخستنی کوردستاندا هەبێت.

بە داخەوە، ئەو شەپۆلی کۆچکردنە بێ قوربانیدان نەبووە، بە هەزاران گەنج و پیر و ژن و هاووڵاتی کورد لە ئیجەدا خنکان و لە ڕێگە هەمەجۆرەکانی گەیشتن بە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەدا تیاچوون، ئەوانەیشی گەیشتن، زۆرێکیان لەنێو ئەو فەزا فراوان و جەنجاڵەی وڵاتانی ئەورووپادا ونبوون، خۆشبەختانە بەشێکیشیان لەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن توانیان خوێندن تەواو بکەن و ببنە کەسی کاریگەر، تەنانەت کورد هەیە لە ئەورووپا بووە بە پەرلەمانتار و کەسی دیاری ناو حیزبەکانی ئەورووپا، بۆ خۆم ئەمانە هەمووی بە دەستکەوت بۆ کورد دەزانم، بەو مەرجەی ڕەوەندی کوردستانی پێگە زانستی و سیاسییەکانیان لەپێناو خزمەتکردنی ئەزموونی کوردستاندا بەکاربهێنن و لە ڕێگەی دروستکردنی لۆبییەوە لەپاڵ پرسی نەتەوەیی و مرۆیی کوردستاندا خەبات بکەن و چالاکی هەمەجۆر لەپێشچاوی کۆمەڵگەی ئەورووپی ڕێکبخەن، وەک لە

ڕیفراندۆمــدا بینیــمان ڕەوەنــدی کوردســتانی هێزێکــی کاریگــەر و بــە گڕوتینــەوە لــە ڕێگــەی ســازکردنی دەیــان فێســتیڤاڵ و کەرنەڤاڵــەوە پاڵپشــتیی خۆیــان بــۆ ڕیفرانــدۆم دەربــڕی و پاشــانیش لــە دژی ڕووداوەکانــی ١٦ی ئۆکۆتبــەری ٢٠١٧ دەیــان خۆپیشــاندانی نارەزاییــان ســازکرد و بــە دەنگــی بــەرز داوایــان لــە کاربەدەســت و حکوومەتــی وڵاتانــی ئەورووپــا کــرد لــە ئاســت ئــەو لەشکرکێشــی و دەســتدرێژییەی حکوومەتــی عێــراق و هێــزە میلیشــیاییەکانی نزیــک لــە ئێــران بێنەدەنــگ و ڕێگــری لــە دووبــارە تەعریــب و داگیرکردنــەوەی خاکــی کوردســتان بکــەن. ئەمــە جگــە لــەوەی ڕەوەنــدی کوردســتانی بــە بەردەوامــی لــە چالاکییــە ڕۆشــنبیری و نەتەوەییەکانــی کــورد ئامادەگیــان هەیــە، هــاوکات لــە چالاکــی و بۆنــە کولتوورییەکانــی ئــەو وڵاتانەیــش بەشــدارن کــە ئەمــە بــۆ خــۆی گرنگــی هەیــە و خاڵێکــی وەرچەرخانــە بــۆ زیاتــر ناســاندنی پرســی کــورد بــە نەتەوەکانــی جیهــان، لــە ڕووی کاریشــەوە تاڕادەیــەک توانیویانــە لــە بــازاڕی کاری ئەورووپــادا جێگــەی خۆیــان بکەنــەوە و لــە هەنــدێ ڕوویشــەوە بوونەتــە پــردی پەیوەندیــی بازرگانــی لەنێــوان هەرێمــی کوردســتان و وڵاتانــی ئەورووپــا، ئەمانــە و دەیــان خاڵــی دیکــەی گرنگــتر.

بابەتــی کۆچکــردن، بابەتێکــی جیهانییــە و هــۆکاری هەمەجــۆری هــەن، هیــچ وڵاتێــک تەنانــەت ئەگــەر زۆر دەوڵەمەنــد و پێشــکەوتووش بێــت، ناتوانێــت ڕێگــە لــە حــەزی

کۆچکردنـــی هاووڵاتییانـــی خـــۆی بـــۆ وڵاتێکـــی دیکـــە بگرێـــت، فینلانـــد چەنـــدە دەوڵەمەنـــدە و بـــە وڵاتـــی دەریاچـــەکان بەناوبانگـــە و هەمـــوو شـــت بـــە سیســـتەم کـــراون، ســـەرەڕای ئەوەیـــش هێشـــتا بەشـــێک لـــە هاووڵاتییانـــی ئـــەو وڵاتـــە جوانـــە کـــۆچ دەکـــەن. ئەڵمانیـــای وڵاتـــی پیشەســـازی و دەســـتیکار و خاوەنـــی سرووشـــتێکی یەکجـــار جـــوان! وەک نموونـــە تەنیـــا ڕووبـــاری ڕاینەکـــەی بەســـە بـــۆ ئـــەوەی خەڵکانێکـــی زۆری ئـــەو وڵاتـــە بتوانـــن لـــە ڕێگەیـــەوە هەلیـــکار پەیـــدا بکـــەن و خۆیـــان بژیەنـــن، کەچـــی خەڵکیـــان هەیـــە کـــۆچ دەکـــەن، بـــۆ کـــوێ؟ بـــۆ ئـــەو شـــوێنەی کـــە هاووڵاتییەکـــی ئەڵـــمان حـــەز دەکات بـــۆی بچێـــت! پێـــت ســـەیر نەبێـــت، ئـــەو فەڕەنســـا جوانـــەی کـــە ئاواتەخوازیـــت وێنەیـــەک لەتـــەک ئیڤلەکەیـــدا بچرکێنیـــت، دەشـــێ هاووڵاتییەکـــی خـــۆی حـــەزی کۆچکردنـــی بـــۆ ئەڵمانیـــا یـــان ســـوید و کەنـــەدا هەبێـــت، ئیتاڵیـــای خاوەنـــی شارســـتانیەت و ڕۆمـــا و هـــەزاران شـــوێنگەی گەشـــتیاری و شـــوێنەوار و چیـــا و ڕووبـــار و ئـــاو و هـــەوای خـــۆش، کەچـــی هاووڵاتییانیـــان دەچنـــە ئەڵمانیـــا و بەریتانیـــا و کەنـــەدا، بـــە پێچەوانـــەوە لـــە ئۆکرانیـــا و ڕووســـیا و بولگاریاشـــەوە بـــۆ نیشـــتەجێبوون ڕووی تێدەکـــەن، بۆچـــی؟ چونکـــە کۆچکـــردن حەزێکـــە لـــە ناخـــی کەســـی کۆچبـــەردا چەکـــەرە دەکات، تـــۆ ناتوانیـــت بـــەزۆر ئـــەو حـــەز و عیشـــقە لـــە ناخـــی کەســـدا بکوژیـــت، کەوایـــە پێویســـتە نیشـــتمان ئـــەو کەســـانەی خـــۆی فەرامـــۆش نـــەکات کاتێـــک بـــە

هــەر هۆکارێکــەوە ڕێگــەی کۆچکــردن هەڵدەبژێــرن، دەکــرێ کەسـێک لــە وڵاتەکــەی خۆیــدا دەرفەتــی ئــەوەی نەبووبێــت خزمــەت بــکات، بــەڵام لــە دۆخــی کۆچبەریــدا بتوانێــت سوودی باشــی بــۆ وڵاتەکــەی هەبێــت، ئاخــر ئەگــەر کۆچبەرێکــی کــورد بتوانێــت مانگانــە بــڕە پارەیەکــی بــاش بــۆ دایــک و باوکــە پیــر و نەخۆشــەکانی بنێرێتــەوە، ئەمــە خــۆی لــە خۆیــدا خزمەتکردنــی نیشــتمانە، کاتێــک کــوڕ یــان کچــە کوردێــک لــە تاراوگــە دەژی و بڕوانامەیەکــی بــەرزی ئەندازیــاری یــان پزیشــکی بەدەســت دەهێنــێ و پاشــان ئــەو بڕوانامەیــە لــە کوردســتان دەخاتــە خزمــەت پرۆژەیەکــەوە یــان لــە نەخۆشــخانەیەکدا کاری پێــدەکات، ئەمــە خــۆی خزمەتکردنــی نیشــتمانە. دەی کۆچکــردن ئەگــەر ڕوویەکــی خراپــی هەبێــت، هــی باشیشــی زۆرە، کەوایــە ئــەو کەســانەی کۆچیــان کــرد، ســەرمایەی نیشــتمانین و گرنگــە ســوودیان لــێ وەربگیرێــت، لــەوەش گرنگــتر ئەوەیــە تاوەکــوو درەنــگ نەبــووە، ئــاوڕ لــە توانــا و شــارەزاییان بدرێتــەوە.

وەک گوتــرا کۆچکــردن ڕەهەندێکــی جیهانــی هەیــە و بەتەنیــا هــی وڵاتێکــی دیاریکــراو نییــە، دەکــرێ لــە وڵاتێکــدا بــەراورد بــە وڵاتێکــی دیکــە ڕێــژەی کۆچکــردن تێیــدا بــەرز بێــت، بــەڵام هێشــتا ســوورین لەســەر ئــەوەی کۆچکــردن گشــتگیرە، ئــەوە دۆخــی جیــاوازی وڵاتانــە ڕێژەکــە بــەرز و نــزم دەکاتــەوە، بــەڵام دواجــار پەیوەنــدی بــە نــاخ و حــەزی خۆیــەوە هەیــە، ئاخــر ئینســان ئــەو بوونەوەرەیــە هەمیشــە حــەزی گۆڕینــی

ژینگـەی ژیانکردنـی هەیـە، کەسـانێک هـەن بەهـۆی بێـکاری و هەژارییـەوە کـۆچ دەکـەن، هـی وا هەیـە بـە هـۆکاری سیاسـی کـۆچ دەکات، هەیـە تەنیـا حـەز دەکات لـە شـوێنێکی تـردا بـژی و گـوێ بـە پـارە و کارکردنیـش نـادات، کەسـی وا هەیـە ڕەنگـە دە سـاڵ لـە کەمپێکـی ئـەو وڵاتـەی کۆچـی بـۆی کـردووە بژیـت، بەلایـەوە ئاسـایی بێـت، چونکـە حـەز بـە ژیانـی ئـەو وڵاتـە دەکات، ئەمەیـش لـە کەسێکەوە بـۆ کۆسێکی دیکـە جیـاوازە و تەنانـەت ڕێـژەی کۆچکردنیـش لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە ئەویـش جیـاوازە، ئەوەیشـی پەیوەنـدی بـە کـوردەوە هەیـە، هۆکارەکانـی کۆچکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتان و سـێ بەشـەکەی تـری کوردسـتان هەمەجـۆرن، چونکـە خـودی کۆچکـردن وەک گوتمـان هۆکارگەلـی هـەن، مـادام کـەس ناتوانێـت ڕێگـری لـە کۆچکـردن بـکات، کەوایـە گرنگـە داوایـان لـێ بکرێـت وەک هێـزی لۆبیـی کـوردی بـن و لەپێنـاو گەلـی خۆیانـدا چـالاک بـن، زۆر گرنگـە ئـەو هێـزە زۆرەی کوردانـی تاراوگـە، سـوودیان بـۆ ئەزموونـی کوردسـتان هەبێـت، بـەوەی پرسـی کـورد وەک ئـەوەی هەیـە لـە ڕێگـەی لۆبییەکـی بەهێـزەوە بـە وڵاتانـی ئەورووپـا و جیهـان بگەیەنـن.

لێـرەدا ئـەوەی وایکـرد ئـەو بەشـە بـۆ کتێبەکـەم زیـاد بکـەم، خـودی کۆچکـردن نییـە، چونکـە ئـەو بابەتـە دەکـرێ پرۆژەیەکـی سـەربەخۆی کارکـردن بێـت، بـەڵام کاتێـک دەسـت و زمانـی ئیسـلامی سیاسـی دەگاتـە ئەورووپـا و داوا لـە گەنجـان

و هاووڵاتییانی کورد دەکات تێکەڵ بە کولتوور و شێوە ژیانی ئەوێ نەبن، ئەوە خۆی هەڕەشەیە بۆ داهاتووی ئەو کوردانەی لە دەرەوە دەژین، بۆیە بە گرنگمزانی بە کورتی قسە لەسەر ئەو مەترسییە بکەم، بە تایبەتی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەپڕ لە ڕێگەی سۆشیاڵمیدیاوە چەند خولەکێکم لە چاوپێکەوتنێکی حاجی کاروان بانگخوازی ئیسلامی و کادیری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ کەناڵی سپێدە بینی، بۆیە دەمودەست بڕیارم دا شتێکی لەسەر بنووسم، ئەگەر بە کورتیش بێت.

ئاخر ئەو بانگخوازە ئیسلامییە بێباکانە داوا لە هاووڵاتییانی کورد لە تاراوگە دەکات لە چواردەوری مزگەوتەکاندا بژین و تەنیا سەردانی دامودەزگە ئیسلامییەکان بکەن، لەبری ئەوەی داوا لە هاووڵاتییانی کورد بکات خۆیان لەگەڵ ژینگە و بازاڕ و کارسازی و پێگە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە ڕابهێنن و لۆبییەکی بەهێزی کوردی دروست بکەن، کەچی داوایان لێ دەکات تەنیا بە سەردانی مزگەوت و دامودەزگە ئیسلامییەکانەوە سەرقاڵ بن، ئاخر کێشەی بەشێکی پەنابەرانی موسڵمان ئەوەیە، ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو شێوە ژیانەی ئەورووپاییەکان بگونجێنن، ئەمەیش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە توندی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری گوتاری نالۆژیکی بانگخوازە ئیسلامییەکان، لەکاتێکدا هەر خۆیان هانایان بۆ باوەشی ئەو وڵاتانە بردووە و داوای شوێنی

مانــەوە و بژێــوی و ئیقامەیــان لــێ کــردوون، مــادام ناتوانــن خۆتــان لەگەڵیانــدا بگونجێنــن، بۆچــی دەچــن! ئاخــر ئــەوان لــە ماڵــی خۆیانــن و تــۆی موســڵمان بــەزۆر خۆتــت بــە ماڵەکەیانــدا کــردووە! کەوایــە هــەر هیــچ نەبێــت ڕێــز لــە کولتــوور و شــێوەژیانیان بگــرە، بــۆ ئــەوەی ئەوانیــش ڕێــزت بگــرن.

حاجــی کاروان بــۆ هاووڵاتییانــی کــوردی تاراوگــە دەڵــێ: «هەتــا مزگەوتــی کــورد هەبــوو بــڕۆن، زۆر پێویســتە، چەنــد گەنجێــک کــە لــە بەریتانیــان، تەلەفۆنیــان بــۆ کــردووم و گوتــم بــڕۆن بــۆ مزگــەوت، هیــچ نەبێــت مزگەوتــە».

وەک ڕێزگرتــن لــە بــاوەڕی خەڵکــی موســڵمان، لــەم بەشــەی کتێبەکەمــدا بــە هیــچ شــێوەیەک دژایەتــی مزگــەوت ناکــەم، بەڵکــوو بــە تێگەیشــتن لــە دۆخــی پەنابەرانــی کــورد لــە ئەورووپــادا بــە مافــی خۆمــی دەزانــم ســەرلەبەری ئــەو داوایــەی حاجــی کاروان ڕەخنــە بکــەم، بۆچــی؟ ئەگــەر گەنجــان و هاووڵاتییانــی کــورد لــە ئەورووپــا تەنیــا لــە مزگــەوت بژیــن و بــە هیــچ کارێکــەوە ســەرقاڵ نەبــن و خۆیــان لەگــەڵ ژینگــە نوێکــەدا نەگونجێنــن، بێشــک دووچــاری گرفتێکــی گــەورە دەبــن و ناتوانــن بژیــن، دوای ماوەیــەک دووجــار دەبنــە قوربانــی، جــاری یەکــەم لــە کۆمەڵگەکــەی خۆیــان دابــڕاون و جــاری دووەمیــش کــە ئەمەیــان بــۆ پەنابــەران زۆر ســەخت و مەترســیدارە لــە کۆمەڵگــەی ئەورووپایــی دادەبڕێــن، ئینجــا ئەوێیــەک ئەگــەر ئیــش نەکەیــت و نەخوێنــی و زمــان نەزانیــت،

تەنانــەت بچووکتریــن کارت چنــگ ناکەوێــت، خــۆ ئەگــەر کاریشــت نەبێــت، ناتوانیــت بژیــت، لێــرەدا ئــەوە وەک یاســای بیــرکاری وایــە، ١+١ دەکاتــە٢، کەوایــە ئیشــنەکردن یەکســانە بــە ژیانێکــی ســەخت و شکســت.

لــە بەشــێکی تــری چاوپێکەوتنەکەیــدا لەگــەڵ «کەناڵــی ســێپدە»ی ســەر بــە یەکگرتــووی ئیســلامی کوردســتان، ئــەو بانگخــوازە ئیســلامییە داواکــەی فراوانــتر دەکات و دەڵــێ: «پێویســتە خێزانــەکان (مەبەســتی ئــەو خێزانانەیــە کــە لــە ئەورووپــا و وڵاتانــی دیکــە پەنابــەرن) لــە دەوری مزگەوتــەکان کۆببنــەوە و وانــە بــۆ منداڵــەکان دابنێــن، ئەگــەر مزگەوتیــش نەبــوو، بــەدوای دامودەزگــەی ئیســلامیدا بگەڕێــن، ئەگــەر هــی عــەرەب بــوو، هــی تــورک بــوو، تەنانــەت هــی ئەلبانیــش بــوو، ئــەو خاڵــە زۆر زۆر گرنگــە کــە لــەوێ خــۆت بــزر نەکەیــت و تەنــازول لــە دیــن نەکەیــت».

کێشــەی کــورد، کێشــەیەکی ئایینــی نییــە ئەگــەر مزگەوتــی چنــگ نەکــەوت، بــزر ببێــت، بەڵکــوو کێشــەیەکی نەتەوەییــە و دەوڵەتــە ئیســلامییەکانی وەک عێــراق و ئێــران و ســووریا و تورکیــا کــە چوارەمیــان پاشــماوەی دوایــن دەوڵەتــی خەلافەتــی ئیســلامییە، ئەوەیــە ناتوانــن کــورد وەک نەتەوەیەکــی ســەربەخۆ قەبــووڵ بکــەن، ئــەو چــوار دەوڵەتــە، کــورد لەبــەر جیــاوازی ئایینــی ناچەوســێننەوە، بەڵکــوو تەنیــا لەبــەر ئــەوەی کوردیــن و داوای مافــی دەوڵــەت و ژیانــی ســەربەرزی و ســەربەخۆیی

دەکەیـن، دەمانکـوژن و دەمانچەوسـێننەوە و خاکـمان داگیـر دەکـەن و ڕووبارەکانمـان وشـک دەکـەن بـۆ ئـەوەی نەژیـن و کـۆچ بکەیـن! وێـڕای ئـەوەی لـە ڕووی ئایینییـەوە کـورد پابەنـدە بـە ئیسـلام و موسـڵمانە، کەچـی هێشـتا ئـەو چـوار دەوڵەتـە ئیسـلامییە بەردەوامـن لـە دژایەتیکردنـی کـورد و چاویـان بـە پێشـکەوتن و تەنانـەت ژیانـی سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتان و تـۆی کـورد لـە هـەر کـوێ بیـت، هەڵنایـەت.

تـۆ جـوان دیقەتـی داواکـەی ئـەو بانگخـوازە ئیسـلامییە بـە ڕەگـەز کـورد و سـەر بـە ئیخوانییـە بـدە، لەبـری ئـەوەی داوا لـە کوردانـی تاراوگـە بـکات، ئـەو هێـزە زۆرەی کـوردی ئـەوێ یەکبگـرن و پرسـی کـورد بـە شـەقامی ئەورووپایـی بناسـێنن، هاتـووە داوا لـە خێـزان و هاووڵاتییانـی کـورد دەکات ژیانـی خۆیـان لـە نزیـک مزگەوتـەکان بەسـەر ببـەن و سـەردانی دامودەزگـە ئیسـلامییەکان بکـەن تەنانـەت ئەگـەر هـی عـەرەب و تورکیـش بـن.

ئاخـر ئـەو زۆر بـاش دەزانێـت هـەر دامودەزگەیەکـی ئیسـلامی کـە لەلایـەن فـارس و تـورک و عەرەبەکانـەوە لـە ئەورووپـا یـان وڵاتانـی تـر دامـەزراون، ڕاسـتەوخۆ بـۆ خزمەتـی نەتـەوەی خۆیـان واتـە فـارس و تـورک و عـەرەب دامـەزراون و پێـش ئـەوەی ئاینـداری بکـەن، ناسـیۆنالیزمین و فیکـری ڕاسـیزمی بـڵاو دەکەنـەوە و بـە هەمـوو شـێوەیەک لـە پەنـای ئاییندا بـۆ بەرژەوەندیـی سیاسـەتی وڵاتەکانیـان کار دەکـەن،

کەچــی ئــەو بانگخــوازە ئیســلامییە بــە ڕەگــەز کــوردە، بێباکانــە داوا لــە هاووڵاتییانــی کــورد دەکات، لــە تاراوگــە تەنیــا ســەردانی دامودەزگــەی ئیســلامی بکــەن، تەنانــەت ئەگــەر لەلایــەن عــەرەب و تورکەکانیشــەوە سەرپەرشــتی بکرێــن و وانــەی ئایینــی بــۆ منداڵەکانیــان دابنێــن، وەک ئــەوەی ئێمــەی کــورد بــە درێژایــی مێــژوو، ســوودی زۆرمــان لــەو وڵاتــە ئیســلامیانە وەرگرتبێــت!

ئیســلامی سیاســیی کــوردی، چەنــدان جــار بــۆ کۆمەڵگــەی کوردســتان گرفــتن و بــە گشــتی ســەرچاوەی هەڕەشــەن، جارێــک بــە شــێوەیەکی تونــدڕۆ ئاییــنداری دەکــەن و هەمــوو چەمــک و کرانەوەیەکــی جیهانگــەری کــە دەکــرێ بــۆ پێشخســتنی کوردســتان ســوودیان هەبێــت، ڕەت دەکەنــەوە و دنــەی خەڵکــی کــوردی موســڵمان لــە دژی حکوومەتــی کوردســتان دەدەن بــە پاســاوی ئــەوەی ســێکۆلاریزم و دیموکراســی بــڵاو دەکەنــەوە، جارێکــی تــر هــەر ئــەو گرووپــە ئیســلامییانە بــە هەمــوو گڕوتیــن و شــەوقێکەوە پاشــکۆیەتی بــۆ عــەرەب و تــورک و فــارس دەکــەن و دەبنــە پــردی ڕێکخــراوە ئیســلامییەکانیان و بــە داهــات و ســەرچاوەی مرۆیــی کوردییــەوە دەچنــە خزمــەت ئــەو ڕێکخــراوە ئیســلامییە عەرەبــی و تورکیانــە، لەکاتێکــدا کاتێــک کوردســتان دووچــاری هــەر جــۆرە هەڕەشــە و گرفتێکــی سیاســی و ئابــووری دەبێتــەوە، یــەک وڵات ئامــادە نیــن هــاوکاری کوردســتان بکــەن، بگــرە هەوڵــی ســڕکردنی توانــا و پێشخســتنی کــورد لــە هــەر شــوێنێکی ئــەو دونیــا بەرینــەدا هەبێــت، دەدەن،

چونکـە تـۆ وەک کـورد دەبینـن و لـە ڕوانگـەی ئەوانـەوە تـۆی کـورد داوای سـەربەخۆیی و جیاکردنـەوەی خـاک دەکەیـت، بۆیـە مافـت پێشـێل دەکـەن و لـە بەرانبـەردا حـەق بـە خۆیـان دەدەن بتچەوسـێننەوە، ئـەو ئیسـلامیيانەی کوردسـتان وێـڕای ئـەوەی ئـەو ڕاسـتییە تاڵـە دەزانـن، کەچـی بـە پاسـاوی هاوئایینـی، بوونەتـە دەهۆڵکوتـی تـورک و عـەرەب.

بـۆ خـۆم هانـی هیـچ کـەس نـادەم کـۆچ بکـەن، لەگـەڵ ئـەوەی مافـی هـەر کەسـێکە ئەگـەر ژینگـەی ژیانکردنـی خـۆی بـەدڵ نەبـوو، بیگۆڕێـت، پێموایـە مـرۆڤ لـە هـەر کـوێ ئاسـوودە بێـت، لـەو شـوێنەدا داهێنـان و بەرهەمـی زیاتـری دەبێـت، ڕەنگـە تـۆ لـە وڵاتەکـەی خۆتـدا خاوەنـی هیـچ ئایندەیـەک نەبیـت، بـەڵام لـە دەرەوەی وڵاتەکـەت داهاتـووت ڕوونـتر بێـت، ڕێـک بـە پێچەوانـەوە زۆر کـەس لـە کوردسـتان خاوەنـکار و سـەرچاوەی داهاتیـان هەبـوو، بـەڵام کاتێـک چوونـە ئەورووپـا، هەمـوو شـتیان لەدەسـتدا، جارێـک ئـەوەی لـە کوردسـتان هەیـان بـوو، نەیانما، جـاری دووەمیـش لـە دەرەوەش نەیانتوانـی خۆیـان دروسـت بکەنـەوە.

ئـەم دوو نموونەیـە بـۆ ئەوەبـوون کـە پێوەرێکـی دیاریکـراو نییـە ئایـا تـۆی هاووڵاتـی کـورد لـە کوردسـتان یـان لـە ئەورووپـادا داهاتـووت باشـتر دەبێـت؟ ئەمـە دەگەڕێتـەوە سـەر توانـا و ئیـرادەی خـۆت، ئەگـەر لێـرە هەوڵـی ڕژد بدەیـت، دەبیتـە خـاوەن داهاتـووی خـۆت، ڕەنگـە بەدەستیشـی نەهێنیـت،

ئەگەر ئیرادەی خۆپێگەیاندنت نەبێت ئەوە ڕوونە کە نابیتە هیچ! لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی هۆکاری سەرکەوتن و شکستەکانت بۆ دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی هەرێمی کوردستانیش دەگەڕێتەوە، ئەمەیش خاڵێکە و دەبێت بەهەند وەربگیرێت، بۆ ئەمەیشیان نموونە پێویستە، زۆر کەس هەبووە لە کوردستان هیچ دەرفەتێکی لەبەردەمدا نەبووە، کاتێک چووەتە ئەورووپا لەوێ پێشکەوتووە و بووەتە خاوەنی داهاتووی خۆی، ڕێک هی واش هەبووە، لێرە زۆر دەرفەتی لەبەردەمدا هەبووە، کەچی کاتێک چووەتە ئەورووپا، هەمووی دۆڕاندووە، هەموو ئەو نموونانە بۆ ئەوەن، مادام تۆی کورد بڕیارت داوە هەر دەچیتە ئەورووپا، پێویستە گوێ بە بانگخواز و حیزبە ئیسلامییەکان نەدەیت کە هانت دەدەن تێکەڵ بە کۆمەڵگە و ژینگەی ئەوێ نەبیت، ئەمە زۆر سەختە، دۆخە پەنابەرییەکەت زۆر لەوەی هەتە، سەختتر دەکات، بە پێچەوانەوە مادام تۆ هەر گەیشتوویتەتە ئەوێ، خۆت بونیاد بنێوە و بە هەموو شێوەیەک وەک هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە بەشداربە لە هەموو سێکتەر و دەرفەتەکانی ژیانکردن و خۆپێگەیاندندا، مافی ئامۆژگاریم نییە، ئاخر نووسەر نابێت ئامۆژگاری کەس بکات، بەڵام ئێمە ڕەخنەی پیاوێکی بانگخواز دەکەین کە ئامۆژگاری ئێوەی پەنابەر دەکات تێکەڵ بە ژینگەی ئەو وڵاتانە نەبن کە بۆی چوونە و لەبری ئەوەدا تەنیا سەرقاڵبن بە سەردانی

مزگـەوت و دامودەزگـە ئیسـلامییەکان، بۆیـە ئامـۆژگاری بـە ئامـۆژگاری وەڵام دەدەینـەوە.

بەوپـەڕی ڕاشـکاوییەوە دەڵێـم ئـەوەی ئـەو بانگخـوازە داوای دەکات، ژیانـی ئێـوەی پەنابـەر لـە ئەورووپـا و وڵاتانـی دیکـە زۆر زۆر سـەخت دەکات و ئەگـەر بـە گوێـی بکـەن، ناتوانـن ئاسـوودە بـن، ڕێـک بـە پێچەوانـەوە، ئێـوەی پەنابـەر کاتێـک بـە ئـارەزووی خۆتـان هاناتـان بـۆ ئـەو وڵاتانـە بـردووە، پێویسـتە بـە تـەواوی لەگـەڵ کولتـوور و بـازاڕ و دەسـتیکار و بۆنـە و پێگـە سیاسـی و دەوڵەتدارییەکانـی ئـەو وڵاتانـە خۆتـان بگونجێنـن، بەمجـۆرە بـراوە دەبـن، ئەگینـا لـە جیهـان دابـڕاوان دەبـن، بـۆ ئـەوەی دابڕاویـش نەبـن و ببنـە مرۆڤـی کاریگـەر لـەو وڵاتـەدا کـە وەک پەنابـەر لێـی نیشـتەجێن، لـە هەمـوو شـتێکی ئـەو وڵاتـە بەشـدار و چـالاک بـن، دەتوانـن سـەردانی مزگەوتیـش بکـەن، بـەڵام نـەک بـەو جـۆرەی حاجـی کاروان باسـی دەکات! بـە تایبەتـی ئەزموونـی شکسـتخواردوویی زۆر کـەس بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە خۆیـان نەخزاندووەتـە ناوەندەکانـی کارکـردن و بـەو بـڕە پـارە کەمـەی لـە ڕێگـەی سۆشـیاڵەوە چنگیـان کەوتـووە نەیانتوانیـوە داهاتوویـان دروسـت بکـەن، هەروەهـا بەشێکیشـی ئەوانـەی چیرۆکـی شکسـتخواردوویيان دەگێڕنـەوە، خۆیـان لەگـەڵ کولتـوور و زمـان و ژینگـەی بـازاڕ و کرانـەوەی ئەوێـدا ڕانەهێنـاوە و بـە چـاوی دوژمنکارانـە سـەیری هەمـوو شـتێکی ئـەو وڵاتەیـان کـردووە، لـەوێ بیـری توندڕۆیـی

ئایینــی بەســەریاندا زاڵ بــووە و ئەمەیــش وایکــردووە تێکەڵیــان نەبــن. کەوایــە خاڵــی شکســتیان لــەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە، لەوێبوونــە و لەوێــش نەبوونــە، ڕێــک ئەوەیــە ماڵوێرانــی کاتێــک ڕوو لــە مــرۆڤ دەکات، ئەوەیشــی حاجــی کاروان داوای دەکات، ئەگــەر بــە گوێــی بکرێــت، هەڕەشــەیەک و داهاتوویەکــی ســەخت بــۆ هــەر پەنابەرێکــی کــورد لــە ئەورووپــا و جیهانــدا دەخوڵقێنێــت.

# کۆتایی و پێشنیاز

پێشتر لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا بە وردی تیشک خرایە سەر هەڕەشەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ سەر کۆمەڵگە و ئەو ئامانجەی کاری بۆ دەکەن، ئەوەی لێرەدا پێویستە جارێکی دیکە بە خێرایی و وەک پانۆرامایەک بەبیری خوێنەری بهێنینەوە ئەوەیە، کە ئیسلامی سیاسیی کوردی، لقێکە لە پرۆژەی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی و بە هەموو شێوەیەک و لە هەر کەناڵێکەوە بتوانن کار بۆ تێکدانی سەقامگیریی کوردستان و شۆردنەوەی مێشکی گەنجان و هاوولاتییانی کوردی موسڵمان دەکەن، لەبەر ئەوەی بوون و گەشەسەندنی خۆیان

لـە ژینگەی ناسـەقامگیردا بـە بەکارهێنانی ئایین و جوڵاندنی هەسـت و سـۆزی موسـڵمانان دەبیننەوە.

ئەوەیشـی لەبارەی ئیسلامی سیاسیی میانڕەوەوە دەگوترێت، ڕاست نییـە، وەک ئەزموونکـراون هـەر هەموویان لە بنەڕەتـدا یەکجۆرن، بەڵام لـە کەناڵـی جیاوازەوە کار بۆ ئامانج و گەیشـتن بـە لووتکەی پرۆژەکەیان دەکـەن، ئەویـش زیندووکردنـەوەی ترادیسـیۆنی ئایینـی و خێڵگـەرای عەرەبییـە کـە بـە کـردەوە شـەڕیان بـۆ سەرخسـتنی ئـەو خێڵگـەرا عەرەبییـە کـردووە، لـە بەرانبـەردا لـە ئاسـت دۆزی کورددا بێهەڵوێسـت و زۆرجاریـش دژی بوونـە، بـە هـۆکاری ئـەوەی خۆیـان بـە بەشـێک لـە کێشـە و پرسـی کـورد نازانـن، بەوپێیـەی ئاییـن ئایدۆلۆژیایانـە و باکیـان بـەوە نییـە کـورد چـی لـێ دێـت و داهاتـووی بـە کـوێ دەگات و بۆچی بـە بەردەوامی هەڕەشـە لەسـەر ئەزموون و پێگەی کـورد هەیە، بەڵکوو ئـەوەی خەمیانـە، تەنیا سەرخسـتنی پـرۆژە ئیخوانییەکـەی خۆیانە.

وەک بیرهێنانـەوە، کاتێـک محەمـەد مۆرسـی سـەرکردەی ئیخـوان موسـلمین دەسەڵاتەکەی لە سـەرۆکایەتیی کۆماری میسردا سڕ دەکرێت و کۆتایـی بـە هـەوڵ و پـرۆژە کۆنەخوازییەکـەی دەهێندرێـت و پاشـان دەخرێتـە زیندانـەوە، هەرچـی سـەرکردە و میدیـای ئیسـلامی سیاسـیی کـوردی هـەن، پرسـەی بـۆ دەگێـڕن و بـە وتـار و ڕاپۆرتـی ڕۆژنامەوانیش بەرگـری لـێ دەکـەن و دژی سیسـی دەوەسـتنەوە، بـەڵام هـەر ئـەو ئیسـلامیانە کاتێـک کـە لـە (١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧)دا سـوپای عێراق و میلیشـیاکانی وەک حەشـدی شـەعبی و دەیـان گرووپـی دیکـەی نزیک لـە ئێـران، کەرکـووک داگیـر دەکـەن و هێـرش دەکەنـە سـەر هەولێـر و

سنووری پارێزگەی دهۆکیش، کەچی میدیا و سەرکردە ئیسلامییەکانی کوردستان بێدەنگ و بێهەڵوێست و بگرە دڵخۆشبوون بەو ڕووداوە داگیرکارییە، لەکاتێکدا کورد تەنیا داوای سەربەخۆیی کردبوو، ئەویش لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بۆ ئەوەی کوردیش وەک نەتەوە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، کە ئەمە خێرکردن نییە و مافی هەر نەتەوەیەکی خاوەن خاک و مێژوو و زمان و ناسنامەیە دەوڵەتی خۆی هەبێت، بەڵام چونکە ئیسلامییەکان پاشکۆی عەرەبن و خۆیان بە بەشێک لە پرۆژەی نەتەوەیی کورد نازانن، لە ئاست ئەو غەدر و گەڵەکۆمەکییەی لە کورد کرا، بێدەنگ و سەرکز لێی دانیشتن، هەر ئەو ئیسلامییانە کاتێک ئیسرائیل، تۆپێک ئاراستەی فەڵەستین دەکات، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجەوە بە هەموو شێوەیەک دێنە دەنگ و خۆپیشاندانی پشتگیری لە فەڵەستینییەکان ڕێک دەخەن، ئەگەر ئەمە پاشکۆیەتی بۆ عەرەب نەبێت! ئەی چییە؟

لە بەرئەنجامی سەرنجەکانی پێشوودا، زۆربەی ئەو سەرنج و ڕەخنانەی ئاراستەی ئیسلامی سیاسیی عەرەبی و کوردی و ئەوانی دیکەش دەکرێن، نزیکن لە یەکەوە و زۆرجار دەچنە بازنەی دەربڕینی یەکجۆر بۆچوونەوە، چونکە قسەکردن لەسەر ئیسلامی سیاسی، ڕێک قسەکردنە لەسەر پرۆژەیەکی یەکگرتوو و جێگیر کە هەر هەموو گرووپەکان کار بۆ سەرخستنی یەک ئامانجی دیاریکراو دەکەن، بەڵام لە کەناڵی جیاوازەوە، وێڕای ئەمەیش چەندی ڕەخنە بکرێن و خەون و ئامانج و پرۆژە مەترسیدارەکەیان بۆ هاووڵاتییان شی بکرێتەوە و وەک

ئـەوەی هـەن، خۆیـان و پرۆژەکەیـان بناسـێندرێت، هێشـتا کەمـە، ڕای مـن وایـە هـەر ڕەخنەیـەک لـەو گرووپانە دواجـار جێی خـۆی دەگرێت و سـوودی گشـتی بـۆ کۆمەڵگـە و سـەقامگیریی کوردسـتان دەبێـت و ڕێگـری لـەو هەڵمەتانـەی بـۆ فریودانی خەڵک و شـۆردنەوەی مێشـکی گەنجـان لەلایـەن گرووپـە ئیسـلامییەکانەوە بەڕێوە دەچـن، دەگرێت.

کەوایـە ئـەم کتێبـە خۆی لـە خۆیدا دڵۆپێکـە لە دەریایـەک ڕەخنە و سـەرنج لەسـەر پرۆژەی ئیسـلامی سیاسـی، بەڵام وەک گوتمان پێویسـتە بـە ڕاشـکاوی ئامانجـی پـرۆژە مەترسـیدارەکەیان بخرێتـە پێشـچاوی کۆمەڵگـە بـۆ ئـەوەی ئایین لە چنگ ئـەو گرووپانـە دەربهێندرێت، ئاخر بـە ئاشـکرا ئەوەتـا ئاییـن بـۆ مەرامـی تایبەتـی و لـە پـرۆژەی سیاسـیدا بـەکار دەهێنـن، ئێ دەبێت بە ڕاشـکاوی ئەو ڕاسـتییە بـۆ کۆمەڵگە باس بکرێت کە دەیانەوێت هەرێمی کوردسـتانیش هاوشـێوەی ئەفغانسـتان و مووسـڵی سـەردەمی داعـش بەڕێـوە بچێت.

ئەوەیشـی پەیوەنـدی بـە پرسـی ئافرەتانـەوە هەیـە، ئیسـلامی سیاسـیی عەرەبـی و کـوردی بـە هیـچ شـێوەیەک خـاوەن پرۆژەیەکـی مرۆیـی و شارسـتانی نیـن لـە ئاسـت مافەکانـی ژنـان و کچـان، بەڵکـوو بـە عەقڵیەتێکـی پیاوسـالارانە وەک خزمەتـکاری پیـاوی دەبینـن و بـە بەردەوامـی لـە ڕێگـەی پـرۆژەی تایبەتـەوە کار بۆ هێشـتنەوەی ژنان لە بازنەیەکـی چەقبەسـتوو و ژینگەیەکـی داخـراودا دەکـەن و ڕێگـری لـە هـەر جـۆرە هەوڵێکی کرانـەوە و مومارەسـەکردنێکی ئازادییـان دەکەن، وەک لـە نموونـەی فێسـتیڤاڵەکەی هەڵەبجەدا بە وردی شـیکردنەوەمان بۆ ئامانجەکانی ئیسـلامی سیاسـیی کوردی لە پەیوەسـت بـە تێڕوانینیان

بـۆ کچـان و ژنانـی کورد کرد بـەوەی لەژێـر کاریگەری ئیخوانـدا هەوڵی پەروەردەکردنـی نەوەیـەک لـە کچـان دەدەن، بـەو جـۆرەی کـە پرۆژەی ئیخـوان ئـارەزووی دەکات.

پێویسـتە حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و سـەرجەم حیزبـە سـێکۆلارەکان و بـە تایبەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـە دەسـەڵاتدارن، بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ زانکۆکان و دامودەزگەی تایبەتمەند و میدیا و نووسـەران و کەسـایەتیی شـارەزا لـە بـواری فیکـری توندڕۆیـی و ئیسـلامی سیاسـی، بـە کردەیـی پـرۆژەی ڕووبەڕووبوونـەوەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی و ئیسـلامی سیاسـی جێبەجـێ بکـەن و بـە ڕاشـکاوی مەترسـییەکانی ئـەو گرووپانە بـۆ هاووڵاتییـان ڕوون بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی خەڵکـی کوردسـتان لـەوە هۆشـیار بکرێنـەوە کـە ئـەو گرووپانـە بـە هیـچ جۆرێـک نوێنەرایەتیـی ئاییـن ناکـەن، بەڵکـوو ئاییـن بـۆ مەرامـی سیاسـی و تایبەتـی بـەکار دەهێنن، لەو دۆخەشـدا پێویسـتە کار بکرێت بە مەبەسـتی ئەوەی ئەو کـەس و لایەنانـەی فیکـری توندڕۆیـی بـڵاو دەکەنـەوە و سـەقامگیریی کوردسـتان دەکەنـە ئامانـج، بە یاسـا سـنووریان بۆ دابندرێـت، ئەمەیش بـە هیـچ شـێوەیەک دژی بنەماکانـی دیموکراسـی و سـێکۆلاریزم نییـە، لەبـەر ئـەوەی فیکـری توندڕۆیـی ئایینـی لـە سـایەیاندا قەبووڵکـراو نییـە و بـە یاسـا ڕێگـری لە هـەر جـۆرە توندڕۆییەکـی ئایینـی دەکرێت، ئەوەتـا لـە وڵاتانـی ئەورووپاش کە دیموکراسـی و سـێکۆلاریزم تێیاندا لە لووتکـەدان، بە یاسـا ڕێگـری لەو گرووپـە توندڕۆ ئیسـلامیانە دەکەن کە هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی توندڕۆیـی ئایینـی دەدەن.

خاڵێکی تری جەوهەری هەیە کە پێویستە باس بکرێت، ئەویش کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە نەک ئایینی، ئەو گرووپانەیشی بە ناوی بەرگریکردن لە ئایین لە شێوەی حیزب دامەزراون، لە ڕاستیدا بوونەتە گرفت بۆ خودی ئایین، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی بە حیزبی ئیسلامی نییە، لەبەر چەند هۆکارێک، زۆرینەی موسڵمانن و حیزبە دەسەڵاتدارەکان و حکوومەتیش هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دژایەتیکردنی ئایین نییە، بە پێچەوانەوە ڕێزێکی زۆری ئایین دەگرن و بە بەردەوامی مزگەوت و شوێنی ئایینی دەکەنەوە و وەزارەتی کاروباری ئایینیش دروستکراوە و دەیان هۆکاری دیکە هەن کە دەیسەلمێنن ئایین لە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لەژێر هەڕەشە نییە تا ئەمە وەک پاساوێک بەکار بهێندرێت و حیزبی ئیسلامی لە پەنای دروست بکرێت، بۆیە کاتێک حیزبی ئیسلامی ساسی لە کوردستان خۆی ڕادەگەیەنێت، بێشک بۆ بەرژەوەندیی پرۆژەی ئیخوان و چەند کەسێکی کوردە، ئەگینا ئیسلام وەک ئایین و موسڵمانیش پێویستیان بە حیزبی ئیسلامی سیاسی نییە، بۆیە میدیا و کارەکتەری ئەو حیزبانە لێرەولەوێ هەوڵی تێکدانی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دەدەن، تا شەرعیەت بدەنە خۆیان و بانگەشەی هەڕەشە بۆسەر ئیسلام بکەن. کەوایە بوونی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەڕەشەیە و ناکرێت کەسانێکی کورد کە خاکی داگیر کراوە و هێشتا هەڕەشەی هێرشی سەربازی لەسەر کورد هەیە، بە ئاسانی ڕێگە بدرێت بکەونە ژێر سۆزی ئەو گرووپانەوە، لەکاتێکدا ئەوان بە پرۆژە کار دەکەن هەستی کوردبوون لە مێشک و زاکیری

هەر تاکێکی کورددا بسڕنەوە و لەبری ئەوەشدا بە فیکری ئیخوانی دەوڵەمەند و چەکداری بکەن، لەو ڕوانگەیەوە هەر کۆمەڵگەیەک حیزب و گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی تێدا چەکەرەیان کرد و گەیشتنە دەسەڵات، ئەو کۆمەڵگەیە لەنێو تەنگەژەگەلی هەمەجۆردا گیر دەخوات و بەهۆیەوە لە خۆشگوزەرانی و ڕەوتی پێشکەوتن دادەبڕێت.



**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١-سێبەرەکانی جەنگ، چیرۆک، ٢٠١٢

٢-ئیسلامی سیاسی لە گوتاری توندڕەوییەوە بۆ خەونی خەلافەت-٢٠١٧

٣-کورد لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا ٢٠١٨

٤-ئیسلامی سیاسی فریودان و تیرۆریزم ٢٠١٨

٥-ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە، ڕۆمان-٢٠١٩

٦-پژمین، ڕۆمان-٢٠٢١

٧- ئازادی و مانەوە لە بازنەی چەقبەستووییدا- ٢٠٢٢